# ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا

# ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا

ئاوارە کەمالساڵح

* ناوی کتێب: ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا
* نووسەر: ئاوارە کەمال صالح
* بەرگ و سەرپەرشتیاری هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسن.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٥٨).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(٤٣٢)ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

## كورت كراوەكان :

- **كوردی**:

ب : بەرگ.

چ : چاپ.

ژ : ژمارە.

گ : گۆڤار.

ن : نووسینی.

و : وەرگێڕان.

- **عەرەبی**:

تأ : تأليف.

ت : ترجمة.

د. ت : دون تاريخ

ج : جزء.

ط : طبعة.

م : مراجعة.

ن. م : نفس المصدر

# پێشەکی

ئـــەم لێکۆڵینەوەیـــە کـــە لـــە ژێرنـــاوی(ڕەخنـــەی کۆمەڵایـــەتی و پراکتیزەکردنی لە شیعرەکانی گۆراندا)یە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەیـەکی نـوێی چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی گۆران، بەپێی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، چـونکە ڕەخنـەی کۆمەڵایـەتی بـۆ خـۆی گەڕانـە لـە دووی پەیوەنـدی نێـوان ئەدەب و کۆمەڵگە و دۆزینەوەی ئەو کاریگەری و کارلێکردنـەی لـە نێوانیانـدا هەیە. کارایی ئەم ڕەخنەیە لێرەدا دەردەکەوێت کە بە شێوەیەکی دانەبڕاو لە یەکتری مامەڵە لەگەڵ هەرسێ لایەنەکەی ئەدەب(نووسەر ـ دەق ـ خوێنـەر)دا دەکات. بەم پێیەش هاوکێشەیەکی هاوسەنگی ئەدەبیمان پێشکێش دەکـات. بەمانایەکی تر ئەم میتۆدە دەق لە خاوەنەکەی دانابڕێت و وەك پردی بەیـەك گەیاندنی(نووسەر ـ وەرگر) تێی دەڕوانێت. هەر ئەمەشە دەیسەلمێنێت، کـە ئەدەب بۆ خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگەدایە و وەکو چۆن ئـەدەبیش کاریگـەری لەسـەر ڕەوتـی بەرەوپێشـچوونی کۆمەڵگـە هەیـە. ڕەخنـەی کۆمەڵایـەتی لـە ڕێگـەی لێکۆڵینـەوەی نـاوەڕۆکی کـارە ئەدەبییەکانـــەوە دەیـــەوێت هۆشـــیاری دەســـتە و چـــین و گرووپـــە کۆمەڵایەتییەکان دیاری بکات. جیهانبینی ئـەم گرووپانـە لـە تێڕوانینیـان بـۆ کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگە پیشان بـدات. لەلایـەکی تـرەوە جـەخت لەسـەر ڕۆڵـی ئـەدەب لـە کۆمەڵگـەدا دەکـات، بـەو ئەندازەیـەی کـە ئـەرکێکی پـەروەردەیی و ڕۆشـنبیری و چاکسازی لـە کۆمەڵدا بگێڕێـت. بەمەبەسـتی ئامادەکردن و هۆشیارکردنەوەی تاکـەکانی کۆمـەڵ. لـە پێنـاوی بونیادنـانی کۆمەڵگەیـەکی پێـشکەوتوو و شارسـتانی و تەندروسـتدا. کەواتـە ڕەخنـەی کۆمەڵایەتی دەیەوێت پرسیارەکانمان لەلا بووروژێنێت، نەك وەڵامی حـازر و دەست بەجێمان پێشکێش بکات. دیارە ئێمەش لە پێناوی بەرجەسـتەکردنی ئەم ڕوانگەیەدا و لە بەشی پراکتیکی توێژینەوەکەدا کارمان لەسـەریەکێك لـە

ئاراستەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش(ئاراستەی دیالێکتیکی) کردووە.

کەمی لێکۆڵینەوەی زانستی لەم بوارەدا بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە هاندەرمان بوو، چونکە بەپێی ڕادەی ئاگاداربوونی ئێمە، تاکو ئێستا تەنها یەك نامەی ئەکادیمی لە بارەی( ڕەخنەی سۆسیۆلۆژیەوە) لە ئەدەبی کوردیدا ئامادەکراوە، ئەویش نامەی دکتۆرای(ئازاد عەبدولواحید کەریم)ە بە ناونیشانی(سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی لە ڕووی پێوەرە ئاکارییەکانەوە ـ نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم)کە لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەدگارەکانی شیعری ئەو قۆناغەی بەرجەستەکردووە. سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لقێکی نوێیە لە بواری ڕەخنەی کۆمەڵایەتییدا، بۆیە هەوڵدان بۆ سوود وەرگرتن لە میتۆدەکانی ڕەخنەی نوێ بەمەبەستی خوێندنەوەیەکی زانستیانەی کارە ئەدەبییەکانمان و ئاشنابوونی زیاتر بە جیهانی ڕەخنەی نوێ، هۆکارێکە بۆ ئەوەی ڕەخنەی ئەدەبییمان دەوڵەمەندتر بکەین.

ئەو کاریگەری و چێژەی لە هەندێ لە شیعرەکانی گۆراندا هەیە. ڕۆحی مانەوە و بەردەوامی پێبەخشیووە. لەو ڕووەوە کە زۆر نزیك بووە لە سەردەمی خۆیی و وێنایەکی هونەرمەندانەی واقیعی کۆمەڵگەی کوردی کێشاوە. بۆیە شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەی چڕ و پڕ لە بارەیەوە ئەنجام بدرێت.

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و سێ بەش پێکهاتووە. لە پێشەکیدا ناساندنێك بۆ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کراوە.

بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەمان کەلە ژێر ناوی(پێناسەو چەمك و مێژووی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی)دایە کە بەسەر چوار تەوەردا دابەش بووە، لە تەوەری یەکەمدا بۆ زیاتر ئاگاداربوون لەم میتۆدە چەند پێناسەیەکمان وەرگرتووە. پاشان لە چەند ڕەهەندێکەوە هەڵوێستەمان لەسەر ڕەخنەی

کۆمەڵایەتی کردووە، هەموو ئەو لایەنانەمان ڕوونکردووەتـەوە، کـە پێویستن بۆ دروستکردنی تێگەیشتنێکی هەمەلایەنەی میتۆدەکە. تـەوەری دووەمـیش تایبەتە بە لایەنی مێژوویی و سەرهەڵدان و گەشەکردنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لـە ئـەوروپادا. تـەوەری سـێیەم بـۆ ئاراسـتەکانی ڕەخنـەی کۆمەڵایـەتی و باسـکردنی پێکهاتـەی هەریـەك لـەم ئاراسـتانە تـەرخانکراوە. تـەوەری چـوارەمیش مـەوداکانی سۆسـیۆلۆژیای ئـەدەب بەهـەر سـێ لایەنەکەیەوە(نووسەر ـ دەق ـ خوێنـەر)خراوەتـە ڕوو، لەگـەڵ ڕۆڵـی هەریـەك لـەم لایەنانـە لـە داهێنـانی ئەدەبیـدا، دواتـر شـرۆڤەکردنی ڕەهەنـەکانی ئـەو لایەنانەو لێکدانەوەیان.

بەشی دووەم کە لە ژێر ناوی(ئەدەب و کۆمەڵگە)دایە، لە چوار تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەم باس لـە پەیوەنـدی وکارلێکردنی ئـەدەب لەگـەڵ کۆمەڵگـە لەلایـەك و ئایـدۆلۆژیا لەلایـەکی تـرەوە دەکـەین. لەتـەوەری دووەمیشدا باس لـەو هۆکارانـە دەکـەین، کـە ڕۆڵیـان لـە گـۆڕانی کۆمەڵگـەدا هەیـە، لەگـەڵ گـۆڕانی بـەهاو پێـوەرە کۆمەڵایەتییـەکان و کاریگـەری ئـەم وەرچەرخانانە لەسەر گۆڕانە ئەدەبییـەکان. لەتـەوەری سـێیەمدا ئاماژەمـان بەکاریگەری سیستەمی ڕامیـاری و ئـابووری و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـبیرییەکانی سەردەمی گۆران و ژینگەی دەوروبەر کردووە. لەگەڵ بەستنەوەی ئەم کەشە بەکارە ئەدەبییەکانی شـاعیر و ڕۆڵیـان لـە داهێنانـە ئەدەبییـەکانی گۆرانـدا. تـەوەری چـوارەمیش لەلایـەك گـۆرانی شـاعیر وەك تـاکێکی کۆمەڵایـەتی خراوەتەڕوو، لەلایەکی ترەوە باسمـان لـەو حاڵەتانـە کـردووە کـە شـاعیر لـە زاتەوە بەرەو بابەت ڕۆشتووە، بەمانایەکی تر شاعیر بـە بابـەتکردنی حاڵەتـە زاتییەکانی ڕاگەیاندووە و خۆی لە سنووری تەسکی خودییەتدا ون نـەکردووە و بەنموونەی شیعریەوە پاڵپشتیمان لە بۆ چوونەکانمان کردووە.

بەشی سێیەم لە ژێر ناوی( ڕوانگە ڕەخنەییەکانی گۆران سەبارەت بە کۆمەڵگە)یەو بەشێکی پراکتیکیە. بۆیە هەوڵمانداوە بەپێی دنیابینی شاعیر ئەو کێشەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕەنگدانەوەی لە بەرهەمەکانی شاعیردا هەبووە بخەینە ڕوو، کە لە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە لە بونیادی کۆمەڵگەی ڕوانیوە بە ئامانجی هۆشیارکردنەوە و بە ئاگا هێنانەوەی کۆمەڵگە و دروستکردنی گۆڕانکاری.

گرنگترین ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەش لە چەند خاڵێکدا خراوەتەڕوو.

# بەشی یەکەم
# پێناسە و چەمك و مێژووی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

تەوەری یەکەم: پێناسە و چەمکی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی.

تەوەری دووەم: ڕەهەندێکی مێژوویی بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی.

تەوەری سێیەم: ئاراستەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

١. ئاراستەی چەندیی.

٢. ئاراستەی دیالێکتیکی.

٣. ئاراستەی بونیادگەری پێکهاتوویی.

٤. ئاراستەی سۆسیۆلۆژیای دەقی ئەدەبی.

تەوەری چوارەم: مەوداکانی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب

١. نووسەر:

أ. بارودۆخی ئابووری.

ب. بارودۆخی پیشەیی نووسەر.

پ. چینی کۆمەڵایەتیی نووسەر.

ت. نەوە ئەدەبییەکان.

٢. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای کاری ئەدەبی:

أ. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ژانرە ئەدەبییەکان.

ب. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای بابەتی کارە ئەدەبییەکان.

پ. لێکۆڵینەوەی مۆرك و تایبەتمەندی کەسایەتی کارە ئەدەبییەکان.

٣. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای خوێنەر:

أ. جەماوەر.

ب. پەیوەندی.

پ. سەرکەوتن.

## تەوەری یەکەم : پێناسە و چەمکی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

دیـارە بەمەبەسـتی ڕێگەخۆشـکردن بـۆ زیـاتر ناسـاندنی میتـۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و بۆ ئەوەی بتوانین بەتێگەیشتنێکی نزیك لە سروشـتی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئاشنابین. پێویستە ئاماژە بەچەند پێناسەیەك لەم بوارەدا بکەین، هەرچـەندە پێناسـەکردنی ئـەم میتـۆدە کـارێکی دژوارە، چـونکە گـەلێك فـرە ڕەهەنـد و فـرە مانایـە و پەیوەندییـەکی پتـەوی بەدیاردەکانی کۆمەڵەوە هەیە. مەبەستیشمان لەفرە ڕەهەنـدی زۆری کێشە و ململانێیـەکانی نێـو کۆمـەڵن کـە پێویـست دەکـات لـە زۆر ڕەهەنـدەوە هەڵوێستەی لە سەربکرێت، بەڵام مەبەست لە فـرە مانـایی ئـەوە دەگەیـەنێت کـە کـرداری تێگەیـشتن و ڕاڤـەکردنی دەق بـەپێی ئـەم میتـۆدە پێویـستی بەخوێندنەوەی دیوی ناوەوە و دەرەوەی دەق هەیـە بـۆ ئـەوەی بتـوانین لـە پروسەی ڕەخنەییدا پەی بەنهێنی و لایەنە شاراوەکانی دەقی ئەدەبی ببەین.

کەواتــە دەتــوانین(( ڕەخنــەی کۆمەڵایــەتی بەیــەکێك لــە جــۆرە ئەدەبییـەکان دابنـێین، ئەگـەر هـاتوو ئـەو بەرهەمـە ئەدەبییـە چارەسـەری کێشەیەکی ئابووری یان ڕامیاری یان کۆمەڵایەتی بکات. لە زۆربەی کاتەکانـدا تەنها چارەسـەری ئـەو بابەتانـە دەکـات کـە جێگـەی گرنگـی و بایـەخی ڕای گـشتییە لـە سـەردەمی خۆیـدا))[1]. لـە ئاکـامی تێڕوانین بـۆ ئـەم پێناسـەیە دەتـوانین بڵـێین کـە ڕەخنـەی کۆمەڵایـەتی چارەسـەرێك بـۆ زۆر لـە کێـشەو گیروگرفتەکانی کۆمەڵ دەدۆزێتـەوە، ئـەویش لـە ئـەنجامی دەرخـستنی ئـەو کێشانەو پیشاندانی لەقاڵبێکی بەرزی ئەدەبیدا، لەلایـەکی تریـشەوە کـارایی ڕەخنــەی کۆمەڵایــەتی دەبەســتێتەوە بــەوەی کــە پێویــستە ڕەخنەیــەکی سەردەمیانەبێت و بۆ بابەتە هەنووکەیەکان بڕوانێت بـە واتایـەکی تـر دەبێت ئەو ڕەخنەیە لەکۆمەڵ دانەبڕێت و هاوشـانی بەرەوپێشـچوونی کۆمـەڵ بێـت.

---

(١) معجم مصطلحات الادب (انکلیزی ـ فرنسی ـ عربی)، مجدی وهبة، مکتبة لبنان، بیروت، ١٩٧٤، ص٥٢٥.

لەلایەکی ترەوە((بریتییە لەلێکۆڵینەوەی شێوە ئەدەبی و هونەرییەکان لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتییدا، ئامانجی تەبەنیکردنی ئەوتێگەیشتنە کۆن و تەقلیدیە نییە، کە دەق خاوەنی مانایەکی ئایدیالی و میتافیزیکی بێت، هەروەکو چۆن هەوڵی تێپەڕاندنی بابەتی ئیستێتیکای فەلسەفە دەدات، بەڵکو ئامانجی بریتیە لە کارلێکردنی نێوان نووسەر و خوێنەر لە دەقی ئەدەبیدا))[1]. لەم پێناسەیەدا چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی وەك سنوورێك بۆ کارکردنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەستنیشانکراوە، گەورەیی دەقەکان پەیوەستە بەو لایەنەی کەتاچەند(نووسەر و وەرگر) لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی ئەدەبیدا توانیویانە کاریگەری و کارلێك دروسبکەن بەپێی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵ، چونکە ئەم میتۆدە لەبەرنزیکی لە ژیانی کۆمەڵەوە خۆی بەدوور دەگرێت لە تێوەگلان بە بابەتە میتافیزیکییەکان. کەواتە زەمینەی کارکردنی ئەم میتۆدە بریتیە لە واقیعی ژیانی ڕۆژانە نەك ئەو دیوی واقیع.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە پێناسەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بکەین((لە دیدێکی کۆمەڵایەتییەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە. بەپێی هەرسێ بنەماکەی ئەدەب کەبریتین لە: نووسەر لە ڕووی پیشە و سیمای کەسایەتییەکەی، دەقی ئەدەبی لە ڕووی ئەوبابەتانەوە کە وەك چارەسەر دەیانخاتە ڕوو....، جەماوەریش لە ڕووی چۆنییەتی وەرگرتنی کارە ئەدەبییەکانەوە))[2]. توێژینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی لێرەدا بریتییە لە زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو، بۆیە بەشداری هەرسێ لایەنە سەرەکییەکە(نووسەر ـ دەق ـ خوێنەر)لەکردەی ئەدەبییدا، ئەوە دووپات دەکاتەوە کەناکرێت ئەم سێ لایەنە لەپرۆسەی ڕەخنەییدا لێکدابڕین

---

(١) مدخل الى سوسيولوجياالادب العربي(المرحلة الثانوية) (الغزل ـ المديح ـ الهجاء: نموذجاً)، محيي الدين يوسف أبو شقرا، المركز الثقافي العربى، ط ١، الدار البيضاء ـ المغريب، ٢٠٠٥، ص٥٧.

(٢) التحليل الاجتماعى للادب، السيد يسين، دارالعين للنشر، ط ٣، القاهرة، ٢٠٠٧، ص ٨.

بەتایبەتی لە پرۆسەی ڕەخنـەی کۆمەڵایەتیـدا، دوورخـستنەوەی هەرلایـەنێك لەو سـێ لایەنـە دەبێتـە هـۆی پـساندنی ئـەو زنجـیرە ئەدەبییـە یـەکانگیرە. ئەمەش وادەکات کە ئامـانجی کـاری میتۆدەکـە بـە ناتـەواوی بگـات، کەواتـە بۆئەوەی ئاستی سەرکەوتن و ڕادەی جەماوەرێتی بەرهەمی ئـەدەبی بـزانین، پێویستە ئەم دیاردە ئەدەبییە لە بەرچـاوبگرین کـە ناکرێـت لـە کۆمەڵناسـی ئەدەب بگەین. ئەگەر هەر سێ لایەنە کـە لـەم کردەیـەدا پێکـەوە پەیوەسـت نەکەین. هەربۆیە(سارتەر)لەوباوەڕدایە((کاری داهێنانی هونەری تـەواو نابێـت تەنها لە ڕێگەی خوێندنەوەوە نەبێت))[1]. کە بەمانای بەشداری وەرگـر دێـت لە پرۆسەکەدا. ئەمـەش بەڵگەیـە لـە سـەر هاوبەشـی هـەر سـێ لایەنەکـە لـە کردەیەکی ئەدەبیدا و تەواو نیشاندانی ئەدەبە وەك یەکەیەکی گشتگیر.

ڕەخنـەی ئـەدەبی((پەیوەنـدی لـەنێوان کۆمـەڵ و کـاری ئەدەبییـدا دروست دەکات و وەسفی دەکات، هەرچـەندە کۆمـەڵ لـە بەرهـەمی ئـەدەبی کۆنترە. بۆیە نووسەر بەکۆمەڵەوە پەیوەستە و ڕەنگدانـەوەی حاڵەتـەکانێتی و گوزارشتی لێدەکات و هـەوڵی گـۆڕانی دەدات، چـونکە کۆمـەڵ لەبەرهـەمی ئـەدەبی دا ئامـادەیی هەیـە. ئـەو ئامادەییـەی کۆمـەڵیش بـەردەوامی هەیـە لـــەدوای کـــاری ئـــەدەبی بـــەهۆی بـــوونی سۆســـیۆلۆژیای خوێنـــەرو جـــەماوەر))[2].ئـــەم پێناســـەیەش جەختکردنەوەیـــە لـــەو پەیوەندییـــە دیالێکتیکییەی لە نێوان نووسەر و کۆمەڵدا هەیـە. داننانـە بەنووسـەردا وەك تاکێکی کۆمەڵ و لەڕێگەی بەرهەمەوە گوزارشت لەحاڵەتەکانی ناخی دەکات، کەڕەنگدانەوەی دیاردەکانی نـاو کۆمەڵگەیـە لەبەرهـەمی ئەدەبییـدا، چـونکە کۆمەڵ بۆ خۆی بەهۆی بوونی سۆسیۆلۆژیایەکی تایبەتەوە کەسۆسـیۆلۆژیای وەرگرە لەدەقدا ئامادەیی هەیە.

---

(١) ما الأدب ؟، جان بول سارتر، ت: د. محمد غنيمى هلال، دار نهـضة مـصر للطبـع و النـشر، القاهرة، ص ٥٣.

(٢) النقد الادبى فى القرن العـشرين، جـان ايـف تاديـة، ت: د. قاسـم المقـداد، منـشورات وزارة الثقافة ـ المعهد العالى للفنون المسرحية، دمشق، ١٩٩٣، ص ٢٢٥.

(کلۆد دۆشیە)دەڵێت: ((ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئامانجی خودی دەقی ئەدەبییە، ئەو دەروازەیەیە کەڕەخنە دەتوانێت لەڕێگایەوە مۆرکە کۆمەڵایەتییەکەی دەق پیشان بدات))[1]. لێرەدا گرنگی دەق وەکو مەیدانێك بۆ کۆکردنەوەی هەموولایەنە ڕۆشنبیری و مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت.

ئەگەر ئەوە ڕوونکەینەوە کە لە میانەی توێژینەوەکەماندا لەبارەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دووچەمك زۆر بەکاردەهێنین کە(سۆسیۆلۆژیای ئەدەب) و(ڕەخنەی کۆمەڵایەتییە). بۆیە(جان ئیڤ تادییە). بەم شێوەیە پەیوەندی نێوان ئەو دووچەمکە ئاشکرا دەکات((سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بۆچەند بەشێك دابەش دەبێت کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بەشانە کەسەرەکیترین کارەکانی بریتییە لە توێژینەوەی دەق))[2]. بۆیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و پێگەیەکی بنەڕەتی لە کرداره ڕەخنەییەکاندا هەیە. ئەگەر ئەدەب ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بەجێبگەیەنێت ئەوا پێویستە لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا بەدوای ئەو ئەرکەدا بگەڕێین و لەڕێگەی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتییەوە ئەو دیاردانە ئاشکرابکەین.

ڕەنگدانەوەی واقیعی ڕۆژانە لەکاری ئەدەبیدا بە زۆر شێوە دەبێت، بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو گواستنەوەیە وەکو خۆی بوو یان بڵێین کۆپیکردنی بوو، ئەوکاتە ڕەنگە دەقی ئەدەبی نەتوانێت ئەو مەبەستەی کەدەیەوێت بیگەیەنێت. زۆر جار گواستنەوەی وێنەیەکی دەقاودەق و بێگیانی کۆمەڵ ناتوانێت ڕەهەندە ئیستێتیکی و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکانی دەقی ئەدەبیمان بۆ ئاشکرا بکات، لەم حاڵەتەدا((نووسەری ڕاستگۆ، واقیع وەك

---

(١) مدخل الى مناهج النقد الادبى، تأ: مجموعة من كتاب، ت: د. رضوان ظاظا، م: د. المنصف الشنوفي، سلسلة عالم المعرفة(٢٢١)، الكويت، ١٩٩٧، ص ١٣٥.

(٢) النقد الادبي في القرن العشرين، جان ايف تادبية، ص ٢٢٦.

خۆی نیشان نادات، دێت بە هۆشیارییەوە ئەو جیهانە نوێیە وێنە دەکێشێت کە خەوی پێوە دەبینێت))[1] . ئەدەب بۆ خۆی ئەو پردەیە کە واقیعی کۆمەڵگە و دنیای تاك پێکەوەدەبەستێت و ئەو کردەیە لەبەرهەمە ئەدەبیەکاندا ڕەنگدانەوەی دەبێت.

لە کۆندا ڕەخنە وەك قوتابخانەو ڕێبازێکی سەربەخۆ و خاوەن کیان دەرنەکەوتووە، بەڵکو لەگەڵ فەلسەفەدا بووە یان بەشێك بووە لە فەلسەفە((هەر لە سەردەمی یۆنانیەکانەوە ڕەخنە پەیوەست بووە بەفەلسەفەوە، بەلاّم لە سەردەمی نوێدا ڕەخنە زیاتر پەیوەست بووە بە ئیستێتیکا کە ئەویش لقێکە لە لقەکانی فەلسەفە، لە دواتریش ڕەخنە پەیوەست بوو بە زانستە مرۆڤایەتییەکان و هەنگاو بە هەنگاو ڕەخنەش لەگەڵ ئەو زانستانەدا بەرەوپێشچووە و سوودی لیێان وەرگرتووە))[2] . بەلاّم لەئێستادا ئەو نزیکایەتی و پەیوەندییەی لەنێوان ڕەخنەو زانستە مرۆڤایەتییەکاندا هەیە جووڵەو بزاڤێکی نوێی داوەتە ڕەخنەو توانیویەتی سوودێکی زۆر لە ئالیەتی کارکردنی ئەو زانستانە وەربگرێت و زیاتر نزیك بێت لە ژیانی کۆمەڵ، کۆمەڵناسی ئەدەب فراوانترین بواری ڕەخساندووە بۆکاری ڕەخنەی کۆمەلاّیەتی بەهۆی ئەوەی((ڕەخنەی نوێ گرنگی دەدات بەگەڕان بەدوای ڕیشەی کۆمەلاّیەتی نووسەر و کاریگەری ئەو هۆکارە کۆمەلاّیەتیانەی کە لە نوسینەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە))[3].هەربۆیە سەرەتای دەرکەوتنی کاری ڕەخنەی ئەدەبی((دەستنیشانکردنی ئامانجی بوونی و دەوری کۆمەلاّیەتی وسیاسی لە ژیانی گەلدادەستی پێکردووە. واتە بە پرسیاری:

---

(١) شیعر و شمشێر(توێژینەوەی ئەدەبی)، حەمە سەعید حەسەن، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس(٣٣٣)، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١١٩.

(٢) المذاهب النقدية(دراسة و تطبيق)، تأ: د. عمر محمد طالب، دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل،١٩٩٣، ص ١٦٨.

(٣) مناهج النقد الأدبي(بين النظرية و التطبيق)، ديفد ديتش، ت: د. محمد يوسف نجم، م: د. إحسان عباس، دار صادر، بيروت، ١٩٦٧، ص ٥٤٩.

ئەدەب چییەو چۆنە؟ دەستی پێنەکردووە، بەڵکو بە پرسیاری: ئەدەب لە پێناوی چیداو لە خزمەتی کێدا؟ ڕێچکەی سەرەتای شکاندووە))[1].

ئەگەر لە مێژووی ئەدەب وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کەئەدەب بە هەموو ژانرەکانیەوە بەشێوەیەکی گشتی خاوەن جۆرێك لە ئەرك و وەزیفە بووە، ئەو ئەرکەش بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگەکان و ئاستی پێشکەوتن و جیهانبینیان گۆڕانی بە سەرداهاتووە، بۆیە ئەگەر ئەدەب گوزارشت کردنبێت لەتاقیکردنەوەکانی مرۆڤ لە قۆناغە جیاوازەکاندا، ئەوا ناتوانین سیفەتی ئەدەبی بوون بەهەموو بەرهەمێك بدەین، چونکە ئەدەب لە هەموو سەردەمەکاندا خاوەنی کۆمەڵێك ئەدگارو ڕەگەزی تایبەتی خۆی بووە، کە لە ڕێگەیەوە توانراوە بەرهەمێکی ئەدەبی لە بەرهەمێکی نائەدەبی جیابکرێتەوە، گەورەیی بەرهەمی ئەدەبی خۆی لە خۆیدا بەستراوەتەوە بەلایەنە ئیستێتیکی و هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی و گرێدانی ئەم لایەنانەش بەڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵەوە، بۆیە کاتێك ئێمە لێکۆڵینەوە لە بارەی دەقێکی ئەدەبی دەکەین وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی، بەوپێیەی کە خاوەنی بەرهەمی ئەدەبی تاکێکی ناو کۆمەڵە، هەر ئەم لایەنەش وامان لێدەکات کە نەتوانین لە ئەدەب تێبگەین، ئەگەر نەیبەستینەوە بە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەی، لەبەر ئەوەی ئەدەب بۆ خۆی خاوەنی دیدێکی کۆمەڵایەتییە ئەمەش ڕێگای خۆشکرد کە ئەدەب بەچەمکی کۆمەڵگەوە پەیوەست بێت. پێزانینی ئەم لایەنەی ئەدەبیش وایکرد کەزانایانی سۆسیۆلۆژیاش درك بەم بایەخ و گرنگیەی ئەدەب و جەماوەر بکەن و لەو باوەڕەدان((هەموو ئیلهام و داهێنانێك و هەموو بەرهەمێکی هونەری دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵ نەك بۆ تاکەکەس، باری کۆمەڵایەتی و جوگرافی و

---

(١) ڕەخنەی ئەدەبی و گیروگرفتی ناساندنی، کەمال مەمەند، گ نوسەری کورد، ژ (٥)، خولی دووەم، ١٩٨٠، ل ١٧٠.

ئابووری و شارستانیەت ئەمانە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی دەقی هونەری واتە کۆمەڵ ئیلهام بەخشە لە دروست بوونی دەقە ئەدەبییەکان))[1].

پێویستە لەمامەڵەکردن و شێوەی کارکردنمان لەسەر میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئاگاداری ئەوەبین کەجۆرێك لە لێکچوون و جیاوازی لەنێوان کاری توێژەری کۆمەڵایەتی و ڕەخنەگری کۆمەڵایەتیدا هەیە، بەحووکمی ئەوەی کە زەمینەی کارکردنی هەردووکیان کۆمەڵگەیە و ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش سوودێکی زۆر لە کەرەستەو ئامرازەکانی زانستی کۆمەڵناسی وەردەگرێت، بەڵام دەتوانین بڵێین ڕووە جیاوازەکەی کاری ڕەخنەی ئەدەبی زیاتر وەسفی و شیکارییە(( بەشێوەیەکی گشتی میتۆدەکانی ڕەخنە تەنها لە ئاستی شیکردنەوەیەکی وەسفییانەدا کار دەکەن))[2]. لێرەدا مەبەست لە شیکردنەوە و وەسفیش ئەوەیە کە پێکهاتەو ڕەگەز و پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەق بدۆزینەوەو بەشێوەیەکی وەسفی ڕوونیان بکەینەوە، بەڵام کاری توێژەری کۆمەڵایەتی زیاتر پێوانەیی و وەسفییە لەهەمانکاتدا، چونکە توێژەری کۆمەڵایەتی لەڕێگەی پێوانەو وەسفەوە دەتوانێ پێمان بڵێت کام سیستەمی کۆمەڵایەتی بۆ ژیان باشترە یاخود کۆمەڵێك پێوەرمان دەداتێ بۆ ئەوەی مرۆڤێکی زیرەك لە مرۆڤێکی تەمەڵ جیابکەینەوە[3]. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی((دەتوانێ ڕێمان پیشانبدات کەتووشی هەڵەنەبین لە سروشتی کارێکی ئەدەبی کەلە بەردەستماندایە، ئەویش لە ڕێگەی وەسفەوە دەتوانین لە زۆر لایەنی تێبگەین، هەربۆیە ئەدەب ئەرکێکی وەسفی گرنگی هەیە))[4]. لە ڕوانگەی پەیوەندی ڕەخنە لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەخنەی نوێ هەوڵی داوە بەپێی پێویست

---

(١) سایکۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، ئامانج عوسمان حەمەد، گـ ڕامان، ژ (٢٠)، ١٩٩٨، ل ٢٧.

(٢) ڕەخنەی تیۆری(ڕەخنە لە نێوان شیکردنەوە و هەڵسەنگاندندا)، د.فوئاد ڕەشید، گ کاروان، ژ (١٥٦)،٢٠٠١، ل ١١٧.

(٣) بڕوانە: مناهج النقد الآدبی، دیفد دیتش، ص ٥٥٠ ـ ٥٥١ .

(٤) ن. م، ص ٥٥٧.

سوود لە زانستە مرۆڤایەتییەکان وەربگرێت، بەبێ ئەوەی ئەو سوود وەرگرتنە کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر سروشتی کاری ڕەخنە هەبێت((ڕەخنەی نوێ هەوڵی داوە سوود لە پرۆگرامە زانستییەکان وەربگرێت بۆ دۆزینەوەی تایبەتمەندییە گشتییەکانی دیاردە ئەدەبییەکان،......، هەربۆیە زۆربەی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانی ئێستا پشتیان بە تۆمارکردنی تێبینی و پۆلێنکردن و ڕاڤەو شیکارکردن بەستووە))[1]. ئەگەر ئامانجی ئەدەب چاکسازی و گۆڕانکای بێت دەبێت کاریگەری لە سەر جەماوەر هەبێت، چونکە ئامانجی ئەدەب و ئاکار هەمان ئامانج و ئەرکە((ئامانجی هونەر هەمان ئامانجی ئاکارە، واتە یەکسانی لە نێوان کاری باش و دەقی جوان))[2]. بەواتای دەقێکی ئەدەبی لەلای جەماوەر ئەگەر بەکارێکی چاك دانرا ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو بەرهەمە هەڵگری ئاکار و ڕەوشتە بەرزەکانی کۆمەڵە، چونکە ئامانجی هەریەك لە ئاکار و هونەر خزمەتی کۆمەڵە، جاچ بەدەقی جوان بێت یان بەئاکاری باش و بەرز، هەربۆیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی((لە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێت کەکار لە ڕەفتاری ئەدیب دەکات. واتا دەیەوێت ئەگەرە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردە سایکۆلۆژییەکانی لای ئەدیب بکات بەبناغەیەك بۆ شیکردنەوەی پەروەردەبوون و نەشوماکردنی ئەدگارەکانی نووسەر))[3]. ئەگەر ڕەخنە لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەدا نەبێت ناتوانێت وێنای ئەدیب وەك تاکێکی کۆمەڵ بکات و زەمینەیەکی سۆسیۆلۆژی و دەروونی بسازێنێ تالە ڕێگەیەوە بتوانێ ئاستی پەرەسەندن و پەروەردەبوونی سیماکانی کەسێتیی ئەدیب

---

(١) الادب و المجتمع المعاصر فی مصر، تأ: د. سمير سعد حجازی، دار طيبة للنشر والتوزيع والتجهيزات العلمية، ٢٠٠٤، ص ٣١.

(٢) سایکۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، ئامانج عوسمان حەمەد، گ ڕامان، ژ (٢٠)، ل ٢٦.

(٣) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی(لە ڕووی پێوەرە ئاکارییەکانەوە)نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئازاد عەبدولواحید کەریم، لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد(١٤)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٤.

دەستنیشان بکات و پاشان ڕەنگدانەوەی ئەو ئەدگارانە لە بەرهەمەکانیدا بدۆزێتەوە.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دۆزەرەوەی بنەڕەت و بنەمای ناوەوەی مرۆڤە کەبەسروشت کۆمەڵایەتییە و ئەستەمە بتوانێ بەتەنیاو دوور لە کۆمەڵ هەڵکات، کاتێک کە نووسەری ئینگلیزی دانیاڵ دیڤۆ(١٦٦١ - ١٧٣١)لەڕۆمانی(ژیانی ڕۆبنسۆ کرۆزۆ)دا کەلە ساڵی ١٧١٩دا نووسیویەتی، دەیەوێت لەڕێگای ئەوکارەیەوە ئەوەمان پێ بڵێت کاتێک کرۆزۆ تەنها دەکەوێتە دوورگەیەکی چۆڵ هیوابڕاو و نائومێد نابێت((بۆیە نایەوێت ئەو تەنیاییەی خۆیی لە ڕامانی پەیوەندی نێوان خۆی و گەردووندا بەسەربەرێت، بەڵکو ئەرکی خۆی لەو شوێنە دابڕاو دوورەدا ئەوەیە کە بتوانێ وێنایەکی ئەوە شارە بکاتەوە کەلێی بەجێماوە))[1].ئەمەش ئەو ئیرادەو ویستەی مرۆڤە کەدەیەوێت وێنەیەکی کۆمەڵ بسازێنێ و ئاوەدانی دروست بکات. کاتێک دەوترێت ئەدەب وێناکردنی ژیان و سروشتی مرۆڤایەتییە، هاوکات ڕەخنەشە بۆی، هەربۆیەش((کاری ڕەخنە کە کارێکی دروستکارانەیە جگە لە ئاشکراکردنی ناوەڕۆکی کاری ئەدەبی، ئاشکراکردن و دەرخستنی ئەو بەهایانەشە کە بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان کاردەکەن))[2].ئالێرەدا گەورەیی و مەزنی بەرهەمی ئەدەبی لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی وردی واقیعی ڕاستەقینەی ژیانەوە هەڵدەقوڵێت، کە ئەنجامی تێڕامان و تێفکرینی قووڵی کۆمەڵگەو سروشت و پێکهاتەو دیاردەکانە، بۆیە دەبینین کە بەرهەمەکانی((حافزی شیرازی لە سەردەمی خۆی سەرترچووە، هۆکار لە وەدایە کە پرسە تایبەتییەکانی سەردەمی خۆی بەشێوەیەکی هونەرمەندانە و خولیا گەرانە پەرداخ کردووە، کەهەتا دنیا وەک ئەمڕۆبێت، مرۆڤی داماو

---

(١) مناهج النقدالادبی، دیفد دیتش، ص ٥٦٧.

(٢) النقد الادبی الحدیث(اصوله و اتجاهاته)، د. احمد کمال زکی، دار النهضة العربیة، بیروت، ١٩٨١، ص ٢١١.

دەتــوانیٚ کێــشەو قەیرانــەکانی ســەردەمی خــۆی لــە دیــوانی حــافزدا بدۆزێتــەوە))[1]. ئـەو پەیوەندیـە دینامیکییـەی نێـوان ئـەدەب و واقیـع بـەم شـێوەیە دەردەکـەوێت، کـە چـەند پێکـەوە گرێـدراون و ڕیـشەیەکی پتـەو و قووڵیان هەیە کەئاستەمە بـەبیٚ شـرۆڤەکردنی دیاردەکـانی کۆمـەڵگا بتـوانین ئەو تێگەیشتنە لە دەقی ئەدەبی دا فەراهەم بکەین، هەربۆیە ئەرکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەوەیە کە((شاکارە ئەدەبییەکان باشتر دەرك و شرۆڤە دەکـات، چونکە ئەم بەرهەمانە وشیاری سەردەمێك بەباشترین شێوە تۆکمە و پـەرداخ دەکەن))[2]. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێویستە بـەگیانێکی سـەردەمانە بڕوانێتـە سـەرجەمی کێـشەو ململانێیـەکان، چـونکە ئەگـەر ئـەو ڕەخنەیـە نـەتوانیٚ هاوشانی هەلومەرجی ڕۆژگار بڕبکات ئەوا چییەتی خۆی لـە دەسـت دەدات و دەبێتە مێژوو یان بەڵگەیەکی مێـژوویی((ئەگـەر کـاری ڕەخنـە و لێکۆڵینـەوە ڕوویان لە مێژووی کۆن کرد ئەوا دەبنە بابەتی مێژوویی، بەڵام ئەگەر ڕوویـان لەسـەردەمی نـویٚ کـرد ئـەو کـات دەتـوانین بـە ڕەخنـەی کۆمەڵایـەتی نـاوی ببـەین))[3]. لــە هەمانکاتــدا ئــەرکی ڕەخنــە تــەنها لێــرەدا ناوەســتیٚ کــە ســەردەمیانە گوزەربکـات، بـەڵکو((ڕەخنـەگری کۆمەڵایـەتی داوا لـە ئـەدیب دەکـات کـە سـەردەمیانە گوزارشـت لـە دۆخـی کۆمەڵگەکـەی بکـات، ببێتـە نوێنەری سەردەم و کۆمەڵگەکەی))[4].

لــەم ســەروبەندی کــارلێکردن و کــارتێکردنی نێــوان ڕەخنــەگر و نووسەردا خوێنەر(وەگر)وەك لایەنێکی پەیوەندیدار دێتە ناو هاوکێشەکەوە و

---

(١) فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، کۆمەڵێك نووسەر، و: هادی محەمەدی، زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان(٧)، ٢٠٠٧، ل ٣١٩.

(٢) س. پ، ل ٣١٩.

(٣) مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، میریت للنشر و المعلومات، ط ١، القاهرة، ٢٠٠٢، ص ٣٧.

(٤) حرکة النقد المسرحی فی سوریة(١٩٦٧ - ١٩٨٨)دراسة، د. حوریة محمد حمو، من منشورات اتحاد الکتاب العرب، ١٩٨٨، ص ١٦٤.

دەتوانین لە ڕێگای سێ هۆکاری سۆسیۆلۆژییەوە ئەندازەی وەرگرتن لەلای خوێنەر ببەستینەوە بە((ڕۆشنبیرییەکی گشتگیر لەبارەی شارستانیەتێکی دیاریکراو، ڕۆشنبیری نەتەوەیی و ڕابردووی نەتەوەیی،داب و نەریت....، یان هۆشیاری گرووپ و چینێکی کۆمەلاّیەتی))[1]. چونکە خوێنەر هەموو لەیەك ئاستدانین، بەلّکو لە ئاستی ڕۆشنبیری جۆرا و جۆردان، ئەم بایەخدانە بە خوێنەر لێرەدا زیاتر زەقدەبێتەوە کە((ڕێبازە ئەدەبییە نوێیەکان تیۆری پەیامەوەرگرییان کردووە بە ئامانجی سەرەکی کارە ڕەخنەییەکانیان، هەرئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی کێشەی چۆنێتی وەرگرتنی دەق هۆیەکی سەرەکی بێت لە سەرهەلّدانی ڕێبازە ئەدەبییە دوا بە دوای یەکەکان، پاش ئەوەی گۆڕانکاریی گەورە لە ستراکتوری کۆمەلاّیەتی ڕوویدا))[2].

ناکرێت لێرەدا ئاماژە بە بیروڕاکانی لایەنگرانی مارکسیزم نەکەین. لە بەرەوپێشچوون و کامڵ بوونی ڕەخنەی کۆمەلاّیەتیدا، ئاشکرایە کە مارکسیزم فەلسەفەیەکی ماددییە و زیاتر گرنگی بەلایەنە ماددییەکانی ژیانی تاك و کۆمەڵ دەدات. بۆیە ئەم فەلسەفەیە ژیانی کۆمەلاّیەتی لەسەر دوو بنەما دابەش دەکات ((هەموو چالاکییەکانی مرۆڤ لە کۆمەلّگەدا تەنانەت ئەدەب و هونەریش دەچنە چوارچێوەی سەرخانەوە کەبزوێنەرەکەی ژێرخانەو بریتییە لە هۆکارە ئابوورییەکان و بزوتنەوەی بەرهەمهێنانی ماددی))[3]. بەلاّم تێڕوانینی مارکسیزم سەبارەت بە ئەدەب و هونەر ئەوەیە کە((ئەدەبیات چ لە ناوەرۆك و چ لە ڕوخساردا، بەقوولّی لە ژێرکارتێکردنی هێزو وزە کۆمەلاّیەتی و ئابووری ومێژووییەکاندایە))[4]. بەو پێودانگەی

(١) النقد الادبی فی القرن العشرین، جان إیف تادیية، ص ٢٥٩ ـ ٢٦٠.

(٢) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٢٦ ـ ٢٧.

(٣) مدخل إلى النقد الادبی الحدیث، د. شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوی للنشر، ط ١، عمان، ١٩٨٨، ص ٢٣٤.

(٤) تیۆرو ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسیستی، بەختیار سەجادی، گ ڕامان، ژ ( ٤٩)، ٢٠٠٠، ل ٨٦.

سەرەوە دەبێت ئاماژە بەتیۆری ڕەنگدانەوە بکەین، کە بەو شێوەیە لە ئەدەب و هونەر دەڕوانێت کە ڕەنگدانەوەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتین، چونکە تێڕوانینی مارکسیزم بەوشێوەیەیە کە سەرچاوەی هەمووکارە ئەدەبی و هونەری و فیکری و مێژووییەکان دەرئەنجامی کارلێکردنی گەشەکردنی لایەنی ماددی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتییە((ناوەرۆکی کاری ئەدەبی بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ژیانی واقیعی و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان، شێوە و فۆرمیش دروستکەری ئەو ناوەرۆکەیە))[1]. تیۆری ڕەنگدانەوە کەجەخت لە سەر ئەوە دەکات. پێویستە ئەدەب واقیع بگوێزێتەوە و بەڕاستگۆییەوە گوزارشت لە نەهامەتی و چەرمەسەری ژیانی چینی کرێکار و چەوساوەکان بکات لە شێوەیەکی ئەدەبی بەرز و جواندا، ئەم پەیوەندیە ڕاستەوخۆیەی تیۆری ڕەنگدانەوە بە واقیعی ژیانەوە ڕێگەی خۆشکرد بۆ((چەسپاندنی ڕەهەندی واقیعی لەئەدەب و هونەردا و بڕوابوون بەئایندەی گەلان و چینی کرێکار و هەروەها پابەند بوون بەکێشەکانیان و خزمەتکردن بە ئامانجەکانیان))[2]. تیۆری ڕەنگدانەوە کاتێك باس لە هۆشیاری گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، بەوشێوەیە لە ئالیەتی کارکردنی دەماغی مرۆڤ دەڕوانێت کە توانای بەرهەمهێنانی هۆشیاری نابێت. بەواتایەکی تر مرۆڤ ناتوانێت لەڕێگەی هزری خۆیەوە هەست بەهۆشیاری بکات، ئەگەر بێت و کاری دەماغ بارگاوی نەکرێت لەگەڵ دەرەوەی خۆی کە واقیعی ژیانە((هۆشیاری ئەنجامی کارلێکردنی دەماغە، بەڵام ئەو هۆشیارییە دروست نابێت، تەنها بەپەیوەندی گرتنی نێوان دەماغ و دنیای دەرەوەی مێشك کە واقیعە))[3]. بۆیە هۆشیاریش کە کردەیەکی هەستییە و تێگەیشتنە لەبارەی دەوروبەر، بەتێڕوانینی لایەنگرانی مارکسیزم ئەنجامی لێهاتویی و ئەکتیڤی

---

(١) الادب والمجتمع المعاصر فى المصر، تأ: د. سمير سعد حجازى، ص ٤٧.

(٢) المذاهب النقدية، د. عمر محمد طالب، ص ١٧٣.

(٣) ن. م، ص ١٧٤.

مێشکی مرۆڤـه کـه ماددهیـه، لێـرهدا هـزریش شـوێنکهوتهی ماددهیـه و هـهرلێرهوه پهیوهنـدی تێـوری ڕهنگدانـهوه بـه ئایـدیۆلۆژیاوه سـهریهڵدا. نووسـهرو بیرمهنـدانی مارکسیـستی سـهنگێکیان بۆ دانـانی بـههاو نـرخ بـۆ بهرههمه ئهدهبییهکان دانابوو ئهویش ئهوهبوو((که ئـهدیب تـا چ ئهندازهیـهك دڵسۆزه له وێنهکێشانی واقیع و بهههند وهرگرتنی دیاردهکانی، که واقیعـیش له ڕوانگهی ئهوانهوه هاو واتایه لهگهڵ واقیعـی کۆمهڵایـهتی))[1]. بـهتێڕوانینی لایـهنگرانی مارکـسیزم ئـهدهب لهگـهڵ ئـهوهی ڕهنگدانـهوهی واقیعـه، شێوهیهکیشه له شێوهکانی مهعریفه و زانین لهبارهی ژیان، ئهویش لـهڕێگای هوشـیارییهوه بۆیـه((مارکـسییهکان دهیانویـست ئـهدهب وهك جۆرێـك لـه مهعریفه تهماشاکهن، ئهویش بههۆی ئهوهی ئهدهب شێوهیهکه له شێوهکانی هۆشـیاری، هۆشـیاریش ئـهو کاتـه ههسـت پێـدهکرێت کـه مـرۆڤ لـه ڕێگـهی هـزرهوه لـهدهرهوهی خـۆی واتـه جیهـانی مـاددی و کۆمهڵگـه دهڕوانێـت، ههربۆیهش ژیانی ماددیی و کۆمهڵگه له ئهدهبدا ڕهنگدهدهنهوه))[2]. ههڵبهتـه لایهنگرانی تێوری ڕهنگدانهوه بهتوندی کهوتنه وێزهی هـهموو ئـهو ئاراسـتهو میتۆدانـهی کـه لهگـهڵ بـۆ چـوونهکانی ئهوانـدا کـۆك و تهبانـهبوون، بۆیـه بیلنسکی(١٨١١ ـ ١٨٤٨)که لایهنگری تێوری ڕهنگدانهوه بـوو زۆربـه تونـدی دژی بۆ چوونهکانی ڕێبازی(هونهر بۆ هونهر)وهسـتاوه و بـهم شـێوهیه لێـیان دهدوێت((ئهو ههڵهیهی کهلایهنگرانی تێوری ئیستێتیکی تێیکهوتوون ئهوهیـه کهئـهوان هونـهر وهك جیهـانێکی دابـڕا و سـهربهخۆ سـهیردهکهن لهبازنـهی هۆشیاری و مێژوو))[3]. ئهم تاك ڕهههندیهی ڕێبازی(هونهر بۆ هونهر) کهتهنیا لهیهك لایهنهوه دهقی ئهدهبی دهخوێننـهوه بـه دابـڕاوی لـه دهرهوهی دهق،

---

(١ التحليل الاجتماعي للادب، السيد يسين، ص ٨٧.

(٢) في النقد الحديث(دراسة في مذاهب نقدية حديثة و اصولها الفكرية)، د. نصرت عبدالرحمن، منشورات مكتبة الاقصى، ط ١، عمان، المملكة الاردنية الهاشمية، ١٩٧٩، ص ٨٦.

(٣) المذاهب النقدية، د. عمر محمد الطالب، ص ١٧٢ ـ ١٧٣.

بۆیە ئەم ڕێبازە بووە جێگەی ڕەخنە((دوورخستنەوەی ئەدەب لە ئامانجە کۆمەڵایەتی و ئاکارییەکان و دابڕانی لە کۆمەڵگە و گەردوون بەبیانووی داهێنانی هونەرییەوە))[1]. ئەمەیە خەوشە گەورەکەی ڕێبازی هونەر بۆ هونەر، چونکە ئەگەر ئێمە ئەدەب بەشێوەیەکی داخراو و بۆ خۆژیاو سەیرکەین. هیچ ئەرك و سوودێکی نەبێت ئەوا ئەدەب ئەو گشتگیری و جەماوەرییەی لە دەست دەدات، بۆیە ڕەوایە ئەدەب ئەرك و پەیامێك بگەیەنێت((لەڕاستیدا ئەگەر هونەر و ئەدەب هەڵگری ئامانجبێت نابێتە زیانێك بۆ ئەدەب، ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی دروست ئاراستە کرابن و بەسەر ئەدیبدا نەسەپێنرابێت))[2]. ئەنجامیش دەرکەوتنی ڕێبازەکانی(ئەدەب بۆ کۆمەڵ) و (ئەدەب بۆ ژیان)سەریانهەڵدا.

هەرچەندە لۆکاش لەو باوەڕەدایە کە کاری ئەدەبی ڕەنگدانەوەی بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام لە هەمانکاتیشدا ئەو ڕەهاییە ڕەتدەکاتەوە کە مارکسییەکان جەختیان لە سەر دەکردەوە کە((پەیوەندییەکی جەبری ڕاستەوخۆ لەنێوان ئەدەب و باری کۆمەڵایەتیی - ئابووریدایە))[3]. لەلایەکی تریشەوە ئەم حەتمییەتەی بیروباوەڕی مارکسیزم لەئاستی لایەنەکانی تری دەقی ئەدەبیدا کورتبینەو فەرامۆشی کردوون((ڕوانگەی ئەبستراکت و ساویلکانەی ماتریالیستی...، کەئەدەبیات و هەموو دیاردەکانی سەرخانی، لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ڕووتی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێوەنددەدا، ئەم ڕوانگەیە سەرەڕای تاکڕەهەند بوونی، سەربەخۆیی ئەدەب و جوانیناسی ئەدەب لە بەرچاو ناگرێ و وەك ڕەنگدانەوەی ڕووتی ئابووری کۆمەڵایەتی پێناسەی دەکات))[4].

---

(١) مدخل الى النقد الادبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، ص ٢٣٠.

(٢) ن. م، ن. ص.

(٣) تێور و ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی، بەختیار سەجادی، گ ڕامان، ژ (٤٩)، ل ٨٨.

(٤) فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، کۆمەڵێك نووسەر، ل ٣٠٩.

پێویسته ئەو ڕاستییه له بەرچاو بگرین کەله دەرەوەی دەق و پەیوەندییەکانی دەقەوه دەتوانین پەی بەو گۆڕانانه ببەین که له کۆمەڵگەدا ڕوو دەدات، بەواتایەکی دیکه ئێمه ناتوانین بڕوا بەوه بهێنین کەفۆرمی کاری ئەدەبی بەتەنها دەمانگەیەنێته خوێندنەوەیەکی دروستی کاری ئەدەبی. بۆیه چاکتر وایه(فۆرم و ناوەڕۆك) پێکەوه ئەو ئەرکه له ئەستۆ بگرن ئەویش له پەیوەندیدا بەبواره کۆمەڵایەتییەکانی دەقی ئەدەبییەوه، بەو واتایەی که دەقی ئەدەبی وەك پێکهاتەیەکی یەکگرتوو تەباو هاوئاست دەتوانێت بمانگەیەنێته ئەو بونیاده دەلالیەی کەدەق دەیەوێت ((لەڕێگەی شیکردنەوەی شێواز یان زمان له ناوەوەی دەق دەتوانین بگەینه لێکۆڵینەوەیەکی ڕۆنانی دەلالی گشتگیر، که بۆ دۆزینەوەی ناوەوەی دەق و دەرەوەی دەق له هەمانکاتدا یارمەتیدەرە))[1]. هەرچەنده زۆرێك له میتۆدو ئاراسته ڕەخنەییەکان وەك (فۆرمالیستەکان و بونیادگەراکان و هەڵوەشانەوەخوازەکان) تەنها له سەر ئاستی زمانەوانی مامەڵه لەگەڵ دەقدا دەکەن و دەق لەهەموو ڕەگەز و لایەنەکانی دادەماڵن بۆیه ((شکست دەهێنن و سەرکەوتوونابن له درککردنی ئەو پەیوەندییه دیالێکتیکییەی کەکار له دروستبوونی دەقی ئەدەبی لەڕێگەی گۆڕانکارییه کۆمەڵایەتییەکاندا دەکەن))[2]. شێوازی کارکرنی ئەم میتۆدانه که دەتوانین به فۆرمالیستەکان ناویان ببەین، چونکه تەنها کار له سەر فۆرمی دەقی ئەدەبی دەکەن. ناتوانن ئەو پەیوەندییه بدۆزنەوه، چونکه دەق لەگەڵ دەرەوەی خۆی که واقیعی کۆمەڵایەتییه پەیوەست ناکەن.

ئەگەر لەڕەهەندێکی دیکەوه بمانەوێت ئەو ڕاستییه بزانین، که میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی له پرۆسەی کارکردنی خۆیدا، تەنها خۆی

---

(١) فصول في النقد و الادب، تأ: عبدالرحمن أبوعوف، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦، ص ٦٠.

(٢) ن. م، ص ٥٩.

بەولایەنـەوە نابەسـتێتەوە کـە شـیکردنەوەو ڕاڤـەی ڕۆمانێـك یـان چـیرۆك و شـیعرێك بکـات، بـەڵکو بـۆ خـوارەوە شـۆڕدەبێتەوە بـەحوکمی سروشـتی کارکردنی ئەم ڕەخنەیـە کـە زیـاتر کۆمەڵایەتییـە و مامەڵـە لەگـەڵ بەرهـەمی ئەدەبی میللیش دەکات، ئەمەش لەبەرئەوەیـە کـە بەرهەمـە میللییـەکان زۆر زیـاتر لـە نـاو خەڵکـدا بـڵاوە بەسـەرجەم ئاسـتە جیاجیاکانـەوە و زیـاتر کاریگەرییەکانی وەدەردەکەون، لەم بوارەدا یەکێك لەوانـەی ڕۆڵیـان هـەبووە لە سۆسـیۆلۆژیای ئەدەبـدا میخائیـل باختین(١٨٩٥ ـ ١٩٧٥)ە کـەتوانی درك بـەم لایەنـە بکـات و ئاماژەشـی بـەوەداوە کـە ئـەو زمانـە میللـی و شـێوە قسەکردنە ڕۆژانەییە لە بەرهەمە ئەدەبیەکاندا ڕەنگی داوەتەوە((زمانی میللی و قسەکردن و گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانـە، خـودان مێژوویـەکی دێـرین و دوور و درێژە، چونکە دەتوانین لێرەوە پەی بـەو کێـشە کۆنانـەی نێـوان خێڵـەکان، هەروەها ڕۆشنبیری و قسەکردنەکانی کۆن ببەین))[1].

جگــە لــەو بوارانــەی ســەرەوە ڕەخنــەی کۆمەڵایــەتی لەڕێگــەی لێکۆڵینەوە لە جـۆرە ئەدەبییـەکانی تـر وەکـو((چـیرۆکی منـداڵان، گۆرانییـە میللییەکان، ئۆتۆبایۆگرافیا، داسـتان و ئەفسانە، قـسەی نەسـتەق....، ئـەو ماددانـە دەکاتـە بابـەتی ڕەخنـەو بـۆ خوێنەریـشی دەسـەلمێنێ کـە زۆرجـار جیاوازییەکی کەم لەنێوان ئەدەبی میللی و ئەدەبی نوسـراو لـە ڕووی ئاسـتی بەکارهێنانەوە هەیە))[2]. لەبەرئەوەی لەم بابەتانەدا زۆرجار کێشەو دیـاردەی زۆر هەستیار و پڕ بایەخ دەوروژێنێ، کەگەلێك لە چەرمەسەری و گرفتەکانی ڕۆژانـەی واقیعـی کۆمەڵـەوە نـزیکن و جێگـەی هەڵوێـستە لـە سـەرکردنن و خوازیـاری دۆزینــەوەی چارەسـەرن، بۆیـە بـەم ڕۆحییەتـەوە ڕەخنـەگری کۆمەڵایـەتی دەتـوانێ لێـرەدا ڕۆڵ ببینـێ و ئاگادارکـەرەوەی کۆمـەڵ بێـت چ

---

(١) النقد لادبی فی القرن العشرین، جان إیف تادییة، ص ٢٤٦.

(٢) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٤٦.

لـەکاتی خـۆی و چ بـۆ داهـاتوو لـە ئاکـامی بارودۆخەکـەو بەتەنگـەوە چـوون بۆدۆزینەوەی چارەسەر.

کاتێـك ئـەدەب بەتایبـەتی شـیعر لـە سـەردەمە کۆنەکانـدا بەچـەند هێزێکـی نادیـارو لـە توانـا بـەدەری مرۆڤـەوە بەسـترابۆوە، ئەمـە ئاسـتی تێگەیـشتنی ئـەو کاتـەی کۆمەڵگـەبووە، کـە سـنووری کـارکردنی عـەقڵی دیاریکراو بووە، بەڵام ئەو سەردەمە ڕابووردووە((کە ئەدەب ئەو مەخلوقەبێت لە شـێوەی فریـشتەو جنۆکـەو شـەیتاندا لـە ئاسمانـەوە بێتـە خـوارەوە، یـان خـــاوەنی خواوەنـــدێکی تایبـــەت بـــە ئـــەدەب و هونـــەربێت وەك لای یۆنانییەکان))[1]. سروشتی کۆمەڵگە کۆنەکان بـەو دنیـا بینییـەوە سـەرەنجی بەرهەمـە ئەدەبییـەکان بەتایبـەتی شـیعرییان داوە، ئەمـەش لـەو خاڵـەوە سەرچاوەی گرتووە کە درکیان بەو پەیوەندییە زینـدوو پێکـەوە بەسـتراوەی نێوان ئەدەب و واقیعی ژیانی ڕۆژانە نەکردووە، چونکە شیعریان بۆ خۆشی و چێژوەرگرتن بووە. لەگەڵ بەرەو پێشچوونی عەقڵییەتی کۆمەڵگەو کرانەوەی بەڕووی دنیادا، نووسەرانیش لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییـەدا بەرهەمـەکانیان خـسته خزمـەتی بەرژەوەنـدی کۆمـەڵ و بـەم کارەشـیان دەروازەیـەکی بەهێزی((پەیوەندی نێوان شێوە ئەدەبی و گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە کەوتـە چوارچێوەی سۆسیۆلۆژیای ئـەدەبی هاوچـەرخ))[2]. بۆیـە نووسـەرانیش بـەو ئاراستەیە کاریان کرد کە هونەرمەندانە دیمەنەکانی ژیانی ڕۆژانە بگوێزنـەوە، لێـرەوە وەکـو ئاکـامی دوایـی ئـەو کاریگەرییـە لەسـەرکۆمەڵ و بیروبـاوەڕ و ئەزموونەکانیان ڕەنگدەداتەوە. لەم سەروبەندەدا ڕۆڵی ڕەخنەگران لە دنیـای ئەدەبدا گەلێك هەستیارو زەحمەتە، چونکە((ڕەخنە پێش ئەدەب دەرکەوێت لە بواری سەرهەڵدان و دروستبوونی تیۆرو میتۆدی ڕەخنەییدا، ئەمەش ڕێگـا

---

(١) مدخل الى النقد ألادبى الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، ص ٢٣١.

(٢) الادب والمجتمع المعاصر فى المصر، تأ: د. سمير سعد حجازى، ص ١٥.

بۆ ئەدیب و نووسەران خۆشدەکات کە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو تێور و میتۆدانەدا کاربکەن))[1].

کاری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی زۆر زەحمەت و فرە ڕەهەندە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سەرجەم دیاردە و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە. پێویستی بە هۆشیارییەکی ئەکتیڤ هەیە کە بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لەو دیاردە دزێو و نەشیاوانە بڕوانێت کە کۆمەڵگەی دووچاری جۆرێك لە نەهامەتی و چەقبەستن کردووە، ئەم ڕەخنەیەش بەهەمان شێوە دەیەوێت دیاردە کۆمەڵایەتییەکانمان بۆ ئاشکراکات بەو پێیەی کە((ئەدەبیش دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە وەکو هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر کە بە کۆمەڵگە کاریگەرەو کاریگەریشی لەسەر کۆمەڵگە هەیە، هەر بۆیە دیاردەی ئەدەبی جیهانێکی خەیاڵی و وەهمی نییە))[2].دەبینین ئەو دیاردەیەی کە پێی دەڵێن ئەدەب زیندوویەتی خۆی لە ئەنجامی کاریگەری کردنە سەرکۆمەڵگە دەردەکەوێت، هەروەکو چۆن کۆمەڵگەش کاریگەری بەسەرییەوە هەیە. ئەم دیاردەیەش خاوەنی هەموو ئەو ڕەگەزانەیە کەوەکو دیاردەیەکی ئەدەبی سەرنجی بدرێت. ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش کە(( لە ڕووی پەیوەندی بەبەهاو نموونە کۆمەڵایەتییەکانەوە لە ئەدەب دەکۆڵێتەوە....چونکە پەیوەندی نێوان هونەر و کۆمەڵ پەیوەندییەکی زیندووە))[3]. دەتوانین ئەوە بڵێین کە دیاردە ئەدەبییەکان تەنها(هونەری و ئەدەبی)نین دوور لە هەموو بەهاکانی تر، چونکە پەیوەندییەکانی نێوان(نووسەر ـ دەق ـ خوێنەر)هەموو ئەمانە چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و چەندان کاریگەری تری لێدەکەوێتەوە.

---

(١) مدخل الى النقد ألادبى الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، ص ٦٢.

(٢) ن. م، ص ٢٣١.

(٣) خمسة مداخل الى النقد الادبى(مقالات معاصرة فى النقد)، تصنيف: ويلبر س. سكوت، ت: عناد غزوان اسماعيل و جعفرصادق الخليلي، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١، ص ٨.

لەگـەڵ ئـەوەدا کـە ئـەدەب دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتییـە، کەواتـە پێویستی بەسیستەمێك هەیە بەمەبەستی ڕێکخستنی دیاردەکانی کە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدایە، جا ئەگەر لە ئەرك و بنیاتی هەریەك لە سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیستەمی دیاردەی ئەدەبی بڕوانین دەبینین لێکچوونێك لە کارکردنی سیستەمەکانیاندا هەیە. بۆیە لێکۆڵەرانی بواری سۆسیۆلۆژیا گرنگییەکی فراوانیان بەبواری سیستەمی کۆمەڵایەتی داوە، چونکە((کۆمەڵگە مرۆییەکان زۆربەی جار خاوەن میکانیزمێکی بەیەکەوە گونجاوە بەواتایەکی تر کۆمەڵگاکان خاوەن ئەرکگەلێکی ئەو تۆن کە مرۆڤ بۆ تێرکردنی پێداویستیەکانی سوودی لێوەردەگرێت))[1]. بۆیە سیستەمی کۆمەڵایەتی گرنگییەکی زۆری بۆ پاراستنی کۆمەڵگەکان هەیە و خاوەنی کۆمەڵێك ڕەگەزی سەرەکییە وەکو((پێوەرە ڕۆشنبیرییەکان، بنیاتی یەکگرتووی نێوان پارچەکان، بەردەوامی و سەقامگیری، ئەرکەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی، ڕەگەزە مەعریفیەکان وەکو: بیروڕاو ماناو تیتاڵ و ڕەوشە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەگەزە مادییەکان))[2]. ئەم ڕەگەزانە پەیوەندی پتەویان بەسیستەمە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، لەهەمانکاتدا ئەرکی سیستەمی کۆمەڵایەتی بریتییە لە((دابونەریت و ڕۆڵی تاکەکەسی لەنێو چوارچێوەی کۆمەڵدا. چەمکی سیستەم بەڕێکخستنی کۆمەڵایەتییەوە یان بە ئۆرگانیزمەکردنی کۆمەڵەوە بەستراوە))[3]. لەهەمان کاتدا سۆسیۆلۆژیا بۆ خۆی لە بارەی کۆمەڵگە و دەوروبەرەوە خاوەنی دیدێکی ڕەخنەییە. ئامانجی کارکردنیشی((بریتییە لە ڕەخنە و جیاکردنەوەی حاڵەتەکانی کۆمەڵگە و سیستەمەکان و پەیوەندیان بەشارستانیەتەوە، بێگومان ڕەخنەی

---

(١) دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مونوچیهر موحسنی، کۆمەڵێك نووسەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ ١، ٢٠٠٢، ل ٨٦ .

(٢) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٤٤.

(٣) س. پ، هـ. ل.

ئەدەبی لە توێژینــەوە و لێکۆڵینــەوە سۆسـیۆلۆژیەکان سـوود وەردەگرێـت و پێی دەوڵەمەنـد دەبێـت بـە تایبــەتی لــەو باسـانەی کەلـە دەوری پەیوەنـدی نێـوان تـاك و کۆمــەڵ دەگــەڕێت))[1]. لێـرەدا ئــەو هاوشـێوەیی و لێکـچوونە دەردەکەوێت((ئەگەر سیستەمی کۆمەڵایەتی وەکو بناغەو پێوەر بەمەبەستی ئۆرگانیزمەکردنی ڕۆڵی کەسەکانی نێو کۆمەڵ دابنرێت، بەوشێوەیەش ئەدەب بریتییــە لــە سیـستەمێکی کۆمەڵایــەتی کەکەسـانێکی زۆر لــە(داهێنــەران - جــەماوەر - ڕەخنــەگران - لایەنــەکانی بڵاوکردنــەوەو چـاپکردن)بەشـداری تێدادەکەن، ئەوە لە ڕووی بنیاتەوە. لە ڕووی ئـەرکی ئەدەبـەوە...ئـەرکێکی فیکری و هزرڤانی و پەروەردەیی دەگێڕێت))[2].

ئەگەر لایەنی ئیـستێتیکی دەق وەربگـرین، دەبێـت ئـەو ڕاسـتییە لـە پێشچاو بگرین کە ئیستێتیکا مەرج نییە بەشێوەیەکی ئاشکرا لـە نێـو دەقـدا دەرکــەوێت. هەربۆیــە ئــەرکی ئیــستێتیکا وەکــو زانــستێك((گرنگــی دەدات بەدۆزینــەوەی ماهییــەتی جــوانی و ڕوونکردنــەوەی دیاردەکــانی جــوانی و فۆنێمەکانی لە بابەتەکانداو جیاوازییەکانی جوانی لە سروشـت و دیاردەکـانی تری ژیـان بـەلای مرۆڤـەوە. هــەروەها ئاشـکراکردنی ڕۆڵـی سـەرەکی خـۆی - ئیـستاتیکا - وەك بابـەتێکی زینـدوو لـە نـاو کۆمـەڵگادا و(بـەپێی پێویـست) ئەوەی پەیوەندی بەکار و چالاکی و ئارەزووەکانیەوە هەیە))[3]. کەواتـە ئـەو جوانییــەی لــە ئــەنجامی تێڕوانینــی وردی ئــەو هــزرەی کــە لــە دەق دەڕوانـێ بەپێی باگراوندە ڕۆشنبیرییەکەی خۆی دەشێت پەی بـەو جوانییـە ببـات کـە لەناو پانتایی دەقی ئەدەبیدا خـۆی حەشـارداوە((جـوانی ئـەدگارێك نییـە لـە خــودی شــتەکاندا، بــەڵکو تــەنها لــە بــیرو زەینــی ئــەو کەســەدایە کــە لێــی

(١) مدارس النقد الادبی الحدیث، د.محمد عبدالمنعم خفاجی، الدار المصریة اللبنانیة، ط ٢، ٢٠٠٣، ص ١٩٥.

(٢) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٤٤ - ٤٥.

(٣) ئیستاتیکای دەقـی شـیعری کـوردی( کوردسـتانی عێـراق ١٩٥٠ - ١٩٧٠)، جـەبار ئەحمـەد حسێن، دەزگــــای چاپ و پەخشی سەردەم، چ ١، ٢٠٠٨، ل ٢٠ - ٢١.

ڕادەمینێت))[1]. بۆیە دەردەکەوێت کە جوانی خاوەنی سیفەتێکی ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، یان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت، چونکە مرۆڤ لە ڕێگەی هەستەوەریەکانیەوە دەتوانێت جوانی یان ناشیرینی دەق ئاشکرا بکات((جوانی دەق بەوە دیاری دەکرێت ئاخۆ تاچ ڕادەیەك ئەو بابەتە هونەرییە یان ئەدەبییە کار دەکاتە سەر عەقڵ و ویژدان بەهۆی هەستیارە بالاکانی سەر مرۆڤ))[2]. بەهای کارە ئەدەبییەکانیش بەهەمان شێوە دیاریکراو نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لایەنەی بەدوای بەهاکاندا دەگەڕێت((بەها ئەدەبیەکانیش بەم شێوەیە لە خودی کارەئەدەبییەکاندا نییە، بەڵکو لەلایەن خوێنەرانەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت، هیچ شتێك بۆ خۆی لە خۆیدا چاك یان خراپ نییە، بەلام هزرو بیرکردنەوە وای لێدەکات))[3]. پەیوەندی نێوان ڕەخنەو ئیستێتیکا پتە و بەهێزە، چونکە ڕەخنە سوودێکی زۆری لە زانستی ئیستێتیکا وەرگرتووە، ئەویش لەو ڕووەوە کە ڕەخنە توانیویەتی((درك بەتایبەتمەندی جوانی و دیاردەکانی بکات، بۆ تێگەیشتن لە تیۆرە ئیستێتیکییەکان و نهێنییەکانی و پەیوەندکردنی ئەو جوانییانە بە جوانی کاری ئەدەبییەوە))[4]. بۆیە بەلای دەروونناسەکانەوە ئەوپێوەرەی بۆ پێوانی جوانی دیارییان کردووە(چێژە). بۆیە چێژ ڕەگەز و پێوەرێکی بەنرخە لە دیاریکردنی ئیستێتیکای دەقەکاندا، هەرچەندە ئاستی چێژ وەرگرتن لەلای هەموو مرۆڤەکان وەك یەك نییە، بەڵکو زۆر هۆکار ڕۆڵیان لە دیاریکردنی چێژی دەقدا هەیە، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کەسی وەرگر یان خوێنەرەوە هەیە. بەپێی زەوق و سەلیقەو ڕادەی ڕۆشنبیری و کات وشوێن دەگۆڕێت. ئەدەبیش بەوپێیەی کە

---

(١) المذاهب النقدية، د. عمر محمد الطالب، ص ٨.

(٢) سایکۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، ئامانج عوسمان حەمەد، گ ڕامان، ژ (٢٠)، ل ٢٥.

(٣) المذاهب النقدية، د. عمر محمد الطالب، ص ٨.

(٤) مدارس النقد الادبي الحديث، د. محمد عبدالمنعم خفاجي، ص ١٩٣.

خـــاوەنی ئەرکـــەو لـــە زۆربـــەی حاڵەتەکانـــدا ئـــەو ئەرکـــە ڕۆشـــنبیری و پەروەردەییە، بەشێوازێکی ناسك و هەست بـزوێن ئـەو ئەرکـە ئـەدا دەکـات، بۆیە دەتوانین بڵـێین کـە هـەموو دەقـەکان بـەپێی سـەنگی خۆیـان هـەڵگری جۆرێك لە ئیستێتیکان و بەهایەکی هونەری بەنرخیان هەیە.

هەر زانست و هونەرێك کۆمەڵێك کەرەستە و ئـامراز و هۆکـاری خـۆی هەیە بەمەبەستی بەرجەستەکردن و بەرهەستکردنی ئەو زانسـتە، بـۆ نموونـە کەرەستەی شێوەکاری فڵچەو ڕەنگە، مۆسیقا ئامێر و دەنگە، دەبێـت بـزانین کە کەرەستەو مـاددەی بنـەڕەتی پێکهێنـەری ئـەدەب(زمـان)ە. زمـانیش بـۆ خۆی ئامێرو کەرەستەیەکی بێگیان نییە، بەڵکو هەڵگری گشت ئەدگار و بەها کولتـووری و ڕۆشـنبیرییەکانی قـسە پێکەرانیـەتی((ئـەدەب سیـستەمێکی کۆمەڵایەتییـــــە، ئـــــامرازو هۆکارەکـــــەی زمانـــــە، خولقێنەرەکـــــەی کۆمەڵگەیە...خـودی شـاعیر ئەنـدامێکی کۆمەڵگەیـە، کەوتووەتـە ژێربـارێکی کۆمەڵایەتییەوە...هەروەکو چۆن گوتارەکەی بۆ جەماوەر ئاراستەیە))[1]. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین ئاماژە بـەوە بکـەین. کـە ئـەدەب وەك دیاردەیـەکی کۆمەڵایەتی تەنها بەهۆی زمانەوە سـیفەتی کۆمەڵایـەتیی بـوون وەرناگرێـت، بەڵکو دەتوانین زۆر لەوە زیاتر بڵێین کە((ئەدەب تەنها وشـە ڕیزکـردن نییـە، بەڵکو هەڵگری زۆر واتا و وێنەو بەهای جیاوازە، بەواتایەکی تر گوزارشتکردنە لە هەڵوێستە مرۆڤایەتییەکان سەبارەت بەبوون و ژیان و کۆمەڵگەوە))[2]. ئەم بابەتـەش پەیوەنـدی بـەتوانا و لێهـاتوویی و شـارەزایی ئەدیبـەوە هەیـە کەتاچەند دەتوانێ بەهۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ داهێنانی ئەدەبیدا بکـات و بەشـێوەیەك مانـا لـە وشـەو زاراوە و ڕسـتەکان باربکـات کـە هـەڵگری ئـەو نهێنیانەبن لەبارەی واقیعی ژیانی مرۆڤ. بۆیە ڕۆڵـی خـاوەن چـێژێکی ئـەدەبی

---

(١) نظرية الادب، رينية ويليك و أوستن وارين، ت: محيى الدين صبحى، م: د.حسام الخطيب، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ط ٢، ١٩٨٧، ص٩٧.

(٢) مدخل الى سوسيولوجيا الادب العرب، محيى الدين يوسف أبو شقرا، ص ٤٥.

یان ڕۆڵی ڕەخنەگری بەتوانا لێرەدا دەردەکەوێت، چونکە سروشتی ڕەخنە بۆ خۆی((پردی پەیوەندی نێوان بەرهەمی ئەدەبی و خوێنەرە، تالایەنە نادیارەکانی ڕوون بکاتەوە، ئەو پردی پەیوەندییە، بریتییە لە کردنەوەی ئەو کۆدانە، بۆ ئەوەی خوێنەری دەقێك دەقەکە وەك کۆمەڵێك ڕەمزی وەسەریەکنراو تێ نەگات. شتێکی بەڵگە نەویستیشە کەکردنەوەی ئەو کۆدانە هەروا بەهەڕەمەکی نابێت، بەڵکو پێویستی بەلێکدانەوەیەکی لۆژیکی هەیەو لەم زەمینەیەدایە، کەدەتوانێ سەرکەوتنی خۆی مسۆگەر بکات))[1].

ڕەخنەگری بەتوانا پێویستە بەم دیدە دیارەوە ڕوو لە خوێندنەوەی دەقی ئەدەبی بکات، چونکە کارامەیی و لێزانی ڕەخنەگرێك لە کەسێك جودایە کە تەنها خاوەن چێژو سەلیقەی ئەدەبی بێت.

ڕەخنەگریش وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی حەتمەن بارگاوییە بە کۆمەڵێك بیرو و بۆچوون، بەلام دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین کەئەدەب وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و نووسەریش وەك تاکێکی ئەو دەزگایە دەربڕینەکانی زیاتر لە سنووری کۆمەڵگەدایە و دەبینین زۆربەی مەبەستەکانی پەیوەستن بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی داب و نەریت و ئاکار...تاد. تەنانەت زۆر جار کەباس لە دەرکەوتنی ژانرێکی نوێ یان شێوەیەکی هونەری نوێ دەکرێت دیسانەوە دەیگێڕنەوە بۆ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵ و وێنەی کۆمەڵ یان پێکهاتەکەی چۆن بووە؟ یان چ دیاردە و کێشەیەك لەو سەردەمانەدا بەبرەو بووە؟ یاخود جیاوازییەکانی ژیان لەنێوان چینەکانی کۆمەڵدا لە چ ئاستێکدا بووە؟ ئەمانە هەموو پرسیارن و لە ئەنجامی هەڵویستە لەسەرکردنی ڕەخنەگرانەوە لە ڕێگەی شرۆڤەو لێکدانەوەی لۆژیکییەوە ئەنجامی دروست و باوەڕپێکەری لێکەوتووەتەوە((بۆیە لێکۆڵینەوەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی لە

---

(١) بنەما ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ١٩٢٠ەوە تا ١٩٦٢، هەژار ئەحمەد عەبدولعەزیز، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧، ل ١٥.

دروستبوونی دەقی ئەدەبیدا، پێویستی بەبەرهەڵستی ڕەگەزە ڕۆشنبیری و هـزری و مەعریفییـەکان هەیـە، کـە هـەموو ئەمانـەش دەچـنە نێـو سـنووری کارکردنی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبییەوە))[1]. کاتێـك بـاس لەدەرکـەوتنی ڕۆمـان دەکرێت کە پانتاییەکی فراوانی لە سنووری ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانـدا وەرگرتووەو بوارێکی فراوانی ڕەخساندووە بۆ پرۆسەی ڕەخنە و خوێندنەوە، هەربۆیە((گرنگی ڕۆمان تەنها لەو زانیارییانـەدا ناوەسـتێت کـە لـەبارەی ئـەو جیهانـەی وێنـایکردووە بەدەسـتهێناوە، بـەڵکو خـاوەنی بەهایەکـە وەکـو بڕوانامەیەکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا))[2].

(ڕینیـــەویلیك و ئوســـتن واریـــن) جـــەخت لەســـەر ئـــەو لایەنـــە کۆمەڵایەتییـەی ئـەدەب دەکەنـەوە، کـە ناکرێـت نکـۆڵی لێبکرێـت((ئـەدەب ئەرکێك یان سوودێکی کۆمەڵایـەتی هەیـە، کـە ناکرێـت بەشـێوەیەکی خـودی سەیر بکرێت. بەم شێوەیە دەبیـنین زۆربـەی زۆری ئـەو پرسـانەی کەئـەدەب دەیـورووژێنێ پرسـی کۆمەڵایـەتین، جابەشـێوەیەکی تایبـەتی بێـت یـاخود گشتی))[3]. لە ڕوویکـی تـرەوە گـەورەیی داهێنـانی ئـەدەبیش دیسانەوە بـە چوارچـێوە کۆمەڵایەتییەکـەوە پەیوەسـتە، چـونکە((ئـەدەب بـۆ خـۆی چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و گوزارشت لـە پێگەیشتن و کامـڵ بـوونی کۆمـەڵ دەکات. هەربۆیە نووسەری دابڕا و لـە کۆمـەڵ دەقێکـی ئاسـت نـزم و سـووك بەرهەمـدێنێت))[4]. ئەمانـە هـەموو گـەواهی ئـەو ڕاسـتییەن کـە لایـەنی کۆمەڵایەتیی ئەدەب، جێگای هەڵوێستە لەسەرکردن و گرنگی پێدانە. کەواتە ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی بۆ پـەیبردن بەلایەنـە شـاراوە و نهێنییـەکانی دەقـە

---

(١) فصول فی النقد و الادب، تأ: د. عبدالرحمن أبوعوف، ص ٥٩.

(٢) مـا هـو النقـد؟، بـول هيرنـادی، ت: سـلافة حجـاوي، م: د. عبـدالوهاب الوكيـل، دارالـشؤن الثقافية العامة، ط ١، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٣٤.

(٣) نظرية الادب، رينية ويليك و أوستن وارين، ص ٩٧.

(٤) النقد الادبي المعاصر(قضاياه و اتجاهاته)، د. سمير سعد حجازی، دار الافاق العربية، ط ١، القاهرة، ٢٠٠١، ص ٣٩.

ئەدەبییەکان پێویستە سوود لە هەندێك ڕەگەزی دەرەوەی دەق وەربگرێت. ئەو ڕەگەزانەش پەیوەندیان بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانیٚ دەقەکە وەکو دەقێکی خاوەن چێژ دەربخات و لەگەڵ ئەوەشدا لایەنە نادیارەکانی پیشانی خوێنەر بدات. بێگومان ئەمەش لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر دەگۆڕێت و مەرج نییە ڕەخنەگر کار لەسەر هەموو دەقێك بکات. بۆیە ڕەخنەی ئەدەبی ((هەوڵی داوە، هاوئاستی ئەو دەقانە بێت کە توخنیان دەکەوێت و شییان دەکاتەوە...ڕەخنە دەیەوێت، هەم خوێندنەوەبێت، هەم نووسینێکی بەرز))[1].

ئەگەر سەرنجی مەیدانی پراکتیکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و دەستکەوتەکانی بدەین دەبینین کە نووسەرێك لە وڵاتی سوریا لە توێژینەوەیەکدا ئاماژەی بەوەکردووە. کەڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە بواری شانۆدا ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە بەرچاوخستنی زۆر دیاردە وکێشەی کۆمەڵایەتی سەردەم و دۆزینەوەی ڕێگا چارەی گونجاو بۆیان((چارەسەری کۆمەڵێك کێشەی گرنگی کردووە لەوانە کێشەی ئافرەت و ململانێی نێوان داب و نەریت، دین، چینە کۆمەڵایەتییەکان))[2]. جەخت لەسەر دانەبڕانی نووسەر دەکات لە کۆمەڵدا کەپێویستە بەردەوامی و تەماسی لەگەڵ جەماوەر هەبێت، چونکە دوور کەوتنەوەی نووسەر لە جەماوەر بۆشاییەك دروست دەکات کەلە نێو بەرهەمی نووسەردا ڕەنگدەداتەوە بەوەی کە نووسەر نەیتوانیوە سەردەمانە لە کۆمەڵگاکەی بگات، بۆیە لەسەر نووسەر پێویستە((کەبەردەوام پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا هەبێت، چونکە ئەم پەیوەندییە وا لە نووسەر دەکات هەمیشە بەئاگاییەوە لە دەوروپشتی خۆی بڕوانێت، هەست بکات ئەوانە کێن لە چواردەوری))[3]. کرداری دۆزینەوە و

---

(١) کورتە پێناسەیەك بۆ جیهانی فراوانی ڕەخنەی نویٚ، شەعبان شەعبان ئەحمەد، گ ڕامان، ساڵی پێنجەم، ژ (٥٠)، ٢٠٠٠، ل ٧٢.

(٢) حركة النقد المسرحي في السورية، د.حورية محمد حمو، ص ١٦٥.

(٣) ن. م، ص ١٦٨.

درك پێكردن و جیاكردنەوەی دیاردەكانی كۆمەڵ و نمایشكردنییان ئەركێكی سەرەكی ڕەخنەی كۆمەڵایەتییە و مەیدانی كاركردنییەتی، چونكە لەم ڕێگەیەوە ڕەخنەی كۆمەڵایەتی دەتوانێت ئەدای كاری خۆی بكات و ڕەخنەیەك بێت سەردەمیانەو لەئاستی كێشەكاندا توانای خوێندنەوەی هەبێت.

كاتێك ئێمە كاری ڕەخنە لەسەر دەقێكی ئەدەبی ئەنجام دەدەین، پێویستە دیدگای ئێمە دیار و ڕۆشنبێت. بۆیە(تین) كە هەوڵیدا لێكۆڵینەوە لەبواری ئەدەبدا بكات بەو ئاقارەیدا برد كە ئەدەب دیاردەیەكی سروشتییەو هەمان ڕەگەزەكانی زانستە سروشتییەكانی بەسەردا دەچەسپێ، بەڵام ئەو تێڕوانین و بۆ چوونانە بۆ سەردەمێك بوون. كە دووچاری ڕەخنەیەكی زۆر بووەوە، بۆیە پێویستە لێكۆڵینەوەی ئەدەبی لە چوارچێوە كۆمەڵایەتییەكەیدابێت، ئەویش لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیانەی نووسەر لەگەڵ كۆمەڵ. سۆسیۆلۆژیای ئەدەب لە میانەی پەیوەندیەكانی نێوان(نووسەر - دەق - خوێنەر) توانیویەتی سنوورێك بۆ هەریەكێك لەو ڕەگەزانە دیاری بكات. لۆكاش و گۆڵدمانیش لەسەر ئەوە ڕێكن كە((ڕۆمان بەرەولێكۆڵینەوەیەكی سۆسیۆلۆژی ئاراستە بكرێت، ئەمەش لەو تێڕوانینە هزریەوە سەرچاوەی گرتووە كە ڕۆمان گوزارشتە لە تاكێك لە بارودۆخێكی تەپیو و دارماو بێكەڵك دا، لە كۆمەڵگەیەكدا كە خاوەنی هەمان بارودۆخە))[1]. هەربۆیە لە دایك بوونی ڕۆمان لای لۆكاش دەركەوتەی گەشەكردنی مێژووی بورژوانە لە ئەوروپادا، كەسەرهەڵدان و گەشەكردنی ئەم چینە بەدۆخە ئابووری و بازرگانی و پیشەسازییەكانەوە بەسترابوو. ئاشكراشە كە بەرەو پێشچوونی گشت ئەم لایەنانە كەپەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە ژیانی مرۆڤ و كۆمەڵگەوە هەیە و كاریگەرییەكانی بە دیار دەكەون، بێگومان بەوپێیەی كە ئەدەبیش ئاوێنەی ژیانی كۆمەڵە، ئەم دۆخە

---

(١) الادب والمجتمع المعاصر فی المصر، تأ: د. سمیر سعد حجازي، ص ٣٨.

تایبەتــە لــە ئەدەبیــشدا ڕەنگدانــەوەی هــەبووە. لێــرە دا ئــەو کێــشەیە سەرهەڵدەدات کە ئایا ئەدەب ئەو واقیعە چۆن دەگوێزێتەوە و دەیـەوێت لـەو ئەرکەیدا چیمان پـێ بڵێت، بۆیـە((واقیعییـەت تـەنها لەگەیانـدنی وردەکـاری کێــشەکاندا نییــە، بــەڵکو لــە چــۆنییەتی گەیانــدنی هونەرمەندانــەی ئــەو وردەکارییەدایــە، بــەهۆی ناوەرۆکەکەیــەوە کــە دەریــدەخات جەوهــەری پێشکەوتنی مرۆڤایـەتی چـییە؟))[1]. ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێت کەواقیعییـەت نابێت شیکەرەوە و تەفسیری ژیان بێت، بەڵکو ئەمە کارێکی سروشتیە، بۆیە پێویستە هونەرمەندانە و بەحیکمەتەوە ئەو واقیعە پیـشانبدرێت، تـاکو پـەی بەو جەوهەرە شاراوەیە ببەین کە گرێـدراوی ڕەوتـی پێـشکەوتنی مرۆڤایـەتی بووە، لە لایەکی ترەوە گۆڵدمان ئەو ڕاستییە دەردەخات کە پێویستە دەقـی ئەدەبی تەنها یەکگرتنێکی سادەو ساکاری نێوان مەبەستە کۆمەڵایەتییـەکان و بەرهـەمی ئـەدەبی و بەرژەوەنـدی چـینە کۆمەڵایەتییـەکان نـەبێت، بـەڵکو دەڵێت پێویستە((گەڕان بێت لەدوای بنیـاتی جیهانـە خەیاڵیەکـەی بەرهـەمی ئــەدەبی، بــۆ ئــەوەی بتــوانین لەگــەڵ بونیــادی واقیعــی کۆمەڵایــەتی دا بەرامبەرییان پێبکات، تاکو بتوانێت لە ڕێگەیەوە پێناسەی سروشت و ئەرکی کارە ئەدەبییەکە بکات))[2].

ئەگـەر لـە ڕەهەنـدێکی تـرەوە لـە چـەمکی سۆسـیۆلۆژیای ئـەدەبی بڕوانین بەوپێیەی کـە زۆرێـك لـە زانایـانی سۆسـیۆلۆژیا بەوشـێوەیە سـەیری نووسەر دەکەن کـە((مرۆڤێکـە بەپیـشەیەکی دیـاریکراوەوە سـەرقاڵە. کـاری هونەریش ئامرازێکە بۆ پەیوەندیکردن، بەواتای کەرەستەیەکی ڕۆشنبیرییە و خوێنەریش بەکارهێنی ئەو کەرەستە ڕۆشنبیریانەیە))[3]. ئەم دیـدە جیـاوازە

---

(١) اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر، نهاد التكرلي، الموسوعة الصغيرة(٣٦)، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دارالحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ص ٥٦ ـ ٥٧.

(٢) ن. م، ص ٤٩.

(٣) المذاهب النقدية، د. عمر محمد الطالب، ص ١٧٥.

بۆ تێڕوانینی سۆسیۆلۆژیا لەلایەن(ڕوبێر ئیسکارپیت)ی فەرەنسییەوە زۆر بەزەقی ڕەنگیداوەتەوە، چونکە لە کتێبی(سوسیولوجیا الأدب)کەلە ساڵی ١٩٥٨ بلاْویکردوەتەوە. بەشێوەیەکی ڕوون هەموو ئەو لایەنانەی بەرچاو خستووە کە شایانی ئەوەیە ئەدەب وەك دیاردەیەکی کۆمەلاْیەتی لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکرێت، ڕوبێرئیسکارپیت بوونی ئەدەب لە بوونی سێ بنەمای گرنگ و کاریگەردا دیاری دەکات(نووسەر ـ دەق ـ خوێنەر)ئەم سێ بنەما گرنگە کار لە یەکتر دەکەن و لە چوارچێوەیەکی کۆمەلاْیەتیدا یەکتر تەواودەکەن(ڕوبێر ئیسکارپیت)جەخت لە سەر ئەو سێ لایەنەی ئەدەب دەکاتەوە و دەڵێت((نووسەر ـ دەق ـ خوێنەر، دەبنە بابەتی لقێك لە سۆسیۆلۆژیا کەخاوەنی تایبەتمەندی و جیاوازییە لەوانیتر، کە ئەویش بریتییە لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبی))[1]. ئیسکارپیە پێیوایە کە ناکرێت نووسەر لە ژینگە و ناوەندە کۆمەلاْیەتییەکەی دابڕین، چونکە نابێت نووسەر لە کاریگەری ژینگەی کۆمەلاْیەتی دووربخەینەوە، جگە لەوانەش گرنگی دان بەکەسایەتی نووسەر و لەگەڵ بەهەند وەرگرتنی لایەنی مەعنەوی ئەدیب و گرنگی دان بەلایەنی پاراستنی ماف و بەرژەوەندییەکانی نووسەر لە کۆمەڵدا لە ڕووی ماددی و باری ژیان و گوزەرانەوە، کەهەموو ئەمانە یارمەتیدەرێکی گرنگن لە پرۆسەی بەردەوامی نووسەر و ڕەخساندنی زەمینەیەکی گونجاو بۆ ئەوەی لە بەخشینی ئەدەبی بەردەوامبێت.

---

(١) سوسيولوجيا الادب، روبير إسكاربيت، ت: آمال أنطوان عرموني، عويدات للنشر والطباعة، ط ٣، بيروت ـ لبنان، ١٩٩٩، ص ٦.

## تەوەری دووەم: ڕەهەندێکی مێژوویی بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی

کاتێك باس لە مێژووی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەکەین. دەبێت ئەو ڕاستییە لە پێش چاو بگرین کە زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم میتۆدە دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکارن کە پەیوەستن بەکێشەو گیروگرفت و بەهاو پێوەرە ئاکاری و ڕەوشتیەکانی کۆمەڵگە کە بەپێی سەردەمەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە ئەمە لەلایەك. لەلایەکی ترەوە لە ئەنجامی ئەو گەشەکردنە دیارو بەرچاوەی کە سەرجەم لایەنەکانی پیشەسازیی و ڕۆشنبیریی و ڕامیاریی و ئابووریی گرتەوە، وەهای پێویست کرد کەمرۆڤ جارێکی تر بە ڕامانێکی ورد و قووڵەوە شییان بکاتەوە و شرۆڤەیان بکات.

بێگومان ئەدەب و ڕەخنە کە لایەنێکی زیندوو و گەشەسەندووی ژیانە و نووسەران و هونەرمەندانیش وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام تاکێکی هۆشیار و بە ئاگا و هەستیار و بە توانای سەردەمی خۆیان توانیوویانە خۆیان نوێبکەنەوە و بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەڵگە هەنگاو بنێن و لە ئاستی پێشهاتەکاندا خۆیان بگونجێنن. ئەو پەیوەندییە بە تینەی نووسەر بە کۆمەڵەوە ئەو باوەڕەمان لەلا دروست دەکات کە((تەنیا کۆمەڵگە کار لە نووسەر ناکات، بەڵکو نووسەریش کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە. هونەر و ئەدەبیش بە تەنها دروستکردنەوەی ژیان نییە، بەڵکو تەواوکردنی ئەو ژیانەشە))[1]. هەربۆیە درك بە ڕۆڵ و ئەرکی ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی دەکەین کە((گرنگی دانە بە تێگەیشتن و هەستکردن بە ژینگەی کۆمەڵایەتی و زانینی ڕادەی بە دەنگەوە چوونی هونەرمەند و ئەدیب و بۆ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتیە))[2]. جا ئەو لایەنە گرنگەی کە پێویستە لە سەرهەڵدانی ئەم

---

(١) نظرية الأدب، رينية ويليك و أوستن وارين، ص ١٠٥.

(٢) خمسة مداخل الى النقد الأدبي، ويلبر س. سكوت، ص ١٣٥.

میتۆده دا بیزانین. ئەوەیە کە توانیوویەتی دوو چەمکی هەستیار و زینـدووی پەیوەست بە ژیانی تاك و کۆمەڵەوە گرێ بدات، کە ئەدەب و کۆمەڵگەیە.

مرۆڤ چ ئاسایی بێت یاخود هونەرمەند و ئەدیب، خاوەنی سروشتێکی کۆمەڵایەتییە. بۆیە کاتێك دەوترێت((مرۆڤەکان توانای ئەوەیان نییە بەتـەنیا بژین وەك تـاك، بـەڵکو ئـەوان وەکـو ئەنـدام لـە نـاو کۆمەڵەکانـدا کـە بـەپێی پەیمانێك پێکەوە گرێدراون دەتوانن بژین و بمێننـەوە))[1]. چـونکە سروشـتی مرۆڤ خۆی واهەڵکەوتووە کە ناتوانێ بەتەنها بژی، بەڵکو بە کۆمەڵ و دەستە و گرووپ دەژین. ئەم بارەی مرۆڤ بێشك لە ئـەدەب و هونـەردا ڕەنگدانـەوەی دەبێت و ئەو پەیوەندیە پتەوتر دەکات. کەواتـە ئێمـە لـەم حاڵەتـەدا لەگـەڵ ڕەگەزێکی زیندوو کارا لە دەرەوەی دەقی ئەدەبیدا ڕووبەڕوو دەبینـەوە، کـە بزوێنەر و هەوێنی خوڵقاندنی دەقەکانە((بۆیە کاتێـك دەڵـێین کـاری ئـەدەبی گوزارشتە لە واقیعی دەرەوە، ئەمە دەروازەیەکە بۆ پەیوەسـتکردنی ئـەدەب بەکارلێکردنی لەگـەڵ بینـای کۆمەڵایـەتی وسیـستەمی گۆڕانکارییـەکانی بـەو پێیــەی کــە کۆمەڵگــە بەرهەمهێنــەری فیعلــی داهێنــانی کــاری ئــەدەبی و هونەرییە))[2]. گەشەکردنی مرۆڤ و زیادبوونی هۆشیاری لە کۆمەڵدا، مرۆڤیـان بەو ئاقارەدا بـرد کـە بتـوانێ سـوود لـە هـەموو زانستەکان وەربگرێـت و بـۆ خزمەتی خۆی بەکاریان بهێنێت. هەر لەمەیدانی پەیوەسـتکردنی ئـەدەب بـە ژیانی کۆمەڵگە و دیاردەکانی دەرەوە ڕێگا خۆشـکەر بـوون بـۆ سـەرهەڵدانی ئەو بۆ چوونەی کـە دەڵێـت(ئـەدەب ئاوێنـەی ژیانـە). لێرەشـدا مەبەسـت لـە ژیانی تاکێك نییە، بەڵکو ژیانی هەموو مرۆڤەکانە بەشێوەیەکی گشتی. جگـە لە مانەش کاتێك هەوڵی نووسینەوەی مێژوو دەدرێت دیسان لەگـەڵ چـەمکی کۆمەڵگە بەرەو ڕوو دەبینەوە و پێویسته بـاس لـە ڕۆڵـی کۆمـەڵ بکـەین لـە

---

(١) البنائية في الأنثروبولوجيا الأجتماعية، أدموند ليش، ت: شوقي فهيم، مجلـة الأقـلام، الـسنة ١٢، ع (١١)، ١٩٧٧، ص ٢٠.

(٢) مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ص ٤٦.

ڕەوتی مێژوودا. بۆیە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ئەو میتۆدەیە کە دەتوانین لە ڕێگەیەوە هەوڵی((خوێندنەوە و پیشاندانی لایەنە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی و ڕۆشنبیریەکان بدەین لەو دیاردەیەدا کەپێی دەڵێن دەقی ئەدەبی))[1]. ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش کە هەماهەنگیەکی پتەوی لەگەڵ دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵدا هەیە دەتوانین بڵێین کە دەرئەنجامی واقیعی ژیانە، یان بە واتایەکی تر((ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بوونی نابێت تەنیا لە زەمینەی واقیعی کۆمەڵدا نەبێت))[2].

ئەم میتۆدە بەشێوەیەك لە زەمینەی دنیای ڕەخنەی ئەدەبیدا خۆی چەسپاند کە پێویستی بەوە هەبوو وەك میتۆدێکی سەربەخۆ و دیار دەرکەوێت، چونکە ماوەیەکی زۆر ئەم ڕەخنەیە وەك بەشێك لە ڕەخنەی مێژوویی سەیر کراوە و پێکەوە کاریان کردووە، یان بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین کە((پەروەردەکەر و دروستکەری ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕەخنەی مێژوویی بووە))[3]. ڕەخنەی مێژوویی زەمینەیەکی گونجاوی بۆ سەرهەڵدان و نەشونماکردنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕەخساند، چونکە ڕەخنە پێویستی بەوەبوو کە تەنیا وەك تۆمارێکی مێژوویی و وەك بەڵگەو دۆکومێنت بۆ ساغکردنەوەی لایەنە نادیار و شاراوەکانی مێژوو سەیر نەکرێت((بۆیە بنەماکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە نووسینەوەی مێژوو گۆڕانی بە سەرداهات، تەنها لەو ئاستەدا نەمایەوە کەوەکو یارمەتیدەر یان بەردەستی مێژووبێت، بەڵکو ئەو ئاستەی تێپەڕاند))[4]. ئیتر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی توانی تەجاوزی ئەو ڕۆڵە پاشکۆیەتیەی بکات و خۆی وەك میتۆدێکی زیندوو سەربەخۆ و خاوەن بنەما و ئەرکی تایبەت بەخۆی هەنگاو بنێت. هەڵبەت ئەو

---

(١) مدخل الى مناهج النقد الادبي، تأ: مجموعة من الكتاب، ص ١٣٦.

(٢) ن. م، ن. ص.

(٣) مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ص ٣٧.

(٤) مدخل الى مناهج النقد الأدبي، تأ: مجموعة من الكتاب، ص ١٦٤.

هەلومەرج و زەمینەیەی کە پێویست بوو بڕەخسێ بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی مێژوویەکی دوورو درێژە کە بە چەندان قۆناغ و سەردەمی جیا جیادا گوزەری کردووە، چونکە گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە سەردەمە کۆنەکاندا نەك هەر ئاسان نەبووە بگرە زۆریش زەحمەت بووە.

کۆمەڵگە کۆنەکان بەچەندین جۆر کۆت و پێوەند و داب و نەریت و ڕێسای کۆن و پاشکەوتوو تەنرابوون، کە هەمووی لە خزمەتی چینی فەرمانڕەوا و باڵا دەستدا بووە. بەشێوەیەك کە هیچ تروسکاییەك بە دی نەدەکرا کە ئومێدی گۆڕان و نوێبوونەوەی لێبکرێت، هەر کارێك یان بەرهەمێکی ئەدەبی تەنها بۆنی ئەوەی لێهاتبێت کە ڕەنگە پەیامێکی چاکخوازی بۆ کۆمەڵگە پێ بێت. خاوەنەکەی بە تاوانی لادان لە یاساو نەریتە باوەکانی کڵێسا و چینی دەسەڵاتدار ئەنجامی لە ناو بردن یان سووتاندن بووە((بۆیە هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری و داهێنانی ئەدەبی لە پێش سەدەی هەڤدەمی زاینییەوە لە ڕوانگەی مەرجە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو کاتەی ڕۆژئاوا کارێکی ئەستەم بوو، چونکە بونیادە کۆمەڵایەتیەکان نەگۆڕ بوون...ڕێگەیان نەدەدا کە مرۆڤ بەشێوەیەکی عەقڵانی سەرنجی سیستەم و دیاردەکانی کۆمەڵ بدات))[1]. ئەنجامی ئەو هەموو زوڵم و چەوساندنەوەیە و ڕەشبینی کۆمەڵگە سەبارەت بەو بارودۆخە ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی شارستانییەت وەستابوو. تێپەڕاندنی ئەو دۆخەش هەروا ئاسان نەبوو، چونکە دەسەڵاتی کەنیسە و ڕژێمی دەرەبەگایەتی بەجۆرێك ڕەگو ڕیشەی داکوتابوو پێویستی بەگۆڕانێکی بنەڕەتی و سەرتاسەری هەبوو. ئەمەش شۆڕشێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی دەویست، کە سەرجەم چین و توێژەکانی میللەت تێدا بەشداربن و کۆتایی بەو سیستەمە کۆنکریتی و دۆگمایەبێنن.

ڕێنیسانس لە ئەوروپا مژدەی وەدیهاتنی سەردەمێکی نوێ و کرانەوەی مرۆڤ و دەروازەی گۆڕانکارییە گەورەکان بوو، بۆیە هەر لەگەڵ

---

(١) مدخل إلى سوسيولوجيا الأدب العربي، محيي الدين يوسف أبو شقرا، ص ٥١.

پووکانەوە و بەسەر چوونی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کە بەسـەردەمی تـاریکی لە مێژووی ئەوروپادا ناسرابوو((سـەرەتای ڕێنیسانـسی ئـەوروپی دەرکـەوت، کـە سـەرەتای گەشـەکردنی هۆشـیاری مـرۆڤ بـوو بەرامبـەر کۆمەڵگـە و سیستەمەکانی بەڕیوەبردنی. سەرەتای سەرهەڵدانی چەندین گفتوگۆ بوو لـە نێـوان بیرمەنـدان دا لـە گـشت ئاسـتە جیاوازەکـانی کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیریدا))[1]. هـەر لەمیانـەی ئـەوگفتوگۆ و باسـانەدا چـەندین بـواری پەیوەست بەژیانی تاك و کۆمەڵ بوونە جێگەی مشتومڕو قسە لێکـردن. ئـەم بارە کرانەوە و تێگەیشتن لە دیاردەکان مەیدانی ڕەخنە و ئەدەبیشی گرتەوە کەپەیوەندیـەکی پتـەویان لەگـەڵ واقیعـی ژیـانی کۆمەڵگـەدا هـەبوو. لـەم سەردەمەدا هەڵوێستە لەسەرکردن و چاوخشاندنەوە بە بنـەماکانی دروست بوونی کاری ئەدەبی و ڕەخنە یەکێك لـە گـرنگترین هـەنگاوەکانی بریتـی بـوو لە((تێگەیشتن و گرنگی دان بە هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵیـان لـە دارشـتنەوەی ئەدەبـدا))[2]. دوای ئـەوەی لـە سـەرەتای سـەدەی هەژدەمەوە((لەلایەك زانستەکان هەریەکە و بەرەو بواری تایبەتمەنـدی خـۆی دەچـوو، لەلایـەکی تـرەوە کـارە زانـستی و تەکنیکییـەکانیش پلـە بـە پلـە لەئەدەب دوور دەکەوتنەوە. بەوپێیەش بازنەی ئەدەب تەسکتر دەبووەوە و لەوە دەرچوو کەتەنها بۆ خۆشی و کـات بەسـەر بـردن بێـت))[3]. لـەم سـەرو بەندەدا ئەدەبیش چـالاکانە بـەدوای دۆزینـەوەی ئـەو ڕایەڵانـەدا دەگـەڕا کـە بتوانێـت سـەرلە نـوێ پەیوەندییـەکانی بـە کۆمەڵـەوە گرێبـدات. هەوڵـە سەرەتاییەکانیش لـەم بـوارەدا بـە کردەیـی لـە ئـەوروپا بـە گشتی سـەریان هەڵدا.

---

(١) ن. م، ص ٥١.

(٢) ن. م، ص ٥١.

(٣) سوسيولوجيا الأدب، روبير إسكاربيت، ص ٢٣.

یەکەم کەسێك کە گرنگی بە پەیوەندییەکانی ئەدەب دا بیرمەند و مێژوونووسی ئیتاڵی(جان باتیست ڤیکۆ)(١٦٦٨ - ١٧٧٤) بوو. هەوڵی داوە کە ئەدەب((وەك بەشێك لە دەزگا کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکانی دەوڵەت لە سەردەمی تازەدا بایەخ پێبدات.... بەتایبەت گرنگی بە ڕۆڵی شیعرداوە لە شارستانییەتە کۆنەکاندا و هەروەها دەرخستنی پەیوەندی نێوان داستانەکان و کۆمەڵگە خێڵەکییەکان))[1]. ڤیکۆ هەوڵی داوە ڕۆڵی دەرکەوتن و گەشەسەندنی شیعر و داستانەکان بە سروشتی کۆمەڵگەکانەوە ببەستێتەوە.

پاشان ڕەخنەگری فەرەنسی(مەدام دیستایل)(١٧٦٦ - ١٨١٧) کتێبێك لە ساڵی١٨١٠دا بە ناوی(پەیوەستی ئەدەب بە سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان)ەوە بە چاپ دەگەیەنێت، کە بەیەکێك لە هەوڵە سەرەتاییەکان لە ڕووی پەیوەستکردنی ئەدەب بە کۆمەڵگەوە دادەنرێت. (مەدام دیستایل)لە دەروازەی کتێبە ناوبراوەکەیدا بەم شێوەیە گوزارشت لە ئاستی ئەو پەیوەندییە دەکات((زۆر پێویستە تەماشای ئەوە بکەین کە ئایین و نەریت و یاساکان تاچەند کار لە ئەدەب دەکەن و ئەدەبیش لەلای خۆیەوە تاچ ئاستێك کار لەسەر ئایین و نەریت و یاساکان دەکات))[2].(مەدام دیستایل) لەو ڕوانگەیەوە ئەو پەیوەندیەی ڕاڤە دەکرد((کە دەیویست پەیوەندییەك لە نێوان سروشتی ئەدەب و بارودۆخی کەش و هەوا دروست بکات، چونکە ئەو لەو باوەڕەدا بوو کە ئەدەبی گەلانی باکوور پەستی و پەژارەو هەڵچوونێکی سۆزداری باڵی بەسەردا کێشاوە، لە کاتێکدا کە ئەدەبی گەلانی باشوور دیمەنی خۆشەویستییەکی گەشاوە باڵی بەسەردا کێشاوە))[3]. مەدام دیستایل درکی بەو کاریگەرییە کردبوو کە ژینگەو

---

(١) المذاهب النقدية، تأ: عمر محمد الطالب، ص ١٦٨.

(٢) سەرەتایەك لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاّوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٩، ل ١٢٠.

(٣) مدخل الى سوسيولوجيا الأدب العربي، محيي الدين يوسف أبو شقرا، ص ٥٢.

تەنانەت دۆخی ئاو و هەواش کاریگەری لەسەر جۆری ئەو پەیوەندیەی نێـوان ئەدەب و واقیعی ژیانی کۆمەلأیەتی هەیـە، بـەم هـەنگاوەش مـەدام دیـستایل توانی لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە دەروازەیەکی نوێ بـە ڕووی ئـەدەب و جیهـانی دەرەوە دا بکاتـــەوە بەســـوود وەرگـــرتن لـــە چـــەمکەکانی سۆســـیۆلۆژیای سەردەمی خۆی((بەلأم نـەیتوانی بـەڕوونی و دیـاریکراوی ئـەرك و پەیوەنـدی ئاڵوگۆڕی نێـوان ئـەدەب و کۆمەڵگـە، یـان ئـەو پەیوەندییـەی هـەردوو لایـان پێکـەوە کۆدەکاتـەوە، دیـاری بکـات))[1]. دوابـەدوای پەرەسـەندنی زانسته سروشـــتییەکان لـــە ژێـــر کاریگـــەری فەلـــسەفەی پـــۆزەتیڤیزم دا بەڕابەری(ئۆگۆست کۆنت)(١٧٩٨ ـ ١٨٥٧)، کـە لایـەنگرانی ئـەم فەلـسەفەیە لەو باوەڕەدا بوون کەتەنها((زانسته تاقیگەییەکان دەتوانن زانیـاری ڕاسـت و دروسـت و دڵنیاکـەرمان پێببەخـشن))[2]. بیروباوەڕەکـانی ئـەم فەلـسەفەیە کاریگەری لەسەر سانت بیڤ(١٨٠٤ ـ ١٨٦٩)هـەبوو کـە((زیـاتر گرنگـی بـە کەسایەتی ئەدیب دەداو دەرخستنی ئەو هۆکارانەی کـە کاریگـەرییان لەسـەر کەسێتی ئەدیب هەیە))[3]. بۆیە بیروڕاکانی سانت بیڤ زیاتر جەخت کردنەوە بوو لە کەسایەتی ئەدیب و بـارودۆخی ژیـان و گـوزەرانی لـە ڕووی مـاددیی و هەلومـــەرجی خێزانییـــەوە. هەربۆیـــە بیروڕاکـــانی جێگـــەی ڕەخنـــە بـــوون، چـونکە((تـەنها ڕوو لـە بەرهـەمهێن دەکـات نـەوەك بەرهـەم، تۆژینـەوە لـە ژیاننامەی تاکەکەسـی و دەروونـی و کۆمەلأیـەتی ئـەدیب ڕاژەیـەکی ئـەو تـۆ بـــەدەق ناگەیـــەنێ بەتایبـــەتی ئەگـــەر بەرهەمەکـــە لـــە خاوەنەکـــەی جیابکرێتەوە))[4].

---

(١) سەرەتایەك لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل ١٢٠.

(٢) النقد الأدبي الحديث، تـأ: د. محمـد غنيمـي هـلال، مكتبـة الإنجلـو المـصرية، مطـابع سـجل العرب، ط ٥، ١٩٧١، ص ٣٣٠.

(٣) مدخل الي النقد الأدبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، ص ٢٣٣.

(٤) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٣٨.

کارەکـانی ڕەخنـەگر و مێـژوونووس(هیبولـت تـین) (١٨٢٨ ـ ١٨٩٣) بیروباوەڕەکـانی خـۆی لەسـەر سـێ بنـەمای گـرنگ داڕشـتووە کـە بـریتین لە(ڕەگەز، ژینگە، زەمان)کە ئەوسێ بنەمایە بەڕای(تین) هۆکارێکی کاریگەرن بۆ تێگەیشتن لـە دەقـی ئـەدەبی. مەبەسـتی لـە هەریـەك لـەو هۆكارانـە بـەم شێوەیە دەخاتە ڕوو((ڕەگەز ئەوەیـە کـە ئـەو نووسـەرانەی کـە سـەر بەیـەك ڕەگەز یا نیژادن، یان ئەو نووسەرانەی کەلەیەك ولاتدا لە دایك دەبـن، لـە زۆر بـاوەڕ و هەسـت و شێوەتێگەیـشتنی ڕۆشـنبیری تایبەتـدا(لێکدەچـن)و شەریکن....دەبێ لە ژینگـەی....نووسـەر بکۆڵینـەوە....هەڵوێـستی خـەڵکی ئینگلیس لە ئاست ژیان، جیاوازە لە هەڵوێستی خەڵکی فەرەنسە یان خەڵکی ئیرلەندە....دەبێ لـە سـەردەم یـان زەمـانی نووسـەریش، واتـە ئـەو قۆناغـە زەمانییـەی کـە دەقەکـەی تێـدا نووسـراوە بکۆڵینـەوە))[1]. دیـارە(تـین)ئـەو بنەمایانـەی بـەو مەبەسـتە بـەکارهێنابوو کەدەیویـست((کۆمـەڵێك یاسـا بـۆ ئەدەب دابڕێژێت تا لە ڕێگەیەوە بتوانرێت شیکردنەوە و ڕاڤەی کاری ئەدەبی بکرێت،....ئەو یاسایانەشی بەسەر هەنـدێك لـە بەرهـەمی ئـەدەبی ئینگلیـزی پراکتیزە کرد....مەبەستی لەو هەولانەش بە زانـستکردنی ڕەخنـەی ئـەدەبی بوو))[2]. هەڵبەت(تین)لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم دا ئـەو سـێ بنەمایەی پەسەند کردبوو. هەربۆیە تین((گرنگی بەمیتۆدی پـۆزەتیڤیزم دەدا و بەتاکـە میتـۆدێکی دانـاوە کـە بەشـوێن کـەوتنی دەتـوانرێ ئـەو یاسـایانە بدۆزرێتەوە کە کۆنترۆڵی دیاردە ئەدەبییەکان دەکەن))[3]. بیروڕاکانی تین لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوەی گرتبوو کە قاڵبێکی زانستی بداتە ڕەخنەی ئەدەبی و وەك زانستێکی تاقیگەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکات، کـە بەمـەش کارەکـەی زۆر

(١) ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی(پێشەکییەك بۆ تیۆری چارلز برێسلێر)، و: عەبـدولخالق یەعقووبی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس(٥٧٥)، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٧٢ ـ ٧٣.
(٢) مدارس النقد الأدبي الحديث، د. محمد عبدالمنعم خفاجي، ص ١٩٦ ـ ١٩٧.
(٣) الأدب والمجتمع المعاصر في المصر، تأ: د. سمير سعد حجازي، ص ٣٠.

له جەوهەری ڕەخنەی ئەدەبی دوور دەکەوتەوە، ئەگەرچی ناکرێت نکۆڵی لە کاریگەری ژینگەی جوگرافی لەسەر نووسەر لە پرۆسەی داهێنانی ئەدەبیدا بکەین، بۆ نموونە ژینگەی عەرەبی یان هەر ژینگەیەکی تر کاریگەری لەسەر خودی نووسەر هەیە و لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگدەداتەوە. بۆیە ناکرێت کاریگەری ئەم ڕەهەندە لە بەرچاو نەگیرێت، بەڵام لە بەرئەوەی زیاتر گرنگی بە دەرخستنی توانا و لێهاتوویی نووسەر دەدا و گرنگی بەدەقی ئەدەبی نەدەدا، هەموو ئەمانە وەکو خەوش و کەموکورتییەك لە تێڕوانینەکانی(تین)تەماشا دەکران. بەستنەوەی ئەفراندنی ئەدەبی بە هۆکارە هەرێمایەتی و بایۆلۆژیەکان بوونە جێگەی ڕەخنە لە بیرو بۆچوونەکانی تین، چونکە سنووری داهێنانی ئەدەبی زۆر لەوە فراوانترە کەتەنها لەژێر کاریگەری سێ ڕەگەزی دیاریکراودا کۆبکەینەوە و پێویستە لە پرۆسەی کاری ڕەخنەیدا گرنگی بەدەقی ئەدەبی بدرێت.

بەدرێژایی سەدەی نۆزدەمەوە کارەکانی مارکس(١٨١٨ ـ ١٨٨٣)و ئەنگلز(١٨٢٠ ـ ١٨٩٥)لە ڕێگەی بیرو بۆچوونە فەلسەفییەکانەوە بە تایبەتی هەردوو تەوەری(دیالێکتیکی ماتریالیستی)(*) و (دیالێکتیکی مێژوویی)(**)کاریگەرییەکی بەهێزیان هەبووە لەسەر هەڵدان و بەرە و

---

(*) دیالێکتیکی ماتریالیستی: بەپێی فەلسەفەی مارکسیزم ماددە بونێکی حەقیقی سەربەخۆی هەیە بەدەر لە مرۆڤ. ئەگەرچی ماددە هەر هەبووە جا مرۆڤ ناسیبێتی یان نا. پێیان وایە سروشت لە کۆمەڵێك دیاردە و شتی جیاواز پێك نەهاتووە، بەڵکو خاوەنی کۆمەڵێك شت و دیاردەیە کە پەیوەندیەکی پتەوی ئۆرگانیان پێکەوە هەیە و ماددە هەمیشە لە جوڵە دایە. بڕوانە: في النقد الحديث، تأ: د. نصرت عبدالحمن، ص ٧٩.

(**) دیالێکتیکی مێژوویی: مێژووی مرۆڤایەتی بریتییە لە مێژووی کۆمەڵگاو وەرچەرخانەکانی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، لە ژیانی فرە بەشی سەرەتاییەوە بۆ کۆیلایەنی و لێرەشەوە بۆ دەرەبەگایەتی و پاشان بۆ سەرمایەداری و لە کۆتایشدا بەرە و شیوعیەت، ئەو دژیەکیە ناوخۆییەی کە دەبێتە بزوێنەری کۆمەڵگاکان و لە قۆناغێکەوە بەرە و قۆناغێکی تری دەبات بریتییە لە دژیەکی نێوان چینەکان. بڕوانە: ن. م، ص ٨٣.

پێشچوونی ڕێبازە جیاوازەکانی ڕیالیزم لە ئـەدەب و هونـەر دا، چـونکە ئـەم دوو فەیلەسووفە ویستیان بەشێوەیەك ڕاڤەی مێژوو و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مرۆڤایـەتی بکـەن، کەبیبەسـتنەوە بـە ململانێـی چـینایەتی و هۆکـارە ئابوورییـەکان، هـەروەها هۆیـەکانی بەرهـەمهێنان، چـونکە ئـەوان زۆربـەی چالاکییەکانی مرۆڤیان لەسەر بناغەی دوو ئاست دابەشکردبوو((سەرخان کـە ئەدەب و هونەریش دەگرێتەوە، بەڵام ژێرخان بریتییە لە هۆکـاری ئـابووری و بزوتنـەوەی بەرهـەمهێنانی مـاددی کـە کـار لەسـەرخان دەکـات و دەیجولێنێ))[1]. هەرچەندە بۆچوونەکانی((ئەم فەلسەفەیە زیـاتر لـە بازنـەی ململانێی چینایەتی و هۆکـارە ئابوورییـەکان سـەرقاڵ بـوو. کەئەمـەش هـیچ جـۆرە ڕەخنەیـەکی ئـەدەبی تێـدا نییـە، بـەڵام دەتـوانین بڵـێین کـە چـەند ڕێسایەکی ڕەخنـەی ئـەدەبی تێدایـە))[2]. لـەو ڕووەوە کـە ڕۆڵـی هـەبووە لـە دەرخستنی کێشەکانی کۆمەڵ و زەقکردنەوەی ململانـێ و جیاوازیـەکان، کـە هەموو ئەمانە کێشەو دیاردەی کۆمەڵایەتین و پەیوەنـدیان بـەژیانی ڕۆژانـەی کۆمەڵەوە هەبووە.

لە نیوەی دووهـەمی سـەدەی نۆزدەمـەوە ئـەم میتـۆدە لـە ڕوسـیادا گەشـەو پێـشکەوتنێکی بەرچـاوی بەخۆیـەوە بینـی، بەتایبـەتی لـە ئاکـامی دەرکەوتنی ڕێبازە ڕیالیزمـە جـۆراو جۆرەکـان و فراوانبـوونی کێـشەو گرفتـە کۆمەڵایەتیـەکان و بـوونی جیاوازیـەکی زۆر لـە ئاسـتی ژیـانی هـەژاران و دەوڵەمەنداندا، کـە ئـەم جیاوازییـەش بەشـێوەیەکی فـراوان((لـە کۆمەڵگـەی ئەوسای ڕوسیادا بەرچـاوکەوت، چـونکە دەسـەڵاتی دەرەبـەگ و سـتەمکاران جیاوازیەکی بە هێزی چینایەتیان لە کۆمەڵگەدا دروستکرد بوو. ئـەم بـارەش میللەتی بەسەر دوو بەرەی دژ بەیەکدا دابەشکردبوو. کە دەسەڵاتدار و کۆیلە

---

(١) مدخل الى النقد الأدبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، ص ٢٣٤.

(٢) مقدمة في النقد الأدبي، د. علي جواد طاهر، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ط ٢، بغداد، ١٩٨٣، ص ٤٠٦.

بوون))[1]. ئەم نایەکسانی کێشە و ململانێیانـە لـە بەرهەمـەکانی زۆرێـك لـە نووسەرە ناودارەکانی ڕوسیادا ڕەنگی داوەتەوە، وەکو(پۆشکین، تۆرجنیف، گۆگـۆڵ، دستۆفـسکی...). بـەم شـێوەیە کـارە ئەدەبییـەکانی ئـەم کەڵـە نووسـەرانە کەڕەنگدانـەوەی ژیـانی واقیعـی کۆمەڵگـە بـوو بریتـی بـوو لـە((ئـەدەبێکی ڕەخنـە ئـامێز کـە دەرخـەری کـەموکورتی و گەندەڵیـەکانی سیـستەمی کۆمەڵایـەتی و چەوسـاندنەوەی چـینایەتی بـوو))[2]. هـەر لەگـەڵ فراوان بوونی بواری ئەم(ڕێبازە واقیعیە)دا ڕێگە خۆشکەر بوو. بۆ سەرهەڵدان و دروسـت بـوونی جۆرێـك لـە ڕەخنـە بـەناوی((ڕیـالیزمی کۆمەڵایـەتی شۆڕشگێڕی، واتە بەو شێوەیە سەیری بەهاو نرخی کارە ئەدەبییەکان دەکرا کە تاچـەند هـەڵگری بیرێکـی شۆڕشـگێڕییە))[3]. لـە مەیدانی کارکردنی ئـەم جۆرە ڕەخنە شۆڕشگێڕییەدا بلیخانۆف(١٨٥٧ ـ ١٩١٨)بە پێشەنگ دادەنرێت کە توانی((توێژینەوە ئیستاتیکیەکانی دەقی ئەدەبی دانەبڕێت لە توێژینـەوە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە هـەردوو توێژینەوەکـەی وەکـو دوو هـەنگاو لـە یـەك کردەدا پیشاندەدا کە ئەویش کردەی ڕەخنەی ئەدەبییە))[4].

لەگـەڵ کۆتـایی هـاتنی جـەنگی جیهـانی یەکـەم. لـە ئـەنجامی ئەوگەشەسـەندن و پێشکەوتنە بەرچـاوەی کـە سـەرجەم بوارەکـانی ژیـانی کۆمەڵایـەتی لـە وڵاتەیـەکگرتووەکانی ئـەمریکادا گرتـەوە، هاوکـات ڕەخنـەی کۆمەڵایەتیش هەوڵیدا لە ئاست ئەو وەرچەرخان و گۆڕانکاریانـەدا بێت، هـەر لـەو مەیدانـەدا((گرنگیـدان بـە ڕۆمانـە ڕیالیزمـەکانی نووسـەرانی وەك(دوسباسۆس ـ شتاینبك)بوونە جێی بایەخی ڕەخنـەگران، بـەڵام ڕەخنـە زیاتر وەك پەیوەستیەکی مێژووی دەرکەوت نـەك وەك کردەیـەکی ڕەخنـەیی

---

(١) مدخل الى النقد الأدبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، ص ٢٣٣.

(٢) مقدمة في النقد الأدبي، د. علي جواد طاهر، ص ٤٠٥.

(٣) ن. م، ن. ص.

(٤) مدخل الى سوسيولوجيا الأدب العربي، محيي الدين يوسف أبوشقرا، ص ٥٣.

ڕاستەقینە))[1]. ئەم هەوڵانە دەرفەتی ڕەخساند((بۆئەوەی لە ساڵی ١٩٣٤گۆڤارێکی بەربڵاوی ڕەخنەیی بەناوی (Partsion Review) دابمەزرێنن))[2]. بەڵام ئەم گۆڤارە تاساڵی ١٩٣٦بەردەوامبوو پاشان داخرا. دوابەدوای ئەو کارانە هەوڵەکان بە ئاراستەی کارکردن لەسەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەردەوام بوو(ئەیان وات)لە کتێبی سەرهەڵدانی ڕۆماندا ( The Rise of The Novel) و((لەمیانەی لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی ئەدەبی ئینگلیزی سەدەی هەژدەهەم و لەڕێی لێکۆڵینەوە لە بەرهەمەکانی (دانیاڵ دیڤۆ و ریچادسن و فیلدینگ)چارەسەرییەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئەدەب بدۆزێتەوە.(وات) تێبینی ئەوەی کرد کە هەرسێ ڕۆماننووسەکە نەوەی یەك سەردەمێکن. بەڵام ئەوە ڕێکەوت نییە، بەڵکو لە بارودۆخێکی ئەدەبی و فیکری و کۆمەڵایەتی لە باردا بەرهەمەکانیان پێشکەش کردووە))[3]. (ئەیان وات)لە میانەی کارکردنیدا پێداگری لەسەر دیاردەیەکی تر کردووە لە بارەی ڕۆمان کە لەو باوەڕەدایە((واقیعیەتی ڕۆمان تەنها لە گرنگی دان بە پیشاندانی جۆری ئەو ژیانەوە ناوەستێ کە دەریدەبڕێت، بەڵکو لە چۆنیەتی شێوازی پیشاندانی ڕووداوەکاندایە))[4]. بەم کارەی(ئەیان وات)توانی بگاتە ئەو((بۆ چوونەی چوار چێوەی مەرجەعییەتێکی ڕەخنەیی....بۆ ڕەخنەی سۆسیۆلۆژی پیادە کرد، کەپشت بەتیۆری ڕەنگدانەوە....دەبەستێت. بەپێی ئەو میتۆدە ڕێبازێکی بەرین لە بەردەم ڕەخنەگراندا فەراهەم بوو بەوەی کە ڕۆڵی ئەدیب لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵ دیاری دەکرێت و ئەدەبەکەشی دەبێتە تۆمارێك بۆ ئەزموونە کۆمەڵایەتییەکان))[5]. لە ئەڵمانیاش لە بەرئەوەی

---

(١) علم الأجتماع الأدبي(بعض من مراحل تاريخه)، جاك لينهارت، ت: د. فهد عكام، مجلة الأقلام، السنة ١٥، ع (١٢)، ١٩٨٠، ص ٢٨.

(٢) ن. م، ن. ص.

(٣) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٤٠.

(٤) علم الأجتماع الأدب، جاك لينهارت، مجلة الأقلام، السنة ١٥، ع (١٢)، ص ٢٨.

(٥) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٤٠.

کولتووریکی فەلسەفی پەیوەست بەسۆسیۆلۆژیا بوونی هەبووە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی کاریگەری بیروڕاکانی مارکس و ئەنگلزیان لەسەر بووە، هەربۆیە کارەکانی (مزاتز میهرج) (١٨٤٦ ـــ ١٩١٦) لەبەر ڕۆشنایی بۆ چوونەکانی مارکسدا دان بەو ڕاستیەدا دەنێت کە ((ئەدەب خاوەنی جۆرێك لە سەر بەخۆییە لە بەرامبەر کۆمەڵگەدا، بەڵام سەربەخۆییەکی ڕێژەیی))[1].

ئەم هەنگاوەش لەگەڵ ئەو بۆچوونە ڕەهایەی مارکسییەکان یەکناگرێتەوە، کەدەڵێت ئەدەب لە ژێر کاریگەری ژێرخانی ئابووریدایە و لەویوە ئاراستە دەکرێت، چونکە مەرج نییە لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کارلێکردنی ژێرخانی ئابووری لە سەرخان وەکو یەك بێت. هەر لە ئەڵمانیا((قوتابخانەی فرانکفۆرت چەندین تۆژینەوەی لە بواری ڕەخنەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئیستاتیکی پێشکەش کرد. پاش جەنگی یەکەمی جیهانی ئەدۆرنۆ(١٩٠٣ـ ١٩٦٩) والتەر بنییامین(١٨٩٢ـ ١٩٤٠)و ماکس هۆرکهایمر (١٨٩٥ - ١٩٧٣) پەرەیان بە ڕەخنەی سۆسیۆلۆژیی ئەڵەمانی دا))[2]. دیارە پێویستە ئاماژە بەڕۆڵی جۆرج لۆکاش (١٨٨٥ - ١٩٧١) بکەین، چونکە لە ڕێگەی کتێبی(ڕۆمانی مێژوویی - ١٩٥٥) توانی ڕاڤەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ سەرهەڵدان و قۆناغەکانی دروست بوون و گەشەکردنی ڕۆمان بکات.

لە بەریتانیاش (کریستوفر کوریل) (١٨٣٧ - ١٩٠٧) کە کارەکانی ((ڕەخنەگرتن بوو، لە ڕۆشنبیری و شارسانییەتی تاك و ئازادی بۆرژوا لە ڕێگای کۆکردنەوەی چەند زانستێکی وەکو سۆسیۆلۆژیا و دەروونناسی و مرۆڤناسی و پاشان شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی کارەکان لە ڕێگەی ئەم زانستانەوە))[3].

---

(١) النقد الأدبي المعاصر، د. سمير سعد حجازى، ص ٤٠.

(٢) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٤٢.

(٣) النقد الأدبي المعاصر، د. سمير سعد حجازي، ص ٤٠.

له فەرەنساش له ئەنجامی کارەکانی(لوسیان گۆڵدمان)(١٩١٣ ـ ١٩٧٠) ڕۆڵێکی گرنگی له پێشخستن و کامڵ بوونی ڕەخنەی سۆسیۆلۆژیدا هەبووە، چونکە((گۆڵدمان هەوڵیداوە له توێژینەوەکانیدا کۆ بەندیەك له نێوان سۆسیۆلۆژیا لەلایەك و ڕەخنەی ئەدەبی لەلایەکی ترەوە بکات))[1]. بەواتای سوود وەرگرتن له سۆسیۆلۆژیا و ڕەخنەی ئەدەبی بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییەکان.(روبێر ئیسکارپیت)توانی له کتێبی (سۆسیۆلۆژیای ئەدەب)دا کە له ساڵی (١٩٥٨) بڵاویکردۆتەوە گشت ئەو لایەنانەی بەرچاوخستووە کەشایانی ئەوەبێت ئەدەب وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لێکۆڵینەوەی لە بارەوەبکرێت.(جاك لینهارت) کە مامۆستای سۆسیۆلۆژیای ئەدەبە له خوێندنگەی تۆژینەوەی باڵا له پاریس هەوڵیدا میتۆدێك بۆ سۆسیۆلۆژیای خوێندنەوە دابنێت. دیارە ڕووکردنە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبی کەڕەخنەی کۆمەڵایەتی لقێکی گرنگیەتی. هەوڵێکە بۆ پێکەوە بەستنی هەرسێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی دیاردەی ئەدەبی (نووسەر، کاری ئەدەبی، خوێنەر)، چونکە تاماوەیەکی درێژ ((مێژووی ئەدەب بەدرێژایی چەندین سەدە له لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا تەنها ڕووی له نووسەر و بەرهەمی ئەدەبی بوو...چونکە ژینگەی کۆمەڵایەتی و جەماوەر وەکو جۆرێك له ڕازاندنەوە و جوانکاری بۆ زۆر پرسی مێژوونووسە ڕامیارییەکان بەجێهێڵرابوو))[2] . بۆیە گەڕانەوەی نرخ بۆ خوێنەر(وەرگر)دەورێکی مەزنی له تەواوکردنی بارنەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا هەبوو.

---

(١) النقد الأدبي المعاصر، د. سمير سعد حجازي، ص ٥١.

(٢) سوسيولوجيا الأدب، روبير إسكاربيت، ص ٢١.

## تەوەری سێیەم: ئاراستەکانی ڕەخنەی کۆمەلأیەتی

لــە کاتێکــدا بــەپێی ڕەخنــەی کۆمەلأیــەتی کــار لەســەر دەقــە ئەدەبییەکان دەکەین. دەتـوانین چـوار ئاراسـتە لێکجـودا بکەینـەوە، کـە لـە ئــەنجامی بەرەوپێشــچوون و گەشــەکردنی ئــەم ڕەخنەیــەدا هاتنــە ئــاراوە. بێگومــان هەریــەك لــەم ئاراســتانە تــەرکیزیان لەســەر ڕەهەنــدێك یــان چــەند ڕەهەندێکی کاری ئەدەبی کردووە. دیارە فراوانی مەودای کارکردنی ڕەخنەی کۆمەلأیەتی و کارلێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەی مرۆڤایـەتی کـە هەمووکات لە گۆڕان و بـەرەو پێشـچووندایە. کاریگەرییـەکی بـەهێزی لەسـەر جۆری بیرکردنـەوەی ڕەخنـەگران هـەبووە. کـە هـەردەم سـوود لـە هۆکـار و دیاردە کۆمەلأیەتییەکان وەربگرن و پەیوەستیبکەن بە خوێندنەوە ڕەخنەیی و ئەدەبییەکانەوە. ئاراستەکانیش بریتین لە:

١. **ئاراســتەی چــەندیی:** ئــــەم ئاراســـتەیە بـــە سۆســـیۆلۆژیای دیـــاردە ئەدەبییــەکانیش ناودەبرێـت. چـونکە سـنووری کـارکردنی ئـەم ئاراسـتەیە هەروەك لـە ناوەکەیـدا ڕەنگـی داوەتـەوە چـەندییە، واتـە زیـاتر کـار لەسـەر لایــەنی چــەندیی بەرهــەمی ئــەدەبی دەکــات. بۆیــە زیــاتر واناســراوە کــە ئاراســتەیەکی((ئــەزموونی تاقیگەییــە، ســوود لــە تــەکنیکی شــیکردنەوە وەردەگرێت، کە لـە پرۆگرامـەکانی زانسـتە کۆمەلأیەتیەکانـدا بـەکارهێنراوە، وەکو ئامار و داتاکان و شیکردنەوەی زانیارییـەکان و ڕاڤـەکردنی دیاردەکـان بە پشت بەستن بەبنەمای چـەند زانیارییـەکی دیـاریکراو، پاشـان لـە ڕێگـەی ڕاڤەکردن و شـیکردنەوەوە لێکۆڵـەر کۆمـەڵێك ئـەنجام بەدەسـت دێنێـت))[١]. دەردەکەوێت کە ئەم ئاراستەیە لـە ڕێگـەی بـەکارهێنانی ئـەو ئامارانـەی کـە لەســەر بەرهــەمێکی دیــاریکرا و ئــەنجامی دەدات و لــە پــاش شــیکردنەوە و

(١) في النقد الأدبي(دراسة)، د. صلاح فضل، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٧، ص ٢٩.

لێکۆڵینەوە بە کۆمەڵێك ئەنجام دەگات. کە زیاتر سوودی لە بواری پرۆگرامی کارکردنی زانستی کۆمەلأیەتی وەرگرتووە. بەم شێوەیە ئەم ئاراستەیە ئەگەر بیەوێت لە ژینگەیەکی دیاریکراودا بەرهەمێکی وەك شیعر وەربگرێت. کۆمەڵێك پرسیار کە پەیوەندی بە چەندێتییەوە هەیە ئامادە دەکات وەك((ئەو بەرهەمە یان ئەوکتێبە چەند جار چاپکراوە؟ تەنانەت ئەگەر بکرێ بزانین ژمارەی ئەو خوێنەرانەی کە بابەتەکەیان خوێندوەتەوە چەندە؟....یان سنووری بلأوبوونەوەی؟ یاخود ئەو بەربەستانەی کە لە بەردەم بەرهەمەکەدا بوونەتە ڕێگر؟ یان چ کاردانەوەیەکی لێکەوتووەتەوە؟))[1]. دەبینین ئەم کۆمەڵە پرسیارانە تەنیا لە ئاستی ئامار و داتادا خۆی دەبینێتەوە. ڕەخنەگرانی ئەم بوارە زیاتر دەیانەوێت لە ڕێگەی وەدەستهێنانی ئەم وەلأمانەوە بە ئەنجامێکی دیاریکرا و بگەن. ئەویش لە پاش ئەوەی یەك بەیەکی ئەو ئەنجامانە شیدەکەنەوە و لە ژێر ڕۆشناییاندا بە کۆمەڵێك ئاکام دەگەن.

تێڕوانینی ئاراستەی چەندیی بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکان، لە ئاستێکی تری لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا ڕاماندەگرێت. تەنانەت هەندێکجار لێکۆڵینەوەکە بەو ئاقارەدا دەڕوات کە((بەو شێوەیە توێژینەوە لەسەر دیاردە ئەدەبییەکان دەکات وەك بەشێك لە دیاردە ئابوورییەکان، بەلأم ئابوورییەکی ڕۆشنبیریی بەواتای بەکارهێنانی زاراوە ئابوورییەکانی وەك بەرهەم و بازاڕ و دابەشکردن))[2].هەرچەندە ئەم لایەنە بزوتنەوەی ئەدەبی لە کۆمەڵ دادەبڕێت و لە پەیوەندییەکی فراوانتردا لە کردەی ڕەخنەی ئەدەبی دەڕوانێت. واتە ئەو کاریگەرییە دەردەخات کە کارە ئەدەبییەکان هۆکارێکن بۆ ئەوەی سوود و قازانجی داراییمان لەڕێگەیەوە دەست بکەوێت. هەروەها پیشاندانی جووڵەی بازاڕ و دۆزینەوەی دەرفەتی گونجاو و هەلی کارکردن بۆ کۆمەڵێك

(١) ن. م، ن. ص .

(٢) مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ص ٥٠.

مرۆڤی زۆر لە کۆمەڵدا. کەواتە لەم بوارەدا جگە لە خاوەنی بەرهەم کۆمەڵە کەسانێکی تریش لەم ڕێگەیەوە دەسکەوتی ماددی وەدەستدێنن.

پێویستە ئەوە بزانین کە مەرج نییە ئەم دۆخی جووڵە و بازاڕە لە پەیوەند بە بەرهەمە ئەدەبییەکانەوە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا وەکو یەك بێت. بۆیە ڕەنگە زیاتر لەو کومەڵگەیانەدا بچەسپێ کە خاوەنی دەزگا و سیستەمی کومەڵایەتی پێشکەوتوون و مافی هەموو کەسەکان بەپێی یاسا دیاریکراو و جێگیرە. هەرچەندە(ڕۆبێر ئیسکارپیت) گرنگی ئەم بابەتە تەنها بەو لایەنەوە نابەستێتەوە کە دەڵێت:((ئەدەب تەنها ژمارە و ئامار نییە، بەڵکو ئەو مۆرکە کۆمەڵایەتی و ئارەزووە فیکرییەی نووسەرەکانیشیان پیشاندەدات کە تێیدا پەروەردە بوون))[1]. بۆیە ڕۆبێر ئیسکارپیت گرنگی بەتایبەتمەندی کەسایەتی دانەر لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەیدا دەدات و پەیوەستی کردووەتەوە بە کۆمەڵگەوە لەڕووی پێکهاتنی تێڕوانینە هزرییەکانی نووسەر لە کۆمەڵگەدا. لەگەڵ ئەوەشدا کە گەشەکردنی بزووتنەوەی ڕەخنە و کاری ئەدەبی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەرخستنی ئاستی پێشکەوتن و شارستانیەتی کۆمەڵگە پیشان دەدات و بەشێکیشە لە بزووتنەوەیەکی فراوانتر کە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیرییە، بۆیە دەتوانرێت لە ڕێگەی کارکردن لە سەر ئەو ئامار و داتایانەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانەوە فەراهەم دێن. ڕادەی بووژانەوە و چالاکی ئەدەب و ڕەخنەش بزانین کە چەند پێشکەوتووە و لە چ ئاستێکدایە.

ئەم ئاراستەیە شۆڕنابێتەوە بۆ ناو قووڵایی کارە ئەدەبییەکان، بەڵکو((ئەو توێژینەوانەی کە بەم ئاراستەیە کاردەکەن زیاتر بەرەو وەسفکردنی ئەو دیاردانە دەچن، کە لە دەرەوەی دەقە ئەدەبییەکانن بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی ئەدەبی و بارودۆخی نووسەر لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە یان چۆنیەتی ئامادەکردن و

(١) سوسيولوجيا الأدب، روبير إسكاربيت، ص ٨.

بڵاوکردنــەوەی بەرهەمەکانــەوە هەیــە))[1] . کــاری ئــەم ئاراســتەیە زیــاتر پێوەرییە و لە سنووری چەندیی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا کار دەکات. هـەر لـە تیراژی بەرهەم و ژمارەی خوێنەر و ژمارەی چاپەکانی بەرهەمەکە یاخود ئەو بەرهەمە گـۆڕانی بەسـەر داهـاتووە و بووەتـە فیلمێکـی سینەمایی یـان نـا؟ هەموو ئەم پرسیارانە پەیوەندییان بەلایەنی چەندییەوە هەیە.

ئەم ئاراستەیە بـەهۆی شـێوەی کارکردنییـەوە دووچـاری جۆرێـك لـە ڕەخنــە بووەتـــەوە، چـــونکە کارکردنەکـــەی زیـــاتر لـــە خزمـــەتی زانـــستی کۆمەڵناسیدایە، نەك کۆمەڵناسی ئەدەب و خۆی بـەدوور دەگرێـت لـە لایـەنی چۆنێتی و ماهییەتی بەرهەمی ئەدەبی و جیاوازی لـە نێـوان جـۆری بەرهەمـە ئەدەبییەکاندا ناکات، چونکە((ڕۆمانێکی پۆلیـسی لەگـەڵ شـاکارە ئەدەبییـە مەزنەکاندا وەکو یەك سەیر دەکات))[2] . واتە جیـاوازی نـەکردووە لـە ئاسـتی چێژو و سەلیقەی خوێنەر(وەرگر)دا، بەڵکو گرنگ لەم ئاراسـتەیەدا ئەوەیـە چ بەرهەمێك دەتوانێت زۆرترین کڕیار بـۆ خـۆی کـێش بکـات و فرۆشـێکی زۆری هــەبێت و داهــاتی بــاش مــسۆگەر بکــات. ئــەم لایەنــە بــە هەنــد وەرگـیراوە و پێوەرێکە بۆ دیاردەی ئەدەبی.

٢. **ئاراستەی دیالێکتیکی**: سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ئاراستەیە لە ڕەخنـەی کۆمەلآیەتیـدا بـۆ بیروڕاکـانی فەیلەسـووفی ئـەڵمانی(هیگـڵ)(١٧٧٠ ـ ١٨٣٠) دەگەڕێتەوە، چونکە تێڕوانینێکی دیالێکتیکی لەسـەر جیهـان هـەبووە و لـەو باوەڕەدا بوو((کە جیهان لەڕووی گەشـەکردنەوە پێـی ناوەتـە قۆنـاغی کامـڵ بوونەوە... جیهان هەمیشە لە گۆڕانکاری و پێشکەوتندایە و بنەما و پاڵنەری هەموو گەشەسەندنەکانیش دژیەکی و لێك نەچوونە. گۆڕانی چەندیی دەبێتـە هۆی گۆڕانی چۆنیەتی...گرێدانی پەیوەندی نێـوان جـۆرە ئەدەبییـەکان بـەو

---

(١) مدخل الى سوسيولوجيا الأدب العربي، محيى الدين يوسف أبو شقرا، ص ٥٤.

(٢) مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ص ٥٠.

کۆمەڵگەیانەی کە تیایدا لە دایك بووە))[1]. ئەم بیروباوەڕە فەلسەفیانەی هیگڵ لەبارەی ژیان و کۆمەڵگە و ماددە و گۆڕانکارییەکان کاریگەری زۆری لەسەر مارکس (١٨١٨ - ١٨٨٣) هەبوو. کە توانی ئەم بیروبۆچوونە فەلسەفیانەی هیگڵ پەرەپێبدات و بیگەیەنێتە لوتکە کەبە (دیالێکتیکی ماتریالیستی) ناسراوە لای مارکس و پێیوایە ((پەیوەندی نێوان ژێرخانی کۆمەڵ و سەرخانی کۆمەڵ لە ڕووی بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەوە، پەیوەندییەکی کارلێکەرە و هەربۆیە بەپەیوەندییەکی دیالێکتیکی دادەنرێت))[2]. ئەم پەیوەندیە دیالێکتیکییەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگەی کە مارکس جەختی لەسەر کردۆتەوە بەو شێوەیەی کە ئەدەب و هونەر وەك بەشێك لەسەرخانی کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەری و کارتێکردنی ژێرخاندایە هەر گەشەکردن و پێشکەوتنێك لەژێرخاندا ڕوودات کار لەسەرخان دەکات و بەهەمان شێوە لە ڕێگەی ئەدەب و هونەرەوە ئەو دۆخە نیشان دەدرێت. مارکس لە ڕێگەی کارەکانیەوە هەوڵیداوە کە شیکردنەوە و ڕاڤەیەکی ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بکات لەڕێگەی((دیاریکردنی شوێنێك بۆ ئەدەب لە ناو زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا، بۆیە ئەدەبی بەواقیعێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی ڕێژەیی داناوە، نووسەریش لەکارەکانیدا گوزارشت لە تێڕوانینی ئەو چینە کۆمەڵایەتییە دەکات، کە ئینتمای بۆی هەیە))[3]. ئاراستەی دیالێکتیکی جەخت لەسەر ڕۆڵی توێژەری ئەدەبی دەکات، کە بتوانێت ئەو بەهرە و خولیا و ئارەزووەی لە ناوەوەی ئەدیبدا هەیە. بەدەوروبەرە کۆمەڵایەتیەکەیەوە ببەستێتەوە، نەك بۆشاییەك لە نێوان خاوەنی بەرهەمی ئەدەبی و ئەدەبدا دروست بێت، واتا ئەدیب لە واقیعی کۆمەڵگەکەی دابڕاو نەبێت. کەواتە ئەدیب ڕۆڵی گەیەنەرێك دەبینێت،

---

(١) مقدمة في النقد الأدبي، د. علي جواد طاهر، ص ٤٠٤.

(٢) منهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ص ٥٦.

(٣) الأدب والمجتمع المعاصر في المصر، تأ: د. سميرسعد حجازى، ص٣٧ - ٣٨.

چونکه((پێش ئەوەی واقیع ببێتە وێنەیەکی هونەری پێویستە لە ڕێگەی هونەرمەندەوە تێپەڕێت. بەو بیانووەی کە هونەرمەند کەسێکە لە واقیعی ژیاندا کارزان و لێهاتووە، چونکە پەیوەندی نێوان هونەرمەند و کۆمەڵگە پەیوەندییەکە بۆ واقیعە کۆمەڵایەتییەکە پێویستە))[1]. ئەم ئاراستە توانی ئەو ڕەهەندە لە لێکۆڵینەوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا زیاد بکات و پەرەپێبدات، کە تەنها بواری چەندێتی دەقی ئەدەبی نەگرێتەوە، بەڵکو توانیویەتی((گرنگی بەلایەنی چۆنیەتی لە لێکۆڵینەوەی کارە ئەدەبیەکاندا بدات، بەتایبەتی بایەخی بەلایەنی نرخ و بەهای چۆنیەتی دەقە ئەدەبییەکان داوە، بۆیە کارەکەی ڕاڤەکردنی ئاستی پەیوەندی نێوان داهێنانی ئەدەبی و هۆشیاری گرووپە کۆمەڵایەتیەکانە))[2]. هەربۆیە شێوازی کارکردنی ئەم ئاراستەیە کاریگەرییەکی باشی لە پیشاندانی ئاستی جۆرە ئەدەبییەکاندا هەبووە، چونکە لێرەدا گرنگی بە چەند بنەمایەك دەدرێت لەڕێگەی((شیکردنەوی ناوەرۆکی کارە ئەدەبییەکە بەمەبەستی دۆزینەوەی چەند ڕەهەندێکی دیاریکرا و لە بینای کۆمەڵایەتی یان دیاردە و کێشەیەکی دەستنیشان کراو، لەبەر ئەوەی ئەم حاڵەتانە لە دەقدا ڕەنگدانەوەیان هەیە، بۆ نموونە پەیوەندی خێزانی و جیاوازی ڕەگەزی و ململانێ چینایەتییەکان دەگرێتەوە))[3]. هەربۆیە لە ڕێگەی گرنگیدان بە ناوەرۆکی دەقەکان جیاوازی لە نێوان ئاستی بەرهەمەکاندا دەکات((کە نابێت، شاکارێکی ئەدەبی مەزن لەگەڵ چیرۆکێکی پۆلیسیدا لە یەك ئاستدا سەیر بکرێت، چونکە ئەو جیهانبینییە هەژار و دیاریکراوەی، کە بەرهەمە پۆلیسییەکان دەخوێنێتەوە. بەهۆکارێکی خۆشی و کات بەسەربردنی دادەنێت))[4].

---

(١) المذاهب النقدية، د. عمر محمد الطالب، ص ١٧٦.

(٢) مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ص ٥٩ ـ ٦٠.

(٣) مدخل الى سوسيولوجيا الأدب العربي، محيي الدين يوسف ابو شقرا، ص ٥٤.

(٤) مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ص ٦٠.

جۆرج لۆکاش بە تیۆریستێکی ئـەم ئاراسـتەیە دادەنرێـت لـە نیـوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، ئەویش لـە ڕێگـەی بـیرو بۆچـوونەکانی لـەبارەی واقیع. بۆیە هەوڵیداوە ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی نێوان ئەدەب و واقیـع بە شێوەیەك لێکبداتەوە، کـە بەرهەمـە ئەدەبییـەکان ڕەنگدانـەوەی واقیعـی ژیانن، ئەگەرچی کارەکانی لۆکـاش زیـاتر لـە بـواری ڕۆمانـدا بـووە. بۆیـە لـە ڕێگـەی لێکۆڵینـەوەکانی لـە بـارەی ڕۆمانـەوە دەیویـست. ئامـاژە بـەو گۆڕانکاریانـەی سـەردەمی مۆدێرنـە بکـات، کـە مرۆڤایـەتی تێکـەوتووە، بـەو واتایەی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنە، بەهۆی ئەو هـەموو کێـشە و نەهامـەتی و تەنگ و چەڵەمانەی کەتووشی هاتووە دووچاری دابڕانێك بووە یـاخود درزێـك کەوتووتەوە نێوان خود و جیهانەوە و دابڕانێکی گەورەی دروستکردووە، کـە مرۆڤ خۆی وەکو نامۆیـەك لـەم جیهانـەدا ببینێـت، بـەڵام ئـەم دابـڕان و درزە لەسـەردەمی شارسـتانییەتی یۆنانییەکانـدا نـەبووە(( مرۆڤـی مۆدێرنـە بەپێـچەوانەی مرۆڤـی سـەردەمی هـۆمێر، جیهـان بـەماڵی خـۆی نـازانێ و ئەوشێوە ئەدەبییەی کە دەربڕی ئەم دەربەدەرییە بەرزەجێیەیە ڕۆمانە))[1].
ئەگەر بڵێین کارە لێکۆڵینەوەکانی پێشتر زیاتر جەخت کردنەوە بووە لەسـەر لایـەنێکی کـاری ئـەدەبی وەك نـاوەڕۆك لەگـەڵ ئەوەشـدا لۆکـاش تـوانی لـە نێوان(فۆرمی ڕۆمان) و(بینای ژینگەی کۆمەڵایەتیدا)ئەو پەیوەستییە دروست بکات، یاخود بە واتایـەکی تـر لـە ڕوانگـەی لۆکاشـەوە ڕۆمـان گوزارشـتە لـە سیستەمی سەرمایەداری و گەشەکردنی ڕۆمانیشی بە گەشەکردنی سیستەمی سەرمایەدارییەوە پەیوەست کردووە.

٣. **ئاراسـتەی بونیادگـەری پێکهـاتوویی:** لوسـیان گۆڵـدمان(١٩١٣ ـ ١٩٧٠)بە داڕێژەری بنەماکانی بونیادگەری پێکهاتوویی دادەنرێت، کـە تـوانی

---

(١) جۆرج لۆکاچ، ئیمـری جـۆرج، و: مەنـسوور تـەیفووری، بەڕێوەبەرایـەتی خانـەی وەرگێـڕان (٥٨)، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٥.

پەرە بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ بدات و تەبەنی بونیادگەری پێکهاتوویی بکات. هاوکات توانی لە ڕوویەکی ترەوە مامەڵە لەگەڵ (تیۆری ڕەنگدانەوە)دا بکات. ئەویش بەو پێیەی ((ئەو واقیعە چینایەتییەی کە نووسەرێك تێیدا دەژی لە بونیادی زەینیی نووسەرەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، لە میانەی بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبی و هونەری، ئەو نووسەرە جیهانبینی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییە دەخاتە ڕوو کە خۆی تێیدا دەژین))[1]. بەم شێوەیە توانی گۆڕانکارییەك لە مەیدانی ڕەخنەی ئەدەبیدا بخوڵقێنێ و لە میانەی کارکردنییدا ئاراستەیەکی نوێی بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکان پەیڕەو کردووە بەجۆرێك((کە ئەم میتۆدە بەدوای ئەو پەیوەندییەدا دەگەڕێت، کە لە نێوان کارە هونەرییەکان و واقیعە کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە، لەسەر بنەمای ئەو لێکچوونەی لە نێوان بینای شێوەی ئەدەبی و بینای زەینی پێکهێنەری هۆشیاری کۆدا هەیە(کەمەبەست لێی هۆشیاری دەستە و گرووپە کۆمەڵایەتیەکان)ە. لە میانەی ئەو جیهانبینییەی کە گرنگی بە پێکهاتەی هونەری کارە ئەدەبییەکان و بونیادی ناوەوەیان بەسەرجەم ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیەکانەوە دەدات))[2]. کەواتە بونیادگەری پێکهاتوویی گرنگی تەواو بەتێگەیشتن و شیکردنەوەی بینای ناوەوەی دەق و لیکهەڵوەشانەوەی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی دەدات، پاشان لە ڕێگای ئەم هەنگاوانەوە دەتوانین بەرەو ڕاڤەکردنی دەقی ئەدەبی هەنگاو بنێین، ئەویش لە ئەنجامی پەیوەستکردنی دەقی ئەدەبی بەو واقیعەی کە بۆی دەگەڕێتەوە. بەوپێیەی ئەو دەقە جیهانبینی دەستەو گرووپێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا پێکدێنێت.

---

(١) بونیادگەری پێکهاتوویی (میتۆدی لوسیان گۆڵدمان)، عوسمان یاسین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چ ١، هەولێر، ١٩٩٩، ل ٩.

(٢) مجالات الدراسة الاجتماعية للأدب، أحمد استيرو www.aklamm.net - 25\10\2009.

لێرەدا بۆ ئەوەی زیاتر لەئاراستەی بونیادگەری پێکهاتوویی بگەین. پێویستە لەمەبەستی هەریەك لەم چەمکانەی لای گۆڵدمان ئاشنابین. مەبەست لە بونیاد((بونیادی زەینیە لە دەقی ئەدەبییدا، کە دەبێت ڕەخنەگر لە میانەی لێکۆڵینەوەی دیالێکتیکیانەی لە نێوان هۆشیاری تاکەکەس ـ نووسەر ـ وهۆشیاری گشتی ـ کۆمەڵ ـ جیای بکاتەوە و بڕی ئەو هۆشیارییە زیدەیە بدۆزێتەوە لە دەقەکەدا هەیە، واتە حەقیقەتی ئەو هۆشیارییە چالاکانەی کە لە دەقەکەدا هەیە))[1]. لێرەدا پێویستە ڕەخنەگر لە ڕێگەی بونیاد یان سیستەمی دەقەکەوە کە پێکەوە بەستراون بتوانێ پەی بەو هۆشیارییە زێدەیەی نووسەر کە لە ڕێگەی دەقەکەوە گوزارشتی لێکردووە ببات، هەرچەندە دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییە فرە ڕەهەند و بەیەکداچووە کارێکی زەحمەتە و گەڕانێکی وردی دەوێت((بەو پێیەی هەرفاکتێکی(وقائع)مرۆڤایەتی خاوەنی دەلالەتێکە کە زۆرجاران ئەو دەلالەتە ئاشکرا و ڕووننییە، بەڵکو لەسەر لێکۆڵەرەوە(ڕەخنەگر) پێویستە لە میانەی کارەکانی خۆیدا ئەو دەلالەتە بدۆزێتەوە))[2]. مەبەستی گۆڵدمان لە پێکهاتوویی((واتە ئەو یەکە هونەرییەی کە ناوەوەی دەق بەڕێوە دەبات. سەرجەم ئەم پێوەندییانەی دەقەکە لە ڕووی شێواز و ناوەرۆکەوە بەو ڕادەیەی کە مەحاڵە بتواندرێت لە هیچ بەشێکی دەقەکە بگەین بەبێ ئەوەی بۆ سەرجەم پێوەندیەکانی دەقەکە نەیگەڕێنینەوە))[3]. لێرەدا دەبێت بە دوای سەرجەم یەکە پێکهێنەرەکانی دەقەکەدا بگەڕێین بۆ ئەوەی پەی بە پەیوەندیەکانی نێو دەقەکە ببەین.

گۆڵدمان پێیوایە کە تەنها لە ڕێگەی فۆرمی دەقی ئەدەبییەوە ناتوانین لە دەق بگەین، بەڵکو کاتێك دەق گشتگیر و تەواو دەبێت کە

---

(١) بونیادگەری پێکهاتوویی، عوسمان یاسین، ل ١١.

(٢) س. پ، هـ. ل.

(٣) س. پ، ل ١٥.

پەیوەندییەکی دیالێکتیکی پتەو لە نێوان شێوەی هونەری و ناوەرۆکی کارە ئەدەبییەکەدا هەبێت. بەو واتایەی ناتوانین بەشێوەیەکی لێکدابڕاو مامەڵە لەگەڵ ڕوخسار و ناوەرۆك بکەین، لەگەڵ ئەمەشدا لایەنێکی گرنگی ئەم ئاراستەیە ئەوەیە کە نایەوێت بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ دەق و نووسەردا بکات، چونکە بە پشت بەستن بە تەنیا یەکێك لەمانە ناتوانین بگەینە تێگەیشتنێکی گشتگیری دەقە ئەدەبییەکان، کەواتە لە ڕێگەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیەوە دەکرێت، ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی لە نێوان نووسەر و دەق و بینای کۆمەڵایەتییدا هەیە بدۆزرێتەوە.

ئەم ئاراستەیە کارایی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت ((کە کۆمەڵناسی ئەدەبیات تەنها لەوەدا چڕ ناکاتەوە، کە بە دوای پەیوەندی نێوان ناوەرۆکی کاری ئەدەبی و واقیعە کۆمەلأیەتی و مێژووییەکاندا بگەڕێت، بەڵکو پێویستە لە لێکۆڵینەوەکاندا شێوە و فۆرمی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان لە بەرچاو بگیرێت. بەشێوەیەکی گشتگیر لە بەرهەمە ئەدەبییەکە بڕوانرێت لەڕێگەی بونیادی ناوەوەی دەق و بونیادی دەرەوەی کەتێیدا لە دایك بووە))[1]. سوودی پێکەوە بەستنی ئەو لایەنانە ئەوەیە کە توێژەر بەشێوەیەکی ساکار لەو پەیوەندییانە نەڕوانێت و حوکمێکی ڕەها لە بارەی ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکیانەوە نەدات. هەربۆیە ڕەخنەی بونیادگەری پێکهاتوویی باشترین مەیدانە کە زانستی کۆمەڵناسی و ڕەخنەی ئەدەبی پیکەوە کۆبکاتەوە، یان بە واتایەکی تر ((لەلای گۆڵدمان چاکترین میتۆد کە بمانگەیەنێتە پراکتیزەکردنی بنەماکانی (زانستە مرۆڤایەتیەکان) لە ڕەخنەی ئەدەبییدا خۆی لە پەیڕەوکردنی میتۆدی بونیادگەری پێکهاتوویدا دەبینێتەوە))[2].گۆڵدمان زۆر سوودی لە شیکردنەوەی زانستی کۆمەڵناسی بەمەبەستی بەکارهێنانی لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبییدا وەرگرتووە.

---

(١) الأدب والمجتمع المعاصر في المصر، تأ: د. سمير سعد حجازي، ص ٣٨

(٢) ن. م، ص ٣٣.

گۆڵدمان بەوشێوەیە لە بەرهەمی ئەدەبی دەڕوانێت، کە بەرهەمی دەستەو گرووپێکی کۆمەڵایەتییە. دیارە ئەمەش بەو مانایە نایەت کە کۆمەڵێك خەڵك پێکەوە دانیشن و بەرهەمی ئەدەبی بنووسنەوە، بەڵکو ((مەبەست ئەوەیە کەتاکی نووسەر یان هونەرمەند، لەڕاستیدا توخمەکانی بەرهەمەکەی خۆی لە سەردەمی خۆی وەردەگرێ....دەورو کارکردنی تاك لەوەدایە کە ئەم توخم و ماتریالانە... پتەو دەکاو تۆکمەیی پێدەبەخشێ))[1] .ئەمەش نکۆڵی کردن نییە لە ڕۆڵی تاك، بەڵکو تاك ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە ((داهێنانی تاك بەشێکە لە داهێنانی کۆمەڵ))[2].

هەرئەم پەیوەستکردنی بەرهەمی نووسەر و هونەرمەند وەك تاك بە بونیادی زەینی دەستەو گرووپە کۆمەڵایەتیەکان وایکرد کە مەیدانێکی فراوان لە بواری ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا فەراهەم بێت. ئەرکی ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی گەڕان دەبێت، لەدووی ئەو لێکچوونەی لە نێوان ئایدۆلۆژیای گرووپەکان و بەرهەمە ئەدەبییەکاندا هەیە.

ئەم ئاراستەیە لە کارە پراکتیکیەکانیدا پشت بە کۆمەڵێك زاراوە دەبەستێت وەکو(جیهانبینی، هۆشیاری باو، هۆشیاری چالاك). کە هەریەك لەم چەمکانەش خاوەنی پێناسەی خۆیەتی و گۆڵدمان لە بارەی جیهانبینیەوە دەڵێت: ((سەرلەبەری ئەو بیرۆکەو ئاوات و هەست و خوستانەیە کەئەندامانی گرووپێکی کۆمەڵایەتی پێکەوە کۆدەکاتەوە (گرووپێك کە زۆرتر وەك چینێکی کۆمەڵایەتی دێتە ئەژمار) و ئەوان لە بەرامبەر و دژ بە گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی تر دادەنێت))[3]. گۆڵدمان ئەدەب بەباشترین مەیدان بۆ دەربڕینی دیدی جیهانبینی دادەنێت، چونکە

---

(١) فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، کۆمەڵێك نووسەر، ل ٣١٥.

(٢) النقد الأدبي في القرن العشرين، جان إيف تادييه، ص ٢٤٢.

(٣) ڕەخنەی مارکسیستی، راجێر وێبستر، و: عەبدولخالق یەعقووبی، گ ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی یازدە، ژ (١١٠)، ٢٠٠٦، ل ١٢٨.

جیهانبینی گوزارشته له دیدی نووسەر بۆ واقیعی ژیان، هەرچەندە نووسەر وەك تاكێك دەقەكەی بەرهەم هێناوە، بەلام لە پرۆسەی پەیوەندی نێوان نووسەر و وەرگردا ئەم دیدە دەگاتە كۆمەڵ. هۆشیاری باو لای گۆڵدمان بەم شێوەیە گوزارشتی لێكراوە و ((هۆشیاری واقیعی ژیانی ڕۆژانەی گرووپ و چینێكی كۆمەڵایەتییە، واتە ئەو هۆشیارییە، بارودۆخی گوزەرانی ڕۆژانەی ژیانی خەڵك دەیهێنێتەكایەوە))[1]. واتە هۆشیاری ڕۆژانەی كۆمەڵ لەبارەی دیاردەكانی ژیان و كێشەو هەلومەرجە كۆمەڵایەتییەكانە، بەلام هۆشیاری شیاو ((بریتیە لەو هۆشیارییە كە لە هەناوی هۆشیاری باودا سەرهەڵدەدات، ئەو هۆشیارییە كە لەلایەن گرووپێكەوە دروست دەبێت....گۆڵدمان هۆشیاری چالاك بە بەرزترین پلەی هۆشیاری دادەنێت))[2]. هۆشیاری چالاك ڕێگایەكە بۆ دەربازبوون لەو هۆشیارە باوەی كە دەرفەتی گۆڕان و پێشكەوتنی لە كۆمەڵگە گرتووە. بۆیە هۆشیاری باو زەمینە خۆشكەرە بۆ سەرهەڵدانی هۆشیاری چالاك ئەویش لە ڕێگەی نووسەرانەوە كە لە ئاستێكی بەرزی ڕۆشنبیریدان و زیاتر لە كەسانی ئاسایی درك بەو دژوارییە دەكەن.

بونیادگەری پێكهاتوویی لە شێوازی كاركردنیدا بۆ خوێندنەوەی كارە ئەدەبییەكان پێویستی بە بوونی هەندێك گریمانە هەیە، كە ڕەخنەگر لەپێش دەست بەكاربوون ئامادەی دەكات، چونكە ((كاری تۆماركردن و كۆكردنەوەی دیاردە ئەدەبییەكان،ئەگەر گریمانەیەكی پێشوەختە بوونی نەبێت، جگە لە كۆكردنەوە هیچ سوودێكی تری نابێت. بۆیە كاتێك تێبینییەكان زانستی دەبن، ئەگەر هاتوو لە ژێر تیشكی ئەو گریمانانەدا شرۆڤەو شیكردنەوەیان بۆ كرابوو))[3]. بۆیە پێویستە ڕەخنەگر لە ڕێگەی كۆمەڵێك گریمانەوە كە لە بونیادی كۆمەڵایەتی و واقیعی كۆمەڵگەوە

---

(١) بونیادگەری پێكهاتوویی، عوسمان یاسین، ل ١٨.

(٢) س. پ، ل ١٨ ـ ١٩.

(٣) الأدب والمجتمع المعاصر في المصر، تأ: د. سمير سعد حجازي، ص ٣٢.

وەرگیراوە دەست بەکاربێت و بەبێ بوونی گریمانەکان ڕەخنەگر ناتوانێت هیچ ئەنجامێك لە پرۆسە ڕەخنەییەکەدا مسۆگەربکات. بونیادگەری پێکهاتوویی لە ئاکامی کارکردنیدا((دوو ئاستی توێژینەوە لێك جیادەکاتەوە. کەچی لە درێژەی توێژینەوەدا بە تەواوی تێکەڵ دەبن، ئەم دوو ئاستە بریتین لە دوو قۆناغی دەرك کردن و شرۆڤەکردن))[1]. ئەم دوو ئاستە دەتوانین(بەتێگەیشتن و ڕاڤەکردن)ناویان بهێنین. ئاستی تێگەیشتن لە دەق پرۆسەیەکی عەقڵییە، بەواتایەکی تر پێویستە ڕەخنەگر هەست و سۆز و باری دەروونی خۆی تێکەڵ نەکات، چونکە ئەم شێوەیە بۆ خوێندنەوەیەکی عەقلانی بەرهەمە ئەدەبییەکان ڕێگە خۆشدەکات. بۆ ئەم مەبەستەش ڕەخنەگر لە ناو خودی دەقی ئەدەبییەوە دەست بەکارەکانی دەکات و بەدوای ئەو ڕەگەزە واتاییانە یان مانا بەخشانەدا کە خودی دەقەکە هەڵگریەتی دەگەڕێت. پاشان پێویستە ڕەخنەگر لەوە بکۆڵێتەوە کە ئاخۆ تا چ ڕادەیەك ئەو ڕەگەزە مانا بەخشانە((بونیادێکی گونجاو و هاو تەبا پێکدەهێنن؟))[2]. لێرەدا دەبێت ئەوە بڵێین کە کاری دۆزینەوەی بونیادی دەلالەت لە دەقدا کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بەگەڕانی ورد هەیە. دوای ئەوەی ڕەخنەگر کارەکانی لە ناوەوەی دەقەکەدا تەواو دەکات. پێویستە بەردەوام بەدوای بونیادی دەلالەتی دەقەکاندا بگەڕێت، بۆیە ئیتر پێویست بەوە دەکات بەرەو ئاستی دووەم(ڕاڤەکردن)هەنگاو بنێت، کە دەرئەنجامی ئەو هەوڵانەیە کە لە پرۆسەی تێگەیشتنی دەقەوە دەیگەینێ، چونکە ئەم دوو ئاستە پێکەوە گرێ دراون و یەکتری تەواودەکەن. ئەوەی لە قۆناغی ڕاڤەکردن و تەفسیرکردندا پێویستە ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە ڕەخنەگر بەرەو دەرەوەی دەق هەنگاو دەنێت، واتە((لێکۆڵەرەوە هەڵدەستێت بە توێژینەوە و تەفسیرکردنی ئەو ڕەگەزە دەرەکیانەی دەق، کە پێوەندییەکی

---

(١) فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، کۆمەڵێك نووسەر، ل ٣٢٦.

(٢) بونیادگەری پێکهاتوویی، عوسمان یاسین، ل ٢٤.

دیالکتیکانـەیان لەگـەڵ ڕەگـەزی بونیـادە دەلالییـەکانی نـاوەوەی دەقـدا هەیە))[1]. هەر لەم قۆناغەدا لێکۆڵەر دەتوانێ دەستنیشانی جیهانبینی ئـەو گرووپانە بکـات کـە نووسـەری دەق لـە گەڵیانـدا دەژی. جیهـانبینی نووسـەر پەیوەستە بە واقیعی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی کە نووسەر ئینتیمای بۆیان هەیە و ئەو دەستەو گرووپانەش بەدەست چەندین کێشەو قـەیرانی جـۆر بـە جۆرەوە ئالودەن، دواتریش هەموو ئەم دیاردانە لە جیهانبینی نووسـەرەکەدا ڕەنگدەداتەوە. هەردوو ئاستی(تێگەیشتن و ڕاڤـەکردن)تەواوکـەری یـەکترن و لە ئەنجامی کارکردنیاندا، هەموو ئەو کۆد و پەنهانیانەی بونیادە شاراوەکانی دەق بە خوێنەر ئاشنادەکەن و تێگەیشتنی هەر بونیادێك ڕێگا خۆشکەرە بـۆ ڕاڤەکردنی بونیادێکی تر و بەم شێوەیە یەکتری تەواو دەکەن. ئـالێرەوە ئـەو باوەڕەمان لەلا دروست دەبێـت کـەمیتۆدی بونیادگـەری پێکهـاتوویی لەگـەڵ ئـەوەی پێویـستی بەوردبوونـەوە و تێڕامـانی زۆر هەیـە، کـاتێکی زۆریـشی دەوێت بۆ کارکردن، بەڵام ناکرێت نکۆڵی لە ئـەکتیڤی ئـەم ئاراسـتەیە بکـەین کـــە جیاوازییـــەکی بنـــەڕەتی لەگـــەڵ ســـەرجەم میتـــۆدە بونیادگـــەرە شێوەخوازەکانی دیدا هەیە. بەوەی کە لەسەر هەردوو دیوی دەق کاردەکـات بە پێچەوانەی بونیادگەرە شێوەخوازەکان کە تەنها لەسەر بونیادی ناوەوەی دەق کاردەکەن.

٤. **ئاراستەی سۆسیۆلۆژیای دەقی ئەدەبی**: لە ناوەڕاستی هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا ئاراسـتەیەکی نـوێ لـە بـواری ڕەخنـەی کۆمەڵایەتیـدا سـەریهەڵدا، ئـەویش کاتێـك کتێبێکـی نـوێ لـەم بـوارەدا بـەناوی (النقـد الأجتماعي) لەلایەن (بیپرزیما)وە بڵاوکرایەوە. زیما هەوڵیداوە ڕێچکەیەکی تـر بگرێتە بەر. بۆیە توانی بە سـوود وەرگرتن لـە ئالیـەتی ئیشکردنی میتـۆدە ڕەخنەییەکانی وەکو بونیادگـەری و زمانـەوانی و شـیکردنەوە دەروونییـەکان سۆسـیۆلۆژیای دەقـی ئـەدەبی پەرەپێبـدات. ئـەم ئاڕاسـتەیە ((لـە جیـاتی

---

(١) س. پ، ل ٢٥.

گرنگیـدان بـه لایەنـە فیکریـەکانی کـاری ئـەدەبی. هەوڵیـداوە لـە چـۆنیەتی بەرجەسـتەکردنی بەرژەوەندییـەکانی کۆمـەڵ و کێـشەکانیان لـە کـارە ئەدەبییەکانـدا لەسـەر ئاسـتی دەلالی و ڕۆنـان و گێڕانـەوەدا بکۆڵێتـەوە))[1].

گرنگیدان بەلایەنی زمانەوانی و ڕۆنانی وشە و ڕستەکان و چۆنیەتی گێڕانـەوە و ئەداکردنی کاری ئەدەبی لەم ئاراستەیەدا زیاتر هەڵوێستەی لەسـەر کـراوە. ئەمەش بۆ ئەوەی بتوانرێ لە ڕێگەی ئەو لایەنە زمانەوانیانەوە لە چـۆنییەتی بەرجەستەکردنی ناوەرۆکی کارە ئەدەبییەکان بکۆڵدرێتەوە. زیما گرنگییەکی زۆر بە(زمان)دەدات، هەروەها بەهۆکارێکی گرنگ لە پرۆسەی کـارکردنی ئـەم ئاراستەیە دادەنرێت، چونکە تەنها زمان دەتوانێـت ئـەو پەیوەندیـە پتـەوەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ دەربڕێت، کە جەخت لەسەر ئـەو لایەنـە دەکـات((کـە نـاتوانین پەیوەنـدی نێـوان ئـەدەب و کۆمـەڵ وەسـف بکـەین، تـەنها لەسـەر ئاستی زمانەوانی نەبێت))[2]. ئەگەر سەرنجی ئەم بۆچوونە بدەین، ڕەنگە ئەو پرسیارەمان لەلا دروستبێت، ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و دیاردانەی نـاو کۆمـەڵ کـە دەبنـە خوڵقێنـەری دەقـە ئەدەبییـەکان. چـۆن دەتـوانن لەسـەر ئاسـتی(زمـان)کارلێك بکـەن؟ بۆیـە زیمـا بـەم شـێوەیە دەیـەوێت وەلامـمان بداتـەوە کـە((سۆسـیۆلۆژیای دەقـی ئـەدەبی تەبـەنی دروسـتکردنی پەیوەندیـەکی ڕێکخـراو دەکـات، لـە نێـوان ئـەو چـەمکانەی کـە سـیفەتی کۆمەڵایەتیان هەیە، لەگەڵ ئەمانەشدا پەرە بەهەندێ لـە ڕەهەنـدە زمـانی و واتاییـەکانی تیـۆرە کۆمەڵایەتییـەکان دەدات))[3]. ئەگـەر زیـاتر ئـەم پەیوەندییانـە شـیبکەینەوە((هەرکۆمـەڵێکی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی...وەکـو بزوتنەوە سۆشیالیستیەکان، گرووپە مەسـیحیەکان، سـەندیکاکان، کۆمـەڵێك

---

(١) النقد الأدبي في القرن العشرين، جان إيف تادييه، ص ٢٤٨.

(٢) تطـور المنـاهج الأجتماعيـة في النقـد الأدبـي، د. عبـدالهادي الفرطوسـي، www.alnoor.se، 2009\10\28.

(٣) ن. م.

دەســتەواژەی جیــاواز بــۆ شــیکردنەوەی دیــدی خۆیــان و بــەرگریکردن لــە تێڕوانینەکانیان بەکاردەهێنن))[1]. کەواتە هەر گرووپ و کۆمـەڵێك خـاوەنی جۆرێـك لـە گوتـاری تایبـەتی خۆیـەتی، تـاکو لـە ڕێگـەی ئـەو گوتارانـەوە گوزارشت لە بنەماکانی خۆیان و ڕۆڵی کۆمەڵایـەتیان بکـەن. ئـەم ئاراسـتەیە سوودی لەولایەنانە وەرگرتووە کە ئاراستەکانی تـر خۆیـان لێنـەداوەو تـوانی دەروازەیـەکی نـوێ بـەڕووی پەیوەنـدی نێـوان ئـەدەب و کۆمەڵـدا بکاتـەوە ئەویش لە ڕێگەی(زمان)ەوە، کە وەکو ناوەندێك سەیری کراوە((لەبەرئـەوەی زمـان کەرەسـتەی ئـەدەب و کەرەسـتەی بـەردەوامی پەیوەندیـەکانی ژیـان پێکـدەهێنێت، کەواتــە زمــان لــەم ئاراســتەیەدا بــە پردێـك بـۆ پیـشاندان و شیکردنەوە ڕەخنەییەکان دادەنرێت))[2]. لێرەوە گرنگی یەکـە زمانییـەکان و زاراوەکان و وشە و ئیدیۆمـەکان دیـار دەبێـت، کـە چۆن ئـەو ئەرکانـەی لـە بـواری زمانەوانییـدا بـۆ گەیانـدنی مەبەسـتەکانیان دەیبیـنن. لەگـەڵ واتـا فەرهەنگییەکانی خۆیاندا دابڕانێك دروست دەکەن، هاوکات چەند واتایەکی تر دەبەخشن، کە پاڵپشتی لە ئایدۆلۆژیای دەستە و چینێکی دیاریکراو دەکات.

زیما ئەم ئاراستەیەی لەسەر ڕۆمـانی(نـامۆ)ی کـامۆ پراکتیزەکـردووە. سـەرەتا لـە بارودۆخـە کۆمەڵایـەتی و ئابوورییەکانـەوە دەسـتی پێکـردووە، پاشان بەدوای ئەو شێوە زارەدا گەڕاوە(( کە لـە نێـوان بونیـادی ڕۆمانەکـە و بارودۆخــە کۆمەڵایــەتی و زمانیەکــەدا یــەکگرتنێك دەخاتــەڕوو))[3]. بۆیــە کەشـیکاری وتـەی داواکـاری گـشتی لـە ڕۆمانەکـەدا دەکـات، گوزارشـتە لـە شێوەی ئاخاوتنی گرووپێکی مەسیحی کە خۆی بـەزمانی ڕەسمـی دادەنێـت. لـە بەرامبـەر ئـەم شـێوەیەدا شـێوە قـسەکردنێکی تـر لـە گوتـاری پاڵەوانـدا

(١) السوسيولوجيا و الأدب(البحوث والباحثون و سبل الأرتيـاد)، د. قـصي الحـسين، المؤسـسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، ط ١، بيروت، ١٩٩٣، ص ١٣١.

(٢) مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ص ٦٢.

(٣) www.alnoor.se.

دەردەکەوێت، کە بە گوتاری ناماقوڵ و لاموبالاتی ناسراوە و گوزارشت لە گوتاری دەستەیەکی تر دەکات، کە خۆی بە ڕووخێنەری بەهاکانی دەستەی یەکەم دادەنێت. لێرەدا ڕەخنەگر ئەوکاتە پەی بە بونیادی دەلالی و گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەبات. کە بەتەواوەتی ئەو شێوە قسەکردنانە بۆ دەستەو گرووپەکانی خۆیان بگێڕێتەوە، ئەوکاتە بەو ڕاستیە دەگات، کە هەریەك لەم شێوە قسەکردنانە گوتاری دەستەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتە و خۆی لە پێکدادان و ململانێی ئەو دوو ئایدۆلۆژیایەدا دەبینێتەوە. کەواتە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای دەقی ئەدەبییەوە، بەجۆرێکە کە شێوەی ئاخاوتنی گرووپەکان بە سیاقە کۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەست دەکات.

## تەوەری چوارەم: مەوداکانی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب

مەوداکانی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب بەسەر سێ لایەندا دابەش دەبێت کە بریتین لە(نووسەر ـ کاری ئەدەبی ـ خوێنەر)هەریەکێك لەم لایەنانە هەڵگری چەند ڕەهەندێکی جیاوازن، کە پێویستە ڕەخنەگر لە پرۆسەی کاری ڕەخنەییدا هەڵوێستەی لەسەر بکات و خوێندنەوەی شیاوی بۆ بکات. بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو مۆرکە کۆمەڵایەتییە بە ئەدەب ببەخشێت. ڕاستە هەریەکێك لەم لایەنانە خاوەنی جۆرێك لە سەربەخۆییە، بەڵام هەرسێکیان پێکەوە یەکتری تەواو دەکەن، چونکە نووسەر لە ڕێگای کاری ئەدەبییەوە پەیوەندی لەگەڵ خوێنەر(وەرگر)دا دروست دەکات. بەهەمان شێوە سەبارەت بەهەریەك لە کاری ئەدەبی و خوێنەر پەیوەندیەکی پتەو هەیە، چونکە((لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا پەیوەندی لە نێوان خوێنەر و دەق و کۆمەڵ پەیوەندیەکی پتەوە لەسەر بنەمای دیالۆگ و لە یەکگەیشتن دامەزراوە. هەتا پەیاموەرگر لە بازنەی سۆسیۆلۆژیای بابەتی و پرۆسەی کارلێکەری و کارتێکراوی بە ئارەزووی تاکەکەسی ڕەفتار نەکات))[1]. بۆیە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبەوە ئەستەمە لە هەر یەکێك لەم لایەنانە بەبێ ئەویتر تێبگەین، کەواتە پێویستە هەڵوێستە لەسەر هەر لایەنێکیان بە جودا بکەین و ڕەهەندەکانیان بخوێنینەوە:

**١ـ نووسەر**[2]: کە دانەر یان ئەدیبیشی پێدەوترێت و بەرهەمهێنەری دەقەکانە((کارە ئەدەبییەکان بەدرێژایی مێژوو لە بەری ڕەنج و شەونخوونی نووسەران پێکهاتووە. بۆیە ئەدەبیش وەکو هەموو دیاردە مرۆڤایەتییەکانی تر بە گۆڕانکاری و گەشەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە پەیوەست بووە، واتە لە قۆناغی سەرەتایی و لە دایك بوونەوە بۆ قۆناغی دەرکەوتن و

---

(١) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٣٠.

(٢) بروانە: التحليل الأجتماعي للأدب، السيد يسين، ص ٩٩ ـ ١٠٩.

گەشــەکردن، پاشــان بــەرە و پــیری و پووکانــەوە دەڕوات))[1]. پێویــستە ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی لە چوار ڕەهەندی جیـاوازەوە لـە نووسـەر بڕوانێـت، تاکو لە ئەنجامی توێژینەوەدا ئاگاداری هەموو ئەو لایەنانەبێت کەپەیوەندیان بە نووسەرەوە هەیـە. لـە چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەیدا و وێنایـەکی تـەواوی نووسەر بکرێت. ڕەهەندەکانیش بریتین لە:

**أ. بارودۆخی ئابووری**: نووسەریش وەکو هەرتاکێکی ناو کۆمەڵگە پێداویستی و داواکاری خۆی هەیە، لەبەرئەوەی زۆربەی پێداویستیەکانی ژیان لە ڕێگـەی پارەوە دابیندەبێت. بۆیە((لەو ڕوانگەیەوە کەنووسەریش وەکـو تـاکێکی نـاو کۆمەڵ بەمەبەستی دابینکردنی بژێوی ژیانی و هاوکات بۆ یارمەتییدانی لـە بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانییـدا پێویـستی بـە سەرچـاوەی داهـات هەیـە))[2]. پێویستە توێژەر زانیاری لەبارەی ئاستی بژێوی و باری دارایی نووسەر پەیـدا بکات، هەرچەندە ئەم کارەش ڕەنگـە هەنـدێ تـەنگ و چـەڵەمە و ئاسـتەنگی بێتەپێش بەپێی جیاوازی کۆمەڵگەکان و ئاستی تێگەیشتنی تاکەکانی کۆمەڵ ڕەنگە زانیارییەکانمان بەسانایی دەسـتگیر نـەبێت. بەشـێوەیەکی گـشتی لـە ڕێگـەی ئـەو پەیوەندییـە و گرێبەسـتانەی کـە نووسـەر لەگـەڵ دەزگاکـانی بڵاوکردنـەوەدا کردوویـەتی، دەتـوانین زانیـاری لـە بـاریی داراییـی نووسـەر و بارودۆخە ئابووریەکـەی بـە دەسـتبهێنین. پێویستە ئـەو ڕاسـتیەش بـزانین، کاتێك ئێمە دەمانەوێت ئەو زانیاریانە لـە بـارەی سۆسـیۆلۆژیای نووسـەرەوە بزانین مەبەستمان ئەوەیە کە لەم ڕێگەیەوە بە کـارە ئەدەبییـەکانی نووسـەر بگەین. دیارە هۆکارە ئابووری و بژێوییەکانی نووسەر ڕۆڵیان لـە چـۆنیەتی و چەندێتی بەرهەمی ئەدەبیدا هەیـە((لەسـەر ڕەخنـەگری کۆمەڵایـەتی ئـەدەب پێویستە لە ڕێگەی توێژینەوەکانەوە ئەو وێنە جیاوازانەمان بـۆ دەستنیـشان بکات و کاریگەری بارودۆخە ئابوورییەکانی نووسەر و ڕەنگدانەوەیان لە کارە

(١) سوسیولوجیا الأدب، روبیر إسکاربیت، ص ١٠.

(٢) ن. م، ص ١٣.

ئەدەبییەکاندا بۆ دیاری بکات))[1]. بارودۆخە جیاوازەکانی ژیانی ئابووری نووسەر جا چ لەڕێگەی فرۆشتنەوەی بەرهەمەکانی بێت یان لە ڕێگەی ئەو دەزگایانەی کە کاریان لە گەڵدا دەکات و ئەوانیش لە بەرامبەردا پشتیوانی دارایی لێدەکەن، تاکو لە بەخشین بەردەوام بێت و پەرە بەکار و داهێنانەکانی خۆی بدات.

**ب. بارودۆخی پیشەیی نووسەر:** دیارە ئەم ڕەهەندە تایبەتە بە بارودۆخ و پیشەی نووسەر لە بواری ئەدەبیدا، چونکە پێویستە جیاوازی لە نێوان کاری ئەدەبی نووسەر لەلایەك و کارە لاوەکییەکانی تری نووسەر بکرێت، جا ئەگەر وەزیفەیەك یان کارێکی ڕۆژنامەوانی یان هەر کار و پیشەیەکی تربێت، چونکە ئاشکرایە کە بەشێکی زۆر لە نووسەران ناتوانن بەپشت بەستن بەکاری ئەدەبی ژیان و گوزەرانی خۆیان دابینبکەن، بۆیە بە ناچاری پشت بە کارو پیشەیەکی تر جگە لە کاری ئەدەبی دەبەستن. دیارە ئەم بابەتەش لایەنی باشی و لایەنی خراپی هەیە، ئەگەر لایەنی باشی ئەوە بێت، کە نووسەر بەو پەڕی ئازادی و بە جورئەتەوە ئەوەی دەیەوێت دەیڵێت، هیچ ترسێکی لەو ڕووەوە نابێت، کە دووچاری نان بڕین دەبێتەوە، بەمەش زەمینەیەکی گونجاوی ئازادی بۆ ئەنجامدانی کاری داهێنانی ئەدەبی بۆ دەڕەخسێت، بەڵام ڕەنگە لایەنی خراپی ئەوەبێت، کە نووسەر نەتوانێت، بە تەواوی خۆی بۆ کاری نووسین تەرخان بکات. بەمەش بەشێکی زۆری کاتەکانی بۆ کار و پیشە لاوەکیەکەی دەڕوات. ئەمەش لە فراوانکردنی توانای ئیشکردن لە کارە ئەدەبییەکانیدا دەبێتە ڕێگر. هەر لەم مەیدانەدا بۆ پاراستنی مافی نووسەران، لە زۆربەی وڵاتاندا لە یاساکانی تایبەت بە بواری چاپەمەنییدا ئاماژە بە پاراستن و زامنکردنی مافەکانی نووسەران کراوە. بۆ ئەوەی نووسەر لە ڕووی داراییەوە سەربەخۆبێت.

---

(١) التحليل الاجتماعي للأدب، السيد يسين، ص ١٠٠.

**پ. چینی کۆمەڵایەتی نووسەر:** بەدەستهێنانی زانیاری لە بارەی ئەو چینە کۆمەڵایەتییە یان ئەو گرووپەی نووسەر ئینتمای بۆی هەیە. ڕەنگە لە بیروڕا و چۆنیەتی بیرکردنەوەی نووسەردا شارەزامان بکات. ئاشکرایە هەرچین و کۆمەڵێك پێوەر و بەها و نەریتی خۆی هەیە. بێگومان نووسەریش وەك تاکێکی ئەوگرووپانە هەمان ئەدگاری هەڵگرتووە، بەڵام ئەم بۆ چوونە ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە و مەرج نییە نووسەر پابەندی هەموو ئەو کۆت و پێوەند و نەریتانەی چینەکەی خۆی بێت. ڕۆبیرئیسکارپیت هەندێ لێکۆڵینەوەی سەبارەت بە ئینتمای کۆمەڵایەتی ژمارەیەك نووسەری فەرەنسی و ئینگلیزی سەدەی نۆزدەمەوە ئەنجام داوە و ویستویەتی((لەو ڕێگەیەوە ئەوە هەڵهێنجێت، کە هەندێك هۆکاری کۆمەڵایەتی ڕەنگە کاریگەری بەهێزیان لەسەر ئاراستەکردنی نووسەران هەبێت. بۆ ئەوەی بەرە و خواستی ئەدەبی بچن، هەروەها باس لە ڕۆڵی هۆکاری بۆ ماوەیی دەکات، کە ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی ڕێڕەوی هونەری و فیکری هەندێ خانەوادەدا هەبووە، وەکو: باخ، بوانکاریە، دی بروی))[1]. گرنگە ڕەخنەگر بتوانێ لە لێکدانەوەی ئینتیمای نووسەردا لێزانانە بگەڕێت. تاکو بتوانێ ئینتمای نووسەر بۆ چینەکەی بدۆزێتەوە و پاشان ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی چینەکەی لە کارە ئەدەبییەکاندا دەستنیشان بکات.

**ت. نەوە ئەدەبییەکان:** دەتوانین بە کۆمەڵێك نووسەری هاوچەرخیش ناوی ببەین، کە یەکێکی ترە لە ڕەهەندە سۆسیۆلۆژیەکانی نووسەر و خۆی لە دیاریکردنی نەوەی ئەدەبی نووسەردا دەبینێتەوە، واتە لەم ڕەهەندەدا((لێکۆڵەر یان ڕەخنەگر هەوڵدەدات کە پۆلێنی نووسەران بەپێی چەند گرووپێك کە لە ڕووی تەمەنەوە لێك نزیکن بکات))[2]. دیارە مەبەستی

(١) سوسيولوجيا الأدب، روبير إسكاربيت، ص ١٣.

(٢) التحليل الأجتماعى للأدب، السيد يسين، ص ١٠٦.

لـەم پۆلێنکردنانـە لەلایـەن ڕەخنەگرانـەوە بـۆ ئەوەیـە کـە لـە میانـەی لێکۆڵینەوەکانیانـدا چـۆنیەتی بەدوایەکـدا هـاتنی ئـەو نـەوە ئەدەبییانـە دەستنیشان بکرێت. چۆنییەتی دیاریکردنی نەوە ئەدەبییەکانیش بەو شـێوە دەبێت کە توێژەران بۆ نموونە بەرهـەمی کۆمـەڵێك نووسـەر کـە چاپکراوە و ئامـاژە بەسـاڵی چـاپکردنیان کـراوە لـە نێـوان دوو مێـژووی دیـاریکراودا وەردەگـرن، بـەم کـارەش کۆمـەڵێك زانیـاری و ئامـار وەدەسـت دێـنن، کـە یارمەتیدەرە بۆ ناسینی نەوە ئەدەبییـەکان و دەستنیـشانکردنیان، سـوودی ئـەم کـارەش خـۆی لـە لێکۆڵینـەوەی چـۆنیەتی و چـەندێتی بەرهـەمی ئـەو نەوەیەدا دەبینێتەوە. لێرەدا جگە لـە هۆکـاری تەمـەن پێویـستە ئامـاژە بـە هەندێ هۆکاری سیاسی و ئابووری لە بارودۆخی جەنگدا بکەین، کە ڕۆڵیان لە دروستبوونی نەوە ئەدەبییەکاندا هەیـە، وەکـو چـۆن((لەهەریـەك لـە وڵاتـانی فەرەنسا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئیـسپانیا، لـە کتێبـەکانی مێـژووی ئەدەبـدا زۆر قسە لە بارەی نەوەی ڕۆمانسییەکان و پەرناسیزمەکان و سمبولیزمـەکان کراوە. دیارە هۆکاری ئەوەشی کە هـەر کۆمـەڵێك لـە ئـەدیبان ئاراسـتەیەکی دیاریکراویان گرتووە. پەیوەندی بـە بـارودۆخی ڕامیارییـەوە هـەبووە، وەکـو جەنگ و ڕاپەڕینەکان، بەهەمان شێوە بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتییـەکان ڕۆڵیان لە پێشکەوتن و پێشخستنی لەلایەك و لە ناوچوونیدا لەلایەکی تـرەوە هـەبووە))[1]. کەواتـە لـەم ڕەهەنـدەدا پێویـستە سـەرجەم ئـەو هۆکارانـە لـە بەرچاو بگیرێ کە ڕۆڵیان لە دەرکەوتنی نەوە ئەدەبییەکاندا هەبووە.

**٢ــ لێکۆڵینــەوەی سۆســیۆلۆژیای کــاری ئــەدەبی**[2]: زۆرێـك لـە ڕەخنەگرانی ئەدەب جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە پێویستە تەنها پشت بە بەرهەمی ئەدەبی لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا ببەسترێت، بەو پێیەی کـە

(١) سوسيولوجيا الأدب، روبير إسكاربيت، ص ١١ ـ ١٢.

(٢) بروانە: التحليل الأجتماعي للأدب، السيد يسين، ص ١١٢ ـ ١١٨.

ژیانی نووسەر ڕەنگە زۆر لایەنی ناڕوون و نادیاری تێدابێت و ساغکردنەوەی ئەستەم بێت. ئەو پێگە گرنگەی دەقی ئەدەبی کە وەکو کەناڵێکی پەیوەندییە لە نێوان نووسەر و خوێنەر و هەردوو لای ئەم هاوکێشەیە بەیەکدی دەگەیەنێت. بۆیە هەموو کات چۆنییەتی کاری ئەدەبی ئەو حەتمییەتە مسۆگەر دەکات، کە پێشوازییەکی گەرمی لای خوێنەر(وەرگر)ەوە لێبکرێت. ئەمەش بەڵگەی مەزنی و بەنرخی بەرهەمی ئەدەبییە هەربۆیە گەلێك لە ڕێباز و میتۆدە ڕەخنەییەکان لە پرۆسەی کاری ڕەخنەییدا تەنها پێداگیری لەسەر دەقی ئەدەبی دەکەن((چونکە بەرهەمی ئەدەبی لەگەڵ فاکت(وقائع)ی کۆمەڵایەتی پێوەندی هەیە، بەڵام بەتەنیا لەوەدا بەرتەسك نابێتەوە. ئەم پەیوەندیە ئاڵۆز و فرە ڕەهەندییە چۆنە و چ تایبەتمەندییەکی هەیە؟))[1]. لێرەدا بۆ ئەوەی لەو پەیوەندیانەی دەقی ئەدەبی بگەین، پێویستە لەم سێ ڕەهەندەوە لێکۆڵینەوە بکەین:

**أ. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ژانرە ئەدەبییەکان**: بۆ ئەوەی ژانر و جۆرە ئەدەبییەکان بناسین. پێویستە لە هۆیەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ژانرە ئەدەبییەکان بکۆڵینەوە و پەیوەندی ئەو گەشەکردنە بە گۆڕان و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانەوە ببەستینەوە، چونکە سروشتی کۆمەڵایەتی کاری ئەدەبی، جگە لەوەی پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ دیاردەکانی ناو کۆمەڵدا هەیە. کات و شوێنیش دیسان کاریگەری خۆیان هەیە، بەواتایەکی تر زۆرجار گۆڕانە مێژووییەکان زەمینەی گونجاویان لە شکڵ وەرگرتنی جۆرە بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەریدا هەبووە و((لە هەر وەرچەرخانێکی مێژوویدا دەبینین هونەرمەندێك یان ئەدیبێکی مەزن شۆڕشێکی هەڵایساندووە یان قوتابخانە و ڕێبازێکی ئەدەبی نوێی دروستکردووە))[2]. قۆناغە مێژووییەکان

---

(١) فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، کۆمەڵێك نووسەر، ل ٣١٠ .

(٢) التحلیل الأجتماعی للأدب، السید یسین، ص ١١٣.

یــان پێویــستیە کۆمەڵایەتییــەکان و بــارە دەروونییــەکان، هــەموویان بــۆ سەرهەڵدانی ژانرێکی نـوێ کـە لەگـەڵ ڕەوتـی سـەردەم و چـێژی کۆمەڵگـەدا بگونجێــت ڕێگــە خۆشــکەربوون، هــەروەکو چــۆن زۆرێــك لــە ئــەدیبان و فەیلەسووفەکان دەرکـەوتن و گەشـەکردنی ژانـری ڕۆمـان بـە بەرژەوەنـدی و هەڵوێستەکانی چینی بۆرژوای ڕۆژئاواییەوە پەیوەست دەکەن. کەواتە ئەرکی ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی دۆزینەوەی ڕایەڵەی ئەو پەیوەندییەیە کـە دەتوانێت لە کۆمەڵگەدا ڕێگا بۆ سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ژانرە نوێیەکان خۆشبیکات.

**ب. <u>لێکۆڵینــەوەی سۆســیۆلۆژیای بابــەتی کــارە ئەدەبییــەکان:</u>** ئــەم لێکۆڵینەوەیـە ڕەنگـە لـە سۆسـیۆلۆژیاکانی تـر زیـاتر مانـدوو بـوونی بوێـت. بــــەحوکمی ئــــەوەی دۆزینــــەوەی پەیوەندییــــە کۆمەڵایەتییــــەکان و پەیوەسـتکردنیان، لەگـەڵ بابەتـە ئەدەبییەکانـدا پێویـستی بەگـەڕانی ورد و لێکۆڵینەوەی زۆر هەیە، یاخود بەمانایەکی تر سۆسیۆلۆژیای بابەت دەتوانێت بێتــە هــۆی (( ئــەوەی پەیوەنــدی نێــوان بابــەتێکی دیــاریکراو بــە دەســتە و کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە دەربخات))[1]. لەم بارەیەوە زۆرجـار هەنـدێك وشـەو زاراوەی تایبــەتی دەبیــنین، لــەکات و ســەردەمێکی دیــاریکراودا بــەهۆی هەلومەرجێکەوە سەرهەڵدەدات و پرسی سەردەمەکان دەبێت، ئەم دۆخـەش لە بابەتی کارە ئەدەبیەکاند ڕەنگدانەوەی دەبێت، بۆنموونـە لـە فەرەنـساندا کاتێــك بــاس لــە بابــەتێکی وەك ((ئــەدەبی بــەرگری دەکرێــت، کەلەلایــەن نووســەرە داهێنەرەکانــەوە لــە مــاوەی نێــوان ســاڵانی داگیرکردنــی فەرەنــسا لەلایــەن ئــەڵمانیای نازییــەوە داهێنــرا بــوو))[2]. دیــارە هەلومــەرجی شــەڕو داگیرکاری و ژێـر دەسـتەیی بەوشـێوەیە لەلایـەن نووسـەرانەوە کاردانـەوەی لێدەکەوێتەوە، هەرئەمەش بووە هۆی ئـەوەی بـە جۆرێـك لـە جۆرەکـان ئـەو

---

(١) التحليل الأجتماعى للأدب، السيد يسين، ص ١١٦.

(٢) ن. م، ن. ص.

دۆخە تایبەتیـە لـە نـاو بەرهەمـەکانی نووسـەرانی فەرەنسادا ڕەنگدانـەوەی هەبێت و ئەو دۆخەیان لە ژێر ناوی(ئەدەبی بـەرگری)دا وەك بابـەتێك بـەبارە کۆمەڵایەتیەکەی ئەوکات کە سەردەمی جەنگ بـوو پەیوەسـتکرد. لـە ڕێگـای لێکۆڵینـەوەی سۆسـیۆلۆژیای بابەتـەوە دەتـوانین لایەنـە پەنهانـەکانی کـارە ئەدەبیەکانی ڕۆژگارێکی تایبەتمان بۆ ئاشـکرابێت و ئـەو پەیوەندیـەی نێـوان دۆخە کۆمەڵایەتیەکان و بابەتە ئەدەبییەکان بدۆزینەوە.

**پ. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای مۆرك و تایبەتمەندیەکانی کەسایەتی کـارە ئەدەبییەکان**: ڕەخنەگری ئەدەبی دەتوانێت، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە مـۆرك و تایبەتمەنـدی کـە سـایەتییەکانی نـاو ڕۆمانیـك یـان چـیرۆك و کـارە ئەدەبییەکانـەوە. زانیـاری لەسـەر زۆر لایـەنی ئـابووری و کۆمەڵایـەتی کۆمەڵگەیەك لەسەردەمێکی دیاریکراودا بەدەستبێنێت یان کۆمـەڵێك فکـرەی گـشتی لەسـەر چـۆنیەتی پێگەیـشتنی چـینە کۆمەڵایەتییـەکان یـان ئـەو وەرچەرخانە پلەبەپلانەی کۆمەڵگەکان دیاری بکات.

جۆرێك لە کەسایەتیەکان لـە بەرهەمـە ئەدەبیەکانـدا ڕەنگدانـەوەیان هەیـە. دەتـوانین بڵـێین، ئـەم کەسـایەتیانە نموونەیـەکن یـان وێنەیـەکن لـە کۆمەڵگـەوە وەرگـیراون. لــە ڕێگــەی دەرخـستنی، مـۆرك و تایبەتمەنـدی کەسـەکانەوە، دەکرێـت، لێکۆڵینەوەیـەکی دروسـتی سۆسـیۆلۆژی ئـەنجام بدەین. بۆیە گونجاوە لە زۆر ڕەهەندەوە ڕەخنەگر سـەرنج و بـۆ چـوونەکانی ئاراسـتەی کەسـایەتییەکانی نـاو کـارە ئەدەبییـەکان بکـات، بـۆ نموونە((ڕەخنەگرانی ئەدەبی و مێژوونووسانی ئـەدەب گرنگـی بـە گـەڕان لـە دووی گەشەکردنی وێنەی پاڵەوان لە چیرۆکدا دەدەن))[1]. لەڕێگـەی گەشـەی کەسـایەتی پاڵـەوان و ئـەو ئاسـتەنگ و کێـشە و بارودۆخـە دەروونـی و کۆمەڵایەتیانـەی کـە دووچـاری پاڵـەوان دەبێتـەوە. لـە زۆر ڕووەوە لەگـەڵ

(١) التحليل الأجتماعى للأدب، السيد يسين، ص ١١٨.

گەشەکردنی کۆمەڵگەدا پەیوەستی هەیە. پاڵەوان تەنها وەك تاکە کەسێك لەم لێکۆڵینەوەیەدا ڕەفتاری لەگەڵ ناکرێت، بەڵکو وەك مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە زۆرترین ئاماژە و سیماکانی سەردەمی خۆی هەڵگرتووە.

**٣ـ لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای خوێنەر**[١]: بەرهەمی نووسەر و کاری ئەدەبی وەك ئەنجامی کۆتایی لەلای خوێنەر خۆ دەبینێتەوە((چونکە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبی تەنها گرنگی بە نووسەر و کاری ئەدەبی نادات، بەڵکو ئەو گرنگی پێدانە جەماوەریش دەگرێتەوە، کە خۆی لە سۆسیۆلۆژیای خوێنەر و ئیستێتیکای وەرگردا دەبینێتەوە))[٢]. هەربۆیە لە ڕێگەی بەدەمەوە هاتنی خوێنەران بەشێوەیەکی کۆمەڵ، گوزارشت لە ئیستێتیکای وەرگر دەکات، لەو ڕووەوە کە چۆن پێشوازی لە کارە ئەدەبییەکان دەکەن؟ بۆیە ڕەخنەگر لە میانەی لێکۆڵینەوەکانی لە سۆسیۆلۆژیای خوێنەردا ئەو لایەنانە ئاشکرا دەکات، کە تا چ ئاستێك جەماوەر ئامادەیی وەرگرتنی کاری ئەدەبی هەیە و بە چ ڕادەیەك دەتوانێت، کار لە زەوق و چێژی خوێنەر بکات. ئەویش لە ڕێگەی ئەم سێ ڕەهەندەوە:

**<u>أ. جەماوەر</u>:** دیارە بەوپێیەی کە جەماوەر کاتێك پێشوازی لە بەرهەمی ئەدەبی دەکات، هەموو لە یەك ئاستدا پێشوازی لێناکەن. لێرەدا ئەگەر وشەی جەماوەر لەلایەك دانێین لەبەرئەوەی واتاکەی فراوانترە و گشتگیرە. باشتر وایە جەماوەری خوێنەر وەرگرین، چونکە تایبەتی ترە لەو ڕووەوە کە خوێنەر پەیوەندیەکی پتەوتری بەکاری ئەدەبییەوە هەیە، بەهەمان شێوە لە ناو خوێنەرانیشدا چەندین ئاستی جوداجودا هەیە، لەڕووی قابیلیەتی وەرگرتنی کارە ئەدەبییەکانەوە((جەماوەری خوێنەر بەپێی گۆڕانی بابەت و

---

(١) بڕوانە: التحليل الأجتماعي للأدب، السيد يسين، ص ١١٩ـ ١٢٣.

(٢) النقد الأدبي في القرن العشرين، جان إيف تادييه، ص ٢٥٣.

شـێوازی خوێندنـەوە دەگۆڕێت. بۆیـە دەبیـنین، بابـەتێك خـاوەنی چـڕترین ڕێژەی خوێنەرە لە کەرتێکی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لە کەرتێکی تردا ڕەنگە بەو چڕیە نەبێت، یاخود هەرخوێنەری نەبێت))[1]. پەیوەندی خوێنـەر بەپرۆسـەی خوێندنەوە وە لە شوێنێکەوە بۆ شـوێنێکی تردەگۆڕێت. هـەر لـە ڕەهەنـدی جەماوەری خوێنەردا زۆر هۆکاری تر هـەن. کەشـایانی ئەوەیـە هەڵوێستەیان لەسەر بکرێت، چـونکە پرۆسـەی خوێندنـەوەش هاوشـانی خوێنـەر((چـەندین ڕەهەندی جیاوازی هەیە، ئایا هەر خوێنەرێك دەتوانێت، بـۆ چـوونی تایبـەتی خۆی بۆ هەر بەرهـەمێك بـەیان بکـات؟ بۆچـی هەنـدێ بەرهـەمی ئـەدەبی لـە چەند سەردەمی جیاوازدا پێویستیان بەڕوانگە و بۆچـوونی تایبـەت هەیـە؟ چ پێوەندیـەك لـەنێوان ئاسـۆی ڕوانینـی خوێنـەر و پێکهاتـەی زاڵـی دەق لـە ئارادایـە))[2].بۆیـە هـەموو ئـەم پرسـانە لـە دەوری هەلومـەرجی جـەماوەری خوێنـــەر و پرۆســـەی خوێندنـــەوەدا شـــایانی ئەوەیـــە لەلایـــەن خـــودی ڕەخنەگرانەوە گرنگی پێبدرێت.

**ب. پەیوەنـدی**: ئـەم لایەنـە بـە چـۆنیەتی گەیـشتنی کـارە ئەدەبیـەکان بـە خوێنەرانەوە پەیوەستە. لێرەدا ڕەخنەگر بە دوای دۆزینـەوەی ئـەو سـەرە داوانــەدا دەگــەڕێت کــە((چــۆن و بۆچــی بەرهــەمێکی ئــەدەبی دەتوانێـت جـەماوەرێکی فـراوان بـۆ خـۆی بـە دەسـتبێنێت؟ و بۆچـی بەرهـەمێکی تـر ناتوانێت لە هـەمان ئاسـتدا بێـت؟))[3].ئەمانـە ئـەو پرسـیارانەن کـە دەبێـت، ڕەخنەگر بەدوای وەڵامەکانیاندا لەم ڕەهەنـدەدا بگـەڕێت. زۆرجـار دەبیـنین، کە بەرهەمێك زووتـر لـەلای خوێنەرانـەوە وەردەگیرێت، واتـە پـەیوەندییەکـە زووتر دروست دەبێت. ئەمەش بەولایەنەوە پـەیوەسـتە، کـە نووسـەر چـەندە

---

(١) سوسیولوجیا الأدب، روبیر إسکاربیت، ص ١٦.

(٢) فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، کۆمەڵێك نووسەر،ل ٣١٠.

(٣) التحلیل الأجتماعی للأدب، السید یسین، ص ١٢٠.

زیرەکانــە توانیویــەتی وێنایــەکی زینــدووی کۆمــەڵێك بــەهای نموونــەیی لــە کۆمەڵگــەدا بخاتــەڕوو. کــە شــایانی ئەوەیــە لەلایــەن جــەماوەرەوە گرنگــی پێبدرێت.

**پ. سەرکەوتن**: ڕادەی سەرکەوتنی کارە ئەدەبییـەکان پەیوەنـدی بـەتوانا و لێهاتوویی نووسەرەوە هەیە، کـە بەرهەمەکـەی بـە شـێوەیەك ئـەدا دەکـات، سەرکەوتنی گەورەی بۆ مسۆگەردەکات، هەرچەندە تا ئەندازەیەك پێـوەری سەرکەوتن و ئاستی جەماوەرێتی بەرهەمە ئەدەبییەکان بەو ژمارەیەی کە لە بەرهەمەکە فرۆشراوە پەیوەسـتکراوە، واتـە چـەند ژمـارەی فرۆشـتنی زیـاتر بێـت ئەوەنـدە ڕادەی سـەرکەوتنی کارەکـە زیـاترە، دیـارە ئـەم پێـوەرە پێچەوانەکەینەوە دەلالەت لـە شکستی بەرهەمەکـە دەکـات. بۆیـە(( ئاسـتی جەماوەری و سـەرکەوتنی کتێبێـك لـە دوو بـاردا دەردەکـەوێت، یـان بـەپێی ژمارەی خوێنەرانی، یاخود بەپێی ئەو ڕێژەیەی کەلە کتێبەکە فرۆشراوە))[1]. لێـرەدا زیـاتر سـوود لەلایـەنی ئامـار و ژمـارە وەرگـیراوە. بۆیـە ڕەخنـەگر پێویستە لـە سۆسـیۆلۆژیای ئەدەبدا لـە چـەند گۆشـەی جیـاوازەوە سـەیری ڕادەی ســەرکەوتنی بەرهەمــە ئەدەبییەکــە بکــات. بــۆ ئــەوەی گرنگــی و کاریگــەری هۆکــارە کۆمەڵایەتییــەکان لەســەر خوێنــەر بزانێــت، یــاخود بەواتایــەکی تــر پێویــستە لــە ڕووی چــەندیی و چــۆنییەتیەوە لــە ڕادەی سەرکەوتنی بەرهەمەکان بڕوانرێت.

---

(١) سوسيولوجيا الأدب، روبير إسكاربيت، ص ١٧.

# بەشی دووەم
# ئەدەب و کۆمەڵگە

**تەوەری یەکەم: ئەدەب و پەیوەندییەکانی.**

١. پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە.

٢. پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا.

**تەوەری دووەم: ئەدەب لە بەردەم گۆڕان و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا.**

١. ئەدەب و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان.

٢. بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.

**تەوەری سێیەم: گۆران و کاریگەرییە ژینگەییەکانی دەوروبەر.**

١. سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیرییەکان لە سەردەمی گۆراندا.

٢. کاریگەری ژینگە و دەورووبەر لە پرۆسەی داهێنانی گۆراندا.

**تەوەری چوارەم: ڕەهەندە تایبەتییەکانی گۆران.**

١. گۆران وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی.

٢. بەبابەتکردنی حاڵەتە خودییەکان لای گۆران.

## تەوەری یەکەم: ئەدەب و پەیوەندییەکانی

١ . پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە:

پەیوەندی نێوان چەمکی ئەدەب و چەمکی کۆمەڵگە پەیوەندیەکی مێژووییە ((ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی هەر لەسەردەمی لە دایکبوون و سەرهەڵدانییەوە وەك دەزگایەکی کۆمەڵایەتی سەیری کراوە یان بەدەزگایەکی کۆمەلایەتی چوێندراوە))[1]. بەشێوەیەکی تر دەتوانین بڵێین هەر لەوکاتەوەی کە مرۆڤ توانیویەتی لە دیاردە سروشتیەکانی دەوروبەری خۆی وردبێتەوە. بەتایبەتی لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا بەرەولای شیعر هەنگاوی ناوە و شیعریش وەك هاندەرێك لەگەڵ سرووتە دینییەکان و مەراسیم و جەژنەکاندا ئاوێزان بووە. هەر لێرەشەوە پەیوەستیەکەی بەکۆمەڵەوە بەهێز بووە. بۆیە ((هەندێ جار زۆر زەحمەت بووە یان زەحمەتە جیاوازی بکەین لە نێوان شیعر و مەراسیمی ئاینیی یان کۆمەلایەتی، یان شیعر و ئەفسانە، شیعر و کار، شیعر و یاری))[2]. کەواتە دەتوانین بڵێین ((مرۆڤ تەنانەت لەسەرەتایی ترین قۆناغی ژیانی مرۆڤایەتیدا هەولی داوە لە ڕێگای هونەرەوە لەواقیع تێبگا. چونکە هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی واقیع هەنگاوی یەکەمە بۆ کۆنترۆڵکردنی))[3]. ئالێرەدا گەورەیی و توانستی مرۆڤ، لە قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەی بیری مرۆڤدا کە نووسین نەبووە دەردەکەوێت. مرۆڤ دەستەوەستان نەبووە، بەڵکو هەمیشە لە کاردابووە، بۆ ئەوەی فکر و ئەندێشەکانی خۆی بگەیەنێت و لە ڕێگەی وێنەوە خولیا و حەزەکانی بەرجەستە کردووە.

---

(١) ئەدەب و کۆمەڵگا، د. موحسین ئەحمەد عومەر، گ ڕامان، خولی سێیەم، ساڵی دەیەم، ژ (١٠٥)، ٢٠٠٥، ل ١١٨.

(٢) س. پ، هـ. ل.

(٣) شیعر و فەلسەفە، مەجید مەحموود، و: فوئاد مەجید میسری، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ ٢، ٢٠٠٨، ل ٥.

هــەروەکو ئاشــکرایە لــە ســەردەمەکانی دواتــری پێــشکەوتن و گەشەکردنی مرۆڤایەتییدا. زۆربەی ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان بەخواست و هیــواو ئامــانجی تاکــەکانی کۆمەڵگــەوە پەیوەســت بــوون. هــەموو بــزاڤ و چــالاکییە ئــەدەبی و هونەرییــەکان بەرئــەنجامی پێــشکەوتن و گەشــەکردنی قۆناغ لە دوای قۆنـاغی کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتین. بـۆ نموونـە کاتێـك بـاس لـە ســـەرهەڵدانی ڕێبـــازی واقیعـــی دەکـــەین کـــە گرنگیـــەکی زۆر بەکێـــشە کۆمەڵایەتییـــەکانی مرۆڤـــی هاوچـــەرخ دەدات و کاریگـــەری ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە سەر تاکەکانی کۆمەڵگە دەردەخـات . هـەموو ئـەو پەیامـە دەگەیەنن کەپەیوەندییەکی دینامیکی بەهێز لـە نێـوان ئـەدەب و کۆمەڵگـەدا هەیە، یاخود بەواتایەکی تر کۆمەڵگە لە حاڵـەتی بزاوتنـی خۆیـدا بـۆ چـالاکی ئـەدەبی ڕێگـە خۆشـکەر بـووە، لـە هەمانکاتـدا کۆمەڵگـەی کـراوە هەمیـشە زەمینەیـەکی خولقانـدووە کـە هـەڵی خۆنوێکردنـەوەی بەچـەمکی ئـەدەبی بەخشیووە. سروشتی تاکەکانی کۆمەڵگەش لە ڕێگەی تامەزرۆیی و سەلیقەی ئەدەبییەوە نەمری دەبەخشنە هەندێك بەرهەمی ئەدەبی و ((ئـەو بەرهەمـەی جوان و ڕێك وپێك و لەژیانەوە نزیك بووبێ، وەڵامـی پرسـیار و هیـوا و ئاواتـە ڕۆحییەکانی خەڵکی دابێتەوە، لەلایەن جەماوەرەوە لە بەرکراوەو پارێزراوە، ئەوەیش کە هیچ بایەخێکی ئینسانی تێدانەبووە و لە هونەر دوور بووە، هـەر زوو پووکاوەتـــەوەوە و لـــە نـــاو ڕۆحـــی نەوەکانـــدا دەنگدانـــەوەی پەیدانـــەکردووە))[1]. کەواتـــە ((پەیوەنـــدی نێـــوان ئـــەدەب و کۆمەڵگـــە پەیوەندیەکی دووسـەرەیە، چـونکە کۆمەڵگـە لەلایەکـەوە بـۆ گـەڕان لـەدوای هەلومەرجی پەیدابوون و پێکهاتنی کارە ئەدەبییەکان ڕێگـە خـۆش دەکـات، لەلایەکی تریشەوە وەسیلەیەکە بۆ هەڵسەنگاندن و نـرخ پێـدانیان))[2]. دیـارە

---

(١) ڕەخنەی ئەدەبی و گیروگرفتی ناساندنی، کـەمال مەمەنـد، گ نووسـەری کـورد، ژ (٥)، ل ١٦٦.

(٢) المدخل في النقد الادبی، نجیب فایق أندوراس، مکتبة الأنجلو المصریة، ١٩٧٤، ص ٤٠.

کۆمەڵگـــە ئـــەو کەشـــە گونجـــاوە دەخوڵقێنێـــت، کەبەرهـــەمی ئـــەدەبی پێویستیەتی، هەر لە دروستبوون و دەرکەوتنەوە تاکو قۆناغی هەڵسەنگاندن و نرخاندنیان.

پەیامی ئەدەب پێویستە گوزارشـتکردن بێـت، لـە گیـانی کۆمەڵگـە و دەربڕی ژیانبێت، چونکە ((گومانی تێدانییە کە هـەموو مرۆڤـەکان درك بـەوە دەکەن کـە هـەر بەهرەیـەك بـە گیـانی سـەردەم و جووڵانـەوەی کۆمەڵگـەوە پەیوەسـتنەبێت ، ئـەوە دژی هـەموو بـیرو بـاوەڕە مرۆڤایەتییەکانـەو هـیچ پێوانەو پشتیوانییەکی لە جیهانی هەسـتدا لێناکرێـت، بـەڵکو بەهرەیەکـە لـە جیهانێکی وندایە))[1] . گرنگی پێش چاوخستنی بەرژەوەندیی و خواسـتەکانی سەردەم ئەرکی ئەدیبان و هونەرمەندانە، چـونکە ئەگـەر ئـەدیب لـە ژینگـەی کۆمەڵایەتی خۆی دابڕا ناتوانێـت لـە خولیـاو حـەزو ئـارەزووی کۆمەڵگەکـەی بگات، هەروەها پەی بە کەم و کورتی و کێشەکانیان بەرێت لە هەمانکاتیـشدا توانای بەرجەستە کردنی بونیادە کۆمەڵایەتییەکەی نابێت.

نووسەران لە ڕێگەی هاوبەشیکردن لە کێشەکانی سـەردەمی خۆیـان دەتوانن بەردەوامی بەپەیوەندی نێوان خۆیان و کۆمەڵگـە ببەخـشن، چـونکە ((سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان ئەو چوارچێوەیەن کە وێنـەی ژیانیـان تێدایـە. شاعیرانیش وێنای تایبەتیان لـەبارەی ژیـان هەیـە، کـە لـە هزریانـدا وێنـەیان کێـشاوە و لـە شـیعرەکانیاندا بەرجەسـتەی دەکـەن، ئەگـەر ئـەو وێنەیـەی کەشاعیر پێکیهێناوە ڕەهەندەکانی کامڵ نەبن، ئەوا ناتوانێت بە ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگە بگات، بەڵام ئەگەر وێنـەکان سـەرجەم ڕەهەنـدەکانی دروسـتبن ئەوا دەتوانێت تەحەدای وێنەی ژیان بکات، هاوکات وێنـەی کۆمەڵگـە لـە نـاو بەرهەمەکـەدا ڕەنگبداتـەوە))[2] . بـەهاو بایـەخی کـارە ئەدەبییـەکان وەکـو

---

(١) حول طبيعة الفن وملامحه الأجتماعية، صلاح الدين حسن، مجلة الأقـلام، مجلـة فكريـة عامـة تصدرها وزارة الاعلام، السنة ١١، ع (١٠)، ١٩٧٦، ص ٥٨.

(٢) فلسفة الإلتزام في النقد الادبـي(بـين النظريـة والتطبيـق)، د. رجـاء عيـد، دارالثقافـة للطباعـة والنشر، مطبعة دار نشر الثقافة، القاهرة، ١٩٧٤، ص ٨١.

چالاکییەکی مرۆڤایەتی بۆ کۆمەڵگە دەگەڕێتەوە، چونکە کۆمەڵ کاتێک تەواوکەری کارە ئەدەبییەکان دەبێت، ئەگەر ئەدیب بتوانێت، بەشێوەیەکی مرۆڤانە گوزارشت لە مرۆڤ و هەست و نەستەکانی لە کۆمەڵگەدا بکات، چونکە کاریگەری کۆمەڵگە لە سەر ئەدەب حەقیقەتێکە نکۆڵی لێناکرێت، بەڵام لێرەدا ڕەنگە ئێمە ڕاستیەك فەرامۆش بکەین کەئەویش ئەوەیە کە بەچ شیوەیەك بتوانین ئەو کاریگەرییە بدۆزینەوە کە دەقێکی ئەدەبی لە سەر وەرگری جێ دەهێڵێت ((ئایا ئەو کاریگەرییە لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەیە کە دەقەکە پێمان دەبەخشێت؟ یان لە ڕێگەی ئەو چێژەوەیە کە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا هەستی پێدەکەین؟))[1]. لە وەڵامی ئەم دووپرسەدا ڕەنگە خۆمان لە بەردەم تاکە وەڵامێکدا یاخود وەڵامێکی تەوافوقیدا ببینینەوە ((ئەمە مانای ئەوە نییە، کە ئەدەب و هونەر خاڵیین لە چێژ، چونکە چێژ ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە ئەدەب و هونەردا و هەرئەمەشە لە چالاکیە مرۆڤایەتییەکانی تر جیایان دەکاتەوە))[2]. لێرەدا کاریگەری تەنها لە ڕێگەی ئامۆژگاری و فێرکردنەوە دروست نابێت، بەڵکو پێویستی بەڕەگەزێکی گرنگ هەیە کە ئەویش چێژی کاری ئەدەبییە، هەتاوەکو کاریگەرییەکی بەهێز لە سەر بەرامبەر بەجێ بهێڵێت.

ئەو پەیوەندییە دیالێکتیکییەی لە نێوان ئەدەب و کۆمەڵگەدا هەیە. جووڵێنەری زۆرێك لە بزاڤە ڕزگاریخوازەکانی میللەتانی جیهان لە پێناو وەدیهێنانی دەسکەوتەکانیاندا بووە، هەربۆیە ئەدیبان ئەرکێکی گرانیان لەسەر شانە لە کاتی وێناکردنی حاڵەتەکانی ناخۆشی و هەژاری و مەینەتییەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا. بۆیە ((پێویستە بەشێوەیەك وێنای واقیع بکات کە دووبارە دروستکردنەوە و بنیاتنانی پێوە دیاربێت...لە پاشاندا بەشێوەیەك ئەو واقیعە وێناکراوە ڕێکبخات و بیگێڕێتەوە کە خوێنەر بورووژێنێت، لە ئەنجامیشدا بەرهەمێك لە دایك بێت کە ئامانجی

---

(١) فلسفة الإلتزام في النقد الادبی، د. رجاء عید، ص ٩٤.

(٢) ن.م، ص ٩٧.

نووسەرەکەی بێت))[1]. هەر لەم مەیدانەدا بەشێکی زۆری ڕێبازە واقیعیە جۆربەجۆرەکان، ئەدەب و هونەریان بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی تەرخانکردووە یاخود بەمانایەکی تر ((بۆ خزمەتکردنی توانستە ماددی و ڕۆحییەکانی کۆمەڵگە پێکەوە، هەروەها پێویستە ئەدەب و هونەر هاندەرێکبن بۆ جووڵاندنی...توانای مرۆڤەکان بۆ داهێنانی ئەوەی کە دەشێت لە بواری جوانکاری و خێرو چاکەی مرۆڤایەتیدا دابهێنرێت))[2]. زۆرجار ئەوەندە جەخت لە سەر تۆکمەیی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکرێتەوە، کە هیچ ڕۆڵێك بۆ داهێنانی تاك دانانرێت، بەجۆرێك کەئالیەتی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی فیکری ئەدیبانیش دەدرێتە پاڵ چالاکی کۆمەڵگە ((فیکر و بیر و بۆ چوونەکانی مرۆڤ بەرهەمی چالاکییە عەقڵیەکانی نییە، بەڵکو لە ڕێگەی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیەوە بەدەستیهێناوە، چونکە تەنانەت چالاکییە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانیش بە دەرئەنجامی ژینگەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت))[3].

ئەگەر بمانەوێت لە ڕوانگەیەکی بابەتیانەوە لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە بڕوانین، باشتر وایە وردتر لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و سۆسیۆلۆژیا وردبینەوە ((زانستی کۆمەڵناسی تەوزیفی میتۆدە زانستییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات. پەنا بۆ ئامرازە وردەکان دەبات، لەو پێناوەدا کە بەهەقیقەتی جیهانی کۆمەڵایەتی بگات، بەڵام ئەدەب بەوەسفکردنەوە پابەند نییە...یان شیکاری زانستی و تەنها لە ئاستی ڕووی دەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتییدا ڕاناوەستێت، بەڵکو دەیەوێت، بەقووڵایی شت و دیاردەکان بگات، لەو کاتەی وێنای شارەزاییەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەکات، لەگەڵ ڕێگاکانی گۆڕانی ئەو شارەزاییانە بۆ هەستە مرۆڤایەتییەکان، جگە لەوانەش لە چۆنیەتی

---

(١) في الادب والنقد، د. محمد مندور، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٣، ص ٤٥.

(٢) دراسات نقدية في ضوء المنهج الواقعي، حسين مروة، مؤسسة الابحاث العربية، ط ٣، لبنان، ١٩٨٦، ص ١٥٣.

(٣) فلسفة الإلتزام في النقد الأدبي، د. رجاء عيد، ص ٧٣.

دروسـتبوون و گەشـەکردنی هەڵوێـست و کێـشەکانی ژیـان دەکۆڵێتـەوە))[1].
ئەگەرچی لەنێوان ئەدەب و سۆسیۆلۆژیادا ئەو جیاوازیە جەوهەریە هەیـە کـە دەتـوانین بڵـێین سۆسـیۆلۆژیا زیـاتر لـە چوارچـێوە کۆمەڵایەتییەکـەی مـرۆڤ دەکۆڵێتەوە لەگەڵ ئەولایەنانەی کە پەیوەندیان بەبوارەکانی ژیانی مرۆڤـەوە لە کۆمەڵگەدا هەیە، بەڵام ئەدەب مەودایەکی قووڵتر دەگرێتەوە، کەدەیەوێت لایەنـە شـاراوە و نادیارەکـانی نـاوەوەی مرۆڤـەکانمان پیـشانبدات. بـەواتای گواسـتنەوەی ئەزموونـەکانی نـاخی مـرۆڤ و پەیوەسـتکردنیان بەچـۆنیەتی درککـردن و هەسـتکردن بەکێـشەو ململانێکـانی واقیعـی ژیانـەوە. هـەر ئـەم لایەنەشە کارە ئەدەبییەکان سەختر و بێ سنوور دەکات. ئەویش ((توانستە بێ سنوورەکەی ئەدیبە لە پەیبردن بە بەپیتی و دەوڵەمەندی واقیـع. لەگـەڵ پەیوەندییـەکانی مـرۆڤ بـەو واقیعـەوە))[2]. بـەڵام ئەگـەر سـەرنجی ڕووە لێکچووەکانی نێوان سۆسیۆلۆژیا و ئەدەب بدەین. ئەوا دەبینین ((جەوهەری زانـستی کۆمەڵناسـی لێکۆڵینەوەیـە لـە مـرۆڤ بەشـێوەیەکی زانـستی لـە کۆمەڵگەدا، بەواتای لێکۆڵینەوەی ئەو سیستەم و ڕێگایانەی کـە دەرفـەت لـە بـەردەم مرۆڤەکانـدا بـۆ خۆگونجانـدن لەگـەڵ دۆخـە کۆمەڵایەتییەکانـدا دەڕەخسێنن))[3]. ئەگەرچی سۆسـیۆلۆژیا لـەو سیـستەمانە دەکۆڵێتـەوە کـە پەیوەندیان بەوەدەستهێنانی خوشگوزەرانی و ژیانێکی باشتر بۆ مرۆڤ هەیە، هەر ئەم لایەنەشە واتە گیانی چاکە خوازی وادەکات، کە ئەدەبیاتیش گرنگی بەسۆسیۆلۆژیا بدات. بۆیـە ئـەدەبیش ((وێنـای هەوڵـە بەردەوامـەکانی مـرۆڤ بەباشترین شێوە دەکـات، بـۆ خۆگونجانـدن لەگـەڵ جیهـان و مەیلـەکانی بـۆ گۆڕانکاری جۆری ئەو سەرکەوتن و شکستەی کە دەیچێژێ و ئەو دڵخۆشـی و دڵتەنگیەی کەهەستی پێدەکات))[4].

---

(١) مدخل الي سوسيولوجيا الادب العربى، محيي الدين يوسف أبو شقراء، ص ٤٩.

(٢) ن. م، ن. ص.

(٣) ن. م، ص ٤٨.

(٤) ن. م، ص ٤٩.

کاتێک باس لە گرنگی ئەدەب لە کۆمەڵگەدا دەکەین، پێویستە کەرەستەی پێکهێنانی ئەدەب کە (زمان)ە. لە کردەی داهێنانی ئەدەبیدا بەهەند وەربگرین، چونکە ئەگەر زمان هۆیەك بێت بۆ تێگەیشتن یان هەست و بیرو بۆچوونەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بگەیەنێت، ئەوا زمان لە ئەدەبدا ((جیاوازە و تەنها بۆ دەربڕین نییە، بەڵکو بۆ ئاماژەیە، بۆ دروستکردنی کاریگەرییە لە سەر خوێنەر و ئاڕاستەکردنیەتی بۆ گۆڕان لە هەڵویستدا و ڕازیکردن و قەناعەت پێکردنییەتی. لێرەوە جیاوازی بەکارهێنانی زمان لە نێوان خەڵکی ئاسایی و خەڵکی بلیمەتدا دەردەکەوێت....مرۆڤی داهێنەر (لە ئەدەبدا)، بەپێی سروشتی زیرەکی خۆی زمان بەکاردەهێنێت، بەشێوەیەك کە لەگەڵ بەهرەو داهێنانەکانیدا گونجاوبێت))[1]. تەنانەت لە کارە ئەدەبییەکاندا زمان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، شاعیر لە دەقە شیعرییەکانیدا مەبەستیەتی ئەو پەیامەی کەدەیەوێت بەکۆمەڵی بیگەیەنێت. هەمان هەڵوێست و کاردانەوە لەلای بەرامبەر یان خوێنەر دروستبکات و پەیامەکەی ون نەبێت. هەربۆیەش لە ئەدەبدا ((واتای فەرهەنگی وشەکان مەبەست نین، بەڵکو زیاتر دەربڕینەکان بەشێوەیەکی گشتی واتا دەگەیەنن کە کۆمەڵێك لە سەری ڕێککەوتوون، واتە لە کۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر جیاوازن))[2]. ئەگەر هەر کارێکی ئەدەبی گوزارشت بێت لەساتەوەختێکی تایبەتی کۆمەڵگە، ئەمەوای لێدەکات کە هەڵگری جۆرێك لە جەزابییەت بێت، چونکە ئەوەی بە نووسەرێك یان بە شاعیرێك دەکرێت بەکەسێکی ئاسایی ناکرێت. بۆیە ئەستەمە بتوانین ((بۆ تێگەیشتنی مانای شیعرێك یان چیرۆکێك هەستین بە کورتکردنەوەیان، چونکە بەم کارە ئەو پەیوەندیانەی کە لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کارە ئەدەبییەکاندا هەیە و پشتیان بەبونیادی

---

(١) شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکاندا، هێمن عەبدولحەمید شەمس، نامەی ماستە،کۆلێژی پەروەرد، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦، ل ١٥.

(٢) س. پ، ل ١٧.

دەقەکە بەستووە، وەك چەند ڕەمزێك بەرچاو دەکەون، کە بۆ بەدەستهێنانی ماناکەی پشتی بە مەدلولێك لە دەرەوەی چوارچێوەی دەقدا بەستووە، بەم شێوەیە بەرهەمە ئەدەبییەکە لە ژینگە ئەدەبییەکەی دەردەکەین و لە ناو ژینگەی ژیانی ئاساییدا دەیبینینەوە))[1].

ئەو پەیوەندیە دیالێکتیکییەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵ کاتێك کارادەبێت. کە کۆمەڵگە بەتاسەوە چاوەڕوانی وەرگرتنی بکات، هەر بۆیە ((جۆراوجۆریی ئامانج و بابەتەکانی ئەدەب و بابەتە کەسی و کۆمەلأیەتییەکان، کاریگەرییان لەسەر ئەدیب هەیە، ئەم هەموو دەربڕین و ئاماژانەش، بە زمان دەکرێن چونکە زمان کەرەستەی ئەدەبە و بەبێ زمان، ئەدەب بوونی نابێت))[2]. کەواتە هاوبەشی زمان لە نێوان کۆمەڵگە و ئەدەبدا، پەیوەستی نێوانیان بەهێزتر دەکات و زیاتر لێك نزیکدەبنەوە.

(ت. ئێس. ئیلیۆت) (١٨٨٨ ـ ١٩٦٥)جەخت لەسەر ڕۆڵ و ئەرکە کۆمەلأیەتییەکەی شیعر دەکات و پێیوایە پێویستە ئەو ئەرکە تەنها بە ئەدیبان یان خاوەن چێژە ئەدەبییەکانەوە پەیوەست نەکرێت، بەڵکو پێویستە لە پانتاییەکی فراوانتردا شیعر ئەم ئەرکە کۆمەلأیەتییە بەجێبگەیەنێت ((بۆیە گرنگی شیعر لای ئیلیۆت بەئاگاهێنانەوەی هەستکردنمانە بە جوانی و حەقیقەت لەلای هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە، بەبێ گوێدانە ئاستی زانستی و شارستانی و هونەریەکانیان))[3]. دیارە چەمکی جوانی و هەقیقەت ئەو دوولایەنەن کە لە ناو کۆمەڵگەدا نادیار و شاراوەن، کەلە ڕێگەی بەرهەمە ئەدەبیەکانەوە دەتوانین لە ڕازەکانیان بگەین، ئەگەرچی ئەدیبیش وەك تاکێکی بە ئاگاو هۆشیار هەمیشە وێڵە لە دووی دۆزینەوەی ((ئەو لایەنە قووڵ و نادیارانەی کە هۆشیاری کۆمەڵ

---

(١) النقد و النقد الأدبي، د. رشاد رشدي، دارالعودة، بيروت، ص ٣١.

(٢) شیوازو دەربڕین لە بۆنە کۆمەلأیەتییەکاندا، هێمن عەبدولحەمید شەمس، ل ١٥ .

(٣) الشعر و الواقع الأجتماعى في النقد الحديث، د. عبدالقادر الرباعى، مجلة الأقلام ، مجلة تعنى بالادب تصدرها وزارة الثقافة و الاعلام، السنة ١٥، ع (٨)، ١٩٨٠، ص ٥١ .

پـــەیپێنابات،...هەربۆیـــە ئـــەو مـــتی و نادیارییـــە لـــە کـــردەی نووســـیندا بەرجەستەدەکات))[١].

پرۆسەی نووسین بۆ خۆی پێویستی بـە جـۆرە سـیحرێك هەیـە. ئـەم سیحرەش پەیوەسـتە بـەو کاریگەرییـەی کـە بەرهەمـە ئەدەبییـەکان لەسـەر خوێنەری بەجێدەهێڵن و بە شێوەیەك ئەم ئەفسوونە خۆی نمایشدەکات، کـە بریتیـە (( لـە ڕووخانـدنی سـنوورەکانی کـات و شـوێن و ئـازادکردنی ڕۆح بـۆ ئـەوەی بـۆ هـەر شـوێنێك بیـەوێت بـڕوات،....لـەکاتی خوێندنـەوەدا دەبێـت بەشێوەیەك لەگەڵ پەڕەکانی بەردەستماندا تێکەڵبین کە هەموو شتێکمان لە بیر بچێتەوە))[٢]. کاتێك بەرهەمێك دەخوێنینەوە دەبێت بـەجۆرێك لـە کـات و شـوێنی خۆمـان دامانبڕێـت، کـە بەتـەواوەتی وەك بەشـێك لـە بەسـەرهات و کەسانی ناو کارەکە وێنای خۆمـان بکـەین. بەشـێوەیەك هـۆگری کارەکـەبین واهەسـت بکـەین کـە شـوێن و کاتـەکان یـان کەسـایەتیەکانی نـاو دەقـە ئەدەبییەکە هەمان شار یان هەمان کوچەو کۆڵانی ئێمەیە و کاتـەکان هـەمان کاتە. دەبێت ئەو ئەفسوونە بەشێوەیەك بەردەوامی لەسەرمان هەبێت. کاتێك لـە خوێندنـەوەی بەرهەمەکـەش دەبینـەوە پێویـستە هەسـت بـەبوونی پەیوەندییەکی هەمیشەیی لە نێـوان جیهـانی واقیـع و جیهـانی خوێندنـەوەدا بکەین.

هەندێك بەرهەم سەرەڕای جیاوازیی نووسەرەکانیان و جیـاوازی کـات و شـوێنی نووسـینیان، بـەڵام تـاکو ئێـستا لـە کومەڵگـە و واقیعـی ژیانمانـدا ئامادەییان هەیە. بۆیە لە کاتێکدا کـە بەرهـەمی ((دیکـامیرۆنی (بۆکاشـیو) و سۆناتەکانی (شکسپیر)دەخوێنینەوە....چـێژ و هەڵـچوونەکانی ئێمـە هـەمان ئەو چێژ و هەڵچوونانە نییە، کـە ئـەم بەرهەمانـەی پێنوسـراوەتەوە، چـونکە

---

(١) فلسفة الإلتزام في النقد الأدبي، د. رجاء عيد، ص ٩٠.

(٢) الكاتب و عالمه، تأ: تشارلس مورجـان، ت: شـكري محمـد عيـاد، المجلـس الاعلـي للثقافـة، ٢٠٠٠، ص ٤٤.

ئێمـــــه بوونـــــەوەرێكی جیـــــاوازین و لەســــەردەمێكی جیـــــاوازتردا پەروەردەبووین....كەچی بەرهەمەكانیان تائێستاش زیندوون، چونكە ژیانی ئەو كاتمان تێدا نوێدەكەنەوە. وامـان لـێ دەكـات كـە بەئەندێشەكانمان ئـەو سـاتانە زینـدو بكەینـەوە))[1]. هەربۆیـە كـاری ئـەدەبی چـەند لـە ڕۆحـی كۆمەڵگـەوە نزیـك بێـت ئەوەنـدە زیـاتر دەرفـەتی مانـەوە و بـەردەوامی پـێ دەبەخشرێت، چونكە ڕازی مانەوە و بەردەوامی پەیوەستە بەو بابەتانەی كە دەبێتە هەوێنی مەیینی كارەكان و مژدەی داهاتوویـان پـێ دەدات. بەهـەمان گیـان و ڕۆحیەتـەوە لـە سـەردەمە جیاوازەكانـدا پێـشوازی لـێ دەكرێـت و دەبوژێنرێتەوە.

٢. **پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا:**

ئەگەر ئایدۆلۆژیا بۆ خـۆی تێـڕوانین و هەڵوێـستی دەسـتەو چـینێكی دیاریكراو یان تایبەتی كۆمەڵگە لە هەمبـەر واقیعـی ژیانـدا بێـت، یـاخود ئـەو ((هەڵوێستانەیە كە مرۆڤ لە ئـەنجامی وردبوونـەوە و تێڕوانینـەكانی لـەبارەی تــاك و گــەردوون و كۆمەڵگــە وەریــدەگرێت)) [2]. نووســەریش لــە ڕێگــەی ئەزموونەكانی ژیانییەوە گوزارشت لە هەڵوێستەكانی دەكات، سـەبارەت بـەو ژینگە و دەوروبەرەی كەتێیدا دەژی، ئاشكرایە هەر نووسەرێك هـەڵگری هـەر دیدو ئایدۆلۆژیایەك بێت. كاریگەری لە سـەر جـۆری بیركردنـەوە و چـۆنیەتی بەرهەمەكانییــەوە هەیــە ((بەرهــەمی هــەر نووســەرێك، فكرێـك بەرجەسـتە دەكات، تۆلـستۆی لـە ڕێـی بەرهەمەكانییـەوە فكـری پـشتكردنە توندوتیـژی داڕشتووە...فكریش كاریگـەرێتی خـۆی لەسـەر نووسـەران بـە جێـدەهێڵێت، گـۆرگی، شـۆلۆخۆف، شـتاینباك، نـازم حیكمـەت،....زادەی ئایـدۆلۆژیای

---

(١) ن. م، ص ٤٥.

(٢) في النظرية النقدية، محمود البستاني، سلسلة ثقافية عامة، مطابع الجمهوريـة، بغـداد، ١٩٧١، ص ١٣٢.

کرێکارانن))[١]. کەواتە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی بەتین لە نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیادا هەیە، چونکە هەر ئەدەبێك پەیامێك دەگەیەنێت. نووسەریش دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو پەیامەوە خزمەتێك بەدەوروبەرەکەی ببەخشێت. هەر بۆیە ((نووسەر بەرهەمەکانی بۆ خودی خۆی نانووسێت، بەڵکو لە پێناو کۆمەڵگەکەیدا دەینوسێت. چەندیش لە بارەی تاکخوازی ڕەهای نووسەرانەوە بوترێت ڕاستەنییە...، چونکە دەیەوێت، هوشیارییەکی تەواو دەربارەی هەموو کێشە و ڕووداوەکانی کۆمەڵگە بخاتەڕوو، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نووسەران بە شێوەیەکی سروشتی کۆمەڵایەتین))[٢]. هەموو تاکێك لە کۆمەڵگەدا بۆ بەردەوامیدان بە ژیانی خۆی پێویستی بەوە هەیە کە ئەرکێك بە جێبگەیەنێت. لەم دیدگایەوە نووسەرانیش بەهەمان شێوە دەبێت بە ئەرکێك هەستن، بەڵام ئەرکێکی ناسك و پڕ لە بەرپرسیارێتی ((بوونی ئەدیبان لە ناو گەلدا هەروا بێهوودە نییە، بەهۆی ئەوەی ڕێگامان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە. ئەوان ئەو ئاوێنە پاك و بێگەردەن کە پێویستە هەموو ئازار و هەڵوێستەکان و هەموو ئەو شتە جوانانەی کە گەل ئاواتە خوازە لە داهاتوودا بیانهێنێتەدی پیشانبدەن و بۆیان وێنابکەن، چونکە ئەدیبانیش هەر ڕۆڵەی گەلن، لە پێناوی ئەوانیشدا فکر و هەستەکانی خۆیان پەخشدەکەن))[٣]. نووسەر کاتێك لەگەڵ ئازارەکانی کۆمەڵەکەیدا دەژی بێگومان بەرهەمەکانی ڕەنگدانەوەی هەمان واقیعە و جەماوەریش لە هەڵوێستی دەگەن.

لەگەڵ ئەوەدا کە باس لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا زۆر بڵاوە. دەکرێت لێرەدا ئەو پرسە بوروژێنین، کە ئایا پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا چ جۆرە پەیوەندییەکە؟ پەیوەندییەکە بەم شێوەیە

---

(١) شیعرو شمشێر، حەمە سەعید حەسەن، ل ١١٨ ـ ١١٩.

(٢) في النقد الأدبي، د. شوقي ضيف، ط ٢، مكتبة الدراسات الأدبية(٢٦)، مطابع دار المعارف بمصر، ١٩٦٦، ص ١٩١.

(٣) ن. م، ص ١٩١.

خۆی نمایش دەکات. کە ئایدۆلۆژیا گوزارشت لـە چالاکییە هزریـەکانی مـرۆڤ لـەبارەی لایەنـەکانی ژیـان دەکـات، بەهـەمان شـێوە ئـەدەبیش لـە ڕێگـەی کەرەستە زمانیەکانەوە گوزارشت لـە ژیـان دەکـات، ڕەنگـە ئەمـە وەڵامێکـی سـادەبێت و زۆر قەناعـەتمان لـەلا دروسـت نـەکات. بۆیـە پێویـستە بڵـێین سروشتی ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا پەیوەندییەکی ئاسایی نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ئـاڵۆزە و پێویـستی بـە شـیکردنەوە و لێکدانـەوە هەیە. بۆیە ئەگەر قووڵتر لەم پەیوەندیـە بـڕوانین، دیـارە بەمەبەسـتمانە بـە وەڵامێکی گشتگیر و وردتر بگەین. ئەمەش پێویستی بـەوە هەیـە کـە لەسـەر دوو تێڕوانینــی جیـاواز و دژبەیـەك هەڵوێـستە بکـەین. یەکـەمیان پێیوایـە ((ئەدەبیات (چ نییە جگـە)لـە ئایـدۆلۆژی لـە قـاڵبێکی هونـەریی دیـاریکراودا بەگوێرەی ئەم تێڕوانینـە شـوێنەواری ئـەدەبی تـەنیا دەرکـەوت و دەمـامکی ئایدیالۆژیەکانی سەردەمی خۆیانن))[1]. ئەگەرچی ئەم هەڵوێستە ڕەنگە زیـاد لە پێویست زێدەڕۆیی تێدابێت، چونکە مەرج نییە هـەموو کـار و بەرهـەمێکی ئـەدەبی ئایدۆلۆژیایـەکی ڕووپۆشـراو بێـت، یـان بەشـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ گوزارشت لە ئایدۆلۆژیای سەردەم بێت. بۆیە پێویستە شاعیر توانـای ئـازادی داهێنان و بیرکردنەوە لە دەست نەدات و ئایدۆلۆژیایەکی ساختەی دەمامکدار لە خشتەی نەبات. شاعیر دەبێت بەجۆرێك داهێنـان بکـات کـە ژیـان بـە بـەر شـیعرەکانیدا بکـات، نـەك بـەپێی ڕاسـپاردە و داواکـاری بەرهـەمیان بێنێـت، چونکە ئەگەر دەقێك لەسەر داواکاری بەرهەمبێت، ئەگەری ئەوەی هەیـە کـە زۆر نــەژی و تەمــەنی شـیعریی کورتبێـت، یـاخود سـاکار و بــێ هەسـت و خوستبێت. هەرگیز توانای تەجاوزکردنی مێژووی نەبێت، چونکە دروستکراوە و داهێنراو نییە. پێویستە شیعر تێڕوانین و ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی بەرامبـەر گـەردوون و ژیـان هــەبێت، نـەك هەڵـچوونێکی کـاتی و هەسـت و سـۆزێکی

---

(١) مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، تێری ئیگلتۆن، و: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس(٧٠٩)، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤١.

ڕووکەشانە بێت. هەڵوێستی دووەم ((پێی وایە هونەری ڕەسەن هەمیشە سنوورەکانی ئایدیالۆژیکی سەردەمی خۆی دەبەزێنێ و ئەو ناسیاری و ئاشنایە لە مەڕ ڕاستییەکان بۆ ئێمە دەستەبەر دەکات کە ئایدیالۆژی لەبەرچاومانی ون دەکات و لێمان دەشارێتەوە))[1]. دیارە ئەم هەڵوێستە تەواو پێچەوانەی هەڵوێستی یەکەمەو پێیوایە لە بری ئەوەی ئەدەب ئایدۆلۆژیایەکی دەمامکدار بێت، ئەوا پێویستە ئەدەب پەردە لەسەر لایەنە شاراوە و نادیارەکانی ئایدۆلۆژیا هەڵداتەوە و بە مەرامەکانی ئاشنامان بکات. ئایدۆلۆژیا نابێت زاڵبێت بەسەر هەست و سۆزەکانی شاعیردا و پەیامەکەی سنوور بەند بکات، بەڵکو پێویستە شاعیر لە کاتێکدا کە سوود لە ئایدۆلۆژیاش وەردەگرێت، پێویستە هۆکارێك بێت، بۆ فراوانکردنی ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە و داهێنان لەلای شاعیر، نەك سانسۆرێکی نادیاربێت، لەسەر خودی خۆیی و هەردەقێك لەگەڵ ویست و بەرژەوەندی ئایدۆلۆژیاکەیدا نەهاتەوە بیبڕێت. پێویستە بەرهەمی ئەدەبی ئەو توانایەمان پێببەخشێت، کە لە ئایدۆلۆژیا تێبگەین و بیناسینەوە. دیارە ئەمەش لە ڕێگەی ئەو زانیاریانەی کە پێمان دەگەیەنێت.

زۆرجار کەباس لە ئایدۆلۆژیا دەکرێت، ڕاستەوخۆ هزرمان بەرەولای فەلسەفەی مارکسیزم دەڕوات. ئەمەش بەحوکمی ئەوەی ((مارکسیزم سیفەتی ئایدۆلۆژیای بە ئەدەب بەخشی، بەو پێیەی ئایدۆلۆژیا ئامرازێکە بۆ ڕێنوێنی یان بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەر))[2]. لەلایەکی ترەوە لەلای لایەنگرانی مارکسیزم ئایدۆلۆژیا ((بریتییە لە کۆمەڵێك لە بیروباوەڕی سیستەمێکی ڕامیاری یان ئابووری....ڕادەی فام و تێگەیشتنی مرۆڤ لە

(١) س. پ، هـ. ل.

(٢) سەرەتایەك لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل ١١٥.

هەرسەردەمێکدا بە ئیدیۆلۆژیەوە بەستراوەتەوە))[1]. بەواتای ئایدۆلۆژیا بەلای لایەنگرانی فەلسەفەی مارکسیزمەوە، مەیدانێکە بۆ ئەوەی مەعریفەی لە بارەی ژیانەوە لێ وەربگیرێت.

ئەم پەیوەستیەی نێوان ئایدۆلۆژیا و مارکسیزم ڕەهەندێکی مێژوویی قووڵی لە ڕوسیادا هەیە، ئەم لایەنە لە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەری (١٩١٧)کە کۆتایی بە دەسەلاتی ڕوسیای قەیسەری هێنا دەرکەوت. کە گۆڕانکارییەکی گەورە سەرلەبەری کۆمەڵگەی ڕوسیای ئەوکاتی گرتەوە. ئەم بارودۆخەش بێگومان کاریگەری لەسەر لایەنی ئەدەب و هونەریش هەبوو ((گۆڕانی ڕێبازی سیاسی دەوڵەت بارودۆخی تازەشی بۆ ئەدەب و ڕێبازی نوێی ڕەخنەیی خۆشکرد، کە زۆری نەبرد دوابەدوای ئەوبارە نوێیە ئەدەبیش سەری بەو ئاقارەداکرد کە ئایدۆلۆژیا نوێیەکەی شۆڕش و دەوڵەت ڕەسمیان کردبوو))[2]. ئەم بارەش لێرەدا زیاتر چڕدەبێتەوە کاتێك ژمارەیەکی زۆری نووسەران کە هەڵگری ئایدۆلۆژیەتی مارکسیزم بوون، هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوەبوو، کە ئەدەب چەکێك بێت، تاکو بۆ بەرگریکردن و خزمەتکردن بە ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی بەکاری بهێنن، بەتایبەتی ((لەسەرەتای ساڵی ١٩٣٢ ئەو تێڕوانینە بابەتییە بڵاوبووەوە، کەداوای لە ئەدیبان دەکرد، واقیع بەرهەمبهێننەوە و بەشێوەیەکی واقیعی وەسفی کۆمەڵگەی هاوچەرخ بکەن، هەربۆیە ئەو ئەدەبەی کە لە ژێرسێبەری بیرو بۆچوونی مارکسیەکاندا پەروەردەکرا.... تەنیا گوزارشتی لە ئایدۆلۆژیای چینایەتی دەکرد))[3]. بەڕادەیەك سنووری داهێنانی ئەدەبی و هونەری بەرتەسك کرابووەوە کەلە سەردەمی ((ستالین دا

---

(١) ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ، بەختیار سەجادی، گ ڕامان، مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتی ئازادە، ساڵی (٥)، ژ (٥٥)، ٢٠٠١، ل ٥٨.

(٢) ڕەخنە و ئایدۆلۆژیا، حەیدەری حاجی خدر، چ ١، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما زنجیرەی(٥١)، چاپەمەنی دیلان، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٣٥.

(٣) الادب والمجتمع المعاصر في المصر، تأ: د. سمير سعد حجازي، ص ٤٠.

هەموو چالاکیە ئەدەبی و هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی خستە ژێر ڕکێفی سانسۆری حیزب و دەوڵەتەوە. ئەدەب و ڕەخنەی کردە ئامرازێك بۆ خزمەتی بەرژەوەندیەکانی چینی پرۆلیتاریا. ئاراستەکردنیان بەشێوەیەك کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی چینی سەرمایەداری بووەستنەوە))[1]. بەوشێوەیە بەناوی سەرخستنی شۆڕشی کرێکاری و پاراستنی دەسکەوتەکانیان، کەوتنە وێزەی ئازادی داهێنان و بەشێوەیەکی فەرمی ((لە ساڵی ١٩٣٢ دا بەبڕیارێکی سیاسی و بەمەبەستی گرتنە خۆی ڕەوشی ئەدەب و هونەر، دەوڵەت (یەکێتی نوسەرانی ڕوسی)دامەزراند. دوساڵ پاش ئەمەش لە یەکەمین کۆنگرەیدا گوزارشتی ڕیالیزمی سۆسیالیزم وەك ڕێبازێکی ئەدەبیی بووە بڕیارێکی ڕەسمیی دەوڵەت و لە کۆنگرەکەدا ڕاگەیەنرا))[2]. هەر لەم سۆنگەیەوە (ماوتسی تۆنگ)جەخت لە پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە دەکاتەوە و ڕۆڵی ئەدەب و هونەریش بەرز دەنرخێنێ لە خەبات و تێکۆشان و پاراستنی دەسکەوتەکانی ڕزگاری نیشتمانیدا ((کارە ئەدەبیەکان بە سیفەتی ئەوەی شێوەیەکی ئایدۆلۆژین، بریتین لە بەرهەمێك کە ڕەنگدانەوەی ژیانی گەلن لە هزری نووسەر و هونەرمەندە شۆڕشگێڕەکاندا و، هەمیشە ژیانی گەلیش سەبارەت بە ئەدیبان و هونەرمەندان کانگەیەکە پڕە لە کەرەستەی خاو))[3]. ماوتسی تۆنگ لەو باوەڕەدا بوو، کە ئەدەب و هونەر شێوەیەکە لە شێوەکانی ئایدۆلۆژیا و پێویستە نووسەران و هونەرمەندانیش هەمیشە بەرهەمەکانیان لە ناو گەلەوە هەڵقوڵابێت.

ئێستا هەموو کۆمەڵگە جیهانییەکان بەدەست ژمارەیەکی زۆری کێشە و نەهامەتی و چەندین دەردی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە گرفتارن. بەشێوەیەك کە ئەستەمە کۆمەڵگەیەك هەبێت، لەم لایەنانە دووربێت، ئاخۆ

---

(١) مدخل الى النقد الأدبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، ص ٢٣٤.

(٢) ڕەخنە و ئایدۆلۆژیا، حەیدەری حاجی خدر، ل ٣٧.

(٣) المذاهب النقدية(دراسة وتطبيق)، تأ: د. عمر محمد الطالب، ص ١٧٣.

ئێمە ئەگەر بپرسین، هەڵوێستی نووسەران لێرەدا دەبێت چیبێت؟ ئایا تەنها چاودێر و بینەربن؟ بێگومان نەخێر ((چونکە ئێمە لە ڕاستیدا لە سەردەمی ململانێکاندا دەژین، لە سەر نووسەرانیش پێویستە لەگەڵ ئازاری میللەتەکەیاندا لە ململانێدابن. نەك تەنها بەشێکی زیندوو یەکانگیربن لەگەڵ ململانێکاندا، بەڵکو لە ناو خودی ململانێکاندا بن))[1]. ئەم بۆچوونەش بەرەو دیدێکی ڕەخنەیمان دەبات، کە ئەویش (ڕەخنەی ئایدۆلۆژیە). لە ڕاستیدا هەڵوێستەکردن لەسەر دیدی ئەو ڕەخنەگرانەی لە سۆنگەیەکی ئایدۆلۆژیەوە لە دەقی ئەدەبی دەڕوانن بەو واتایەی کە ئایا دەقەکان چ جۆرە ئایدۆلۆژیایەکیان هەڵگرتووە؟ ئەوە جارێکی تر دەبێت لەگەڵ ناوەرۆکی کاری ئەدەبیدا ڕووبەڕوو ببینەوە و لایەنی هونەری فەرامۆش بکەین. هەربۆیە ((لە بواری ڕەخنەی ئایدۆلۆژیدا دووبیری جیاواز هەیە. بیری یەکەم تەنها بایەخ بەبیر یان هەڵوێستی دەق دەدات بێ ڕەچاوکردنی شێوازی تەکنیکی، بەو پرۆسەیەش دەگوترێت ڕەخنەی ئایدۆلۆژی. بەرامبەر بەوەش بیرێکی تر هەیە بایەخ بەبیر و هەڵوێستی دەق نادات. بەڵکو زیاتر چوارچێوەی هونەری یان داڕشتنی زمان و تەکنیك دەکات بە مەبەست. بەو پرۆسەیە دەگوترێت ڕەخنەی تەکنیکی یان ئیستاتیکی))[2]. لە هەردوو تێڕوانینەکەدا هەست دەکەین جۆرە فەرامۆش کردنێك هەیە، کە لە بەرژەوەندی دەقدا نییە یاخود ((خزمەتی دەق ناکرێت، چونکە بایەخدان بەبیر و هەڵوێست بێ گوێدانە خواستەکانی داڕشتن، ئەدەب دەکات بە ئەدەبێکی پڕوپاگەندە. بایەخدان بە چوارچێوەی تەکنیکی و زمان و فۆرم بەبێ ڕەچاوکردنی بیریان هەڵوێست لە بەهای دەق کەمدەکاتەوە))[3].

---

(١) في النقد الأدبي، د. شوقي ضيف، ص ١٩٢.

(٢) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٦٦ .

(٣) س. پ، هـ. ل.

لەکاتێکدا کە زۆرجار لە ڕازی مانەوە و بەردەوامی بەرهەمێکی ئەدەبی دەدوێین. ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە ئەو دەقە ئەدەبییە لەگەڵ ئەوەی ئاستێکی بەرزی تەکنیکی و هونەری ڕەچاوکردووە هاوکات بیر و هەڵوێستێکی زیندوو و نەمری تێدایە. لەبەرئەوە هەر دەقێکی ئەدەبی خاوەنی کۆمەڵێك سیما و ئەدگار و تایبەتمەندی خۆیەتی وەکو کارێکی هونەری. ئەمەش ئەو باوەڕەمان لەلا دروست دەکات کاتێك ڕەخنەگرێك خوێندنەوە بۆ دەقێکی ئەدەبی دەکات کە ئایدۆلۆژیاکەی جیاواز یان دژی ئایدۆلۆژیای ڕەخنەگر بێت ئەوا ((ئەرکی سەرشانی ئەوەیە کە ئەو ڕێگایانەی دەقە ئەدەبییەکەی پێ ئەداکراوە بدۆزێتەوە. بپرسێت کە ئایا نووسەر لە گوزارشت کردن لە ئایدۆلۆژیاکەی بە شێوەیەکی هونەری سەرکەوتوو بووە یان نا؟ نەك بپرسێت کە ئایا تاچەند ئایدۆلۆژیاکەی ڕاستە یان نا؟....پێوستە ڕەخنەگر دان بە لێهاتوویی و کارامەیی نووسەر دابنێت، ئەگەر لە گوزارشتکردن و داڕشتنەکەیدا سەرکەوتوو بوو))[1]. لەلایەکی ترەوە خۆ ماندووکردنی ڕەخنەگر لەوڕووە کە ((دەقە ئەدەبیەکە بگێڕێتەوە....بۆ چەند ڕەگەزێکی ئایدۆلۆژی دەبێتە هۆی فەرامۆشکردنی تایبەتمەندیە هونەرییەکانی دەقی ئەدەبی و درك بەسەربەخۆییە ڕێژەییەکەی کاری هونەری ناکرێت))[2]. نووسەر لە کارە ئەدەبیەکانییدا خاوەنی جۆرێك لە ئازادییە، چونکە خودی داهێنان پێویستی بە فەزایەکی ئازاد هەیە، بەڵام کاتێك ڕەخنەگر بیەوێت ئەو ئازادیە لە نووسەر زەوتبکات لەو ڕووەوە کە بەرهەمەکەی پەیوەستی ئایدۆلۆژیایەك بکات. ئەو کاتە ڕەخنەگر لە پرۆسە ڕەخنەییەکەیدا سەرکەوتوو نابێت، چونکە تەنها گرنگی بەلایەنێکی دەقە ئەدەبیەکە دەدات. بۆیە پێویستە ڕەخنەگر لەیەك دیدگاوە بۆ دوانەی (ڕوخسار و ناوەرۆك)بڕوانێت.

---

(١) في النظرية النقدية، محمود البستاني، ص ١٤٠.

(٢) في النقد الحديث، د. نصرت عبدالرحمن، ص ٩١.

دیارە پەیوەندییەکی دیالێکتیکی پتەو لە نێوان ڕەخنە و ئایدۆلۆژیادا هەیـە، چـونکە لـە پرۆسـەی خوێندنـەوەی دەقەکانـدا دەبێـت ڕەخنـەگر ((هەڵوێستێکی فەلسەفی و تەکنیکی سەبارەت بە پرۆسـەی ڕەخنـە هـەبێت. بەو واتایەی دەبێـت دیـدێکی دیـاریکراوی سـەبارەت بـە واقیعـی کۆمەڵایـەتی هەبێت))[1]. هەڵبەتە گرنگی ئایدۆلۆژیا لەو خاڵەدا دەردەکەوێت کە بـەردەوام کاریگەری لە سەر هەموو ڕەوت و ڕێبازێکی ئەدەبی و ڕەخنەیی هەبووە.

(١) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٦٨.

## تەوەری دووەم: ئەدەب لە بەردەم گۆڕان و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا

١. ئەدەب و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان:

ئەگەر بمانەوێت سەرنجێکی وەرچەرخانە ئەدەبییەکانی جیهان بدەین. زۆر زەحمەتمان دێتە پێش، بۆئەوەی لە ئەدەبیاتی سەردەمێکی دیاریکراویی مێژوویی تێبگەین، ئەگەر بێت و ڕۆڵی هۆکارە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری و زانستیەکان لە بەرچاو نەگرین، چونکە هەریەك لەو هۆکارانە لە ڕوانگەی خۆیەوە ڕۆڵیان لە دروستکردنی بونیادە ئەدەبییەکاندا بینیووە. ئەمەش ڕێگایەکە بۆ ئەوەی ئەدەب لە چواردەورەکەی خۆی دابڕاو نەبێت و کاریگەری هەر هۆکارێك لە دروستبوون و شێوەگرتنی جۆرە ئەدەبییەکاندا دیاربێت.

لێرەدا لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەم سێ هۆکارە بنەڕەتییەوە دەتوانین لە دەقە ئەدەبییەکان تێبگەین و کاریگەرییەکانیان دیاری بکەین ((یەکەم هۆکار گەشەکردنی بزووتنەوەی ئابووری بوو کە جیهان لە قۆناغی کشتوکاڵییەوە بەرەو پیشەسازی هەنگاوینا.... ئەمەش بووە هۆی ڕودانی وەرچەرخانی جەوهەری لەو بابەتانەی کە ئەدیبانی سەرگەرم کردبوو. لە بارەی تێڕوانینیان بۆ ئەو دیاردە نوێیە. دووەم هۆکار ڕۆڵی بزووتنەوەی زانستی دەروونناسی بوو، بەتایبەتی ئەو دۆزینەوانەی کە فرۆید لە میانەی شیکردنەوە دەرونیەکاندا بە دەستی هێنابوو....ئەمەش وایکرد کە مرۆڤ باشتر لەم جیهانەدا خۆی بناسێت....جگە لە کاریگەری ئەم زانستە نوێیە لەسەر ئەندێشەی مرۆڤ و چالاکیە ئەدەبی و هونەرییەکان. سێیەم هۆکار خۆی لە بزووتنەوەی زانستە سروشتیەکاندا بینیەوە، کە تێوەرەکانی ئەنشتاین لەم مەیدانەدا لە نموونە باڵاکانیەتی....ئەمەش کاریگەری لە دروستکردنی ئاراستەی نوێدا بەتایبەتی لە ژانری ڕۆماندا هەبوو، چونکە ئەو خێر و شەڕە ڕەهایەی کە لە ڕۆمانەکانی دیکنزدا هەبوو، بەکاریگەری تێوریی

ڕێژەیی ئەنشتاین ئەو ڕۆڵەیان نەما))[1]. کاریگەری ئەم هۆکارانە بەتایبەتی لە ئەوروپا ئاسۆیەکی نوێی بۆ تێڕوانینی ئەدیبان و هونەرمەندان کردەوەو زەمینەی ڕەخساند کە لە دیدێکی هاوچەرخانەوە لە دیاردەکان بڕوانن و لە ئاستی خواستەکانی سەردەمدابن، چونکە داهێنانە گەورەکانی بواری چاپ و بڵاوکردنەوە کاریکی وایکرد کە بەخێرایی و بەژمارەیەکی زۆر چاپکراوە نوێیەکان بەدەست جەماوەر بگات و بزووتنەوەیەکی ئەدەبی فراوان دەستپێکرد. سەرەڕای ئەوانە قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی بەڕابەری سیگمۆند فرۆید (١٨٥٦- ١٩٣٩)گوڕوتینێکی تازەی بەبزووتنەوە ئەدەبیەکان بەخشی، ئەمەش لەو شیکردنەوە دەروونیانەی کە بۆ کەسایەتییە داهێنەرەکان یان پاڵەوانی کارەکانیان ئەنجامی داوە، چونکە ((لە ڕێگەی شیکردنەوەی کەسایەتی پاڵەوانەکانی هەریەکە لە (سۆفۆکلیس و دافنشی و شکسپیر و دۆستۆیفسکی و مەرکیزەوە) ناوی هەندێك لە پاڵەوانەکانیانی وەرگرتووە و چەند حاڵەتێکی دەروونی پێ ناونـاوە و لە شیکردنەوەی دەروونیدا سەقامگیری کردوون، وەکو گرێی ئۆدیب))[2]. ئەم تێڕوانینانەی فرۆید لەم خاڵەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ((نووسەران و هونەرمەندان توانای دیاریکردنی ناخ و حاڵەتە نائاگاییەکانیان هەیە و بابەتێکی دەروونی دەوڵەمەند دەخەنە بەردەستی سایکۆلۆژستەکان و یاریدەیەکی باشیان دەدەن))[3]. هەربۆیە ئەو واقیعە نوێیەی کە دەرئەنجامی ((گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریەکانی کۆمەڵگە بوو، جا بۆ ئەوەی لەو واقیعە نوێیە

---

(١) التحليل الأجتماعي للادب، السيد يسين، ص ١٥٦ ـ ١٥٧.

(٢) داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرەیەکەوە، ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسووڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(١٢٧)، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٥٥.

(٣) س. پ، ل ٥٧.

(٤) التحليل الأجتماعي للأدب، السيد يسين، ص ١٦١.

گوزارشت بکەین، پێویستیمان بە داهێنـانی ژانـری ئـەدەبی نـوێ هـەبوو))[1]. سەردەمی نوێ پێویستی بە جۆرێکی تر لە گوزارشتکردن هەبوو. بـۆ ئـەوەی لە ڕێگەیەوە وێنایەکی دروستی کۆمەڵ بکات.

کاتێك دەمانەوێت لە پرۆسەیەکی وەکو گۆڕانی کۆمەڵایـەتی بـدوێین، کە بۆخۆی دیاردەیـەکی سروشـتیە و سـەرجەم دیـاردە جیاوازەکـانی بـواری کۆمەڵگە و دەروبەری دەخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـەوە. دەبێـت بـزانین گـۆڕانی کۆمەڵایــەتی ((هــەموو ئــەو گۆڕانانەیــە کــە لــە سیــستەم و ڕێکخــستنە کۆمەڵایەتیەکانــدا ڕوودەدات، جــا ئەگــەر ئــەو گۆڕانــە لــە بونیــاد یــاخود ئەرکەکانییدا لە کاتێکی دیاری کراودا ڕووبـدات، لەبەرئـەوەی سیـستەمەکانی کۆمەڵگە وەکو یەکەیەکی ئۆرگانی بە یەکداچوون، چ لە ڕووی بونیـاد و چ لـە ڕووی ئەرکەوە. بۆیە هەردیاردەیەك تووشی گۆڕانبێت زنجیرەیەك گۆڕانکـاری تــری لاوەکــی بــەدوی خۆیــدا دەهێنێــت))[2]. کاریگــەری و کــارلێکردنی سیــستەمەکان لەســەر ئــەدەب و بەپێــچەوانەشەوە لــەو ڕوانگەیــەوە خــۆی دەردەخــات، کــە ((ئــەدەب گیــانی ســەردەمە و ئاوێنــەی پیــشاندانی ژینگەکەیـەتی، تەنانـەت....وێنەیـەکی تەواوکـەری دەزگـا کۆمەڵایەتیەکانـە، گوزارشت لە هەموو دیاردە و تەوژم و سیـستەمەکان دەکـات))[3]. بۆیـە هـەر بەرهەمێکی ئەدەبی ناتوانێت لە زەمینەیەکدا بژی، گەر هـەڵقووڵاوی هـەناوی کۆمەڵگەکـەی خـۆی نـەبێت. کەواتـە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی پێویـستییەکە لـە پێویستیەکانی مرۆڤ بۆ ئـەوەی بتـوانێ خـۆی لەگـەڵ هەلومـەرج و بارودۆخـە نوێیەکانـدا بگـونجێنێ و هەسـت بـە نوێبونـەوە وبـەردەوامی بکـات، چـونکە گۆڕان بۆ خۆی مانەوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی زامندەکات.

---

(١) التغير الأجتماعي و الثقافي، د. دلال ملحس استيتية، دار وائـل للنـشر و التوزيـع، الأردن، ط ١، عمان، ٢٠٠٤، ص ١٩.

(٢) الأدب و المجتمع، تأ: محمد كمال الدين على يوسف، مقدمة ودراسة: يحي حقي، الدارالقومية للطباعة والنشر، ١٩٦٢، ص ٦٦.

گۆڕانی کۆمەڵایـەتی هـەروا بەئاسـانی و کتـوپڕ ڕوونـادات، بـەڵکو بـە چـەند هوکـارێکی بابەتیـەوە پەیوەسـتە و کۆمـەڵێك پرەنـسیپ و ڕێـسای دیاریکراوی هەیە. ئامانجی گۆڕانی کۆمەڵایەتی باشترکردن و چاککرنی ژیان و گـوزەرانی ئەنـدامانی کۆمەڵگـە لـە ئێـستا و لـە ئاینـدەدا دەخاتـەڕوو. ئـەو هۆکارانەی کە دەوریان لە وەدیهێنانی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، خۆیان لەم چوار هۆکارەدا دەبیننەوە[1]:

أ.**هۆکـاره دەرەکیـەکان**: بـەو هۆکارانـە دەوترێـت کـە لـە دەرەوەی توانـستی مرۆڤـەوە دێـن، کـەخۆی لـە چـەند هۆکارێکـدا دەبینێتـەوە وەکـو هۆکـارە فیزیکیەکان، کە خۆی لە ژینگەی دەوروبەردا دەبینێتەوە، ئەمەش کاریگەری لە خۆ گونجاندنی مرۆڤ بەپێی ژینگـەکان هەیـە. هۆکـارە دیمۆگرافیـەکان کـە پەیوەنـدی بــە دابەشــبوونی ژمــارەی دانیــشتوان و ڕێــژەی زیــادبوون و کۆچکردنیانەوە هەیە، چونکە زیاد بوونی ژمارەی دانیشتوان پەیوەندیـەکی بــەهێزی بــەزۆربوونی دەســتی کــار و دۆزینــەوەی بــازاڕ و بەدەســتهێنانی سەرمایەوە هەیـە. هـەموو ئەمانـەش کاریگـەری لەسـەر گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی دروسـتدەکات، جگـە لەوانـە هۆکـاری گەیانـدن کەبـەهۆی تەکنـەلۆژیاوە پێشکەوتنێکی بەرچـاوی بەخۆیـەوە دیـووە و بەئاسـانی گۆڕانکاریـەکان بـە هەموو کۆمەڵگەکان دەگەیەنن.

ب.**هۆکـارە ناوخۆییـەکان**: ئــەم هۆکــارەش پەیوەنــدی بــەناوەوەی کۆمەڵگەکانەوە هەیـە. کـە پەیوەنـدیان بـە سیـستەمی ڕامیـاری وڵاتـەوە لـە بـەڕیوەبردن و ڕێکخـستنی پەیوەندییـەکانی کۆمەڵگـە لەگـەڵ دەرەوەی کۆمەڵگـە و داڕشـتنی سـتراتیژیەتە گـشتیەکانی نـاوخۆیی هەیـە، هـەموو ئەمانـەش ئامانجیـان بـەدیهێنانی خۆشـگوزەرانی کۆمەڵایـەتی و ئـابووریی و بەرقـەرارکردنی ئـارامی و ئاسایـشی تاکـەکانی کۆمەڵگەیـە، هەرچـەندە سیـستەمی سیاسـی وڵات سـەرکەوتووبێت لـە کـارکردن بـۆ وەدیهێنـانی ئـەو

---

(١) بروانە: التغير الأجتماعي والثقافي، د. دلال ملحس استيتية، ص ٤٦ ـ ٥٩.

ئەنجامانە ئەوەندە زیاتر دەرفەت دەرەخسێت و کۆمەڵگە بۆ گۆڕانکاری ئامادە دەکرێت.

**پ.هۆکارە تەکنەلۆژییەکان:** پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و داهێنراوە نوێیەکان کاریگەریەکی بەهێزیان لە گۆڕانە گەورەکانی کۆمەڵگەدا هەیە، چونکە بەهۆی ئاسان بوونی هۆیەکانی گەیاندن و لێك نزیك بوونەوەی میللەتان زەمینەی پێویست بۆ سوود وەرگرتن لە گۆڕانی کۆمەڵگەکانی تر ڕەخساوە، هیچ کۆمەڵگەیەك ناتوانێ بەتەنها و دابڕا و لە ڕەوتی کۆمەڵگەی جیهانی هەنگاوبنێت.

**ت.هۆکارە هزری و فەلسەفییەکان:** کارە ئەدەبی و فەلسەفیەکان ڕێگەیان لە بەردەم ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵدا خۆشکرد، چونکە هەر ئایدیا و فەلسەفەیەك هەڵگری کۆمەڵێك ئامانجی تایبەتی خۆیەتی کە دەیەوێت بیگەیەنێت و بەشێوەیەك بەرجەستەی بکات کە کاریگەری لەسەر گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان دروست بکات. هەربۆیە لەم مەیدانەدا بیروباوەڕ و ئایینەکان لە شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی مێژوودا ڕۆڵیان بینیووە و ڕەنگدانەوەیان لە ڕەخساندنی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەبووە.

هەڵبەتە ئەم چوار هۆکارە زەمینە لە پێناو ڕەخساندنی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا سازدەکەن. کە سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگە بەخۆیەوە پەیوەست دەکات و شنەبای گۆڕانکاری هەموو کونجەکانی ژیان دەگرێتەوە. دیارە ئەدەبیش وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی نەك هەر بێبەش نابێت، بەڵکو پشکی گەورە و دیاری بەردەکەوێت. ئەگەر بمانەوێت بۆ بەڵگەیەك بۆ سەلماندنی ئەم هەقیقەتە بگەڕێین. دەبینین شۆڕشی فەرەنسی (١٧٨٩) باشترین نموونەیە و بە ئاشکرا شوێن دەستی بیرمەندان و ئەدیبان بەو شۆڕشەوە دیارە. بۆیە لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەیان وەئاگاهێنایەوە ((ناودارانی وەکو ڕۆسۆ و ڤۆلتیر....لە ڕێگەی بەرهەمەکانیانەوە توانیان ئەو لایەنە شاراوەی ناو دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگەی فەرەنسی ئاشکرا بکەن، کە بۆ خۆیان نەیان دەتوانی هەستی

پێبکەن و بەزمان دەریبڕن....بۆیە کارەکانیان وەئاگاهێنانەوەی ئەو لایەنە نووستووەی ناو دەروونی تاکەکانی کۆمەڵگە و خستنە سەر زاری خواستەکانیان بوو))[1]. ڕۆڵی کارە ئەدەبییەکان لە ڕەخساندنی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا شایانی ستایشکردنە. تەنانەت زیندوویێتی ئەو کارانە وەنەبێت بۆ قۆناغێك و سەردەمێکی ڕابردووبێت، چونکە ((ئەم کارانە تەنها کاغەزو بەڵگەیەك نین، لە ئەرشیفەکاندا هەڵگیرابن، بەڵکو کاری نەمرن ئەو توانایەیان هەیە کە سەر لەنوێ هەستە جوانکاری و مەعنەویەکانمان تێدا ببوژێننەوە، هەروەکو چۆن لە گیانی نەوەکانی پێشتردا بەرپایان کردبوو))[2].

ئاشکرایە کاتێك دەرفەت و هەلی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا مەیسەر دەبێت، سەرجەم لایەنەکانی کۆمەڵگە وەخۆ دەکەون بۆ ئەوەی لە کاروانی ژیانی نویێ دوانەکەون و هەرچین و توێژێك لە بواری خۆیدا لەگەڵ ژینگە نوێیەکەدا هەوڵی خۆگونجاندن دەدات. بێگومان شاعیرانیش وەکو تاکێکی ناو کۆمەڵگە پێویستە هەماهەنگیەك لە نێوان کارە ئەدەبیەکانی خۆیان لەلایەك و لە نێوان گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکاندا دروست بکەن. کەواتە داهێنانیش زادەی دۆخە کۆمەڵایەتی و مێژوویەکانی کۆمەڵگەیە. ئەم دۆخەش کاریگەری لەلایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی نووسەر دەکات و دەیجووڵێنێت، چونکە لە ڕێگەی تێڕامان و لێوردبوونەوە لە دیاردەیەك یان کێشەیەك پێویست بەوە دەکات کە داهێنەر لە ئاستیدا هەڵوێست وەربگرێت. ڕۆڵی داهێنەران لەم پەیوەندیەدا زۆر بەئاشکرایی دەردەکەوێت لەلایەك ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ واقیع لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەو واقیعە بۆ کارێکی ئەدەبی و هونەری بگۆڕێت ((لەبەر ئەوەی شیعر و تەنانەت هەموو هونەرەکان، گواستنەوەیەکی خەلاقە لە واقیعی کۆمەڵایەتیەوە بۆ واقیعی

---

(١) التيارات المعاصرة فى النقد الأدبي، د. بدوي طبانة، دار الثقافة، بيروت، لبنان، ١٩٨٥، ص ١٦٨.

(٢) التحليل الأجتماعي للأدب، السيد يسين، ص ١٥٨.

هونـــەری، لەهـــەمان کاتـــدا پەیوەندییـــەکی دیالێکتیکییـــە لـــە دووبـــارە بەگەڕخستنەوەی واقیـع بەتایبەتمەنـدی جۆراوجـۆرەوە بـۆ گـۆڕینی واقیعـی هونـــەری بـــۆ هێزێکـــی مـــاددی کاریگـــەر، بـــۆ ئـــەوەی ئـــەو هێـــزە ماددییـــە وەرچـەرخانێکی کۆمەڵایـەتی بخـولقێنێ و بـەم پێیـەش ئـەدەب و کۆمەڵگـە پێکەوە وەکو جۆگەیەك دەڕژێنە ڕووبارێکی گەورەتر کەئەویش ڕووباری ژیان و مرۆڤــە))[1]. ئـــەوەی لێـــرەدا شـــایانی ئاماژەپێکردنـــە لـــەو پەیوەندییـــە دیالێکتیکییەی کە لـە نێـوان ئـەدەب و گۆڕانکاریـە کۆمەڵایەتیەکانـدا هەیـە. پێویستە ڕۆڵی تاکی داهێنەر لە بەرچاو بگیرێت ((چـونکە لەگـەڵ ئـەوەدا کـە داهێنـــەر ویـــژدان و دەنگـــی میللەتەکەیـــەتی و گـــشت کولتـــوور و بـــەها و بیروباوەڕەکانی هەڵگرتووە....بەڵام لـە دەربڕینـە ئـەدەبی و هونەریەکانییـدا تەجاوزی هەموو گریمانەکانی واقیع دەکات، کە ڕەنگە لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتی و مرۆڤایەتیەکاندا بوونیان هەبێت))[2].

کاتێـك بـاس لـە بزووتنـەوەی نوێخـوازی لـە دوای سـاڵانی جـەنگی جیهانی یەکەمـەوە لـە شـیعری کوردیـدا دەکـەین، کـە ئـەویش پێویـستیەکی سەردەم بووە و لەو ڕوانگەیەوە هـەنگاوی نـاوە کـەبتوانێ پەیوەنـدی نێـوان تاك و کۆمەڵگە دابمـەزرێنێت، چـونکە زۆربـەی کـات بـەو دیـدە ڕەخنەییـەوە تەماشای بەرهـەمی شـاعیرە کلاسیکیەکان کـراوە کـە نـەیان توانیـووە ((لـە ڕێگـای شـیعرەوە بایـەخ بەکێـشەکانی کۆمـەڵ بـدات و پـەردە لەسـەر ژان و ئازارەکـانی چـینی بندەسـتی کۆمـەڵ هەڵبداتـەوە، چـونکە تۆمـەتی ئـەوە دەدرایـە پـاڵ شـیعری کلاسـیکی، کـە لەخزمـەتی چـینە باڵاکـانی کۆمەڵـدا بووە))[3]. دەتوانین بڵێین کە شیعر بەزۆری لە مێژووی ئەدەبیماندا باڵادەست

---

(١) الأثر المتبادل بين التطور الفني و التطور الأجتماعي(في الشعر اللبناني الحديث)، د. ميشال سليمان، مجلة الكتاب، يصدرها اتحاد المؤلفين والكتاب العراقيين، السنة ٩، ع (٦)، ١٩٧٥، ص ٢١٢.

(٢) فصول في النقد والأدب، تأ: عبدالرحمن أبو عوف، ص ٦٣.

(٣) نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا (دوای جـەنگی جیهـانی یەکـەم تاسـاڵی ١٩٧٠)، د. ئـازاد عەبدولواحید کـەریم، لـە بڵاوکراوەکـانی لقـی کـەرکوکی یـەکێتی نووسـەرانی کـورد(٧٨)، چاپخانەی ئارابخا، چ ١، کەرکووك، ٢٠٠٦، ل ٤٣ .

بووه و ((شیعر تاقه هونەرێکه کـه کاریگەرییـەکی دیاری بەسـەر کەسایەتی کوردییەوه هەیە، کەلە بەرایی مێژووەوه تەعبیرێکی ڕاستەقینەبوو لە ڕەوتی کۆمەڵایـەتی و گۆڕانکاریـەکانی کۆمـەڵگای کـوردەواری))[1]. نەتـەوەی کـورد لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە. لەبری وەدیهاتنی ئامانجەکانی دیسانەوە کەوتـەوە نێـو بـارودۆخێکی ناخۆشـەوە کـە خـۆی لـە دابەشـکردنی خـاکی کوردستان و بەجێنەگەیاندنی بەڵێنەکانی ئینگلیزدا بینیـەوە. ئەمانـە هـەموو کوردیان بەرامبەر چارەنووسێکی نادیار بـەرەو ڕووکـردەوە و کـورد قوربـانی بەرژەوەندیەکانی وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگ بـووە. هاوکـات لەگـەڵ ئـەو کەشـەدا بەکاریگـەری ئـەدەبیاتی تـورکی کـە ئـەوانیش لـە ژێـر کاریگـەری ئەدەبیاتی ئەوروپیدا بوون، هەندێ بابـەتی ڕۆمـانتیکی هاتـە نـاو ئـەدەبیاتی کوردی بەو مەبەستەی هەندێك لەو بارە ناهەموارە دووربکەونەوە، جگـە لـەم لایەنە هەندێ بابەتی تر وەك دژایەتیکردنی هەندێ داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگە و کێشەکانی پەیوەست بەکچان و ئافرەتانـەوە هاتنـە کایـەوە [2]. سۆسیۆلۆژیـستە ئەدەبییـەکانیش لەسـەر ئـەوە هـاوڕان کـە ((لەگـەڵ هـەر کردەیـــەکی گـــۆڕانی کۆمەڵایەتیـــدا. پێویـــستە شـــێوەی هونـــەری نـــوێ سەرهەڵبدات، کە لەگەڵ گۆڕانـە کۆمەڵایەتییەکانـدا بەرامبـەربێت، بۆیـە هـەر توێژینەوەیـەك بانگـەوازی بابـەتیبوون بکـات. پێویـستە تـەرکیز لەسـەر ئەویاســایانە بکــات، کــە لەســەرهەڵدانی گۆڕانــە ئەدەبییەکانــدا ڕێگــە خۆشکەربوون))[3]. هەرچەندە کە گـۆڕانی کۆمەڵایـەتی پێویـستی بـەکاتێکی زۆر هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانخوازی پێویستی بەجۆرێك لـە پاڵەوانیـەتی و لە خۆبـوردن هەیـە، کـەخۆی لـە بەربـەرەکانی نێـوان وەچـەی کـۆن و نوێـدا

---

(١) سۆسـیۆلۆژیای شـیعری کـوردی(لـە دەقـی شـیعری نەسـرینی فایـەق بێکەسـدا)، ئـازاد عەبدولواحید کەریم و کوێستان جەمال سەلام، گ کاروان، ژ (١٥٥)، ٢٠٠١، ل ١٢٥.

(٢) بڕوانـە: سـیماکانی تازەکردنـەوەی شـیعری کـوردی(١٨٩٨ - ١٩٣٢)، یادگـار ڕەسـووڵ حەمەدەمین باڵەکی، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، چ ١، هـەولێر، ٢٠٠٥، ل ١٥٩ - ١٦٠.

(٣) فصول في النقد والأدب، تأ: عبدالرحمن أبو عوف، ص ٦١.

دەبینێتــەوە، چــونکە ((گــۆڕان بــە ئاســانی ڕوونــادات. بۆیــە تــەواوکردنی پێویستی بە جەربـەزەیی هەیـە، ئـەم جەربەزەییـەش لـە ئاسـتی جیاوازدایـە بەپێی جیاوازی بوارەکانی، هەرئەمەشە دەیسەلمێنێ کە کارێکی پاڵەوانییـە، چونکە توانستی مـرۆڤ لـە گـۆڕانی کۆمـەڵ و خـودی خۆیـدا دەردەخـات))[1]. ئەدەب دەبێت بەشێوەیەك وێنای واقیع بکات کە هەست ((بە ترپەی ژیان لـە نێـو ئەندێـشەی نووسـەرەکەیدا بکـەین، تـەنها ئـەم ئەدەبـەش دەتـوانێ کاریگەریەکی قووڵ لەسەر خوێنەر جێبهێڵێت و وایان لێبکات کـە هەسـت بـە ترپەی ژیانی دەوروبەربکەن و هەروەکو چۆن ئەدیب هەستی پێ دەکات))[2]. بۆیە دەبێت لە ڕێگای کارە ئەدەبیەکانەوە زیاتر لە واقیع بگـەین ((ئـەدەب و هونەر واقیعێکی تایبەتین لە بزووتنەوە و بـەردەوامی ئاسـۆی ئاینـدە دوور و بێ کۆتاییەکانمان بۆ دەخوێننەوە...سـاتە هەنووکەییـەکانمان بـۆ بەئەبـەدی دەکەن.... بە مەبەستی گۆڕانکاری لە واقیعدا بۆ بڵندترین ئاست و ئـازادی و پێشکەوتنی زیاتر))[3]. کارە ئەدەبی و هونەرییەکان سنوورەکان دەشکێنن و بەرە و ئایندە هەنگا و دەنێن، چونکە هەرکارێکی ئـەدەبی نـەتوانێ داهـاتوو بخوێنێتەوە نـاتوانێ بـەردەوام بێـت و لەگـەڵ واقیعـی کۆمەڵگـەدا هـەڵکات و لەگەڵ گۆڕانە کۆمەلایەتیەکاندا خۆی بگونجێنێت.

٢. بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان:

بـەو پێیـەی هـەر کۆمەڵگەیـەك خـاوەنی سـیما و ئـەدگاری تایبـەتی خۆیەتی کە سروشتی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە لـە نێـو خۆیانـدا و پەیوەندیەکانیان بەدامودەزگا و سیستەمەکانی دەوڵەتەوە دیاری دەکات، لە هەمانکاتدا بۆ ئەوەی ئەرك و مافی هەموو تاکەکان چ لەبەرامبەر تاکەکانی تر

---

(١) الأدب في عالم متغير، د. شكري محمد عياد، الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر، المطبعة الثقافية، ١٩٧١، ص ٣٥.

(٢) ن. م، ص ٣٦.

(٣) فصول في النقد والأدب، تأ: عبدالرحمن أبو عوف، ص ٦٣.

و چ لەبەرامبەر کۆمەڵ ئاشکرابێت، کۆمەڵێك پرەنسیپ هەیە، کەپێویستە سەرجەم کۆمەڵگە ڕێزی لێبگرن و سنوورەکانی نەبەزێنن. بەشێوەیەکی گشتی لەم کۆمەڵگەیانەی ئێمەدا جگە لە یاساکانی باری شارستانی دوو جۆر ئاکاریش بوونی هەیە ((یەکەمیان: تیۆرە ئاکاری و ئاینییەکان بەهەموو پابەندییەکانیانەوە....دووەمیان: ڕەوشتە خێڵەکیەکان بەهەموو داب و نەریت و تەقلیدەکانیەوە...لەو نێوەندەشدا یاساکانی باری شارستانی بەشێوەیەکی تەوافوقی هەردوو جۆرە ئاکارەکەیان ڕێکخستووە))[1]. هەربۆیە بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتمەندی کۆمەڵگەکان و ساتە مێژووییەکانەوە پەیوەستن، چونکە لە هەر سەردەمێکدا سنووری ئەم بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتیانە بەپێی کاریگەری هۆکارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان وەکو شۆڕش و ڕاپەڕین و بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە دووچاری گۆڕانکاری دەبن. ئەگەرچی ئەم گۆڕانانە وەنەبێت خێرا و کتوپڕبێت، بەڵکو پەیوەستە بەو زەمینەیەی کە بۆی دەڕەخسێت. هاوکات ئەم حەزی گۆڕانکاریە کە یەکێکە لە ئەدگارەکانی مرۆڤایەتی بەهەمان شێوە ئەدەبیش دەگرێتەوە ((ئەو گۆڕانکاریانەی کە شێوە ئەدەبییەکان دەگرێتەوە هاوشانە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی لە زەوق و سەلیقەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست دەبێت، کە بەهەمان شێوەش کار لە چۆنیەتی دیاریکردنی بەها کۆمەڵایەتیەکانیش دەکات))[2]. بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان جگە لەوەی تەحەکوم لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە دەکەن. بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر بەهای دەقە ئەدەبیەکانیش هەیە.

پێوەرەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە دیاریکردنی ڕەفتاری تاکەکانی ناو کۆمەڵدا هەیە. هەر بۆیە پێوەر ((ڕێسایەکی ڕەفتارییە دەستنیشانی ئەوە دەکات کە لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا خەڵکان دەبێ چ جۆرە ڕەفتارێکیان

---

(١) سوسیولوجیا الأخلاق و علم الأخلاق، جاسم الحلاوی، مجلة الثقافة، مجلة شهرية ثقافية عامة، السنة ٥، ع (٦)، ١٩٧٥، ص ٦٥.

(٢) التحليل الأجتماعي للأدب، السيد يسين، ص ١٦١.

هـەبێت. سـوودی ئـەم سـتاندارە ڕەفتارییـە ئەوەیـە کەیارمـەتیی مانـەوەی نموونـەی پەیوەندییـە دوولایەنەییـە کۆمەڵایەتیـەکان و شـێوەی ئەنجامـدانی کارەکان دەدات. لەم ڕووەوە نۆرمەکان (پێوەرەکان)کاریگەری دەخەنەسـەر بەها و ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان کـە ڕێگەپێدەر و نەهیکـەری ڕەفتارەکانـە. هەر کولتوورێك یان وردە کولتوور یان هەر گرووپێك خـاوەنی چـەند نۆرمێکـە کـە ئـەم نۆرمانـە حوکمیـان لـە سـەر دەکـەن. لـەم ڕێگەیەشـەوە ڕەفتـارە گونجاوەکـان دەستنیـشان دەکـات))[1]. بەشـێوەیەکی گـشتی پێوەرەکـان هانمـان دەدات کەبـەرە و ڕەفتـارە کۆمەڵایەتییـە پەسـەندەکان بـچین و لـە ڕەفتارە نەویستراوەکانیش دووربکەوینەوە.

دەتـوانین بـەهاکانیش وەکـو پێوەرێـك بـۆ هەڵـسەنگاندنی ڕەفتـاری تاکەکانی کۆمەڵگە سوودیان لێوەرگرین بـەهاکان ((لەڕاسـتیدا چـەمکگەلێکی گـرووپین. لـەوەی کەلـەڕووی کولتوورییـەوە بـاش، پەسـەند و گونجـا و یـان ئەوەی خراپ، ناپەسەند و نەگونجا و بۆی دەڕوانرێت. بەها کۆمەڵایەتییەکان ئـەوە دەستنیـشان دەکـەن کەلـە کۆمـەڵگادا چ شـتێك بـۆ خـەڵکی گرنگـە و لەڕووی ئەخلاقیەوە چ شتێك دروستە))[2]. بۆیە دەبینین پەیوەندیەکی بەهێز لـە نێـوان بـەها و پێـوەرە کۆمەڵایەتیەکانـدا هەیـە و پێوەرەکـانیش نـرخ و سەنگی بەها و ڕەفتارەکان دیاری دەکەن.

بەدرێژایی سەدەکۆنەکان و هەتا سەردەمی ئەمڕۆمان لێکۆڵینەوە لـە بارەی ڕەفتار و ئاکارەکانی مرۆڤ لە بوارە ئـەدەبی و هونەرییەکانـدا جێگـەی گفتوگـۆ لەسـەرکردن بـووە ((لـە سـەردەمانی ئـەفلاتوون و ئەرسـتۆ و پـێش ئەوانیشدا و تەنانەت لەسـەردەمانی دەسـەڵاتی مەسـیحیەتدا لـە ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوادا. هونــەر و ئــەدەب پەیوەســت کــراوە بــە ئــەرکی چاکــسازی و ڕۆشـنبیریکردن و پـەروەردەکردن و پێگەیانـدنی هەسـتەکان، ئـەم تیۆرانـە

---

(١) دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنوچێهر موحسنی، ل ٣٥٣ ـ ٣٥٤.

(٢) س. پ، ل ٣٥٦.

هونـەریان بـەکاردەهێنا لـە پێنـاوی بەرژەوەنـدی ئاکـاردا و هـەتا سـەردەمی ئــەمڕۆشمان بەشــێکی زۆر لــە ڕەخنــەگران و توێــژەران ئــەم بابەتانــەیان کردووەتە مەیدانی کـارکردنی خۆیـان))[1]. ئەوپەیوەندیـە پتـەوەی لـە نێـوان ڕەخنەی ئەدەبی و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا هەیە. جارێکی تر ڕێگا خۆشکەر بـوو بـۆ سـوود وەرگـرتن لـە چـەمکەکانی سۆسـیۆلۆژیا و بـەکارهێنانیان لـە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبییدا. ئەمەش ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ لـە دایکبـوونی ڕەخنەی کۆمەلآیەتی. بێگومان شاعیر بەحوکمی ئەوەی لە ناو کۆمەڵدا دەژی ناتوانێــت لــە ئاســت کێــشە کۆمەلآیەتیەکانــدا دوورە پــەرێزبێت، ناچــارە هەڵوێــست لــە بارەیانــەوە وەربگرێــت. کاتێــك داهێنــەرێك لەگــەڵ بــەهاو پێوەرەکانی کۆمەڵگەدا بەرەوڕوو دەبێتەوە. بەو پێیەی کە نووسەر خـاوەنی ((ڕۆشنبیرییەکی فراوان و هەستێکی ناسکە، ئەو بەهاو پێوەرانە دەبەخشێت کەسوودی بۆ کۆمەڵگە بەگشتی هەیە، ئەویش لە دوای ئەوەی دەیانپـشکنێت و حوکم دەدات بەسەریاندا ئەویش بەڕەتکردنەوە یان بەدانانی ئەلتـەرناتیڤی نـوێ بۆیـان، یـان بـە هـەموارکردنی بـەهاو پێـوەرە کۆنـەکان، بـەلآم ئەمانـە دروست نابێت، ئەگەر نووسەر جیهانبینیەکی دروستی سەبارەت بە کۆمەڵگـە نـەبێت))[2]. شـاعیر کاتێـك بـەها و پێوەرەکـانی کۆمەڵگەکـەی دەخاتـە ژێـر پرسـیارەوە و بـە چـاوی گومانــەوە لێیـان دەڕوانێـت، بـەلآم دەبێـت ئــەم لێوردبوونەوە و ڕامانـە بـە ڕۆشـنبیریەکی دەوڵەمەنـد و بـالآ پـشت ئەسـتوور بێت، چونکە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ واقیعێکی کۆنکریتی کە خۆی لـە داب و نـەریت و بـەها چەقبەسـتووەکانی کۆمەڵگـەدا دەبینێتـەوە کـارێکی دژوارە و تـەنها لـە توانـا و دەسـەلآتی داهێنەراندایـە، کـە ئـەو بونیـادە چـەقگرتووە بهەژێنن و بیخەنە ژێر پرسیارەوە. نووسەر کاتێك لەم ڕوانگەیـەوە لـە واقیـع

---

(١) فلسفة الإلتزام في النقد الادبي، د.رجاء عيد، ص ١١٣.

(٢) موقف الشخصية الروائية من الواقـع الاجتمـاعى، د. احمـد ابـراهيم الهـواري، مجلـة الاقـلام، السنة ١٦، ع (١٢)، ١٩٨١، ص ٢٩.

دەڕوانێت ((هەموو ئەو شتانەی کە سروشتین دەبنە ناسروشتی، هەموو ئەوانەی لۆژیکین دەبنە نالۆژیکی، هەموو شتە دروستەکانیش نادروست و ناماقولْ دەبن))[1]. هەموو ئەمانەش دەرئەنجامی ئەوەیە کە نووسەر هەڵوێستێکی تری بەرامبەر واقیع وەرگرتووە و بەشێوەیەکی جیاواز لە واقیع دەڕوانێت. بۆیە کاری ئەدەبیش لەبری ئەوەی لە داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگە بەرگری بکات، دەتوانێ بزووتنەوەیەکی هۆشیاری وابخولقێنێت لە بەپیرەوە چوون بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی نوێ هاوکاربێت، کەلەسەر گیانی ڕێزگرتن و حورمەتی بەها مرۆڤایەتییەکان بنیاتنرابێت.

لەمیانەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئاکاردا، جگە لەوەی کە لە بەرهەمە ئەدەبیەکاندا دەتوانین درك بە بەها و نرخی پێوەرە ئاکاری و ڕەفتارییەکان بکەین، دەشتوانین سیمای کۆمەڵگەیەکی تایبەت لە کارە ئەدەبییەکاندا بدۆزینەوە، بە هەمان شێوە دەتوانین بەها و سەنگی بەرهەمە ئەدەبیەکان بەپێی بەها کۆمەڵایەتیەکان دیاری بکەین. دەشێ ئەو بەهاو پێوەرانەی کەبەها و نرخ دەدەنە کارە ئەدەبیەکان بەپێی سەردەم و سروشتی کۆمەڵگەکان و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان گۆڕانی بەسەردابێت، چونکە ((گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵایەتییدا، گۆڕان لە نرخی بەهاکاندا بەدوای خۆیدا دەهێنێت))[2]. هەربۆیە لەسەردەمی یۆنانیەکاندا و بەتایبەتی لای ئەرستۆ تراژیدیا هۆکارێك بووە بۆ ((خاوێنکردنەوەی سۆزەکان و وەدەرنانی ترسەکان، دیارە ئەمەش هیچ دژایەتییەکی لەگەڵ ئاکار و ڕەفتاردا نییە و بگرە پاکژ کردنەوەیەتی))[3]. دیارە تێڕوانینەکانی ئەرستۆ هەڵقولاوی واقیعی ئەوکاتە بووە، چونکە پێویستە نووسەران لە وێناکردنی کۆمەڵگەکانیاندا ئایدیالی نەبن، بەڵکو دەبێت کارەکانیان هەڵقولاوی هەلومەرج و واقیعە ڕۆژانەییەکانی دەوروبەر بێت و ئەوەیش لە پێناو هەوڵدان

(١) ن. م، ص ٢٩.

(٢) الادب و المجتمع المعاصر في المصر، تأ: د. سمير سعد حجازى، ص ٣٤.

(٣) في النقد الأدبي، د. شوقي ضيف، ص ٢١.

بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری، نەك خۆشاردنەوە و هەلأتن لە واقیع. هەندێك ڕەخنەگری تر لە دیدێکی ترەوە بۆ بەهای بەرهەمە ئەدەبییەکان دەڕوانن، چونکە ((ئەرکی ڕەخنەگر حوکمدان نییە لەسەر ناوەرۆکی کارە هونەرییەکان بەپێی واقیع، بەڵکو ئەرکی دۆزینەوەی - ڕاستگۆییە - هەرچۆنێك بێت و لەهەر شوێنێکدابێت))[1]. ڕاستگۆیی وەکو بەهایەکی بەرزی کۆمەلأیەتی بۆ دەرخستنی ئاستی بەرهەمە ئەدەبییەکان لە ڕووی هەڵسەنگاندنێکی ئاکارییەوە سوودی لێ وەرگیراوە.

لەسەدەی بیستەمدا دیسان کۆمەڵێك ڕەخنەگر لە ژێر ناوی (هیومانیستی نۆیدا)کۆبوونەوە و گرنگیان بەهەڵسەنگاندنی ئەخلاقی لە بەرهەمەکاندا دەدا. بەوپێیەی ((مرۆڤ ئەو ئەفریدەبووەیە کە دەشێ عەقڵ و مەیلی بەدەستگرتنی ئاستە ئەخلاقییەکانەوە لە ئاژەڵ جیابکرێتەوە. مرۆڤ وەکو مەخلوقێکی سەربەخۆ ڕادەوەستێ و لە پاڵنەرە ئاژەڵیەکان یان خۆسەپاندن دوور دەکەوێتەوە))[2]. بۆیە بەرهەمە ئەدەبییەکان ((چەندین پێوەری دەروونی و ئاکاری و کۆمەلأیەتی پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکەن و ڕەنگدانەوەی هەڵچوونەکانی مرۆڤن لە حالەتی هێمنی و بێدەنگیدا))[3].
چەندە کۆمەڵگە لە حاڵەتی گۆڕاندابێت ئەوەندە ئەم بەهاو پێوەرانە دەکەونە بەردەم گۆڕان و تازەبوونەوە. بۆیە دەبێت هاوچەرخانە و لە دیدێکی ڕەخنەییەوە لە کاریگەری بەهاو پێوەرەکان لەسەر ئەدەب بکۆڵینەوە و هەڵیان بسەنگێنین.

---

(١) النقد الأدبي الحديث، د.احمد كمال زكي، ص ٢٤٥.

(٢) ڕەخنەی ئەخلاقی لە ئەدەبدا، ن: ویلبەر سکۆت، و: عەتا قەرەداغی، گ نووسەری نوێ، خولی دوای ڕاپەڕین، ژ (٨)، ١٩٩٩، ل ٣٣.

(٣) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ٩١.

## تەوەری سێیەم: گۆران و کاریگەرییە ژینگەییەکانی دەوروبەر

**١. سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و رامیاری و رۆشنبیریەکان لە سەردەمی گۆراندا:**

بەمەبەستی رۆشنایی خستنەسەر تەواوی ئەزموونی شیعری گۆران، پێویستە لە ژینگە کۆمەڵایەتی و ئابووری و رامیاری و رۆشنبیریەکەی سەردەمی گۆران ئاشنابین. بۆ ئەوەی بتوانین لە نزیکەوە هێڵە گشتییەکانی واقیعی ئەوکات روون بکەینەوە، کە کاریگەریان لەسەر گۆران هەبووە. بێگومان ئەو لایەنانەی سەرەوە گرنگترین هۆکارن بۆ ئەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بخولقێن. دیارە کاریگەری ئەم لایەنانە جگە لەوەی رێگەخۆشکەربوون لە سەرهەڵدان و هاتنە مەیدانی چەندان رێبازی ئەدەبی و هونەری جیهانی لە مەودا بەرینەکەیدا، بەڵام هاوکات کاریگەرییان لەسەر داهێنەرانیشدا وەك تاك هەبووە.

ئێمە لە رێگەی کارە ئەدەبییەکانەوە دەتوانین زانیاری لەسەر سیستەمە ئابووری و رۆشنبیری و رامیاریەکان بەدەستبێنین. خوێندنەوەی خۆمان ئاراستەی ئەو دۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەی سەردەمێکی دیاریکرا و بکەین. بۆ نموونە کاتێك باس لە نەهامەتی و چەوساندنەوەی چینێکی ماندووی زەحمەتکێشی کۆمەڵگە دەکەین. دووچاری دەیان ئاستەنگ و گرفت لە بەرامبەر سیستەمی فەرمانڕەوایی وڵاتاندا دەبینەوە. بۆیە رەنگدانەوەی ئەم دۆخانە لە کارە ئەدەبیەکاندا نکۆڵی لێناکرێت، هەربۆیە ئەرکی رەخنەی کۆمەڵایەتی گرنگی دانە بەناوەرۆك و بونیادی دەقی ئەدەبی و پەیوەستکردنی بە واقیعە مێژوویی و کۆمەڵایەتیەکانەوە، بەڵام بۆ ئەوەی لێرەدا کارە رەخنەییەکانمان نەبنە بابەتی مێژوویی، پێویستە خوێندنەوەییەکی رەخنەیی کارا ئەنجام بدەین، لە پرۆسەی شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەی دیاردە ئەدەبیەکاندا ئەویش لە رێگای سازدانی زەمینەیەکی گونجا و ((رێکخستنیان لەگەڵ کۆمەڵێکی تر لە دیاردەکان لەسەر بناغەیەکی

دینامیکی دیاریکرا و لە ڕێگەی بەکارهێنانی تێبینی تاقیکراوە و پشتگیریکراو بـــە میتـــۆدی گریمانـــەکان))[1]. بۆیـــە لەگـــەڵ کۆکردنـــەوەی تێبینـــی و گریمانـەکانیش پێویـستمان بەتێگەیـشتنێکی تـەواوی دیاردەکـان هەیـە و لـە پاشدا ڕاڤەکردنیان. بەشێك لە شاعیران لە ڕێگـەی بەرهەمەکانیانـەوە لـە نـاو ژینگە کۆمەڵایەتیەکەیاندا خاوەن ئامانجێك بوون. بۆ ئاراستەکردنی کۆمەڵگە بـەرە و پێـشکەوتن و گەشـەکردن و چارەسـەرکردنی کێـشەکانیان، چـونکە دەبینین ئـەو کاریگەریـە زۆر تونـد و تۆڵـەی لـە نێـوان نووسـەران لەلایـەك و گۆمەڵگــە لەلایــەکی تــرەوە بەشــێوەیەك بــووە ((کــە لەپــشت زۆرێــك لــە شۆڕشــەکانەوە یــان بزووتنــەوە نەتەوایــەتی و حزبیەکانــەوە، کۆمــەڵێك لــە ئەدیبان هـەبوون. وەکـو.... بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی ئـەمریکی لـە سـاڵی ١٨٦٠ و شۆڕشی ڕوسیا لە ساڵی ١٩١٧))[2]. بۆیە پێویستە کەسـانی داهێنـەر بەڕۆحیـەتێکی مەزنـەوە پـێش کۆمەڵگـەکانی خۆیـان بکـەون و پێـشڕەوی گۆڕانکاری و چاکسازیبن.

ساڵانی تەمەنی ژیانی گۆران (١٩٠٤ ـ ١٩٦٢)، لە هەموو ڕوویەکـەوە کۆمەڵگە پاشکەوتوو بووە. خوێنـدەوار و کەسـانی ڕۆشـنبیر زۆر کـەمبوون و ئەوەشی هەبووبێت بەهەوڵ و کۆشـشی خـودی خـۆی پێگەیانـدووە، چـونکە دەسـەڵات و سیـستەمی فـەرمانڕەوایی بەرژەوەنـدیان لـەو دۆخـەدابووە. لـە ڕووی ڕامیاریەوە بە حوکمی ئەوەی ئەوکاتانە کەوتبوونە نێوان هەردوو شەڕە جیهانییەکەو کاریگەری هۆکارە دەرەکیەکان بۆ سـەر ناوچـەکە بەگـشتی و باشووری کوردستان بەتایبەتی و کێشەی نێـوان هـەردوو وڵاتـی عوسمـانی و ئێرانی، هێندەی تر بارودۆخی ناوچـەکەیان خـستبووە ژێـر بـارێکی نالـەبار و داتەپیووی ئابووری و بژێوی ژیان زۆر زەحمەت بـوو. خـەڵکانێکی زۆر بێکـار بوون و هیچ دەرفەتێکی خۆژیاندن و کەسابەتیان نـەبووە، چـونکە ئـەو کـات

(١) النقد الأدبي المعاصر(قضاياه واتجاهاته)، د. سمير سعد حجازي، ص ٤٣.

(٢) الأدب والمجتمع، تأ: محمد كمال الدين علي يوسف، ص ٤٢.

هیچ کارگەو کارخانەیەك یان شوێنێکی پیشەسازی گەورە لە شارەکانی کوردستاندا نەبووە. بەشێوەیەکی گشتی خەڵکەکە سەرقاڵبوون بەکشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەوەش تاڕادەیەك توانیویانە بژێوی ژیانیان دابین بکەن، هەرچەندە شێوازی کشتوکاڵکردنیش زۆر دواکەوتوو بووە و هیچ ئامێر و ئامرازێك نەبووە و کارکردن بەدەست یان بەهۆی ئاژەڵەوە بووە. هەربۆیە ئەوکات لە شارەکانی کوردستاندا بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانیان پشتیان بەلادێکانی دەوروبەری شارەکان بەستبوو، واتە لە ڕێگەی گوندەکانەوە پێداویستیە سەرەکییەکانی شارەکان دابینکراوە و پاشان لە شاریشەوە بەهۆی هەندێك پیشەی دەستی کە لە شارەکاندا هەبووە. بەرهەمەکانیان بەدێهاتەکان فرۆشتوەتەوە. هەربۆیەش چالاکی بازرگانی بەتایبەتی لەشاری سلێمانی سنووردار بووە، بەهۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا ((نەسەرمایەیەکی زۆر و نە سەرمایەدار هەبوو، ئەوانەی کە لە ناو شارەکەشدا بازرگانیان دەکرد زیاتر وابەستەی بەغدابوون و کەل و پەل و بەرهەمی ئێرەیان دەبردە بەغدا و لەوێوە پێداویستیەکانی بژێوی ژیانیان دەهێنا))[1]. ئەم بێکاری و هەژارییەی ئەوکات بارودۆخێکی سەخت و دژواری دروستکردبوو، هەربۆیە ((خەڵکی ئەو ساڵانەیان ناو نا بوو ساڵی گرانییەکە))[2]. لەگەڵ ئەو هەموو ناڕەحەتیەدا حوکمەتی ئەو کاتی عێراقیش بەهیچ شێوەیەك هەوڵی نەداوە بۆ چاککردن و باشکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و بەهانای غەمەکانیانەوە نەچووە. دیارە ئەم شپرزەییە و تاقەت لێبڕانەی خەڵکی لە ڕووی ئابوورییەوە، سەرباری ئەوەی لە ڕووی ڕامیاریشەوە هیچ ڕۆڵێکی لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیدا نەبووە. گومانی تێدانییە کە ئەم دۆخە ڕەنگدانەوەی

---

(١) شاری سلێمانی(١٩٣٢ ـ ١٩٤٥)لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ـ سیاسیە، ئاکۆ عەبدولکەریم مەحموود شوانی، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٠.

(٢) س. پ، ل ١٢.

لەسەر باری کۆمەلأیەتی هەبووە و ئومێدی پێشکەوتن و گەشەکردن زۆر زەحمەت بووە، چونکە میللەتی کورد ((لەسەرەتای سەدەی بیستەم دا دووچاری دوو دەردی کوشندەبوو بوو، یەکەمیان وەك زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژهەلأت لە ژێر ڕژێمی چینایەتی و دەرەبەگایەتی دا دەچەوسایەوە، دووەم لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی و مرۆڤایەتی بێ بەش کرابوو))[1]. سەرباری هەموو ئەو ئاستەنگانە لایەنی خوێندن و ڕۆشنبیریش لەوپەڕی پەرپوتی و دواکەوتویدا بووە. بەجۆرێك ژمارەی قوتابخانەکان لەهەر شارێکدا لە چەند قوتابخانەیەکی بچووك تێنەدەپەڕین، کە هیچ مەرجێکی خوێندنی تێدانەبووە تاکو ((ساڵی ١٩٣٤پۆلی سێیەمی ناوەندی لە سلێمانیدا نەبووە))[2]. بۆیە قوتابیان ناچار بوون بچنە شارەکانی تری عێراق بۆ تەواوکردنی خوێندن، لەگەڵ ئەوەی دەرفەتی خوێندنیش زۆر کەم بووە لەبەر سەختی باری ژیان. دیارە کچانیش ئەوەندەی تر لەم دۆخە زەرەرمەند بوون. چ لەبەر دواکەوتوویی باری کۆمەلأیەتی لەلایەك و نەبوونی قوتابخانەی پێویست بۆ خوێندن لەلایەکی ترەوە، چونکە قوتابخانەی کچان لە سلێمانیدا تەنها یەك ژووری بۆ خوێندن تێدابووە[3]. لەگەڵ ئەوەی قوتابخانەکان ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی مندالأنی کوردا هەبووە، بەهەمان شێوە ڕۆڵی حوجرە و مزگەوتەکان نکۆڵی لێناکرێت کە لەسەر دەستی زانا ئاینییەکاندا چەندین نەوەی خوێندەوار و ڕۆشنبیر پێگەیشتوون. هەر بەمەبەستی بلأوکردنەوەی خوێندەواری مەکتەبی زانستی شەوان ((گەورەترین خزمەتی ئەوانەی کرد کە کاروکاسبی ڕۆژ ڕێگەی خوێندنی لێگرتبوون و زۆرجار تەمەنیش ڕێگەی پێ نەدەدان کە لە مەکتەبی حکومەت بخوێنن))[4]. هەربۆیە دەبینین جگە لەوەی

---

(١) ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردی دا، خورشید ڕەشید ئەحمەد، دەزگای ڕۆشنبیری و بلأوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی الجاحظ، بغداد، ١٩٨٩، ل ٥٤.

(٢) شاری سلێمانی(١٩٣٢ ـ ١٩٤٥)، ئاکۆعەبدولکەریم مەحموود شوانی، ل ١٨.

(٣) بڕوانە: س. پ، ل ٢٣.

(٤) س.پ، ل ١٩.

قوتابخانـه و کۆمەڵـەکان هۆکارێـك بـوون لـە بڵاوکردنـەوەی خوێندەواریـدا بەهەمان شێوەش ((ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو بەسەر بووژاندنەوەی ڕۆشنبیری و نەشونمای جموجوڵی ئەدەبی. قوتابخانەکان، بەتایبەتی چالاکییە شـانۆیی و کولتوورییەکان، ڕۆڵیان هەبووە لە بڵاوکردنەوەی چەمکە ئەدەبییە تازەکان و نوێکردنەوەی چێژی ئیستاتیکیی خەڵك))[1]. بۆیە دەبیـنین سـەرەڕای هـەموو ئاستەنگەکان خەڵکانێکی زۆر هەوڵیان داوە خۆیان فێری خوێندن و نووسـین بکـەن و پـەرە بەئاسـتی ڕۆشـنبیری خۆیـان بـدەن. هەرچـەندە هەڵایـسانی بزووتنەوەیـەکی ڕۆشـنبیری هەنـدێکجار ((لـە نـاو خـودی میللەتانــەوە و هەنـدێکجار لـە ئـەنجامی بەریەککـەوتن لەگـەڵ نەتـەوەکانی تـردا ڕوودەدات. هەربۆیە گۆڕانی ڕۆشـنبیری کێـشەی گـەورە لـە کۆمەڵگـەدا دەخاتـەڕوو، کـە زۆرجـار گـۆڕانێکی بنـەڕەتی لـە کۆمەڵگەکانـدا بەرپادەکـەن))[2]. لەلایـەکی تریـشەوە هۆکـارێکی تـر کـە ڕۆڵێکـی گرنگـی هـەبوو لـە پێگەیانـدنی ئاسـتی ڕۆشـنبیریدا دامەزرانـدنی چـاپخانەکان بـوو ((کـە بـووە هـۆی دەسـپێکردنی بزووتنـەوەی چـاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسـی، لـە ئاکامیـشدا تازەبوونەوەیـەکی دینامیکیانـــەی ئـــەدەبی...، سیـــستەمی ڕۆشـــنبیری لـــە دەستنووســـەوە گواستەوە بۆ سیستەمی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەگەری))[3].

گـەلی کـورد لەگـەڵ بەرەوپێشچوونی ئاسـتی خوێنـدن و ڕۆشـنبیریدا درکیـان بـەوەکرد کـە هـەوڵی تاکەکەسـی و ناوچـەگەری نایانگەیەنێتـە هـیچ ئاکامێـك بۆیـە هاوکـاربوون لـە ((دروسـتبوونی دەیـان ڕێکخـراوی سیاسـی و پیشەیی، دامەزراندنی دەیان کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە نـاوەوەی

---

(١) شیعری نوێی کوردی ڕەگوڕیشەکان(١٨٩٨ ـ ١٩٥٨)، فـەرهاد پیربـاڵ، لـە بڵاوکراوەکـانی گرووپی هانەی ئیعلامی(٩)، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٣٨.

(٢) علم الإجتماع و مفهوم الثقافة، د. فؤاد شاهين، مجلة الفكر العربي، السنة الثانيـة، ع (١٤)، ١٩٨٠، ص ٦٩.

(٣) شیعری نوێی کوردی ڕەگوڕیشەکان(١٨٩٨ ـ ١٩٥٨)، فەرهاد پیرباڵ، ل ٣٦.

کوردستان و له دەرەوەیدا))[1]. کۆمەڵەی زانستی کوردان کە لە ساڵی (١٩٢٦)دا لە سلێمانی دامەزراوە نموونەی ئەو هەوڵانەیە.

ئەگەر لە چوارچێوەی ئەوبارە ئابووری و رۆشنبیریەدا سەرنجی باری کۆمەڵایەتیش بدەین. دەبینین بەهەمان شێوە کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی هەبوو یان بەواتایەکی تر ((دۆخی کۆمەڵایەتی تا ئەندازەیەکی بەرچاو رەنگدانەوەی بارە ئابوورییەکەی گوزەران و بژێوی خەڵکە و هەر ئەو لایەنەش واتە لایەنی ئابووری زۆر داب و نەریت و کولتوور رەنگ رێژدەکات و لە کۆمەڵدا دەیچەسپێنێت))[2]. کەواتە هەلوومەرجی کۆمەڵایەتیش لەو پەڕی شپرزەیدا بووە، بەهۆی داب و نەریتی دواکەوتوویی کۆمەڵگە و نزمی ئاستی رۆشنبیری. بۆیە تەنانەت لە شارەکانی کوردستاندا هیچ شوێنێکی حەوانەوە و کات بەسەربردن نەبووە، پیاوانیش شوێنێکیان شکبردبێت ((تەنها چایخانە و قاوەخانەکان بووە، کەزۆرترین کاتیان تێدا بەسەر بردووە))[3]. بەلاّم سەبارەت بەژنان و منداڵان هیچ جێگەیەکی شیاو نەبووە. کەپەنای بۆ بەرن و لە سایەیدا هەندێك بحەوێنەوە.

سیاسەتی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لە رووی کۆمەڵایەتیەوە پەستانێکی دەروونی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە دروستکردبوو، چونکە لە بەردەم هەر رێگا چارەیەك رێگربوون. سەرباری ئەمەش ((گوشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بن دەستی داگیرگەری ئینگلیز و پاشان سیاسەتی زوڵم و زۆرداری دەوڵەتی عوسمانی دەستبەرداری هەندێك لە بەها کۆمەڵایەتییەکانی بێت و رێڕەوێکی تر لە ژیانی رۆژانەی بگرێتەبەر))[4]. زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی لەو شێوەیەدا خۆی پێبگەیەنێت.

---

(١) س. پ، ل ٣٣.

(٢) شاری سلێمانی(١٩٣٢ ـ ١٩٤٥)، ئاکۆ عەبدولکەریم مەحموود شوانی، ل ٢٤.

(٣) س. پ، ل ٢٦.

(٤) شیعری کوردی لە روانگەی پێوەرە سۆسیۆلۆژیەکانەوە(نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم)، د. ئازاد عەبدولواحید کەریم، گ ئایندە، سلێمانی، ژ (٦٢)، ٢٠٠٥، ل ١٨ ـ ١٩.

کاریگەری ئەم هەلومەرجە لەسەر دەستەی ڕووناکبیران و بیرمەندان زیاتر بووە. ئەوان زیاتر و زووتر هەستیان بەبێزاربوون کردووە و بیریان لە گۆڕانکاری کردووەتەوە. ئەگەرچی ئەم هەلومەرجەش لەگەڵ ویست و حەزی شاعیرانیشدا نەدەهاتەوە، بەڵام هەوڵیان لەپێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارەکاندا داوە، کە بتوانن هیچ نەبێت بە کارە ئەدەبیەکانیان کۆمەڵگە لە پێشهاتەکانی ئەو دۆخە ئاگادارکەنەوە و دەوری مێژوویی خۆیان بگێڕن. بۆیە شاعیرانیش لەوساتەوەختەدا بە دوو شێوە گوزارشتیان لەو دۆخە دەکرد ((هەندێك لە شاعیران لە نێو شیعرەکانیاندا هەوڵیان داوە بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە چوارچێوەیەکی سنوورداری کۆمەڵایەتی و جارناجارێکیش سیاسی بخەنەڕوو. هەندێکی تر لەشاعیرانی کورد پەنایان بۆ بابەتە ئاینییەکان دەبرد و شیعرەکانیان لە پێناوی ئایندا دەڕەخساند))[1]. شاعیرانی کورد هەمیشە ڕۆڵی پێشڕەوایەتیکردنیان لە کۆمەڵگەی کوردیدا بینیووە، هەمووکات میللەت چاویان لەدەست و قەڵەمی شاعیران بووە، چونکە شاعیران لەڕێگەی ڕەخنەگرتن لە دیاردە کۆمەڵایەتییە نەشیاوەکان کۆمەڵیان لە ئاکامەکانی ئەو دیاردە نەویستراوانە هۆشیارکردۆتەوە. کەواتە بەرهەمی ئەدیبان و شاعیرانی کورد تاڕادەیەکی زۆر توانیویەتی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە و داب و نەریتانەی کەبڵاوە بەوەرگرەکانی ئاشنا بکات، بۆیە دەتوانین ((لەڕێگەی کارە ئەدەبیەکانەوە نیشانەی کەسایەتی تاکی کوردی دەستنیشان بکەین))[2]. واتە ئەدەب بەجۆرێك وێنەی تاکی لە ناو کۆمەڵدا کێشاوە کەهەست بە بەرجەستەبوونی هەموو سیفەتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان بکرێت.

---

(١) س. پ، ل ١٩.

(٢) طبيعة المجتمع الكردي في أدبه(دراسة نفسية اجتماعية أدبية)، تأ: بدرخان عبدالله السندي، ج ١، مطبعة بلدية كركوك، ١٩٦٧، ص ٢٩.

ئەم کاریگەرییە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لـە ئـەدەبیاتی عەرەبیـشدا بەهــەمان شـێوە بەرچـاو دەکـەوێت. ئـەویش بـە کاریگــەری ڕۆشنبیری و شارستانییەتی ئـەوروپا، ئـەو ڕۆشـنبیر و ئەدیبانـەی بانگـەوازی ڕیفۆرم و گۆڕانکاریان دەکـرد، ئـەدەبیان کردبـووە سـەکۆیەك بـۆ بانگـەوازی گۆڕانکاری و بڕواهێنان بەقبوولکردنی واقیعێکـی نـوێ بـۆ ژیـان ((لـە ڕێگـەی چیرۆك و وتار و شانۆکانیانەوە ڕاستەوخۆ خزمەتی کۆمەڵگـەیان دەکـرد، کـە لــەو پەیامــە پــەروەردەیی و فێرکاریانــەی کــە لــە بەرهەمەکانیانــدا بــوو گوزارشـتیان لـێ وەدەکـرد، هـەروەکو جـبران لـە ڕێگـەی بەرهەمەکانییـەوە دەیویـست کێـشەی ژنهێنـان بخاتـە ڕوو کـە لەسـەر بنـەمای خۆشەویـستی دانەمـەزرابێت))[1]. بۆیـەلای نووسـەرانی عـەرەبیش هـەوڵی چارەسـەرکردنی کێـشەکانی کۆمـەڵیان لـە ڕێگـەی بەرهەمـە ئەدەبیەکانـەوە داوە، ئەگەرچـی زیاتر شێوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری یاخود ئامۆژگاری پێوە دیاربووە.

بەشێکی زۆر لە شاعیرانی کورد، لەهـەموو کـات و سـاتەکاندا لەگـەڵ ئازاری میللەتەکەیاندا ژیاون. لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی نەتەوایەتیمانـدا شاعیران ڕۆڵـی هۆشـیارکردنەوە و بەئاگاهێنانـەوەی نەتەوەکـەیان بینیـووە، تەنانەت لە ئەدەبیی میللیشماندا ((مۆرکێکی خـەبات و تێکۆشـانی ئاشـکرای پێوە دیارە...تەنانەت گۆرانیەکانیش پڕن لەگیانی تێکۆشانی گەلەکەیان، کە بەشێوەیەکی سادە گوزارشت لە دروشمەکانی بزوتنـەوەی نەتەوایـەتی کـورد دەکەن))[2].

هەربۆیـە دەبیـنین لـە سـەردەمی هاوچـەرخدا ڕۆڵ و ئـەرکی ئـەدەب جێگەی گرنگـی و بایـەخ بـووە. ئـەم گرنگیدانـەش لـە دووڕودا دەردەکـەوێت یـاخود لـە دوو سیـستەمی حوکمڕانیـدا جیـاوازی بەرچـاو دەبیـنین، لـەلای

(١) الأدب في العالم متغير، د.شكري محمد عياد، ص ٣٢.

(٢) الواقعية في الأدب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسول، منشورات المكتبة العصرية، صيدا، بيروت، د. ت، ص ٥٤.

دەوڵەتە ((تۆتالیتارەکان....ڕۆڵی کۆمەلأیەتی نووسەر ئەدەبیات هەردەم بەچاوێکی نێگەتیڤ سەیری کراوە و کارگەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی نووسەر زیندانی بکرێ و کتێبی لێ بسووتێنرێ و هەردەم لە ژێرچاودێریدا بوونە))[1].
هەمیشە دەسەلأت هەستی بەکاریگەری ئەدەبیات کردووە، کە جگە لەوەی ئاگادارکەرەوەی کۆمەڵ بووە، لە ستەم و زۆرداری لە هەمانکاتیشدا لەسەر سیستەمی فەرمانڕەوایی چاودێرێکی تیژبین بووە. ئەمەش وایکردووە کەهەمیشە ڕژێمە دیکتاتۆرەکان دژی ئازادی بیرو داهێنان بوونەتەوە، بەلأم لە ڕژێمە دیموکراسیەکاندا ئەم هاوکێشەیە تەواو پێچەوانە دەبێتەوە و ((داهێنانی وەك داکۆکیکەر لەو سیستەمە حسێب کردووە))[2].

گۆرانی لە قۆناغەکانی ژیانی شیعریدا هەمیشە لە بەرزبوونەوە و گەشەکردندا بووە، هەر قۆناغێکی ژیانی گوزارشتە لەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی کە لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا هەیبووە ((تا بەسەرهات و کارەساتەکانی ناوکۆمەڵگا و چەوسانەوە نەتەوایەتی و چینایەتییەکان لە بەیەکداچوون و خەست بوونەوەدا بوونایە، ئەویش پێ بەپێی ئەو گۆڕانە کۆمەلأیەتیانە لە گۆڕان و چاوکردنەوە و وردبوونەوەدا بووە، ڕۆژگار ڕوداو و کارەساتی گەورەی هێنایەکایەوە، چەوسانەوەی ئادەمیزاد و کردنیان بەسووتەمەنی گەورەترین شەڕی جیهانی دووەم))[3]. ئەمانە هەموویان وایان لە گۆران کرد کە بەرەو قۆناغێکی تر لە دنیای داهێنانی شیعریدا هەنگاو هەڵگرێت. گۆران لە شیعری (تاوێ نەگەڕا)دا نهێنی و ڕازەکانی ژیانی خۆی کە مرۆڤێکی هۆشیار و بە ئاگایە وێنادەکات:

---

(١) ئەدەب و کۆمەڵگا، د. موحسین ئەحمەد عومەر، گ ڕامان، ژ (١٠٥)، ل ١٢٢.

(٢) س. پ، هـ. ل.

(٣) چەند سەرنجێك لە گۆرانی لووتکە، شێرکۆ بێکەس، گ ڕۆشنبیری نوێ، ژ (٦٤)، ١٩٧٨، ل ٦٤ ـ ٦٥.

**زیاتر سەبەبی عەقڵ و شوعوورە خەفەتی من،**

**بۆ غەفڵەت و نیسیانە هەمـوو نۆشی شەرابم !** [1]

گـۆران لێـرەدا ((هـۆی سـەرکردنە سـەرخواردنەوە و بـادانی ملـی شووشەی شەراب، دەگێڕێتەوە بۆ ڕادەی هۆش و تێگەیشتن و ئاگایی و بۆتە هـۆی خـەمباربوون و تلانـەوە. واتـە: ئەگـەر (عـەقڵ و شـوعوور) نەبوایـە، نەیدەتوانی پەی بەکێشەی کۆمەڵایەتی و کارەساتی شەخسی خۆی بـەرێت)) [2]. ئەم دێڕە شیعرە ئەگەر بەدیوێکی تردا بیخوێنینـەوە، ئـەوە دەسـەلمێنێ کە گۆران ئەگەر ویستبێتی وەکو شاعیرێك یان وەکو هونەرمەندێك تـەنها بـۆ هونەرەکەی بژی، ئەوا ویستێکی گەورەتر کـە (عـەقڵ و شـعوورە) ڕێگـرن لـە بـەردەوام بـوون و دەیانـەوێت گـۆران لـە دەوروبـەر دانـەبڕێت. دەبێـت ئـەو ڕاسـتیە بـزانین کـەکاتێك گـۆران لـە ڕۆمانـسێتەوە بـەرە و ڕیـالیزم دەڕوات دەرئـەنجامی ئـەو هۆشـیارییە چـالاکەیە کـە وەك داهێنـەرێك لـە ناخیـدا دەیجووڵێنێت، چونکە گۆران تاکو تەمەنی بەرەوهەڵکشان بـچوایە ئـەزموونی شیعریـشی بـاڵاتر دەبوو، هۆکەشـی ئەوەیـە کـە نەیویـستووە دابڕاوبێـت لـە کۆمەڵگەیەك کەسەرتاپای جەستەی برینی قووڵە و پێویـستی بەسـاڕێژ بـوون هەیـە، لەئـەنجامی بـاڵابوونی هـزری خۆیـدا درکـی بەمەینـەتی و ئازارەکـانی گەلەکەی دەکرد!...بۆیە دەبینین گـۆران لـە سـەردەمی ڕۆمانسیەتیـشدا لـە کۆمەڵ دانەبڕاوە و گۆشەگیر نییـە. لەوێدا لەگـەڵ ئـێش و ئازارەکانی تاکدا دەژی. ئەمـەش یەکێکـە لـە بنـەماکانی ڕۆمانـسیەت کـە لـە دەوری تاکـدا دەسووڕێتەوە. تاك لە وێدا هـەموو شـتێکە، بـەڵام تـاکیش تـاکێکی کۆمەڵـە.

---

(١) دیوانی گۆران(سەرجەمی بەرهەمی گۆران)، محەمەدی مەلا کەریم، ب ١، چاپخانەی کـۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا، ١٩٨٠، ل ٦٧.

(٢) گۆران لـە یادەوەری هاوچـەرخەکانیدا، ئامـادەکردن و کۆکردنـەوە و پێشەکی: مامۆسـتا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٢٥.

کەواتە گۆران لە ڕۆمانسیەتیشدا هەر لە خەمی کۆمەڵدا بووە، بەڵام بە شێوەیەکی تر.

گومانی تێدانییە کە ژینگەی دەوروبەر کاریگەری خۆی لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە و داهێنانی هونەرمەندان هەیە. گۆرانیش کە سەرتاپای ژیانی مەینەتی و زیندان بووە. بەشێکی زۆری تاڵاوی ڕۆژگاری چەشتووە ((ئەو گۆڕانە فیکرییەو خۆ بەستنەوەی بەڕێبازێکی سیاسی دیار و ئاشکراوە، هەرگیز نەبووە هۆی ئەوەی مەشخەڵی شیعری تیا بکوژێنێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، دەرگایەکی گەورەی لەسەر (ذاتە)ڕۆمانسیەکەی کردەوە (ناوەرۆکی شیعری تازەتری)پێ بەخشی و چووە ناو ئازار و ئاواتی ئادەمیزادەوە))[1]. کەواتە بەشێکی زۆری ژیانی ئەدەبی گۆران لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگەدا تەماسێکی ڕاستەوخۆ بووە. بەردەوامی کارەسات و نەهامەتیەکانی ژیان، لای گۆران مەیدانی داهێنانی شیعری و باڵا بوونی ئەزموونەکانی بووە. هەر ئەم ئەدگارە مەزنەیە کە گۆرانی وەکو ڕابەری نوێ کردنەوەی شیعری کوردی ناساندووە و نەمری پێبەخشیووە.

**٢. کاریگەری ژینگە و دەوروبەر لە پرۆسەی داهێنانی گۆراندا:**

ئەگەربمانەوێت لە داهێنانی گۆران بدوێین. ئەستەمە بتوانین لەو ئەزموونە تێبگەین ئەگەر بە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی لەلایەك و ژیانی هونەرمەندانە و ئەفرێنەرانەی خودی خۆیەوە پەیوەستی نەکەین، لەلایەکی ترەوە ((لێکدانەوە و باسکردنی ژیانی گۆران بێ بەستنەوەی ئەو زانیاریانە بە ژیانی هونەرمەندانە و داهێنەرانەی گۆرانەوە دەیکاتە تێکستێکی بیۆگرافی بێگیان، لەلایەکی دیکەشەوە ئەو لەیەکدابڕینەی ژیان و هونەری گۆران و

---

(١) چەند سەرنجێك لە گۆرانی لووتکە، شێرکۆ بێکەس، گ ڕۆشنبیری نوێ، ژ (٦٤)، ل ٦٥.

شیعرەکانیشی دەکاتە کۆمەڵە تێکستێکی بێبنج و بێرەگوڕیشە))[1]. پێویستە لەم ئاستەدا بۆ ئەوەی پەی بەداهێنانی گۆران ببەین و لەو زەمینە ڕەخساوە بکۆڵینەوە و پردێك لە نێوان ژیانی پڕ زەحمەت و ئازار و نەهامەتی گۆران وەك تاکێکی ناو کۆمەڵ دروستکەین، بەلآم تاکێك لە ئاستی هۆشیارییەکی چالاکدا، لە پاشان گرێدانی ئەم لایەنە بە ئەفراندنەکانی لە بواری شیعردا، لەهەمانکاتدا ئیعتیبار دانان بۆ بونیادی کۆمەلآیەتی کۆمەڵگە بەوسیفەتەی کە مەیدان و زەمینەی گەشەکردنی ئەزموونەکەیەتی، چونکە گۆران بۆ خۆی ((گەنجینەیەکی بەنرخە و بەشێکی دەوڵەمەندی فەرهەنگ و شارستانیەتی نەتەوەی کوردە))[2].

ئەگەر لە ڕەوتی بزوتنەوەی ئەدەبیات بڕوانین. دەبینین زۆربەی کات ململانێیەکی ئەدەبی لە نێوان دوو بەرەدا هەبووە کە بریتین لە بەرەی ((تەقلیدی و نوێخوازەکان، کە بەتێڕوانینی تەقلیدیەکان ئەدەب....هەمیشە پارێزرا و بووە و لەسەر ڕەوتی پێشینانی هەنگاوینەوە، بەلآم نوێخوازەکان هەمیشە بە چاوێکی پڕ مەترسی و گومانەوە لەئەدەبیان ڕوانیووە، بەواتایەکی تر دەتوانین بلێین هەموو کات ئەدەبێك هەبووە، کە بابەت و ڕێگا بەکارهاتوو تاقیکراوەکانیان پیادە کردووە، بەلآم لە بەرامبەردا ئەدەبێك هەبووە، هەمیشە بۆ گەیشتن بەشێوازی نوێ لە مجازەفەدا بووە))[3].
دەتوانین بلێین ئەم بۆچوونە پوختەی ئەو ململانێ ئەزەلیەیە کە لە نێوان کۆن و نوێدا بەردەوامە. هەربۆیە داهێنان بۆ خۆی پێویستی بەجۆرێك لە مجازەفەکردن هەیە. وتنی ئەو شتانەیە کە نەوتراوە، نەك جوینەوە و دووبارە کردنەوەی ئەزموونە کۆنەکان بێت. ئەمەیەکە پێویست بە لە

---

(١) چیرۆکی ڕۆحێکی کڵۆڵ(گۆران:٤٥ ساڵ دوای مردنی)، فەرهاد شاکەلی، هەفتەنامەی فەرهەنگیی هەولێر، بلاوکراوەیەکی فیکری - ڕەخنەییە، ژ (١)، ٢٠٠٩، ل ٦.

(٢) س. پ، هـ. ل.

(٣) الأتجاهات الأدبية في القرن العشرين، ر. م. ألبيريس، ت: جورج ترابيشي، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، ١٩٦٥، ص ١٨٢.

خۆبردوویی و لێبڕان دەکات بۆ ئەوەی ئەدەب لە سیستەمە باو و تەقلیدیەکان ڕزگاربکەین.

دیارە بۆ ئەوەی لە گیانی کۆنخوازی ڕزگارمان بێت. پێویستمان بەوە هەیە کە بەچاوێکی ڕەخنە ئامێزەوە تەماشای مێژوومان بکەین. بەدیدێکی پڕ لە پرسیارەوە لە ژینگە و واقیع و ڕەفتار و ئاکار و مۆرکە کۆمەلآیەتییەکەی چواردەورمان بڕوانین، ئەگەرنا زەحمەتە بتوانین ڕابردوو جێبهێڵن و هەمیشە لە ناو خولگەیەکدا دەسووڕێینەوە. ئەویش بە دووبارە کردنەوە و هێنانەکایەی ڕابردوو بۆ ئێستا ((هەوڵدان بۆ بەجێهێشتنی نەوەی پێشتر و بەگژداچوونی نیشانە و ڕەمزەکانی دیاردەیەکە لە مێژووی فەرهەنگی و ئەدەبیی زۆربەی گەلاندا دووبارە دەبێتەوە))[1]. خۆتەریك کردن و دوورە پەرێزی بە بیانووی بە دەستهێنانی ژیانێکی ئاسوودە و کامەران، گیانی داهێنان لای شاعیران و نووسەران دەکوژێت و دووچاری دەردی کورت بینیان دەکات، بەشێوەیەك ناتوانن واقیع بینانە ژینگەی خۆیان بخوێننەوە، کاتێك داهێنەر وردبینانە لە دیاردەکانی دەوروبەر دەڕوانێت. ئەو توانایە بە خوێنەر دەبەخشێت کە گومان لە ساتەکانی خۆی بکات و ئەو سەقامگیرییە و ئارامیەی کە بۆ خۆی دروستکردووە دەکەوێتە بەر شەپۆلی پرسیار و دەگاتە حاڵەتێك، کەهەست بەتێپەڕاندنی ئێستا دەکات و دەیەوێت بەرە و ئایندە بەڕێبکەوێت. لێرەوە ڕەخنەی کۆمەلآیەتی دەتوانێت ((دەقی ئەدەبی بکاتە مەیدانێك بۆ بەشداریکردنی لە بونیادنانی کاردانەوەی مرۆڤەکان سەبارەت بە واقیع و ببێتە گوتارێك لە گوتارەکانی مرۆڤ، سەبارەت بە بارودۆخی لە نێوان بوونەوەر و ڕوداو و شتەکاندا....ئەگەر ڕەخنە بەم ڕەوتە کاری کرد کرانەوە دەبێت بەڕووی تازەگەریدا))[2]. ڕۆڵی ڕەخنە لێرەدا دۆزینەوەی مرۆڤی ئەمڕۆیە لە ناو ئەو جیهانە جەنجاڵەی کە تەکنەلۆژیا

---

(١) چیرۆکی ڕۆحێکی کلۆڵ، فەرهاد شاکەلی، هەفتەنامەی فەرهەنگیی هەولێر، ژ (١)، ل ٩.

(٢) مدخل إلى مناهج النقد الأدبي، تأ: مجموعة من الكتاب، ص ١٦٦.

هەموو گۆشەكانى تەنيووە، لەلايەكەوە دەبێت بە جۆرێك خوێنەر بهەژێنێت كە هەست بە چييەتى مرۆڤ بوونى خۆى لە كۆمەڵدا بكات، لەلايەكى ترەوە پێكەوە بەستنى تاكەكانى كۆمەڵگە لە چوارچێوە كۆمەڵايەتيەكەيدا لە سەر بنەماى ئەو بەها و پێوەرانەى كە هەڵگرى تۆوى چاكە و سوودى گشتين بۆ كۆمەڵ. بۆيە ئەگەر دەقێك نەتوانێت، ئەم حاڵەتە بەرجەستە بكات ئەوكات لە چوارچێوەى كۆمەڵايەتى دادەبڕێت و تواناى بەردەوامى نابێت.

كارتێكردن و كاريگەرييەكى بەهێز لە نێوان نووسەران و كۆمەڵگەدا هەيە، بێگومان ئەمەش لەڕێگاى بەرهەمى ئەدەبييەوە ئەو بەردەواميى و كارتێكردنە بەردەوام دەبێت، جگە لەوەش كۆمەڵگە بۆ خۆى سەرچاوەيەكە نووسەر كەرەستەكانى لىٚ وەردەگرێت و لەڕێگاى ئەو كەرەستانەوە بونيادى كارەكانى خۆى دەنێت. ئەو هاوكێشەيەى لەم پەيوەندييە دياليٚكتيكييەدا دروست دەبێت كاتێك نووسەر كەرەستەكانى لە كۆمەڵگە وەردەگرێت و پاشان لە فۆرمێكى هونەريدا جارێكى تر بە كۆمەڵى دەيبەخشێتەوە، پێويستە هەڵگرى چێژێكى شيعرى يان هونەرى بێت تاكو بتوانىٚ كاريگەرى لە سەر تاكەكان جێبێڵێت، يان بە واتايەكى تر (( كاتێك شاعير لەو كەرەستانەى كە لە ژينگەى دەوروبەرى وەريدەگرێت و كارە هونەرييەكەى پىٚ بونياد دەنێت، لەم ناوەندەدا كۆمەڵێك كارليكى ناو خۆيى لە نێوان كەرەستەكاندا دروست دەبێت، كە لەو پەيوەنديە دياليٚكتيكييە ئەزەليە تێكئالاو و چڕە دەردەچێت كە لە نێوان تاك و كۆمەڵدا هەيە، مەبەستيش دروستكردنى جووڵەيەكە بۆ ئەوەى لەو واقيعە وەستاوە ئازادبن و بوون بەرە و ئاسۆيەكى باشتر و چاكتر هەنگاو بنێن))[1]. كەواتە تواناى داهێنانى شاعير لەو ئاستەدا دەردەكەوێت كەتاچەند ئەو كەرەستە و دياردە كۆمەڵايەتيانەى لە شيعرەكانيدا بەكارى دەهێنێت. كاريگەرى لەسەر وەرگر دروست دەكات و

(١) الشعر و الواقيع الأجتماعي في النقد الحديث، د. عبدالقادر الرباعي، مجلة الأقلام، ع (٨)، ص ٥٢.

بەجۆرێك ئامادەی دەكات كە بەدیدێكی نوێوە لە دەوروبەری بڕوانێت، چونكە زۆرێك لەو دیاردانە بوونێكی بەرجەستەكراو ماددیان نییە، بەڵكو تەنها لە چوارچێوەی گوتندا دەردەكەون، بەڵام كاتێك لێهاتوویی نووسەر بە دیاردەكەوێت كە ئەو كەرەستە دەرەكیانە لەگەڵ حەز و ویست و ئیرادەكانی خۆیدا وەك داهێنەرێك پێكەوە گرێدەداتەوە و جارێكی تر لە ڕێگەی هزری خۆی و هەڵچوون و خواستە خەڵاقەكانی خۆیدا بە شێوەیەكی هونەری بەرز و شایستە پێشكەشمان دەكاتەوە.

شاعیری داهێنەر بۆ ئەوەی وجودی خۆی بسەلمێنێ ((لەخاڵێكی سەرەتاوە كەئەویش هەست و نەستی خۆیەتی دەستپێدەكات.... ئازارە تایبەتیەكانی خۆی وەك شتێكی جیهانی و نەمر پیشان دەدات، هاوكات دەشێ ئەم دەربڕینی ئازارە بدەینە پاڵ هەموو تاكێكی كۆمەڵ، چونكە گومانی تێدانییە كاتێك شاعیرێكی مەزن گوزارشت لە خۆی دەكات هاوكات گوزارشت لە جیلەكەی خۆشی دەكات))[1]. گۆران لە شیعری (زەنگی پەستی)دا بەدروستی لەم خاڵەوە دەستی پێكردووە، بەحوكمی ئەوەی داهێنەر بووە توانیویەتی دیالۆگێگ لە نێوان لایەنێكی نادیاری جەستە كە (ڕۆحە) و هەست و نەستی خۆیدا كە دواتر لەگەڵ هەست و نەستەكانی ئێمەی وەرگردا یەكدەگرێتەوە دروستبكات و لایەنێكی نادیار و شاراوەمان بۆ بەرجەستە بكات:

**ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری**
**دڵم، هەڵسا زرەی زەنگی فگاری،**
**بە ئەسپایی، بەبێ هێزی، بەعاستەم**

---

(١) مختارات من النقد الأدبي المعاصر، د. رشاد رشدي، مكتبة الأنجلو المصرية، مطبعة العلوم، مصر، ص ٦٠.

هـەوای ڕۆحـم ئەخـاتە سەرلـەرەی خـەم!

- - - - - - - - - - - - - -

زمانێـك، بەسـتەیەك، دەنگێـك، نەوایـەك،
سـكالأیەك، هەناسـە و ئـاخ و ئایـەك..
كـەتێی ناگـەم، كـە نـازانم ئەڵـێ چـی،
بـەلأم خـوڕ خـوڕ لـە گـەڵیا ڕۆحـم ئەگـری!
چی یە ئەی ڕۆحی بێ لێوار و بێ پـەی،
لـە تۆ ناشـارەزایی مـن هەتـا كـەی ؟ [1]

ئەم شیعرە زادەی بیركردنەوە و تێڕامانێكی قووڵە. هەڵگری فكرێكی باڵأیـە، چـونكە هەریـەكێك لـە ئێمـە زۆرجـاران بـەرە و ڕووی شـەپۆلێك لەبێهیووایی و شكستی دەبینەوە، كە بێگومان زۆرجار هۆكارەكەی دیارنییـە و ڕەنگە بەخەیاڵیشماندا نـەهاتبێت كـە باسـیان لێـوە بكـەین، بـەلأم گـۆران حسابی بۆ وردترین و دوورترین شتكردووە، هەوڵی داوە لەگەڵ ڕۆحـی خۆیـدا بكەوێتە گفتوگۆ بەئومێدی وەدەسـتهێنانی چـەند وەلأمێـك! (چـی یـە ئـەی ڕۆحـی بـێ لێـوار و بـێ پـەی،) هەرچـەندە دڵنیایـە لـەوەی كـە جیهـانی ڕۆح جیهانێكی بێ سنوور و بێ كۆتاییە، بەلأم گۆران ئامـادەی مجازەفەیـە و ڕۆح بـەرە و ڕووی كۆمـەڵێك پـرس دەكاتـەوە، كـە هـەموویان پرسـی ئـەزەلین سەبارەت بەلایەنە نادیارەكانی مرۆڤ. گۆران بـۆ خـۆی لـە پـەراوێزی شـیعری زەنگی پەستی دا دەڵێت: ((هەندێ جار، لە قووڵأییی دڵما، هەستی پەسـتی یەك ئەكەم، لە چەشنە مەستی یەك ئەچێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەنـدەم بـیر و خەیاڵ و لێكدانەوە لێ ئەوروژێنێ، شەكەتم ئەكات))[2]. گـۆران دەنگـی ڕۆحـی خۆیمان پێ ئاشنا دەكا. ئەم پرسـین و گومانانـە هەمیشە گۆرانیـان بـەرە و

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا كەریم، ل ٢٢٦.

(٢) س. پ، ل ٢٢٦.

جیهانی داهێنان بردووە. ئەمانە کۆمەڵێك ئەدگار و سیمای تایبەتی گۆران کە لـە کارەکانیـدا ڕەنگدانـەوەی هەیـە ((داهێنـەر کەسـێکە خـاوەنی بەهرەیـە، بەهرە بەو مانایەی وزە و توانایەکی ڕەسەنە لە نائاگایی داهێنەردا ئەویش بۆ وزەیەکی ئاگایی و هەستپێکراوی دەگۆڕێت، تـاوەکو ڕاسـتیەکان بدۆزێتـەوە، تاوەکو گۆڕانکاری و کێشەکانی نێو کۆمەڵ و مرۆڤایەتی تاووتوێ بکـات و لـە ڕوانگە و گۆشەیەکی ڕوون و نوێ ودروستەوە چارەسەرەکانیان دەستنیـشان بکات))[1]. گۆران مەبەستیەتی لە نهێنی و ڕازە نادیار و بێ وەڵامەکان بگات.

ئەگەرچی بابەتی کاری ئەدەبی بـۆ خـۆی گوزارشـتە ((لـە دەربڕینـی سروشتی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی حەقیقی، بەرزکردنەوە و پێگەیانـدنی ئـەو سروشتە بۆ پلەیەکی بڵندتر، دیارە ئەمەش لـە دنیـابینی ئەدیبانـدا دەتـوانێ فەراهەم بێـت))[2]. بۆیـە شـاعیریش دەیـەوێت دەقێکـی بـەرز بخـوڵقێنێ. بـۆ ئـەوەی بـەردەوامی پەیوەنـدی نێـوان ئـەدەب و دەوروبـەر مـسۆگەر بێـت. لەلایەکی تریشەوە داهێنەران تەنها دەربـڕی دەنگـی خۆیـان نـەبوون، بـەڵکو نمایندە و نوێنـەری دەسـتە و چینەکانی کۆمەڵگـەی خۆیـان بـوون، چـونکە ((گومانی تێدانییە کە هونەر وەکو هەموو جۆرە داهێنانەکانی تر هـیچ ڕۆژێـك لە ڕۆژان، تەنها گوزارشتێکی خودی نەبووە، بەبیانووی تێرکردنی دەربـڕین و پێداویـستیە تایبەتیـەکانی نووسـەر....بـەڵکو لـە نێـوان پێداویـستیە تایبەتیەکانی هونەرمەند و پێداویستی و داواکارییەکانی کۆمەڵدا ململانێیەکی حەتمی مێژوویی هەیە))[3]. لە کاتێکدا کە کـارە ئـەدەبی و هونەرییـەکان بـە چوارچێوەی بەرژەوەندی نێوان تاکی نووسـەر و پێداویـستی و خواسـتەکانی کۆمەڵگەوە دەبەسترێتەوە. لە خۆیدا زەمینە سازییەك بۆ پرۆسـەی داهێنـان دەکرێت، تەنانەت دەتوانین بڵێین داینەمۆی جووڵاندنی داهێنان ئەو ململانـێ

---

(١) داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرەیەکەوە، ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسووڵ، ل ١٥٨.

(٢) التيارات المعاصرة في النقد الأدبي، د. بدوي طبانة، ص ١٨٣.

(٣) السوسيولوجيا والأدب، د. قصي الحسين، ص ٨٤.

دەرونییەیە، چونکە ((هونەر لەو ململانێیەدا لەدایك دەبێت کە لە نێوان خود و کۆمەڵدا دروست دەبێت، بەلاّم نووسەرێك کە هەمیشە لە ململانێیەکی بەردەوامدا دەژی لەگەڵ کۆمەڵگەدا...کەواتە ئەوە کەسێکی داهێنەرە))[1]. کەسێك دەتوانێت داهێنەربێت کەبتوانێت خودی خۆی بناسێ و لەدەورو بەرەکەیدا خۆی بدۆزێتەوە، لەپاشان دەتوانی درك بەحەقیقەتی نێوەندەکەی و ئاستەنگەکانی بکات. داهێنەر خاوەنی خوێندنەوەی داهاتووی هەیە و دەستەوەسان و نامۆ ناوەستێت و ژینگەی کۆمەلأیەتی خۆی لە بەرچاو دەگرێت، چونکە ((بارودۆخی کۆمەلأیەتی ئەو نێوەندە ڕاستەوخۆیە دەگەیەنێت کە دەبێتە کاریگەرییەکی دەروونی و کۆمەلأیەتی لە سەرتاك چ لەڕووی باری ئابووریەوە یان پەروەردەیی یان ڕۆشنبیری بێت، تاکی داهێنەریش بە گوێرەی ئەو کاریگەرییە کۆمەلأیەتیە چالاکی و کارەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێت))[2]. هەرچەندە ئەزموونەکانی نووسەر زیاتر بێت، ئەوا زیاتر دەتوانێ داهێنان ئەنجام بدات. هەر ئەو گیانی داهێنانەی ناو کارە ئەدەبییەکانە کەوادەکات دەقەکان بە چەند جۆرێك بخوێندرێتەوە و ڕاڤەیان بۆ بکرێت، کەواتە ((ڕەگەزی جیاکردنەوەی کاری کەسێکی داهێنەر پێویستە زیاتر ئەفراندن بێت، نەك تەنها کارێکی وەسفی لە خۆ بگرێت، چونکە هەستی داهێنەرانە واپێویست دەکات کە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوە گەرمەکاندا ڕاستەوخۆ بەبێ پەردەبکات))[3]. مرۆڤی داهێنەر ئاسایی نییە و جیاوازە و ((مرۆڤێکی ناجێگیر و پڕ لە نیگەرانی و پڕ لە پەشێوییە و هەمیشە لە تێڕامان و جووڵە دایە و کەمتر ئارامی بە خۆیەوە دەبینێ، بۆ مرۆڤی داهێنەر سەقامگیری نییە))[4]. شیعری (زەنگی پەستی) گۆران وەك لە

(١) ن. م، ص ٨٤.

(٢) داهێنان لە ڕوانگەی چەند تێوەرەیەکەوە، ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسووڵ، ل ١٠٩ ـ ١١٠.

(٣) في النظرية النقدية، محمود البستاني، ص ٣٥.

(١) گەڕان بە دوای نەمری و تەسکبوونەوەی ڕووبەری مەرگ لە شیعری(نیان)ی گۆراندا، عەتا قەرەداغی، گ ڕامان، خولی دووەم، ساڵی نۆیەم، ژ (٩٥)، ٢٠٠٥، ل ١١.

ناونیشانەکەیەوە دەتوانین بیخوێنینەوە، مەدلوولی زەنگ بریتیە لە بە ئاگاهێنانەوە لە دۆخێکی دەروونی تایبەتیدا کە دووچاری خودی شاعیر بووە ئەویش ( پەستیە). بێگومان وێنای ئەو شڵەژانە دەروونیە دەکات کە داهێنەری تێکەوتووە:

**کەدێ پەستم، کە نایە ئارەزووی دڵ**

**بە دوویا وێڵ ئەبێ: مەنزڵ بە مەنزڵ!** (١)

کاتێ ئەو زەنگە دێت و شاعیر وەئاگا دەهێنێتەوە (پەستی)یەك دایدەگرێت، کە بۆ داهێنەرێکی وەك گۆران ئەم دەقە جوانەی لێکەوتووەتەوە. لە هەمانکاتدا کاتێك کە ئەو شەپۆلە پەستیە نادیار دەبێت. ئەوا شاعیر لە ئەنجامی ناسەقامگیری ناوەوەی خۆی هەست بە ناکارایی و بێ چالاکی خۆی دەکات. هەربۆیە شاعیر بەردەوام هەوڵدەدات کە شەپۆلی پەستی لێ بزرنەبێت و هەمیشە پەیوەندی لەگەڵدا هەبێت. داهێنەران خاوەنی ئیرادە و ویستی زۆرترن، دەتوانن زیاتر ڕووبەڕووی ئەو هەلومەرجانە ببنەوە کە چ وەك تاك دووچاری باری دەروونی و فیزیکیان دەبێتەوە و چ لەو دۆخەدا کە کۆمەڵگەی بەرە و ڕوودەبێتەوە. هەربۆیە گۆران وەك تاکێکی کۆمەڵگە لە ڕێگای بەرهەمەکانیەوە توانیوویەتی ناوەوەی خۆی بەئێمە بگەیەنێت. بۆ ئەوەی لە وێنەی ئەودا هەست بەبوونی خۆمان لە واقیعدا بکەین.

(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٢٢٧.

## تەوەری چوارەم: ڕەهەندە تایبەتییەکانی گۆران

### ١. گۆران وەك تاكێكی كۆمەڵایەتی

خودی گۆران وەك بوویەكی كۆمەڵایەتی ژیانی بەچەندین وێستگەی جیاوازدا تێپەڕیووە، هەریەك لەم وێستگانە بۆ خۆی لای شاعیر مەیدانی چەندین ئەزموون و تاقیكردنەوە بوون ، كە بەجۆرێك لە جۆرەكان لە دەقە شیعریەكانیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە. كەدەكرێت لە هەریەك لەم ئەزموونانەوە وێنای ئەو ساتانەی واقیعی كۆمەڵگە بكرێت، بۆیە دەتوانین ((لە ژیانی نووسەرەوە، بۆ گشت ژیانی كۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە و ئەو ناوەندە كۆمەڵایەتییە بچین كەنووسەر تێیدا گەورە بووە و ژیاوە. دەشێ ئێمە زانیاری زۆر دەربارەی باری كۆمەڵایەتی، خێزانداری، مەرجە ئابووری و ژیارییەكانی دیكە كۆبكەینەوە))[1]. مرۆڤی ئاسایی هەمیشە خوازیاری ئەوەیە كە بەشێوەیەكی هێمن و ئارام بژی و خۆشگوزەرانی بۆ خۆی و بۆ بنەماڵەكەی دابین بكات، بەڵام گۆران كەلە تەمەنی دوازدە ساڵیەوە دەستی بە دانانی شیعر كردووە، ئەگەرچی ئەمە وەك سەرەتایەك بووە و گۆران خۆی بە دروستی ساڵی ١٩٢٥ وەك سەرەتای تەمەنی شیعری دەستنیشان كردووە[2]. لەلایەكی ترەوە ((گۆران لە ژمارە ٦١ی پێشكەوتن دا لە ساڵی ١٩٢١، واتە لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا، یەكەمین بەرهەمی خۆی، پەخشانێكی جوانی بڵاوكردۆتەوە: ئەسەفی ماضی و ئەندێشەی ئیستیقبالم))[3]. ئەگەرچی ئێمە لێرەدا مەبەستمان لە دیاریكردنی ساڵی یەكەم بەرهەمی نییەو بەقەد ئەوەی مەبەستمانە پیشانی بدەین كە ژیانی سەرتاپا لە نێو

---

(١) ئەدەب وكۆمەڵگا ، د. موحسین ئە حمەد عومەر، گ ڕامان، ژ (١٠٥)، ل ١٢٠.

(٢) بڕوانە: شعر الشاعر الكردي المعاصر(عبدالله گۆران)، تـأ: حسين علي شانوف، ت: شكور مصطفي، من منشورات المثقف الجديد(٢)، مطبعة دار الجاحظ ، بغداد، ١٩٧٥، ل ١٩.

(٣) شیعری نوێی كوردی، فەرهاد پیربال، ل ١٩٨.

شیعردا گوزەراندووە، دەبێت گۆران چی لە شیعر ویستبێت؟ ئایا ئەویش هەروەکو مرۆڤێکی ئاسایی بیریکردوەتەوە؟ یان بیرکردنەوەی گۆران وەك خاوەن بەهرەیەك لەسەرتر بووە، چونکە ((شاعیر دەیەوێت وێنای ڕەهەندە ئایندەییەکان بگرێت و لەگەڵ هیوا مرۆڤایەتییەکاندا بیگونجێنێت، لەو ڕوانگەیەوە کەشاعیر دەیەوێت لێیەوە بڕوانێت، هەر ئەمەشە جیاوازی لە نێوان دەقە ئەدەبییەکاندا بەپێی جیاوازی نووسەرانیان دەسەلمێنێت، هەرچەندە کە هەموویان هەمان ڕەگەزە ژیانی و کۆمەڵایەتییە لێکچووەکان بەکاردەهێنن، بەڵام تاکیەتی مرۆڤ لە بواری هەست و هزرکردندا حەقیقەتێکە نکۆڵی لێناکرێت و شاعیر هەمیشە بوونی خۆی دەسەلمێنێت))[1]. بێگومان ئەزموونی خودیی گۆران لەو چوارچێوە خێزانی و کۆمەڵایەتیەدا کەتیایدا ژیاوە ڕۆڵێکی گرنگی لە تێگەیشتنی واقیعی کۆمەڵگە و نەهامەتی و کەموو کورتیەکانی کۆمەڵگەکەی هەبووە، چونکە ئەزموونی خودیی ((ئەو ئەزموونەیە کە شاعیر پێیەوە دەتلێتەوە، ئەم ئەزموونەش بە هەستە تایبەتییەکان دەوڵەمەندە، ئامانجی لە باسکردنی ئەم ئەزموونە تایبەتیە دەربڕینی کێشەیەکی دیاریکراوی خۆیەتی،....بۆ ئەمانەش سوود لە ئەزموونی ژیان و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت، هەر ئەم لایەنە کۆمەڵایەتیەشە کە خوێنەر بۆ کارەکەی ڕادەکێشێت .....، چونکە هەمان ئەزموونی خودی شاعیر بەسەر زۆرێك لە ئێمەدا پراکتیزە دەبێت....لە هەموو ڕەگەزە دەروونییە هاوبەشەکانی وەکو، خۆشەویستی و سۆز و ڕق لێبوونەوەدا دەردەکەوێت))[2]. جگە لە ئەزموونی خودی شاعیر کەرەستەی خاو لە ژینگەی کۆمەڵایەتی و دەوروبەرەکەی وەردەگرێت و لە بونیادی کارە ئەدەبییەکاندا سوودی لێ دەبینێت.

---

(١) الشعر و الواقيع الأجتماعي في النقد الحديث، د. عبدالقادر الرباعي، مجلة الأقلام، ع (٨)، ص ٥٤.

(٢) الأدب و المجتمع، تأ: محمد كمال الدين علي يوسف، ص ٣٥.

ژیانی گۆران سەراسەر ئەزموونی تاڵ و ناخۆشی بووە ((یەك بەیەکی خوشك و برا و باوکی لە دەست داوە. مەرگی هەریەکێکیان شوێنەواری دەروونی و برینی قوڵی لە دڵی شاعیردا جێهێشتووە، هەربرین و (تراوما ـ Trauma) [*]یەکیش لەکەسایەتی و شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە)) [1].

گۆران ئەم لایەنە تراژیدیە کاریگەرییەکی گەورەی هەر لەسەرەتای تەمەنییەوە بۆ دروست کردووە و لە شیعردا ئەم حاڵەتەی وێناکردووە:

**تاویٚ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حیسابم،**
**بیٚ ناڵە نی یە پانیهیەك تاری ڕوبابم !**
**هەر لە ڤەیەکی مەهدی هەزار گریە بو ئەفسوس،**
**ساڵانی مناڵیم و هەموو عومری شەبابم !** [2]

لەم پارچە شیعرەدا کە بەشێوازێکی کلاسیکی نووسراوە. گۆران گوزارشت لەو دۆخە نائاساییەی ژیانی دەکات. کەپڕاو پڕ گریان و خەم بووە، ئەگەر تەمەنی منداڵی و گەنجی بۆ خۆی دنیایەکی پڕ لە کامەرانی و شادی بێت و تەمەنێکی پڕ لە هیوا و ئاوات بێت. ئەوە لەلای گۆران بەپێچەوانەی ئەو تەمەنەوە سەرلەبەری ئازار بووە. ئەمانە هەموو بوونەتە ئەزموون و کاریگەری دەروونیان لەسەر بەجێهێشتووە. ئەزموونی خەیاڵیش ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی شاعیردا هەبووە، بەو پێیەی کە جۆرێك لە ئاماژەکردنی بۆ بارودۆخی کۆمەڵگە تێدایە، هەرچەندە شاعیر ئەم ئەزموونانە لە فکری خۆیدا دروست دەکات یان لە ڕێگەی هەستەکانیەوە دەتوانیت ڕوداوێك یان کێشەیەك بەرهەم بهێنێت و لە دەقەکانیدا گوزارشتی لێبکات، ئەم ئەزموونە خەیاڵیە ئەندازەی توانستی شاعیرمان لە تێفکرین و هزرکردندا بۆ دەرەخات، چونکە ئەزموونی خەیاڵی بۆ خۆی ((لەسەر بنەڕەتی گریمانەی هزری بونیاد

---

(*) تراوما: بە مانای برینی جەستەیی و دەرونی دێت.

(1) گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق، ل ٢٣ ـ ٢٤.

(2) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٦٧.

دەنرێت، کە لەو کێشە فیکری و کۆمەڵایەتیانەی کەدەشێ ڕوبدەن یان ڕوودانیان مەحاڵە دەدوێت. گوزارشتە لە ئارەزو و هیوا مرۆڤایەتیەکان، وەکو ئەو بانگەوازانەی بۆ ئاشتی و هاوسۆزی لە نێوان مرۆڤەکاندا دەکرێت))[1].

نووسین ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگەیەوە شاعیران دەتوانن خۆیان بەتاڵ بکەنەوە یاخود بەواتایەکی تر لە ئەنجامی کارلێکیان لەگەڵ کۆمەڵگەدا بارگاوی دەبن و پاشان لە ئەنجامی درککردن و هەستکردنەوە دەتوانن فکرەکانیان بۆ کۆمەڵگە بگوازنەوە، لە هەمان کاتیشدا بە جۆرێك لە ئارام بوونەوە و هێوربوونەوەی دەروونی دەگەن. شاعیر وەکو تاکێك لە سەرەتاوە بارگاوییە یاخود هەڵگری ((مۆرك و نەریتی خێزانەکەیەتی، کە توانستە عەقڵی و دەرونی و هەستیەکانی بە میرات لەوانەوە بۆ ماوەتەوە، پاشان هێدی هێدی لە ڕێگەی توانستی خودییەوە یان لەڕێگەی کارلێکی کۆمەڵگەوە تواناکانی پەرەدەستێنن و هەموو ئەمانە لە دروستبوونی کەسایەتیەکەیدا ڕۆڵ دەبینن))[2].

وێستگەیەکی تر لە ژیانی گۆراندا کە جیهانبینییەکی فراوانتری پێبەخشیوە و ئەزموونی فراوانکردووە بەردەوامی هاتووچۆکردنی بووە چ لە نێو کوردستان و عێراقدا بەتایبەتی یان لە ڕێگەی گەشت و سەفەرەکانیەوە بۆ دەرەوە، چونکە ((بۆ ناسینی خودی خۆمان پێویستمان بە ناسینی دەوروبەرە، هەربۆیە گەشتیش هەرچۆنێك بێت بەشێکی سەرەکییە لە ژیانی مرۆڤ لەم گەردوونەدا و وەسیلەیەکی بەسوودە بۆ ئەوەی قووڵایی ئەم گەردوونە درك پێبکەین))[3]. هەربۆیە سەرجەم گەشتەکانی گۆران بۆ فەلەستین (حەیفا و یافا)و ئەو گەشتانەی کە وەکو وەفدی میللی لەساڵی

(١) الأدب والمجتمع، تأ: محمد كمال الدين علي يوسف، ص ٣٨.

(٢) ن. م، ص ٦٩.

(٣) ادب الرحلات (دراسة تحليلية من منظور انثوجرافي)، د. حسين محمد فهيم، سلسلة عالم المعرفة، مطابع الرسالة، الكويت، ١٩٨٩، ص ٤٣.

١٩٥٨ بۆ ولآتانی سۆسیالیستی ئەنجامی داون[١]. ئاسۆی بیرکردنەوەی فراوان کردووە، هەرچەندە دوورکەوتنەوە لە زێد و خاك و نیشتمان ڕەنگە هەلگری جۆرێك لە نۆستالۆژیابێت بۆ ولآت و شوێنی هۆگری، چونکە ئەو هەستی نامۆیی و نۆستالۆژیایە بە واتای گەڕانەوە بۆ ڕابردوو بۆ ئەو شوێنەی کە شاعیر تێیدا ژیاوە و حالەتێکە لە ناو ئەدیباندا بلاوە. بۆیە ((یەکێك لە خەسلەتەکانی مرۆڤ گەشتکردنە، ئەگەر بە پالنەری ئابووری یاخود بە ئارەزووی دۆزینەوەی گەردوون و ژینگە و کۆنترۆلکردنی سروشت بێت، هۆکارن بۆ ئەوەی مرۆڤ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جێگۆڕکێ بکات))[٢]. ئەگەر گۆران ئەو گەشتانەی بۆ ڕوسیا نەکردایە ئەوا شیعری (وەلآمی پرس)کە لە سالی ١٩٦٢ نوسیویەتی لە دایك نەدەبوو. سەرەڕای ئەوانەش لە هاوینە گەشتەکانی هەورامان و قەرەداغدا، دیسانەوە سوود وەرگرتنە لە ئەزموونی سەفەر و گەڕانەکانی و هەموویان دەرئەنجامی تەماسی ئەو شاعیرە پایە بلندەیە لە ڕوانینەکانی بۆ دەوروبەر، بۆیە شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە بارەی گەشتەکانی گۆرانەوە دەلێت: ((ئەگەر سەفەر لە ژیانی شاعیر دا بهێنینە دەرەوە، دیارە ئەزمونەکانی ئەو شاعیرە کەم دەبێتەوە))[٣].

ڕەهەندێکی تر لایەنی زیرەکی و لێهاتوویی شاعیرە لە ڕێگای بەردەوام بوون لە پرۆسەی خوێندن و نووسیندا، کە زەینێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەرزی پێدەبەخشێت. دەتوانێت بەشێوەیەکی شیاو کار لەگەل هەلوێستەکاندا بکات. بۆیە گۆران هەرزوو درکی بەدواکەوتوویی کولتوری کۆمەلگەکەی کردووە. بەوپێیەی کە بەشێوەیەکی کەم لە مرۆڤی

---

(١) بڕوانە: گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە توفیق، ل ٤٥٠.

(٢) لون من أدب الرحلات(دراسة نقدية)، د. عثمان موافي، الأسكندرية، ١٩٧٣، ص ٥.

(٣) گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق، ل ٢٦١.

هونەرمەندیان ڕوانیووە. هەربۆیە گۆران لە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)دا دەیەوێت لە ڕێگەی دەروێش عەبدوڵڵاوە وێنای خۆی بکات و لە موعاناتەکانی تێبگەین. گۆران مەبەستیەتی پێمان بڵێت ئاستی پێشکەوتن و شارستانی بوونی میللەتانی جیهان (سەنعەت و ئەدەب و هونەرە):

**بەڵێ، دیارە، لە ناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار**
**وەکوو عەکسی قەمەر وایە لە ناو حەوزێکی لیخندا،**
**بەڵام تەختی ڕوفاه وتاجی حورمەت میللەتی هۆشیار**
**بە ئوستادیێ ئەدا وەك تۆ لە ناو شمشاڵی کون کوندا** (١)

گۆران لەو شیعرەدا ((جیۆگرافیای ناوەوەی خۆی وێنا دەکات. ئێمە دەزانین ئەو پیاوە چەندان جار گیراوە و بەندکراوە و تووشی ئازاردان و ئەشکەنجەیەکی زۆر هاتووە)) (٢). ئایا ڕەوایە کۆمەڵگە بەم چاوە لە داهێنەر و هونەرمەندان بڕوانێت؟..بۆیە گۆران ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری بە هۆکارێك دەزانێ بۆ تێگەیشتن لە واقیعی کۆمەڵگە و جیاکردنەوەی شتە جوان و باڵاکان، چونکە ڕێزگرتن لەم جوانیانە بە دنیای شارستانیمان دەگەیەنێت.

**لەبتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای، وەڵڵا**
**دە، ئەی دەروێش، سکاڵایەك لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە!.** (٣)

لەدوا نیوە دێڕی هۆنراوەکەدا گۆران بە تەواوەتی مەبەستی خۆی ئاشکرا دەکات و دەیەوێت (سکاڵایەك) پێشکێش بکات، لە بەرئەو هەموو نەهامەتی و گێژاوەی کە تێیکەوتووە. دیارە گۆران ویستوویەتی هونەرمەندانە بژی و ژیانی بۆ خزمەتی داهێنانەکەی تەرخان بێت، بەڵام

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١١٩.

(٢) چیرۆکی ڕۆحێکی کلۆڵ، گۆران:٤٥ ساڵ دوای مردنی، فەرهاد شاکەلی، هەفتەنامەی فەرهەنگیی هەولێر، ژ (١)، ل ٨.

(٣) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٢٠.

دیاره گۆران له ئاستی هونەری خۆی ڕازی نییەو له شیعری (بۆ گەورەیەکی شیعر دۆست)دا ئەم ڕازه ئاشکرا دەکات، چونکه ئەوپێی وایه شیعری بەرزو جوان کەمەبەستی له شیعرێکه زیندووبێت، شیعرێك به خۆی بدوێت، شیعرێك که هەر وشەیەکی ڕامان پسکێنێت:

**شیعرێ که هەر دەنکێکی زرنگەی زەنگ بێ**
**هەر کەرتێکی نەخشێکی ڕەنگاوڕەنگ بێ !**
**شیعرێ گیانی تیابێ و بـــزێ و ببزوێ ،**
**زوبانی دڵ بزانێ و باش پێی بـــدوێ....** (۱)

دیاره بەلای گۆرانەوه ڕەنگه ئەمه پێناسەیەکی شیعر بێت. چونکه ئەو شیعرێکی دەوێت نهێنیەکانی ناوەوەمان پێبگەیەنێت، هەر وشەیەکی زەنگێك بێت، ئاگادارمان بکاتەوه. بۆیه گۆران پێیوایه ئەم جۆره شیعره بۆ یەکێك زەحمەته که لەلایەك بژیوی ژیان پەیداکات و لەلایەکی تر سەرقاڵی داهێنان بێت، هەرچەنده ئەمەش ئەوه دەسەلمێنێ که گۆران چەنده مەزن و گەورەبووه له داهێناندا، بەڵام له ئەزموونی خۆی ڕازی نەبووه و تەبریری بۆ هێناوەتەوه:

**له پاشـــانا، قـوربـــان ڕەنـــگه بزانـی،**
**مەئموورێکی بچووك، وەك مـن، ژیـــانی**
**گەردن کەچی نانه، حوکوومـــەت، نانیش**
**بۆی ژەم به ژەم حیساب ئەکا بەپێی ئیش!** (۲)

له ڕوویەکی ترەوه گۆران هەمیشه شەیدای جوانی بووه. وێڵی دوای دۆزینەوەی جوانییەکی شاراوه بووه. وێنەی جوان و بەرزی تاشیوه. ڕەنگه ئەوەی که زۆر باس کرابێت لای گۆران بریتی بێت له جوانی ئافرەت و سروشت، بەڵام پرسیارەکه لێرەدایه. بۆ گۆران هێنده شەیدای جوانی بووه؟

---

(۱) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١١٤.
(۲) س. پ، ل ١١٥.

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ڕەنگە بڵێین هۆکارێکی سایکۆلۆژی لە پشتەوە بووە کە پەیوەندی بەخودی خۆیەوە هەبووە ((گۆران پیاوێکی تاڕادەیەك کورتە باڵا و لەڕولاواز بووە، وەك پاڵپێوەرێکی سایکۆلۆگی، ئەم لاوازی و کورتییە وای لە گۆران کردووە کەهەستی جواناسی و جوانیپەرستیەکەی شێوەیەکی تایبەت وەربگرێت، گۆران کەبیر لە ژنی نموونە دەکاتەوە، ژنێك کەسەرچاوەی عەشق و ئەوین و جوانی و شیعر، بەلاّم هاوکات، لەوەیش گرنگتر، سەرچاوەی لەزەت و خۆشی ڕۆحی و بەدەنی بێت))[1]. ڕەنگە ئەمە لایەنێکی وەلاّمەکە بێت، بەلاّم دەشێ شیکردنەوەی دیکەش هەڵبگرێت. ئەویش ڕەنگە پەیوەندی بە ئەزموونی گۆرانەوە لە بارەی ئافرەتەوە هەبێت. گۆران دووژنی هێناوە، بەلاّم دیارە لەم هاوسەرگیریانەدا بەختەوەر نەبووە، یاخود ڕەنگە ئەو جیهانە نەبووبێت، کە ئەو خەونی پێوە بینیووە ((هەر لە سەرەتای لاوێتیدا، بەبێ ئارەزووی خۆی دایکی کچێکی خزمی خۆیانی لێ مارەبڕی تادوا هەناسەی ژیانی لە گەڵی بوو، بەلاّم بەداخەوە ئەوکەسە نەبوو کە دڵی گۆرانی پێ بگەشێتەوە..کێ چوزانێ، لەوانەیە ئەم بێبەختی یەی گۆران بووبێ بۆ ئەو بەمایەی بەختەوەریی ئەدەبی کورد و گۆرانی والێ کردبێ ئەو هەموو شیعرە جوانە بۆ ئافرەت و جوانی بڵێ))[2].

گۆران لەگەڵ ئەوەی کە هەموو ئەزموونەکانی ژیانی ئازار و تلانەوە بووە، بەلاّم لە جیهانی شیعر و ئەدەبدا بێ وێنە و بێ هاوشان بووە. ئەزموونێکی دەوڵەمەند و قوتابخانەیەکی ئەدەبی بۆ بەجێهێشتوین. هەربۆیە گۆران ڕەنگە ژیانی کردبێتە قوربانی بۆ ئەوەی گۆران بێت و شاعیر ئاسا بژی. هەربۆیەش شیعرەکانی دابڕاو نەبووە لە سەردەم و دەوروبەری خۆی و

(١) چیرۆکی ڕۆحێکی کڵۆڵ، گۆران: ٤٥ ساڵ دوای مردنی، فەرهاد شاکەلی، هەفتەنامەی فەرهەنگیی هەولێر، ژ (١)، ل ٦.

(٢) گۆران پێشەنگی قوتابخانەی نوێی شیعری کوردی، محەمەدی مەلا کەریم، گ ڕۆشنبیری نوێ، ژ (٦٤)، ١٩٧٨، ل ٥٦.

لە ناو کرۆکی موعاناتەکاندا لە دایك بووە. گۆران لـە ڕێگـەی شـیعرەکانیەوە هەم خودی خۆی دەنووسێتەوە، هەم وێنایـەکی ئـەو ژینگەیـەشمان دەداتـێ کەتێیدا دەژی.

٢. بەبابەتکردنی حاڵەتە خودییەکان لای گۆران:

ئەو دینامیکیەتەی لە نێوان خود و بابـەت دا هەیـە. کاریگەریـەکی وا دروسـت دەکـات کـە زۆر جـار زەحمەتـە بتـوانین ڕاڤەیـەکی دروسـتی ئـەم دوالیزمە بکەین، ئەگەر لە چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکەیدا نـەبێت، ئـەویش لـە بەرئەوەی ((هەمیشە لە ناخی کێشە خودییەکاندا کێـشەیەکی بابـەتی هەیـە، هەروەکو چۆن ناخی کێشە کۆمەڵایەتییەکان شوێنێکە کێشەکانی تاك بەیـەك دەگەیەنێت. ئەزموونی ئەدەبی کێشەیەکی کاتییە بۆ خودی نووسەر، بەڵام ناتوانێت بگاتە لووتکە و خۆی بسەلمێنێ، ئەگەر تێکەڵی کۆمەڵ نەبێت، لـەو خودیەتە ڕزگار نابێت، تاکو لە واقیعێکی تایبەتیەوە بەرەو واقیعێکی گشتی هەنگاو نەنێت))[1]. کەواتە مەیدانی بەیەکگەیشتنی ئەم دوالیزمە لە سـنووری واقیعدایـە، چـونکە ئـەو زەمینەیـەی کـە کۆمەڵگـە دەیڕەخـسێنێت سـنووری هەموو کێشەو ململانێکانی خود و بابەت لە کـارە ئەدەبیەکانـدا زۆر لێکنزیـك دەکاتـەوە، یـاخود بەمانایـەکی تـر تێکـەڵ بەیـەکتری دەبـن. هەربۆیـە بـەم شـێوەیە لێکدەدرێتـەوە ((کـە ئـەو کێـشەیەی لـە دەروونـی ئـەدیب دا هەیـە ڕەمزێکە بۆ ئەو کێـشانەی لـە ویـژدانی مرۆڤایەتیـدا هـەن، چـونکە کۆمەڵگـە بوارێکـە ئەزموونـە ئەدەبییـەکان کامـڵ دەکـات و بەیـەکیان دەگەیـەنێت. هەروەکو چـۆن تاکـەکانیش لـەم بـوارەدا بەیـەك دەگـەن و کامـڵ دەبـن))[2]. لێرەوە دەکرێت بـەم جـۆرە پێناسـەی هـەر یـەك لـەم چـەمکانە لـە مەیـدانی ڕەخنەی ئەدەبییدا بکەین ((خود لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بـەو مانایـە دێـت کـە

---

(١) فلسفة الالتزام قي النقد الادبي، د. رجاء عيد، ص ٨٤.

(٢) ن. م ، ن. ص.

ڕەخنەگر لە خود و زەوق و کەسایەتی خۆیەوە دەست پێبکات، بەبێ ئەوەی مل بۆ هیچ پرەنسیپێکی زانستی و کۆمەڵایەتی و حوکمی پێشوەختە بدات....چاك و خراپ بەپێی هەستەکانی خۆی دیاری دەکات))[1]. بەڵام بابەتی بوون تەواو پێچەوانەیەو ((ڕەخنەگر بە تەواوەتی خۆی لە سۆزە خودییەکانی دادەبڕێت، لەو گۆشەیەوە دەست پێناکات کەچی بە دڵەو چی ڕق لێیە، بەپێی مەزهەبی ئاینی یاخود ئینتمای سیاسی حوکم ناکات، بەڵکو وەك کەسێکی بێلایەن مامەڵە لەگەڵ دەقدا دەکات. دەتوانێ هەموو ئەو حەقیقەتە نهێنی و ئاشکرایانە بدۆزێتەوە کە لە دەقەکەدا بوونی هەیە))[2].

ئەگەر لێرەدا بپرسین، ئایا دەقە ئەدەبییەکان تا چەند ڕۆڵیان لە دەرخستنی لایەنی خودی نووسەر یان لایەنە بابەتیەکەیدا هەیە؟ دیارە وەڵامی ئەم پرسیارە پەیوەندی بە سروشتی پێکهاتنی هەریەکێك لە دەقە ئەدەبییەکانەوە هەیە. بۆ نموونە شیعری ویژدانی بۆ خۆی مۆرکێکی خودی پێوەیە و گوزارشتە لە خودی شاعیر یاخود بیرو بۆچوونی شاعیر یان بەشێوەیەکی گشتی گوزارشت کردنە لە خود و یەکێکە لە سیماو خەسڵەتەکانی ڕێبازی ڕۆمانسیەت، بەڵام بابەتی بوون ئەوە دەگەیەنێ کەشاعیر یان نووسەر بێلایەنانە لە کێشەکان بڕوانێت بە بێئەوەی هەست و سۆزی خۆی تێکەڵ بکات.

زۆرجاران نووسەران لە ڕێگەی چەمکی خودەوە گوزارشت لە بابەتی بوون دەکەن بۆ نموونە (ڕاسین) (١٦٣٩ - ١٦٩٩)لە شانۆ نامەکانیدا ((گوزارشت لە جۆرە هەستێکی خودی تایبەتی بە خۆی دەکات، بەڵام لە چوارچێوەی وێناکردنی سۆز و هەستی کەسایەتی ناو شانۆ گەرییەکانیدا.... هەروەکو چۆن لە فۆرمێکی بابەتیانەدا بیرو بۆچوونەکانی خۆی

---

(١) مدخل الى النقد الأدبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، ص ٦٢.

(٢) ن. م، ص ٦٣.

پەخشکردووە کە لە واقیعدا لەگەڵ بیروباوەڕە خودییەکانی دا گونجاوە))[1].
دیارە هەریەك لە چەمکی خود و بابەت لەگەڵ ئەوەی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن. هەریەکێکیشیان خاوەنی لایەنی باشی و خراپین ((لە باشیەکانی لایەنی خود ئەوەیە کەبەشێوەیەك مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبییدا دەکات کە بەشێکە لە مرۆڤ و پڕە لە ژیان و سۆز و ئەندێشە و کەرەستەیەکی بێگیان نییە...، بەڵام لایەنی خراپی ئەوەیە زۆر لە ناو خودیەتدا ڕۆدەچێت و گومڕادەبێت، بەشێوەیەك کە پشت لە هەموو زانیاری و زانستە مرۆڤایەتیەکان دەکات))[2]. بەڵام سەبارەت بەلایەنەکانی بابەتی بوون ((لە باشیەکانی بریتیە لەوەی کە سنوور بۆ سەرکەشیەکانی هەست و سۆزە تایبەتیەکان لە مامەڵە کردن لەگەڵ دەقدا دادەنێت، عەقڵ و هۆشی مرۆڤ و هەموو ئەو ئەزموونانەی کە بە دەستی هێناوە، بۆ حوکم کردن لەسەر دەق دەکاتە حەکەم...بەشێوەیەك لە بیر دەکات، کە مامەڵە لەگەڵ ئەدەبدا دەکا، ئەدەبیش بەرهەمی دەروونی مرۆڤە و زۆرجار لە پرەنسیپەکان هەڵدەگەڕێتەوە))[3]. ڕەنگە ئەمەلایەنی خراپی بابەتی بوون بێت، کەواتە پێویستیمان بە میانڕەویەك لە نێوان خود و بابەتدا هەیە. بۆ ئەوەی هاوسەنگی لە دەست نەدەین. بەواتای ئەوەندە ڕۆنەچین لە خوددا کە هەموو ژینگەی دەوروبەر فەرامۆش بکەین، بەهەمان شێوەش ئەوەندە باوەش بە بابەتدا نەکەین، کە گیانی دەقی ئەدەبی و زیندویەتییەکەی بشێوێنێت و بەبێ هەست و چێژ لێی بڕوانین.
شاعیران و نووسەران ئەوکەناڵەن یاخود ئەو پردەن کە خاوەنی قابیلیەتێکن، کە دەتوانن ئەو مەینەتییەی کە مرۆڤەکان دەیکێشن

(١) قضايا معاصرة في الادب و النقد، تأ: د. محمد غنيمي هلال، دار نهضة مصر للطبع والنشر، القاهرة، ص ٥٨.
(٢) مدخل الي النقد الأدبي الحديث، د. شلتاغ عبود شراد، ص ٦٣.
(٣) ن. م، ص ٦٣.

بەشێوەیەکی ورد هەرس بکەن و لەپاشان بیگوێزنەوە بۆ بەرهەمێکی ئەدەبی و بەم شێوەیە بگاتە خوێنەر کە بەتەواوی ئەو فکرەیەی کە هەڵگریەتی بۆ خوێنەر بە بەرچا و ڕوونیەوە بەرجەستەبێت. کەواتە پێویستە شاعیر ئەزموونە خودییەکانی پەرە پێبدات بەمەرجێك زیادەڕۆیی تێدا نەکات و هەوڵدات لە شێوەیەکی بابەتی و هاوسەنگدا بە جۆرێك کە لە گیانی شیعر بووەشێتەوە بە خوێنەری بگەیەنێت. بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵیش هەست بە گواستنەوەی ئەزموونەکە بکەن. گۆران لە شیعری (وەڵامی پرس)دا، کە ئەو کاتەی بەمەبەستی چارەسەر لە نەخۆشخانەی کرملین بووە لە ڕوسیا نووسیویەتی. زۆر بەوردی چەمکی (خود و بابەتی)دیاریکردووە، بەڵام لە دیدگای شاعیرێکی داهێنەرەوە کە هەموو کات لەگەڵ ئاواتەکانی گەلەکەیەتی:

ڕاکشابووم لە سەر پشتم،
دوکتۆرەکەم
ماری شێرپەنجەی ئەکوشتم..
ناڵێم: وەکە دایکێکی دڵسۆز
- - - - - - - - - -
ئەیپرسی لێم: بۆچ ماتی؟
بۆچ هەمیشە خەمبار دیاری؟
- - - - - - - - - -
بەڵێ، دکتۆر! خوشکان!ماتم،
هەرمن نیم (مات)ی وڵاتم،
لە ناو هەزارانا: تاك تاك
لێومان هەیە پێ بکەنێ
لای ئێمە بۆ دنیای شادی
واتازە خەڵك هەنگاو ئەنێ![1]

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٢٢١ ـ ٢٢٢.

شیعری وەڵامی پرس لەسەر بنەمای دوالیزمی (پرسیار و وەڵام) بونیاد نراوە، بەڵام پرسیار و وەڵامێکی ئاسایی و سادەنییە. هەربۆیە کاتێك ئەو دکتۆرەی کە سەرپەرشتی گۆران دەکات (لێیدەپرسێ: بۆ چ واماتی؟ بۆ چ هەمیشە خەمبار دیاری؟)لێرەوە گۆران لە ئاستی ئەم پرسیارانەدا کە تایبەتە بە خودی خۆیەوە، بابەتیانە وەڵام دەداتەوە. هەربۆیە دوالیزمەی ((پرسیار و وەڵام لە ئەزموونی شیعری گۆران دا بەڵگەی گەڕان و لە دواچوونی گۆرانە بۆ ئاشکراکردن و کەشف کردنی شتە نهێنی و پەنهانەکان))[1]. ئەوەی لێرەدا زیاتر حاڵەتی بابەتی بوون پیشان دەدات ئەوەیە کە گۆرانی شاعیر ((حاڵەتی نەخۆشیەکەی خۆی و باری دواکەوتوویی و ژێردەستی میللەت پێکەوە دەبەستێ و هاوشێوەییەك لە نێوان خۆی و گەلەکەیدا پێك دەهێنێ و هۆی ماتی و خەمبارییەکەشی دەگێڕێتەوە بۆ هۆکارە گشتیەکە واتە باری نالەباری ژیانی کۆمەڵگەکەی و نا ئاسوودەیی کۆمەڵایەتی))[2]. گۆران لە دوا ساتەکانی ژیانیدا کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە ببوو. نایەوێت دەرد و ئازارە خودییەکانیمان بۆ بەیانکات، بەڵکو ئەو باری خەم و ئازارەی دەبەستێتەوە بە کێشە و ئازارێکی گەورەتر بەواتای لە خودەوە بەرە و بابەت چووە بەمەبەستی پەردە هەڵماڵین لەسەر ئازارەکانی میللەتەکەی. گۆران لە ئاست پرسیاری دکتۆرەکەیدا ئەوە دەردەبڕێت کە ناشێ وەڵامەکەی تەنها وشەیەك یان ڕستەیەکی خودی بێت هۆکاری (ماتیەکەی) بخاتە ڕوو. گۆران لە دەلالەتی قوڵی ئەم پرسیارە باش تێدەگات هەر بۆیە لە وەڵامدا ((هۆکاری ماتی بەتەواوی لە سنووری هۆکاری نەخۆشی شێرپەنجە دوور دەکەوێتەوە لە وەڵامەکەدا و ڕوخسارێکی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی بە وەڵامەکەی دەبەخشێت. گۆران تراژیدیای (مات

---

(١) بەمەوزوعی کردنی حاڵەتی زاتی لە شیعری(وەڵامی پرس)ی گۆران دا، عەتا قەرەداغی، گ ڕامان، ساڵی یەکەم، ژ ١١، ١٩٩٧، ل ٢٦.

(٢) س. پ، هـ . ل.

بوون)دەکاتە سیفەتێکی گشتی و لە سنووری خۆی دەردەکات. ئەمەش لە باری یەکەمدا دەبێتە هۆی شاردنەوە یان پشت گوێ خستنی کاریگەری (نەخۆشی)بۆ دروستکردنی باری (ماتی خەمباری). لە باری دووەمیشدا ڕواڵەتی مێژوویی و سۆسیۆلۆژی بەڕوداوەکە دەبەخشێت))[1]. گۆران لەو بارە سەختەدا کەنەخۆشی زۆری بۆ هێناوە ((کەچی بە تاکە وشەیەکیش ناوی ئەو مردنەی کە...هەموو ڕۆح و بیر ومێشکی داگیرکردووە، ناهێنێت))[2]. ئەمەش دیسانەوە جەختکردنە لەسەر مەزنی گۆران کە خەمی میللەتەکەی لە ئازارە خودییەکانی لە پێشتر بووە. شاعیران ناتوانن لە ڕێگەی شۆڕبوونەوە بۆ ناخیان و پشتکردنە کۆمەڵگە لە واقیعی ژیان تێبگەن. بۆیە لەم حاڵەتەدا بەرهەمەکانیان گوزارشت دەبێت لە بەرهەمێکی دوور لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کێشەکانی، ئەگەر ئەدیب لە ناو چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەی بەردەوامی هەبوو ئەوکاتە ((بەرهەمەکانی دەتوانێت وێناکردنی کۆمەڵ بێت و لە هەمانکاتدا وێناکردنێکی خودیانەی مرۆڤ بێت))[3]. گۆران هونەرمەندانە ئەم حاڵەتەی وێناکردووە و ((وەڵامەکانی لە ئاستێکی باڵادا لە ئاستێکی ئینسانانەی بێ وێنەدا دەداتەوە، وەکو کەسێك کەوا دەڕوانێت نەخۆشی و ڕەنگ زەردی ئەمی تاك بریتیە لە حاڵەتێکی زاتی و هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری مەوزوعی کە ئەویش باری ناهەموارو و ناڵەباری ژیانی گەلەکەیەتی))[4]. هەر ئەمەشە دەمانگەیەنێتە ئەو باوەڕەی کە گۆران لە غەمی کۆمەڵگەکەیدا بووە و لەو بارە دەروونی و فیزیکیە نائاساییەی کەتێیدا بووە هەوڵی داوە ((وەڵامی مەودا قووڵتر و پڕ ماناتر بۆ پرسیارەکان بدۆزێتەوە کەتێکڕا لە پانتایی مێژوو باری کۆمەڵایەتی و سیاسی

---

(١) س. پ، ل ٢٧.

(٢) چیرۆکی ڕۆحێکی کڵۆڵ، گۆران: ٤٥ ساڵ دوای مردنی، فەرهاد شاکەلی، ل ٨.

(٣) في النقد الأدبي، د. شوقي الضيف، ص ١٩٢.

(٤) بەمەوزوعی کردنی حاڵەتی زاتی لە شیعری(وەڵامی پرس)ی گۆراندا، عەتا قەرەداغی، گ ڕامان، ژ (١١)، ل ٢٧.

نەتەوەکەیـەوە هـەڵی هێنجـاوون، هـەر ئەوەشـە بەرهـەمی داهێنـانی گـۆران نـەمرتر و بـاڵاتر دەکـات))[1]. گـۆران کاتێـك ئـەم هۆکـاری (مـات بوونـە)بـە ڕەهەنـدە سۆسـیۆلۆژی و مێـژوویی گەلەکەیـەوە دەبەسـتێتەوە. ئەوکاتـە دەگەینە ئەو باوەڕەی کـە هۆکـاری نەخۆشـیەکەی گـۆران شـێرپەنجە نییـە، بـەڵکو هۆکارەکـەی ((مـۆتیڤی مـات بـوون ڕاسـتەوخۆ دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەلماندنی ئامادەنـەبوونی ئیمـە لـە ڕووی شارسـتانی و مێـژوویی و کۆمەڵایەتیەوە. ئەگەر هۆکاری مات بوون بە گـوێرەی گـۆران نەخۆشـیەکەی بوایە ڕەنگـە هێنـدە کاریگـەر و ترسـناك نەبوایـە، چـونکە شـاعیر لـە پـشتی خۆیەوە مێژوو شارستانییەکی خـاوەن ناسـنامەی دەبینـی و بـەڵام لـە سـاتە وەختێکدا کە ئەو مێژووە ئامادەبوونی نییە ئەوا گۆران لە ناخەوە هەست بە هەرەسی گەورە دەکات))[2]. ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە گۆران دەیەوێت لە خودی خۆیەوە بەرەو بابەت بڕوات و لە پرسیارێکی خودییەوە وەڵامێکی بابـەتیمان پێببەخشێت. بۆیە دەبینین ((گۆران وەك شاعیرێکی داهێنەر حاڵەتێکی زاتی خۆی کە حاڵەتێکی پڕ مەترسیە و هەڕەشەی مەرگی لێ دەکات بە حاڵەتێکی مـەوزوعی دەیبەسـتێتەوە بـەباری دواکـەوتوویی و ژێـر دەسـتەی کۆمەڵگەکەیەوە و چارەسەری نەخۆشیە تایبەتییەکەی خۆی لـە چارەسـەری دەردی کۆمەڵدا دەبینێتەوە، هەر لێرەوە ئیلتزامی ئەدەبی و ئەخلاقی گۆران بـە هونەرەکـەی و بەستنی هونەرەکەشـی بـە ژیـانی میللـەت و مێـژوو بـاری کۆمەڵایەتی گەلەوە ئاشکرادەبێت))[3]. گۆران لە پرۆسەی داهێنانـدا هەمیـشە وەك مرۆڤێـك گوزارشـتی لـە پیـشاندان و دەربڕینـی مەینـەتی کۆمەڵگەکـەی کردووە، ئەو کە بەناوی خۆیـەوە دەدوێت دەیـەوێت ڕاز و نهێنیـەکانی ئێمـە (کۆمەڵگە)بگەیەنێ و بەبابەت کردنی خود ڕابگەیەنێت.

---

(١) س. پ، هـ. ل.

(٢) س. پ، هـ. ل.

(٣) س. پ، ل ٢٨.

# بەشی سێیەم
# ڕوانگە ڕەخنەییەکانی گۆران سەبارەت بە کۆمەڵگە

١. بەرجەستەکردنی کێشە چینایەتییەکان.

٢. ڕەخنەگرتن لە باری دواکەوتوویی کۆمەڵ و نەگەیشتن بە شارستانیەت.

٣. ڕەخنەگرتن لە سیستەمی دەسەلات و نەبوونی داد پەروەری.

٤. دەربڕینی گلەیی و گازندە لە چارەنووس و ڕۆژگار و چەرخی زەمانە.

٥. وەستانەوە لە دژی چەوساندنەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا.

٦. بەرجەستەکردنی ئاکار و بەها مرۆڤایەتییەکان.

٧. قوربانیدان و لە خۆبردوویی لە پێناوی ئاما نجە ڕەواکاندا.

٨. ڕەخنەگرتن لە ململانێ و ناکۆکیەکانی کۆمەڵگە.

٩. وەستانەوە لە دژی جەنگ و خوێنڕێژی و بانگەواز بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان.

## ڕوانگە ڕەخنەییەکانی گۆران سەبارەت بە کۆمەڵگە

لـەم بەشـەدا هەوڵـدەدەین بـەپێی جیهـانبینی گـۆران کێـشەکانی ناوکۆمەڵگەی کوردەواری بە تایبـەتی و ئـەو کێـشانەی بەشـێوەیەکی گشتی ڕووبـەڕووی مرۆڤایـەتی دەبێتـەوە. بـەپێی بەرهەمـە شـیعرییەکانی شـاعیر دیاریـان بکـەین، چـونکە گـۆران وەك ڕۆشـنبیرێك و خـاوەنی هۆشـیارییەکی چالاك و هاوکات وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی هەمیشە هەستی بەوە کردووە، کە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژی تاکەکانی بە دەست دەیـان دەردی کۆمەڵایەتییـەوە دەنـاڵێنن. دیـارە ئـەم بارودۆخـە دەرکەوتـەی بـاری کۆمەڵگـە و بونیـادە دواکەوتووەکەیەتی، سەرەڕای گەندەڵی و بێ بنەمایی سیستەمی حوکمڕانی. کۆکردنـەوەی ئـەم حاڵەتانـەش پەیوەسـتە بـەو دنیـا بینیـەی کەشـاعیر لـە ئەنجامی خۆ ڕۆشنبیرکردن و ئەزموونەکانی ژیان و هەوڵە بەردەوامـەکانی لـە بـواری خوێندنـەوە و ئەفرانـدنی ئەدەبیـدا پێیگەیـشتووە. یـاخود لـە ڕێگـای چـاودێریکردنی واقیعـی ژیـانی کۆمەڵایەتییـەوە هەوڵیـداوە (( کـە چـەند نموونەیەکی ئەدەبی سیما جیاواز بخاتەڕوو، کە لە کێشە و پرسە جەوهەرییە گـشتییەکانی کۆمەڵـدا هاوبەشـن. گوزارشـت لـە بۆچـوونەکانی ئـەدیب و بەرجەستەکردنی هەڵوێستەکانی بکات))[1]. کەواتە بۆ شارەزابوون یـاخود بـۆ لێکدانـەوە و ڕاڤـەکردنی نـاوەڕۆکی دەقـە ئەدەبییـەکانی گـۆران پێویـستە بەسـیاقە کۆمەڵایـەتی و مێژووییەکـەی کۆمەڵگـەوە پەیوەسـتیان بکـەین. بەواتایـەکی تـر دەقـەکان لـە سـەردەم و ژینگـەی کۆمەڵگـەی کـوردەواری دانەبڕین.

گـــۆران وەنـــەبێت تـــەنها لـــە شـــیعرە واقیعیەکانیـــدا هـــەوڵی بەرجەستەکردنی ئـەم دیـدە ڕەخنەییـەی دابێـت، بـەڵکو هـەر لـە سـەرەتای دەستپێکردنی ئەزموونی شیعرییەوە ئەم ڕۆحیەتە ڕەخنەییـە و خستنە ژێر

---

(١) الواقعية الاجتماعية النقدية في القصة العراقية، مؤيد الطلال، منشورات وزارة الثقافة و الاعلام سلسلة دراسات، بغداد، ١٩٨٢، ص ١٢.

پرسـیاری ئـەو دیـاردە نەشـیاوە کۆمەڵایەتیانـەی کەلـەم بەشـەدا دەیـان خەینەڕوو دەبینرێت. ئەویش بەهۆی ئەو پەیوەندیە دیالێکتیکیە بەهێزەی لە نێوان کۆمەڵگە و کاری ئەدەبیدا هەیە. ناتوانیین ئەدەب وەك بەشێکی دابڕا و لە کۆمەڵگە و ئاستی بزاوتـی کۆمەڵگـە سـەیرکەین. ئـەم پەیوەندیـە لەسـەر بنـــەمای ئـــەو کارلێـــك و کاریگەرییـــەی کۆمەڵگـــە لەســـەر ئـــەدەب و بەپێـچەوانەشەوە دروسـت دەبێـت. بۆیـە ڕەخنـەی کۆمەڵایـەتی بـە سـوود وەرگرتن لـە تیـۆری ڕەنگدانـەوە ((هەوڵیـداوە لـە شـیکردنەوە و ڕاڤـەکردنی دیـاردە ئەدەبییـەکان بەوپێیـەی کـە بەشـێکن لـە دیـاردە ڕۆشـنبیرییە گشتییەکان بکۆڵێتەوە. بەپێی ئەو تایبەتمەندی و سەربەخۆ ڕێژەییەی کە لە چـاو لایەنـە مـەعریفی و زانسـتە مرۆڤایەتییـەکانی تـردا هەیـەتی))[1]. لێـرەدا پێویستە چەند باسێك لێکجوداکەینەوە، کە لە سۆنگەیانەوە شـاعیر پـەیامی خۆی ئاراستەی وەرگر کردووە، کـە گوزارشـتن لـە دیـدی شـاعیر بـۆ واقیعـی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەن.

١- **<u>بەرجەستەکردنی کێشە چینایەتییەکان:</u>** کۆمەڵی کـوردەواری بـە حـوکمی ئـەوەی کـە لـە دۆخێکـی کۆمەڵایـەتی گوندنـشین دا ژیـاوە. سیـستەمی دەرەبەگایەتی دەستی بەسـەر هـەموو بوارەکـانی ژیانـدا گرتبـوو. بۆیـە ئـەم کۆمەڵگەیە جیاوازی چینایەتی زۆر بە ئاشکرایی پێوە دیار بوو. زوڵـم و زۆری ئاغا و دەرەبەگ و چەوساندنەوەی ژێـر دەسـتەکانیان و زەوتکردنـی هـەموو ڕەنج و ماندووبوونیان کەلێنی زیاتری لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگـەدا دروسـت دەکرد و جیاوازی چینایەتیش بە ئاشکرا لە کۆمەڵگەدا پەیڕەو دەکرا. کاتێـك گـۆران کێـشەی چـینایەتی نـاو کۆمەڵگـە وێنـا دەکـات. توانـا و لێهـاتوویی گۆرانمان بۆ دەردەکەوێت. ئەویش لە ڕێگەی بەردەوامی و پەیوەنـدی لەگـەڵ واقیعـی ژیـانی تاکـەکانی کۆمـەڵ و ئاگـاداربوون لـە کێـشەکانیان، چـونکە

(١) في نظرية الادب، د. شكري غزيز الماضي، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٥، ص ٨٥.

کۆمەڵگــە سەرچــاوەیەکە بــۆ بەخــشینی توانــای داهێنــان بــە شــاعیر و لێرەوە((کردەی داهێنان بۆ خۆی چالاکیەکی کۆمەڵایەتییە، ئەگەرچی لـە سەرەتاوە وەك چالاکیەکی خودی خۆی دەنوێنێ. نووسەر لەو ساتانەی کـە دەنووسێ بۆ ئـەوە دەنووسـێ کـە پەیوەنـدی لەگـەڵ وەرگـردا دروسـتکات، کەواتـە کارەکـەی لـە چوارچـێوەی تاکـەوە بـەرە و چوارچـێوەی کۆمـەڵ دەگوێزێتەوە))[1]. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەدوای دۆزینەوەی ئەم پەیوەندییەی نێوان تـاك و کۆمەڵـدا دەگـەڕێت، چـونکە چـالاکیەکانی نووسـەر وەك تاکێـك ئەگەر نەتوانێ ڕێگای چـوونە نێـو کۆمـەڵ بـۆ خـۆی مـسۆگەربکات، ئـەوا بـە چالاکیەکی زیندوو دانانرێت. هاوکات دەرفەتی ئەوە بەدەسـت ناهێنێـت، کـە ئەرکی ئەدەبی خۆی لە ڕووی ئاگادارکردنەوەی وەرگر لە چۆنییەتی دیـاردە کۆمەڵایەتییەکان بەجێبگەیەنێت.

گـۆرانی شـاعیر لـە(بـوکێکی ناکـام)دا وێنایـەکی پـڕاو پـڕی کۆمـەڵی گوندنـشینمان بـۆ دەکێـشێت، کـە بەتـەواوەتی ئـەم دیـاردە چـینایەتییەی بەرجەستەکردووە. بۆیە ئەگەر سەرنجێك لە ناونیشانی شیعری بوکێکی ناکام بدەین کە دەروازەی چونە ژوورەوەیە بۆ ناو شیعرەکە دەبینین لـە دوو وشـە پێکهاتووە. بەڵام دەبینین لە ڕووی واتاوە جۆرێك لە دژواری لە نێوان هەردوو وشەکەدا هەیە، چونکە ئاشکرایە بە بوك بردنی کچێك گوزارشتە لەو ساتانەی کە بەخۆشی و ئاهەنگ گێڕان بەسەری دەبات، بـەڵام گـۆرانی شـاعیر کاتێـك وشەی بوك دەداتە پـاڵ وشـەیەکی تـر کـە ئـەویش(ناکـام)یـە و دەلالەتـە لـە بەئاکام نەگەیـشتنی پرۆسـەکە و چاوەڕوانی ئـەو ئەنجامـەی لێناکرێـت، کـە بەختــەوەری و داهاتوویــەکی گــەش بــۆ کــوڕە و کــچە بێنێتــەدی. ئەمــەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆیەی کە لە پرۆسەی هاوسەرگیریەکەدا هاوسەنگی نییە و لە سەر ئەساسی خۆشەویستی دروست نەبووە، یاخود جۆرێك لە زۆر داری و نایەکسانی لە پرۆسەکەدا هەیە:

---

(١) في نظرية الادب، د. شكري غزيز الماضي، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٥، ص ٩٠.

جوانــی لادێــی ڕووتــی وەکــوو تەڵــی وەنــەوشە
بـە ئاوریـشم و بـە ئـاڵتوونی ئـەم کۆشـك و حەوشـە:
لـە تـەوقی سـەر تـا بـەری پـێ پـەرداخت و پۆشـتە،
سـوار کـراوە، شـۆخ و نـــازدار وەکـوو فریـشتە..
خراوەتــە ڕێ بــۆ پــەردەی ئەتڵــەس و گـــووروون،
بۆ باخـەڵی ئاغای پێش چاو بە چـل چرا ڕوون!.[1]

دیاره ئـەم ناهاوسـەنگیەش لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، کـه ئاغـای گوند به زۆرداری جوانترین و ناسکترین کچی دێ، که کچه جوتیارێکه بەرچاو دەکـەوێ ئـیتر تـەماعی جـوانی کـچە، ئاغـا دەخاتـه سـەر مـەیلی هێنـانی و دەیەوێت وەکو کاڵایەك ئـەم کیـژه نـازداره ببێتـه مـوڵکی بـەبێ بـوونی هـیچ هەستێکی خۆشەویستی بەرامبەر به کیـژه و بـێ ئـەوەی هـیچ حیـسابێك بـۆ هەست و سۆزی کیـژه بکرێـت، چـونکه فـەرمانی ئاغایـه و دەبێـت لـه لایـەن ژێردەسـتەو چەوسـاوەکانی بـن دەسـتیەوە جێبـەجێ بکرێـت. بـێ گوێدانـه ئەنجام و لێکەوتەکانی ئەم کاره ناڕوایه:

ئاغـای خـاوەن هێـز و شـکۆ، خـاوەن سـامداری،
لــه کاتێکـا درێــژ ئــەکـــا دەســتی دڵـــداری
بۆ گـەردنی گوڵـی کێـویی لـــه جـێ هەڵکـەنراو،
نمـی فرمێـسك بـەدی ئەکـــا لەسـەر کلـی چـاو!
مووچڕکەیەك بەســـەرتاپای لـــەشـیا ئەگەڕێ:
ئاگاداره فرمێسکی سۆز دێته خوار بۆ کێ!..[2]

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٥٧.
(٢) س. پ، ل ٥٧ ـ ٥٨.

سۆسـیۆلۆژیای ئـەدەب بریتییـە لـە توێژینـەوە و لێکۆڵینـەوەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە یان بە مانایەکی تر لێکۆڵینەوەیە لە پەیوەندی نێوان ئـەدەب و چینی کۆمەلأییـەتی، چونکە بەرهـەمی ئـەدیب دەربـڕی ئازارەکـانن و گوزارشـتن لـە کێـشە و گرفتـەکانی ئـەو چـینە کۆمەلأیەتییـەی کـە ئـەدیب ئینتیمـای بـۆی هەیـە. هـەر لێرەشـەوە شـاعیر دەتوانێ جیهانبینی ئەم چینە کۆمەلأیەتییە بدۆزێتەوە. یان بە مانایـەکی تـر دید و تێڕوانینی ئەم چینە بۆ دەرەوەی خۆی یان بۆ جیهانی دەرەوە پیشان بدات[1]. بـەم پێیـە دەتـوانین بڵـێین گـۆران وەك تاکێـك یـان وەك مرۆڤێکی ئاسـایی سـەر بەچـینە هـەژار و نەدارەکـەی کۆمەڵگـە بـووە، بـەلأم لـەڕووی ڕۆشنبیری و هۆشیارییەوە لە ئاستێکی بەرزدابووە، هەربۆیـە ئـەم حاڵەتـەش وایکـردووە کـە بتـوانێ زۆر هونەرمەندانـە جیهـانبینی ئـەم چـینە هـەژارە ژێردەسـتەیەی ئاغـا و ڕژێمـی دەرەبەگایـەتی وێنابکـات و بەرهەمـەکانی گوزارشتە لە دیدی ئەو چینە بۆ ژیان و زمانی ناڕازیبوون و قبووڵنەکردنی ئەو واقیعەی بەزۆر بەسەریاندا سەپاوە. لێرەدا ئەو زوڵـم و زۆرە دەردەخـات کـە ئاغـا لـەم دوو خۆشەویـستەی دەکـات و پـەیمانی خۆشەویـستی و بەیەکگەیـشتنی لێکردنـە خـەون. لـە کۆمەڵگەیەکـدا کـە چـینایەتی حـاکم و فەرمانڕەوابێت. دەبێت چ شتێك بگاتە هانای کوڕە شوان و لەو دەردە دڵـەی ڕزگار بکات؟...

**کـچی جوتیـار بـــۆ بەهەشـتی ژیـــن و دڵـــداری،**
**لەگـەڵ کـوڕی شـوان بەسـتبووی پـــەیمانی یـــاری!**
**کـــوڕی شـوانی بـرژاوی ئـیش، لـــە بەرهـەتاو قـاڵ،**
**مەچەك ئەستوور،لەش کەڵەگەت،دەفەی ناوشان چاڵ.**

---

(١) بڕوانـە: علـم اجتمـاع الأدب، ا. د. محمـد سـعيد فـرح و ا. د. مـصطفى خلـف الجـواد، دار المسيرة للنشر والتوزيع، ط ١، عمان، ٢٠٠٩، ص ٢٠ ـ ٢١.

تیری خوای عەشق هەتـــا شاپەڕ دڵـــی سمیبوو.
کچی جووتیار لـــە بەرچاوی بت بوو پەری بـــوو![1]

کوڕە شوان بە ئەندێشەی خۆشەویستی ڕاستەقینەی پاك و بێگەرد ماندووبوونی ڕۆژگاری دەحەوایەوە، هەموو هیواو ئاواتێکی ئەوە بوو، بە خۆشەویستەکەی بگات. بەهەمان شێوەش کچە جوتیاریش بە ئاواتی ئەو ڕۆژە بوو، بەڵام هەموو ڕێگەکان بەدڕك و داو تەنراوە و ڕێگە نادەن دوو خۆشەویست بە یەك بگەن. بۆیە گۆران دەیەوێت، ئەم دوو خۆشەویستە وەك ڕەمزی بەگژا چوونەوەی دەسەڵاتی چینایەتی و ئەوانەی کە خەریکی چەوساندنەوەی حەزو ئاواتەکانی مرۆڤایەتین وێنا بکات. کەواتە((بەسەرهاتی ئەم خۆشەویستییە لە سنووری تەسك و تایبەتی ڕووداوێکی ئاسایی ڕۆژانە دەردەکاو بوعدێکی گشتی و شموولی پێ دەبەخشێ و دەیکاتە نموونەیەکی بەرزی بەهێزی بیروباوەڕی ئینسان بەرامبەر زوڵم و ستەمکاری زۆرداران لە هەموو کات و شوێنێکا))[2]. هەموو گرد و هەردو دارستانی گوند شایەدی داستانی دڵداریە پاکەکەی ئەم دوو خۆشەویستە بوون:

ئەم نازدارەش بە شەو و ڕۆژ نەخشی خەیاڵی
کوڕی شوان بوو: باڵای بەرزی ، ناوشانی چاڵی!
ئیتر ڕێگای دارستان و، ناوڕان و ، دێبەر
بوو بە شانۆی سەرگوشتەی دڵدار و دڵبەر: [3]

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٥٨.
(٢) ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا، کەمال مەمەند، گ نووسەری کورد، ژ (١)، خوولی دووەم، ١٩٧٩، ل ٤٢ ـ ٤٣.
(٣) دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٥٨.

ئاشکرایە ململانێی نێوان ئەم دوو هێزە ئـەنجامی دیـار بـوو، چـونکە کوڕە شوان تەنها هێزی بازووی شك دەبرد و دەیویست بەدەست و مەچـەکی خۆی تۆڵەی ئەم ناهەقیـە بکاتـەوە، بـەڵام دیـارە ئەمـە کـارێکی ئەسـتەومەو لێرەوە هەست بە قووڵبوونەوەی تراژیدیاکە دەکرێـت، چـونکە ئاغـا خـاوەنی چـەندین چـەکدار و بـەکرێ گـیراوە. بۆیـە ئەسـتەمە کـوڕە بتـوانێ بـە تـەنیا بەرامبەری ئەم هێزە ڕاوەستێت، بەڵام گۆران دەیەوێت ئەوەمان پـێ بڵـێ کـە زۆر داران تەنها بە زوڵم و زۆرداری و پارە دەتوانن مانەوەی خۆیـان مـسۆگەر بکەن و بەنەمانی ئەم ئیمکانەتانـەش ئـەوا وەك بـەفر دەتوێنـەوە و هیـچیان نامێنێـت. بۆیـە ئـیرادەی ڕاسـتەقینەی مـرۆڤ هێـز و بـاوەڕ و ویـستەکانی و خۆشەویستی ڕاستەقینەی پاك و بێگەردە. کە هیچ سنوور و لە مپەرێك چەند گەورە و بەهێز بێت، ئەستەمە ئەم ئیرادە چەسپیوە بجوڵێنێت:

**چـەن جـارێ شـەو ماڵــی ئاغـای دایــە بەرتفـەنگ،**
**دەغڵی سووتان، باغی بڕی، بۆ ئەتك و بۆ پـەنگ:**
**کلك و یـاڵی چـەن چارەوێی قـەل کـرد بەخەنجـەر،**
**بەسـەر ڕانـی ئاغایـا داو مـەڕی دایــە بــەر...**
**تاکــو دوایــی ڕۆژێ بــەختی نۆکــەری ئــاغا**
**خـەوی لێ خـست لـە سێبەری درەختـی باغـا،**[1]

دیـارە بەشـی هـەژار و چەوسـاوەکانی کۆمـەڵ هـەر مەرگەسـات و تراژیدیاییە. بۆیە ئەم دوو خۆشەویستەش قوربانی دەستی چینایەتی بـوون، ئەنجامیش کوشتنی کوڕەی هەژار بوو، بـە دەسـت پیـاوانی ئاغـا و مانـەوەی ناسۆر و دەردە دڵی بۆ کچەی جوتیار، کە هەموو خۆشی و جوانییـەکانی نـاو کۆشـکی ئاغـا بــە دڵۆپێـك فرمێـسك نـادات، کـە بـە تاسـەی دڵـەوە بـۆ خۆشەویستەکەی بیڕێژێت.

(١) دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٥٩.

گۆران بە هەمان شێوە ئەم جیاوازی چینایەتییەی لە شیعری (شەوێك لە عەبدولڵا)دا بەر جەستەکردووە، بەڵام لە کەشێکی تەواو جیاوازدا((لە شەوێك لە عەبدولڵادا بۆنی عەتر و گوڵاو و سەما و مۆسیقا دێت بەڵام لە بووکی ناکامدا بۆنی خوێن و تووڕەیی و ناڕەزایی دێت بەرامبەر بە هێزی کۆنەپەرست و دەرەبەگایەتی))[1]. لە شەوێك لە عەبدولڵا دا جیاوازیەکە لە نێوان مێزی دەوڵەمەند و مێزی هەژاراندایە. گۆران بەگیانێکی سەردەمانەوە لە دیاردەکانی کۆمەڵگەی ڕوانیووە و بە عەقڵێتێکی کراوە مامەڵەی لەتەکدا کردوون، بەواتای((چەندە هونەرمەند بتوانێت، بە قووڵی مامەڵە لەگەڵ هونەرەکەیدا بکات. ئەوەندە زیاتر لە سەردەمی خۆی نزیك دەبێتەوە، هەرچەندە هونەرمەند سەرپێیی مامەڵە لەگەڵ هونەرەکەیدا بکات ئەوە ناتوانێ دەربڕی سەردەمی خۆی بێت و نوێنەرایەتی بکات...کەواتە هونەرمەندی گەورە...خاوەنی توانای گوزارشت کردنە لەسەردەمی خۆی...بەم شێوەیەش دەتوانێ سۆزی سەردەم و گەلەکەی بەگشتی وەدەست بێنێت، بۆیە لێرەوە ئەدەب گوزارشت لە کۆمەڵگە بەگشتی دەکات))[2]. ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە دەیەوێت دەست بخاتە سەر برینەکانی جەستەی کۆمەڵگە و داوای دۆزینەوەی چارەسەری گونجاویان بۆ دەکات:

**تاك تاك مێزی وەکو هیی من**
**دەوری داوە کوڕی بێ ژن**
**ئەمانەش یا بادە نۆشن،**
**یان بە تەماشا سەرخۆشن!**[3]

---

(١) ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردی دا، خورشید ڕەشید ئەحمەد، ل ٢٣٣.
(٢) علم اجتماع الأدب، ا.د. محمد سعيد فرح و ا.د.مصطفى خلف الجواد، ص ١٠٧.
(٣) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٥٤ ـ ٥٥.

ئەگەرچی لێرەدا لە دیمەنێکی ڕابواردن و کات بەسەربردندا جیاوازییەکە بە دیدەکرێت. لەو ڕووەوە کە خاوەن پارە و سامانەکان مێزەکانیان بە شۆخی ناسك و نازدار ڕازاوەو و ئاوەدانە. لە هەمانکاتدا سەر مێزی گۆران و هاو خەمەکانی خامۆش و چۆڵە، واتە تەنها بە چاو وجودیان لەو جێگایەیە، ئەگینا شۆخێك نییە، سەر مێزو و دانیشتنەکەیان بۆ گەرم کات و ڕوویان پێبدات. هۆیەکەش ئاشکرایە کە ئەمان گیرفانیان بەتاڵە. هەموو ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن کە گۆران لە سەرجەم لایەنەکانی ژیاندا هەستی بەم جیاوازیە کردووە، کە دەشێت کۆمەڵگە بۆ خۆیشی دەستی لەبەردەوام بوونی دۆخەکەدا هەبێت. بەوەی کە هەموو کات چاوەڕوانی هێزێك دەکات لە دەرەوەبێت و ڕزگاری بکات. بەبێ ئەوەی خۆی هەوڵ بۆ گۆڕینی واقیع و تێپەڕاندنی ئەو دۆخە بدات. ئەم لایەنەش زۆر بەزەقی لە هەردوو شیعرەکەدا بەرچاومان خستووە. سۆسیۆلۆژیای ئەدەب گرنگی بە خوێنەر دەدات، چونکە لە ئەنجامدا کاری ئەدەبی بەمەبەستی گەیشتن بە خوێنەر دەنووسرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە لێرەدا ئایا گۆران کارەکانی بۆچ جۆرە خوێنەرێك ئاراستە بووە؟ دیارە((ئەو جەماوەرەی کە پەیامەکە یان بەرنامەکەی ئاراستە دەکرێت، دەبێت دەستنیشانی سیما و تایبەتمەندیەکانی بکرێت، لە پێناوی تێگەیشتنی کردەی کارلێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی لە نێوان ئەو کەسەی پەیامەکە دەنێرێ و ئەوانەی کە وەریدەگرن))[1]. پەیامی گۆرانیش ئاراستە بووە بۆ جەماوەرێك کە زۆرینەی کۆمەڵی کوردەوارییان پێکهێناوە، کە چینی هەژار و جوتیار و چەوساوەکان بووە. ئەویش لە ڕێگەی گشتاندنی هۆشیاری خۆی بۆ وەرگرەکانی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریان، تاکو کۆمەڵگەی ئێمەش دەستی هەبێت لە بونیادنانی داهاتووی خۆیداو بە ژیانی پڕ لە جیاوازی و چەوساندنەوە ڕازی نەبێت.

---

(١) علم اجتماع الأدب، ا.د. محمد سعيد فرح و ا.د. مصطفى خلف الجواد، ص ١٣٦.

## ٢ـ ڕەخنەگرتن لە باری دواکەوتوویی کۆمەڵ و نەگەیشتن بە شارستانییەت:

دەتوانین لە شیعری (کوردستان)ی گۆراندا ئەم تێڕوانینە بخوێنینەوە. دیارە بۆ خۆی ناونانی هۆنراوەکە بە(کوردستان)مەبەستێکی تایبەتی لە پشتەوەیە، یان بە واتایەکی تر جیاکردنەوەی سنورێك و جوگرافیایەکە کە شاعیر مەبەستێتی. شاعیر لە سەرەتاوە دەیەوێت جوگرافیایەکی تایبەتیمان پێبناسێنێ و هاوکات پەیوەست بوونی خۆی بەمێژوویەکی دێرینەوە لەم سنوورەدا دووبارە دەکاتەوە(کوردستان: جێگامی، جێی هەزارساڵەم،). جگە لەوەی شاعیر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دواندنی کوردستانەوە سەرەتای شیعرەکە دەست پێدەکات، بەهەمان شێوە بۆ جەختکردنەوە دووجار وشەی (جێگامی، جێی) دووپاتکردووەتەوە، کە مەبەستی پێداگرتنە لە بوونی خاکێك یان پانتاییەك بۆ نەتەوەی کورد ئەویش (کوردستان)ە:

**کوردستان: جێگامی، جێی هەزار ساڵەم،**
**پەروەردەی ئەم دۆڵ و سەر لووتکە و یاڵەم!**
**هەناسەم تێر بۆنی بای کوێستانتە،**
**دوو لێوەم پاراوی بەفراوانتە،**
**سەرنجم ڕاهاتووی زیوی زەرکەفتە،**
**بەزەردەی سەر بەفر ئێوارە وەختە، [1]**

دەتوانین بڵێین شاعیر شیعری(کوردستان)ی لەسەر سێ ئاست بونیاد ناوە، ئاستی یەکەم بریتیە لە وەسفێکی وردی سروشتی کوردستان، بەڵام سروشتێکی دەست لێنەدراو واتە چۆن خوای گەورە دروستی کردووە و ڕسکاندوویەتی بەبێ ئەوەی دەستی مرۆڤ ئەم سروشتە جوانەی ژاکاندبێت. گۆران هەر لە ئاستی یەکەمدا دەیەوێت پەیوەستی خۆی بەنیشتمانەکەیەوە

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٨٩.

بسەلمێنێت. ئەویش لە ڕێگەی بەگەڕخستنی هەستەکانی وەکو(بۆن، تام، بینین، بیستن)ەوە دیسانەوە جەخت لە پەیوەست بوونی خۆی دەکاتەوە:

**گــوێم فێــرە بیــستنی خــوڕەی قـــەڵبەزە،**
**لەو عاستەی ژوور بەفرە،داوێن گیای سەوزە،**
**زمـــانم پـــشکووتووی قــسەی جوانتـــە،**
**قـــسەی نـــاو گـــۆرانیی شـــاخەکانتە،**
**هیـــی نـــاو چـــیرۆکی گـــوێ ئاگردانتـــە،**
**هیـی نـاو لایــە  . لایــەی منـــالآنتە!...**[1]

کەواتە گۆران لە ئاستی یەکەمدا سروشتی کوردستان لە ڕێگەی تێکەڵکردنی بە هەستەکانی خۆیەوە بە ئێمە دەگەیەنێت، شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی کوردستانەوە بوونی خۆی بسەلمێنێت. دەیەوێت پێمان بڵێت وجوود و بوونی ئەو پەیوەستە بە بوونی ئەم خاکەوە کە کوردستانە، چونکە ئەگەر کوردستان نەبێت شاعیریش بوونی نابێت. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە شاعیر لە دەقی کوردستاندا کەوتووەتە ژێر کاریگەری تیۆری ڕەنگدانەوە و تەوزیفێکی دروستی ئەم تیۆرەی لە دەقەکەدا کردووە، چونکە((بەرهەم و هۆیەکانی بەرهەمهێنان کە بەژێرخان ناودەبرێت دەبێتە هۆی لە دایک بوونی هۆشیارییەکی دیاریکرا و کە لایەنی ڕۆشنبیری و فەلسەفی و یاساکان و فیکر و هونەر لەخۆ دەگرێت و بەسەرخان ناودەبرێت، هەر گۆڕانێك لە ژێرخاندا ڕوویدات بەدوای خۆیدا گۆڕانکاری بەسەر سەرخاندا دەهێنێت. بەواتایەکی تر هەر گۆڕانێك لە بونیادی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ڕوویدات. دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە شێوەی هۆشیاریدا یاخود سەرجەم بونیادی سەرخان دەگرێتەوە))[2]. گۆران لەم دەقەدا هەست بەکەلێنێکی گەورە لە نێوان سەرخان و ژێرخانی کوردستاندا دەکات. کە دەرئەنجامی

---

(١) دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم، هـ. ل .

(٢) في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي، ص ٨٦.

پــاش کــەوتن و داتــەپینی ژێرخــانی ئابووریــە کــە خــۆی لــە هۆیــەکانی بەرهەمهێناندا دەبینێتەوە و کاریگەری بەهێزی لەسەر لایەنی سەرخان هەیە. بۆیە لە دەقەکەدا بەوردی کاریگەری و کارلێکی ژێرخـان و سـەرخانی لەسـەر یەکتری دیاریکردووە. تیۆری ڕەنگدانـەوە ڕێگەخۆشـکەربوو بـۆ سـەرهەڵدانی ڕێبــازی واقیعــی لــە ئــەدەب و هونــەردا و کاریگــەری بەســەر ڕەخنــەی کۆمەڵایەتیشەوە بەجێهێشت، لەو ڕووەوە کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش لـە دوای پەیوەندییــەکانی مــرۆڤ لەگــەڵ دەوروبــەری خــۆی و واقیــع دەگــەڕێت. بەمەبەسـتی سـوود وەرگـرتن لـە توانـستە سروشـتی و مرۆڤایەتییـەکان و وەگەڕخستنیان لە پێناوی خۆشگوزەرانی و بـەختیاری کۆمەڵگەکانـدا. جگـە لــەم لایەنــەش ســەرهەڵدانی ڕەخنــەی کۆمەڵایــەتی بــۆ خــۆی((وەکــو پەرچەکردارێك بوو لە دژی ڕێبازی هونەر بۆ هونەر و شیکردنەوەی دەروونـی بـۆ ئـەدەب، بۆیـە ڕەخنـەی کۆمەڵایـەتی دەیـەوێت، لـە شـوێن مێـژووی کۆمەڵایەتی کارە ئەدەبییەکان بگەڕێت))[1]. لەم ڕوانگەیەوە گـۆران لـە دووی هۆیەکانی دواکـەوتنی کۆمەڵگـەی کـوردی دەگـەڕێت. بۆیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ مێژوویەکی کۆن و تەعبیر لە عەشقێکی دێرین بۆ ئەم خاکـە دەکـات، چـونکە ئەم عەشقە وەکـو مـیرات و بۆماوەیـەك پشتاوپـشت بـۆی ماوەتـەوە و زیـاتر پەیوەستی دەکات، جگە لەوەش ئەم سیفەتی بۆماوەییەش هـەر بـەردەوامی هەیە و بەرەو ئایندە دەڕوات و خۆشەویـستی ئـەم خاکـە لـە دڵ و دەروونـی هەموو تاکێکی کوردا زیندوو ڕادەگرێت:

**عەشقی تۆ، ئەی دایکی خۆم و هاو خوێنم،**
**هــەر لـــە پـشتی باوکـــا چـووە هــەوێنم،**
**ئەشــچێتە هــەوێنی کـــــوڕ و کـــــوڕەزا،**
**تـــا تاقێ کورد مابێ لە چیای بەرزا!...**[2]

(١) علم اجتماع الأدب، ا.د. محمد سعيد فرج و ا.د. مصطفى خلف الجواد، ص ٢٨.
(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٨٩ ـ ١٩٠.

ئەگــەر لەســەر ئاســتی دووەم بوەســتین کــە زیــاتر ئــەو حاڵەتــە بەرجەستە دەکات کە ئێمـە دەمانـەوێت، چـونکە شـاعیر زیـاتر دەچـێتە نـاو قووڵایی مەبەستەکەیەوە و کۆمەڵێك پرسیار دەورووژێنێت، کە بە زروفی ئەم خاکەوە پەیوەستن. ئایا بۆچی ئەم خاکە تاکو ئێستا وەکو خۆی ماوەتەوە؟ لە بەرچی هەنگاوی بەرەو شارستانێت نـەناوە ؟ بۆچـی ڕوونـاکی و دەسـتی ئـاوەدانی پـێ ناگـات؟ هـۆی چـییە کـپ و بـێ جووڵەیـە؟ بۆچـی بونیـادێکی ڕۆشنبیری نییە؟ بۆ خوێندن و زانست و ڕۆژنامـە ڕۆڵیـان نییـە؟... دەبیـنین کاتێك زەمینەیەکی گونجاو نەبێت و ژێرخانی کوردستانیش هاوکار نـەبێت لـە بووژاندنەوەی سەرخاندا ئەوا گەشتن بە شارستانییەت ئەستەمە:

**کوردســتان: ئەگەرچــی دووره دنیــای تــۆ،**
**دۆڵ و دارســتانی چــۆڵ و تەنیـــای تــۆ،**
**دووری لــە شارســتان، لـــە ژینــی تــازە،**
**لــە شــەوی ڕوونــاك و پــڕ لـــــە ئــاوازە،**[1]

گـۆران بـە ((وشـەی (ئەگەرچـی) ئـەو سـنووره جیادەکاتـەوە واتـە ئەگەرچی تۆ ئەی کوردستان خاوەنی ئـەو هـەموو جوانییـەت، ئەگەرچـی تـۆ زەمینەی بەرهەم هێنانی چێژی ئیستاتیکای قـووڵ و مـەودا فراوانیـت بـەڵام تەنیا ئەو جوانیەی چێژی ئیستاتیکای بەرهەم دێنێت بەس نییـە بـۆ ئـەوەی ببێتە بوویەکی خاوەن ناو و ناسنامە))[2]. شاعیر بەپێی بۆ چوونی خۆی هۆی دووری کوردســتان لــە ژیــانی شارســتانی و ســەردەم دیاریــدەکات و لــەو باوەڕەدایــە دووره پــەرێزی و گۆشــەگیری کوردســتان وایکــردووە ((کــە کوردســتان تــاکو ئێــستا لــە پــەراوێزی مێــژوودا ماوەتــەوە و نــەیتوانیووە

---

(١) دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٩٠.

(٢) گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا(خوێندنـەوەی هەڵبژاردەیـەك لـە شـیعری کـوردی)، عـەتا قەرەداغی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (٣٥١)، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل ١٥٠.

شارســتانێتی بەرهــەم بهێنێــت، هــەروەك بەرهــەم هێنــانی شارســتانێتی ئامادەبوون دەبێتە بنەماو پایەی خۆ سەلماندن و زەمینە بۆ خۆنمایش کردن خۆش دەکات.. مانەوەی کوردستان بە تەنیاو دوور و پەرت لە دنیـاو لـەوانی دی وای لە کەسێتی کوردی کـردووە هەمیـشە خاسـێتی خۆشـاردنەوە و خـۆ حەشـاردانی هـەبێت لـە بـری خـۆ نمـایش کـردن و خۆسـەلماندن))[1]. لێـرەدا ڕەنگدانەوەی ژێرخان لەسەر لایەنی سـەرخان دیـار و بەرچـاوە و سـستیەکی گەورەیان پێوە دیارە:

**ئەگەرچــی تــۆ دووری لــــە ڕۆژی شــاران،**
**ڕۆژی پـڕ لـە گـەردش، هـات و چـۆو جـوولآن،**
**ڕۆژی پـڕ لـە زانـست، پـڕ لــە فـەننی جـوان،**
**کتێــب و ڕۆژنامــە، هەیکــەل و مـــــەیدان**
**ڕۆژی پـڕ لـە خـۆراك بـۆ گیـان و بـۆ لـــەش،**
**ڕۆژی پڕ لە ئافرەت، پڕ لە باغچەی گەش.[2]**

شاعیر پێمان دەڵێت کە ئێمە بۆ گەیشتن بـە کـاروانی شارسـتانییەت زۆر هۆکاری یارمەتیدەرمان هەیە. زۆر زەمینەی گونجاو و ڕەخساومان هەیە. سروشتی کوردستان باشترین هۆکارە بـۆ ئـەوەی بەمەبەسـت بگـەین. گـۆران دەیەوێت ئێمە دەستەوەستان و چاوەڕوان دانەنیشین لە بـەردەم سروشـت و وەرزەکانی ساڵدا و چاوەڕێی ڕەحمەتی هەروەرزێك بین کە خۆی نمایشکات و ئێمـەش تـەنها بینـەربین. دەیـەوێت ئێمـە ئـەم سروشـتە وەبـەربێنین بـەرەو کـاروانی شارسـتانییەت بـڕۆین و ئێـستاو ئاینـدەی لـە سـەر بونیـاد بنـێین. ئاشکراشە کە شارستانییەت بە توانستە مـادی و مەعنەوییـەکانی مرۆڤایـەتی دروسـت دەبێـت. ئـەنجامی مانـدووبوون و قوڵبوونەوەیـە لـە هـەموو ئـەو

---

(١) س.پ، ل ١٥١.

(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٩٠.

ڕەهەندانــەی پەیوەنــدیان بــە خواســت و داواکــاری و ئاســانکردنی ژیــانی ئادەمیزادەوە هەیە:

**ئەگەرچی تۆ دووری لەم گشت جوانی یـــە،**
**جوانی یەکی تر هەیە کوردستانـــی یـــە:**
**جوانی یـەك كــە دەستی هونـــەری یـەزدان**
**نەخشی کێشاوە، نەك سەلیقەی فەننـــان![1]**

کاتێك شاعیر سیماکانی شارستانیەتمان بـۆ بـەیان دەکـات(زانـست، کتێب، ڕۆژنامە، ڕووناکی، باغچەی گەش، فەننی جوان، زۆری خۆراکی ماددی و مەعنەوی، جوولە و بزاوتن، کۆڕو....هتد)بۆی دەردەکەوێت کە دونیای ئەو دوورە لەم هەموو جوانییە! بۆیە دەیەوێت لە ئاستی سێیەمدا ئـەو پەیامـەی کە مەبەستێتی بە جیلی خۆی و ئێستاو داهاتووی بگەیەنێت:

**بــەڵێ! ئەگـــەر بێتـــوو ڕۆژێ لـــــــە ڕۆژان،**
**لـە کۆشـتا لێك بـدەن جـوانیی هـەردووکیـــان،**
**ئـەو حەلــە سەرانـسەر ئەبیتـە بـــــەهەشت،**
**لە لووتکەی شاختەوە تا پانتایی دەشت!.[2]**

گۆران کوردستان بە خـاڵی پێکگەیانـدنی هـەردوو ئاسـت(سروشـت و توانـستە مرۆڤایەتییـەکان) دادەنێـت، چـونکە((گـۆران لــەوە تێگەیـشتووە کەتەنیا جوانی سروشت و دیمەنی قەشەنگی چیاو دۆڵ و لوتکـە و پێدەشـت لە ڕووی خۆ سـەلماندن و ئامادەبوونـەوە بایـەخێکی ئـەو تۆیـان نییـە، بۆیـە دەخوازێـت کــە جـوانی سروشـتی و جـوانی پەرەسـەندن و پێـشکەوتن و بنیادنانی شارستانی لە کوردستاندا پێکەوە تێکەڵاوبن، ئـەوا کوردسـتان لـە

(١) س. پ، ل ١٩٠ ـ ١٩١.
(٢) س.پ، ل ١٩١.

جوگرافیای سروشتی و له سروشتی جوانی دەست لێنەدراوەوە دەگوازێتەوە بۆ ئاستێکی بالآتر کە ئەویش ئاستی ئامادەبوون و بە دەستهێنانی ناسنامەیە))[1]. شاعیر ئامادەیی ودەرکەوتنی نەتەوەی کورد بە ڕادەو ئاستی پێشکەوتن و شارستانییەتەوە پەیوەست دەکات، چونکە ئەمەیە کلیلی وەرگرتنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئیسپاتکردنی خودی کورد وەك نەتەوەیەکی خاوەن شارستانییەت، بێگومان ئەگەر کورد نەتوانێ هاوسەنگی لە نێوان سروشت و توانستەکانی بۆ وەدەستهێنانی شارستانییەت دروست بکات. ئەوا بەو مەبەستەی کە گۆران دەیەوێت، لەهەمانکاتدا ئاواتی هەر تاکێکی کوردیشە بەدینایەت:

**بەڵام ئەگەر بێتوو بە دوو چاوی خۆم**
**بتوانم ببینم بەری هیوای تۆم،**
**ئەوحەلە: کوردستان، کوردستانی جوان،**
**هەڵپەڕین لە من و، بەستە لە ژیان!..[2]**

گۆران وەدیهێنانی شارستانیەت بۆ کوردستان بە مسۆگەرکردنی ئایندە دەزانێت، بۆیە ئەگەر ئەو مەبەستەی نەیەتەدی ئەوا زەحمەتە ئەم میللەتە بتوانێت، بە خۆشگوزەرانی و سەرفرازی بژی. ئەم دەقە شیعرییە ڕازی مانەوە و بەردەوامی خۆی لە هەناویدا حەشارداوە، چونکە هەندێك بەرهەمی ئەدەبی هەیە کە خاوەنی جۆرێك لە تەبایی و ڕێکەوتنە لەگەڵ کۆمەڵگە و خاوەنی بەرژەوەندیەکی هاوبەشن، بەلآم لە بەرامبەردا بەرهەمی تر هەیە کە هەڵگری جیهانبینیەکە هەوڵی تێپەڕاندنی واقیعی کۆمەڵگە دەدات، بۆیە بەپێی گوزارشتی(لۆکاش) ئێمە لە بەرامبەر دوو جۆر لە ڕەنگدانەوەداین. ڕەنگدانەوەی سروشتی کەبە ساختە (مزیف) ناودەبرێت و

---

(١) گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا، عەتا قەرەداغی، ل ١٥٥.

(٢) دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٩٢.

ڕەنگدانەوەیەکی تەباو کۆکە لەگەڵ واقیعی باو، بـەڵام ڕەنگدانـەوەی واقیعـی کە بە ڕاستگۆ(صادق) ناودەبرێت. ئەو ڕەنگدانەوەیەیە کە دەیەوێت کۆمەڵگە دەربازبێت لە دۆخی وەستاو و هەنگا و بەرە و گۆڕانکاری هەڵگرێت[1]. گۆران لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ڕاسـتگۆوە بونیـادی کۆمەڵگـەی کـوردی خـستووەتە بەر تیشکی ڕەخنـە و هـەوڵی تێپەڕانـدنی ئـەو واقیعـە سـاختەیەی داوە، کـە بەدۆخی وەستاوی کۆمەڵگە رازییە ! !

**٣ـ ڕەخنـەگرتن لـە سیـستەمی دەسـەڵات و نـەبوونی دادپـەروەری:** کاتێـك سیستەمی فەرمانڕەوایی لە خزمەتی تاکەکانی کۆمەڵدا نابێت و سیستەمێکی کۆن و دواکەوتوو دەبێت. بێگومان دەرئەنجام و لێکەوتەکانی لە بەرژەوەندی تاکـەکانی کۆمەڵـدا نابێـت. ئەمـەش وادەکـات کـە دادپـەروەری و دادی کۆمەڵایەتی دروست نەبێت و یاسا وەك پێویست ئەرکی خـۆی ڕانەپـەڕێنێت. بۆیە زۆربەی کات لەم جۆرە سیـستمانەدا یاسـا لـە خزمـەتی بەرژەوەنـدی و قـازانج و ئیمتیـازاتی کۆمەڵـە کـە سـانێکدا بـووە و هـەژاران و تاکـەکانی خوارەوەی کۆمەڵ تەنها ملکەچکردن و جێبەجێکردنی ئەرکیان لە سەر شـان بووە و مـاف و بەرژەوەندییـەکانیان دیـاری نـەکراوە. ڕەخنـەی کۆمەڵایـەتی هەوڵدەدات((لەلایەکەوە پەیوەندی دەقی ئەدەبی بە واقیعی کۆمەڵایەتییـەوە پیـشاندات و لەلایـەکی تـرەوە پەیوەنـدی دەقـی ئـەدەبی بـە بـارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیارییەوە بخاتەڕوو))[2]. کەواتە گۆران لە ڕێگـەی خستنە ژێر پرسیاری سیستەمی دەسـەڵات و نـەبوونی یەکسانی لـە وڵاتـدا. وێنایـەکی بەرجەسـتەی واقیعـی کۆمەڵگـەی لـە سـەردەمی خۆیدا بـە ئێمـە گەیانـدووە، بـەڵام بەشـێوەیەکی هونەرمەندانـە یـاخود بـە واتایـەکی تـر وەرگرتنی دیمەنێك لە ژیانی کۆمەڵگـەو ئاوێتـەکردنی لەگـەڵ دنیـابینی خـۆی

---

(١) بڕوانە: في النظرية الادب، د. شكرى عزيزالماضي، ص ٨٧.

(٢) علم اجتماع الأدب، ا.د. محمد سعيد فرج و ا.د. مصطفى خلف الجواد، ص ٢٧.

دەقی(ناڵەی بێ کار) ی خولڤاندووە کە وێنایەکی دروستی ئەم حاڵەتەی کۆمەڵگەمان بۆ دەکات. بەشێوەیەك کە لەم کۆمەڵگەیەدا کوڕێکی گەنج تاکو توانای کارکردن و بەردەستی گەورەکانی هەیە. وەکو ئامێرێك کاری پێدەکەن تاکو هەموو تەمەنی گەنجی و جوانی لێدەستێنن. پاشان کە لاواز دەبێت و توانای کارکردنی نامێنێ و بەکەڵکی بەرژەوندیەکانی ئاغاو گەورەکان نایەت. فڕێی دەدەنە دەرەوە بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی کە ئەم مرۆڤە هەموو تەمەنی لە پێناوی ئەواندا بەخشیووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیستەمی دەسەڵاتەی کە تەنیا بەرژەوەندیەکانی پیاوانی خۆی دەپارێزێ:

**تاهێزی بزووتن لە لەشما بە گوڕ بوو،**
**من کوڕ بووم بۆ ئاغاو ئاغا باوکی کوڕ بوو،**
**لە(ماندوو نەبوون)ی سەرایشم واق وڕبوو،**
**عەماری لە بەری تەقەلام پڕ . پڕ بوو ...** (١)

دەتوانین بڵێین ئەم حاڵەتە تەنها بە تاکێکی ماندوو ڕەنجبەری کۆمەڵگەوە پەیوەست نییە، بەڵکو ئەمە واقیعی بە شێکی زۆری زەحمەتکێش و هەژار و کرێکاری ئەم کۆمەڵگەیە بووە، چونکە نایەکسانی و زوڵمێکی زۆر هەبووە و چینی خوارەوەی کۆمەڵیش باجی ئەم نا دادیەی داوە. لە ڕێگەی سۆسیۆلۆژیای کارە ئەدەبییەکانەوە دەتوانین لێکۆڵینەوە لە مۆرك و تایبەتمەندی ئەم(مرۆڤە ماند و زەحمەتکێشە)ی کۆمەڵگەی کوردی بکەین، چونکە توێژینەوە لە کەسایەتی و پاڵەوانی ناو کارە ئەدەبییەکان بۆ خۆی مەیدانی کارکردنی ڕەخنەگر و مێژوو نووسە ئەدەبییەکانە و دەکرێت لە چەند ڕەهەندێکی جیاوازەوە بۆی بڕوانرێت، بۆ نموونە کاتێك دەوترێت((ڕۆمان بە گرنگترین ژانری ئەدەبی دادەنرێت کە

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ١٩٩.

گرنگی به وێناکردنی مرۆڤ دەدات لە پەیوەندیدا بە کۆمەڵگەوە...چونکە وێناکردنی کەسایەتییەکان لە ڕۆماندا هەڵگری چەندین دەلالەتە...هەروەکو چۆن سیمای پاڵەوان لە ڕۆمانی ئینگلیزیدا لەسەرەتای سەرهەڵدانییەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکاریانەیە کە بەسەر بەهاکانی کۆمەڵگەدا هاتووە، کە بەشێوەیەکی سرووشتی دەرئەنجامی گەشەکردنە کۆمەڵایەتیەکانن))[1]. لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی ناو ئەم دەقە شیعرییەی گۆران بەو ڕاستییە دەگەین کە ئەمە نموونەی مرۆڤێکی کۆمەڵگەی کوردیە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، کە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی تەنها پشتی بەهێزی جەستەی بەستووە بۆ کارکردن، بەبێ ئەوەی بیر لە دروستکردنی دنیایەکی باشتر یان داهاتوویەکی باشتر بۆ خۆی بکاتەوە. هەرئەمەش وادەکات کە ئەم مرۆڤە وەکو دیل و کۆیلە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت لەلایەن ئەو کەسانەی کە بەکاری دەهێنن. هیچ حیسابێك بۆ هەست و سۆزە مرۆڤایەتیەکەی نەکرێت، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر کەسایەتی ئەو مرۆڤە بەجێدەهێڵێ و لە ڕووی جەستەییەوە دەبێتە مرۆڤێکی دەستە پاچەو بێدەسەلات و لە ڕووی دەروونیشەوە مرۆڤێکی ڕووخاو و شکست خواردووی لێدەردەچێت. کە توانای تەفسیرکردنی واقیعی نابێت و هێندەی تر خۆی مەحکوومی ئەو ژینە زیندان ئاسایە دەکات:

**فرمانێ، ئەی کۆمەڵ! فرمانێ.. فرمانێ..**
**بۆ دەردی بێ کاری چارەیەك ، دەرمانێ،**
**زۆر شەرمە لە چەرخی بیستەما ئینسانێ**
**بێ ئیش بێ و سکی خۆی هەڵ لووشێ بۆ نانێ!..**[2]

---

(١) التحليل الاجتماعي للأدب، السيد يسين، ص ١١٨.
(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ٢٠٠.

شاعیر کۆمەڵگە لەم کارەساتە بەردەوامە ئاگادار دەکاتەوە و داوای دۆزینەوەی ڕێگایەکمان لێدەکات، تاکو چیتر لاوانی بونیادنەری ئاینده و کۆڵەکەی ئێستای کۆمەڵگەکەمان نەبنە قوربانی مەرامی بەرژەوەندی گەورە پیاوانی دەسەڵات. دەیەوێت لێرەوە چیتر ئێمە بە گەمەکانی دەسەڵاتێکی خۆویست و ناعەدالەت ڕازی نەبین. بۆیە بانگەوازی یەکسانی دەکات و سیستەمێکی دەوێت کەهەموو تاکەکانی لە ئاست ماف و ئەرکەکاندا یەکسان بن و چیتر مرۆڤی کورد نەبێتە قوربانی لە پێناوی لوقمە نانێکدا و هێز لە بونیادنانی ئێستاو ئایندەیەکی گەش بکاتەوە.

گۆران لە(نق و جق)دا کە پیەسێکی یەك پەردەییە، بەهەمان شێوە لە دیمەنێکی کۆمیدیدا دەیەوێت لە ڕێگەی چوار کارەکتەرەوە کە پێکهاتووەلە(هەژار، نق، جق، سەرەك)دا پەردە لەسەر ڕۆتین و ماندووکردنی خەڵکی هەژار و وەڵام نەدانەوەی داواکاری و خواستەکانیان و پاشانیش ئیهانەکردن و سووکایەتیکردن بەو کەسانەی بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی کارەکانیان سەردانی دامو دەزگاکان دەکەن، بۆیە کاتێك خەڵکانێکی ئاست نزم پلەو پایەیان بە دەستەوەیە و لە خەمی ڕایکردنی کاروباری کۆمەڵەوەنین، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە بۆ هاووڵاتیان و ماندووکردنی خاوەن مامەڵەکان و بەدەمەوە نەچوونیان. دیارە هۆی سەرەکی هەموو ئەم ئاستەنگانەش پەیوەندی بەسیستەمی حوکمڕانی و دواکەوتوویی شێوازی کارکردنیانەوە هەبووە:

**سەرەك:**

**چی یـــــە... کابرای قرە قرکەر؟**

**جـــق:**

**گـــــەورەم، لێمان تێك ئەدا سەر!**

**هــەژار:**

**قوربان! عـــــەرز و حـاڵی پێرار!**

**سەرەك:**

هەی قوززەڵقورت! هەی زەهری مار!
پەلە لە کـــار بەدەست ئەکـــەی؟
لـــە نق و جق سەر تێك ئـــەدەی؟

هـــەژار:

قوربـــان، پەلـــــەم نەکردووە!

سەرەک:

بۆ عــــەرز و حـــاڵ دووساڵ زووە!
بۆچــــی ئێرە خــــوم خانەیە؟
یا جق خـــــانەی شاهــــانەیە؟!

نــــق:

کـــاری ئاغا چوار ساڵــــی برد!

جـــق:

هیی بەگمان بـــە پێنج تەواوکـــرد:

سەرەک: (لە بەرخۆیەوە بە تەوس و تووڕەیی):

پێری عـــەرز و حـاڵی داوە،
ئەمڕۆ کـــەوتۆتە ئاژاوە.
(ڕوو ئەکـــــــاتە نق)
تەلـــەفۆن کــــە.. تەوقیف بکرێ.
بابەس بێت بـــەرۆکمان بگـــرێ![1]

دەبینین ململانێکە لە نێـوان دوولایەندایـە کـابرای هـەژار و سـەرۆکی فەرمانگەکـە. کـەپاش مانـدووکردنێکی زۆری کـابرای هـەژار و سـووکایەتی پێکردنی و ساردکردنەوەی لـە ئـەنجامی کارەکـەی. تۆمەتباریـشی دەکـەن و بـەهۆی پەشـێویی و ئـالۆزی دادەنـێن. گـۆران دەیـەوێت ئـەو هۆشـیارییە چالاکەی کە خۆی هەیەتی بەوەرگر و کۆمەڵگـەی بگەیـەنێت، چـونکە شـاعیر

(١) دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٣٧٦ ـ ٣٧٧.

لێرەدا مەبەستی دروستکردنی دیمەنێکی پێکەنیناوی نییە، بەڵکو ورووژاندن و بە ئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگەیە کەمەبەستی سازدانی زەمینەسازیە لەم جۆرە سیستەمانەدا بۆ گۆڕانکاری. کە دەبینین لە بری ئاسانکردنی باری شانی کۆمەڵ، هێندەی تر دەردەدار و ماندویان دەکات. لێرەوە هەست بە جیاوازی گۆران دەکەین، چونکە ئەگەر((شیعری کۆن ئەوشتەی بە بیری خوێنەر دەهێنایەوە کە دەیزانی، دەبێ شاعیر شتێك لە لای خوێنەر کەشف بکات کە پێشتر نەیزانیوە))[1]. ئەمەیە ئەرکی شاعیری داهێنەر کە خوێنەر - وەرگر - هاندەدات بە دوای دۆزینەوەی ڕێگە چارەدا بگەڕێت. خوێنەر تووشی بە خۆدا چوونەوە دەکات. بەشێوەیەك بتوانێ لە بەردەم واقیعدا هەنگاوی دروست و بونیادنەر بهاوێ و ڕۆڵی لە گۆڕانی سیستەمی دواکەوتووی کۆمەڵگەکەیدا هەبێت. بەشێوەیەك کە دامەزراوەکانی کۆمەڵگە لە خزمەتی داواکاری و بەرژوەندیەکانی تاکەکانی کۆمەڵدابێت. بۆیە(( ئەدەب خۆی لە خۆیدا پرۆسەی گۆڕینە، گۆڕینی ئەو جیهانەی تیایدا دەخولقێ و دەڕسکێ بۆ جیهانێکی بالآتر و مرۆڤانیتر. ئەدەب هەمیشە لە هەولّی ئەوەدایە ژینگەی هونەری و کەلتووری و شارستانی خۆی، واتە قۆناغ و سەردەمی خۆی ببەزێنێ و لە ئایندەدا دەنگ و ڕەنگ بداتەوە.. واتە ئەدەب ڕەگەزە پەراگەندەکانی شارستانییەتێکی تایبەتی و دیاریکرا و دەهونەرێنێ و جۆرە زندوویەتییەکی پێدەبەخشێت))[2]. ئەم پرۆسەی دەرخستن و پیشاندانی واقیعە لە ئەدەبدا بە شێوەیەکی هونەری بەرز. کاریگەرییەکی بەهێزی لە سەر وەرگر هەیە. بۆیە ئەم پارچە پیەسەی گۆران بەقەد ئەوەی کەپێکەنیناویە، چەند هێندەی تر بەگریە وئازار بە خشە، چونکە واقیعکی هێندە تاڵ بە ئێمە دەگەیەنێت واهەست دەکەین، کە ئەوە ئێمەین لە بەردەم

(١) شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە(دەق و ڕەخنە)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٥٣ - ٥٤.

(٢) ئامانجی ئەدەبیات، ماکسیم گۆرکی، و: حەمە کەریم عارف، خانەی چاپ و پەخشی سایە(٣٥)، چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل ٩ - ١٠.

ئەو ستافە نەزانەدا وەستاوین و دەستەوەستان هیچمان پێناکرێت. کەواتە پەیامی گۆران ئەوەیە کەپێمان بڵێت ئەو جۆرە واقیعە قابیلی قبوڵنییە و دەبێت چاکسازی تێدا بکرێت.

## ٤ـ دەربڕینی گلەیی و گازندە لە چارەنووس و ڕۆژگار و چەرخی زەمانە:

گۆران وەك شاعیرێك ژیانێکی پڕ لە تراژیدیا و ناخۆشی بەسەربردووە، کە پەیوەندیان بە لە دەستدانی کەسە نزییکەکانیەوە هەبووە. هەموو ئەم مەرگە ساتانە شاعیری بەرەوڕووی زۆر پرسیاری قورس و گران کردۆتەوە، کەبپرسێت((ئێمە کێین، بۆچی لە سەر ئەم زەمینەین؟ بۆ کوێ دەچین؟ لە پاش مردن چی هەیە؟ یاخود مردن گوزەرە یاخود شتێکی تر لەو دیوی هەیە؟))[1]. ڕەنگە گەڕان بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانە شاعیری تووشی جۆرێك لە بێدەسەڵاتی و دۆشدامان کردبێت، چونکە ئەمانە پرسیاری ئەزەلین و لەوەتەی مرۆڤ هەیە لە ئاست مردندا بێدەسەڵات و بێتوانایە. گۆران لە شیعری(شیوەنی گوڵاڵە)دا، هەر لە سەرەتاوە بە هەستێکی بە کوڵی باوکایەتییەوە شیوەن بۆ گوڵاڵە دەکات:

**کچم، مایەی ژیانم، یادگاری**
**شەبابم، نۆبەرەی شیرینی داری**
**غەرامی کەم دەوامی عومری لاویم،**
**دڵۆپی خوێنی گەرمی ئاگراویم؟**
**جگەر گۆشەی عەزیزم، نووری چاوم،**
**سەری تاڵە دەزووی ئامالی خاوم.؟**[2]

---

(١) تیۆری بنیاتی شاراوە، نەجات حەمید ئەحمەد، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس(٨٣٤)، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٥٠٩.

(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ٩٧.

کاتێك ئەزموونەکانی ژیانی نووسەر بەشێك لە ئەزموونی داهێنانی ئەدەبی پێکدەهێنن، بۆ خۆی ئەوە دەسەلمێنێت، کە ئەدەب لە ژێر کاریگەری واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی و دیاردەکانیدایە. لەم سۆنگەیەوە ئەرکی ئەدەب بریتیە لە ((دواندنی عەقڵ و هەست و ئامانجی تیژکردنەوەی هێزی درککردنە، بەمانایەکی تر ورووژاندن و ڕووناککردنەوە و هاندانی هۆشیارییە بەمەبەستی تێگەیشتنێکی زیاتر لە جیهان و هاوکاری کردنی خەڵکی بۆ درککردن بە واقیعی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاری کردن تێیدا))[1].
لێرەوە ئەدەب چراخانێك بووە هەوڵی ڕۆشنکردنەوەی عەقڵ و هۆشی مرۆڤی داوە لەپێناو تێگەیشتنی زیاتری مرۆڤ لە ناوەوەی خۆی و لەم ڕێگەیەشەوە هەوڵی بۆ ناسینی دەرەوەی خۆی و ژینگەی کۆمەڵایەتی داوە. شاعیر لە ڕێگەی بەسەرهاتەکانی خۆیەوە دەیەوێت ئێمەش وەکو ئەو لە ژیان و چارەنووسمان بڕوانین. هەرچەندە گۆران بە هاتنە دنیای گولاڵە هەستی بە کرانەوە و ئاوەدانبوونەوەی باغچەی ماڵەکەی کردووە، بە مـوژدەدەری هێنانی خۆشگوزەرانی و بە بەهاری کرانەوەی هیوا و ئاواتەکانی دانابوو، کۆمەڵێك خەو و خۆزگەی جوانی لەسەر هەڵچنیبوو، بەڵام لە پڕ(مەرگ) ئەم گوڵە تازە پشکووتووەی لێدەشارێتەوە. ئیتر گولاڵەی ڕەمزی ئاوەدانی و بەختەوەری و چرای ڕووناکی ماڵەکەی گۆران دەکەوێتە نێو دنیای لە بیر چوونەوە و نەمان. بۆیە گولاڵە نەبووە ئەو گوڵە بۆن خۆشەی کە بەهاری ژیانی گۆران عەتر پرژێنکاو هەموو ژیانی پڕ لە نەشئەو خۆشی بکات، بەڵکو مەرگ دەرفەتی نەداو شاعیری لەم هەموو گەشبینیەوە بەرەو نائومێدی و ڕەشبینی برد:

چ زوو مـردی؟ کـچم هـەیهات کـچی خـۆم،
چ زوومـردی؟ چ زوو کەوتیتـە بـن گـۆم؟
چ زوو کەوتیتـە بـن گـۆمی عـەدەم؟ خـۆ

---

(١) في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي، ص ٩٤ ـ ٩٥.

بـە(ئۆخـەی)تـەڕ نـەبوو لێـوم وتـم(ڕۆ)!...
دەمـیٚ پـشكووتی تێـر بـۆنم نـەكـردی،
گوڵاڵـەی خۆشەویـست دەر لـەحقە مـردی![1]

شاعیر بەدەم ئازاری جەرگ بڕان و تازیە باری و بێ دەسەلاّتییەوە، پـەنا وەبـەر عەرشـی خـودای گـەورە دەبـات، داوای سـەبەبی وەرگرتنـەوەی گیانی ئەم جگەر گۆشەیەی دەكات!... ئەجەل بۆچی گوڵی تازە پشكوتووی لیٚ فڕاندم؟... بۆ باغچەی ماڵەكەت لە جوانی كردم؟...شاعیر ناچـارە و پـەنا وەبەر هەموو شتێك دەبات(حەكیم، عیلمی بەشەر، دەرمان...)!.. خۆ شاعیر باش دەزانیٚ هیچ شتێك نییە لـە دنیـادا ڕێـڕەوی ئـەم چارەنووسـە بگۆڕێـت، بـەلاّم ئـازاری دڵ و سـوێی لـە دەسـدانی جگـەر گۆشـەكەی شـاعیر دەخاتـە دۆخێكەوە كە نەتوانێت بە ئاسانی تەحەمووڵی ئەم ئازارە گەورەیە بكات:

ئەجـەل داد ئاسمـان داد، عەرشـی خـودا داد!
حـەكیم، عیلمـی بەشـەر، دەرمـان، دەوا داد!
كـچێكم بـوو، كـچیٚ.. تـەنیا كـچیٚ..بـەس!
ئەویـشت ئـاخری كوشـت چـەرخی ناكـەس!..[2]

لە ڕەخنەی كۆمەلاّیەتیدا شارەزابوونی ژیاننامـەی شـاعیر دەتوانێـت دەروازەیـەك بێـت بـۆ تێگەیـشتن لـە نهێنییـەكانی شـاعیر و لـە ڕێگەیـەوە دەتوانین ئەو كۆدانە بكەینەوە كە لە شیعرەكانیدا هەیە((بەو هۆیـەی هـەموو نووسـەرێك ئەندامێكـە لـە كۆمەڵگـەدا، دەتـوانین وەك بوویـەكی كۆمەلاّیـەتی لێكۆڵینـەوەی لـە بـارەوە بكـەین، لەگـەڵ ئەوەشـدا كـە ژیاننامەكـەی سەرچاوەیەكی سەرەكیە دەتوانرێت بە جۆرێك لێكۆڵینەوەكە فراوان بكرێت.

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا كەریم ، ل ٩٧.
(٢) س. پ، هـ. ل.

هەموو ئەو ژینگەیەش بگرێتەوە کە نووسەر لێیەوە هاتووە و تێیدا ژیاوە. شتێکی شیاوە کە بتوانین زانیاری لەسەر پەروەردەی خێزانی و بارودۆخی ئابووری بۆ لێکۆڵینەوە کۆبکەینەوە))[1]. بۆیە ژیانی تایبەتی وخێزانی گۆران بۆ خۆی بریتیە لە کۆمەڵێك بیرەوەری تاڵ و ناخۆش کە مێژووی سەردەمێکی ڕابردوون لە ژیانی. مەرگی کۆمەڵێك ئازیز و خۆشەویستی دێتەوە پێشچاو کە باری غەمی قوستر دەکەن، چونکە((کاریگەرێتی ڕووداوێك، کە لە بنهۆش نیشتبێتەوە، ڕەنگدانەوەی توندو بەرچاوترە، تا ڕووداوێك، هێشتا لە دیوی سەرەوەی هۆش و ئاگاییدا بێت. گۆران لە پڕ مەرگی ساواکانی خۆی دەبینێت، بورکانی شاراوە و پەنگخواردووی بنهۆش، یەك لە دوای یەك دەتەقێتەوە))[2]. لێرەوە شاعیر ڕقە شاراوە و نووستووەکانی بە ئاگا دێنەوە و پەلاماری(قەبر)دەدات و دەردە دڵی خۆی پێدەڕێژێت و قەبر بە دڕندەیەك دەچووێنێ کە هەمیشە لە بۆسەدایە و خۆشەویست و کەس و کاری شاعیر یەك یەك هەڵدەلووشێت:

قەبرائەی خاکی ڕەش، ئەی چاڵی تاریك.
دڕندەی لاشە خۆری باوك و داییك،
لە دەورت هەڵچنیم خوشك و برا پاك،
کچێکم بوو ئەویشت کردە خۆراك؟
چ داوێکە؟ چ ئینسافێکە، زاڵم؟
جەهەننەم تاو ئەدەی ئەیکەی بە حاڵم؟[3]

یاد هێنانەوەی ئەم بیرەوەریانە شاعیر تووشی جۆرە شۆکێك دەکات، چونکە بەردەوام هەست بە جۆرە ترسێك دەکات، کە ئەویش ترسە

---

(١) نظرية الأدب، رينية ويليك و أوستن وارين، ص ٩٩.

(٢) گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق، ل ٢٣.

(٣) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ٩٨.

له مردن...هەر بۆیە زۆر بەڕەقی بەگژ مردن.. قەبر و چارەنووسدا دەچێتەوە و داد و فیغان لە دەست چەرخی زەمانە و ڕۆژگار دەکات. هەربۆیە شاعیر وێڵە بە دوای ئەو هێزەی کە گیانی کچ و گشت خۆشەویستەکانی تری لێ وەرگرتووەتەوە. جارێك خاکی زاڵم و جاریك سەما و تەبیعەت بە سەبەبکاری ئەم چارەنووسە تاڵە دادەنێت، بەڵام دەشێ بۆ دواجار جۆرێك لە تەسلیم بوون و بێ دەسەڵاتی لە بەرامبەر ئەم هێزە میتافیزکییەدا دەربڕێت، چونکە دەزانێ مردن ئەو چارەنووسەیە کە لە هەر کات و ساتێکدابێت یەخەمان دەگرێت و بەرە و دنیای نادیار و پەنهانمان دەبات. بۆیە بەناچارییەوە پێویستە قبووڵ بکرێت:

**ئەگەر، ئەی خاکی زاڵم، ئیختیارت**
**نی یە، ناچاری یە تۆیش کاروبارت،**
**لە کردارت ئەگەر مەسئوول سەمایە،**
**تەبیعەت، هەرچی..حەتتا ژاتی خوایە...**
**بەڵێ:هەرچی و هەچ کەس بێ سەبەبکار،**
**پرۆتستۆی ئەوم مەطڵووبە ئێجگار:**
**ئەڕێژم ئەشك، ئەکێشم ئاهی بێ بن،**
**سیلاحی عاجزی زنجیر لە گەردن!...[1]**

سۆسیۆلۆژیای کاری ئەدەبی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای بابەتی کارە ئەدەبییەکانەوە هەوڵدەدات((زەمینەیەك بۆ تێگەیشتن لە چەند لایەنێکی شاراوەی کۆمەڵگە بڕەخسێنێت، کە لە ئەنجامی کردەی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکاندا ڕوودەدات))[2]. پاڵنەری گۆران لە دەقی (شیوەنی گوڵاڵەدا)بیرکردنەوەیە لەو ساتانەی کە چەندین کەسی نزیك و خۆشەویستی لە دەست داوە، بەڵام هەمووئەمانە گۆران بەرە و خەمێکی

---

(١) دیوانی گۆران ، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٩٨.
(٢) التحلیل الاجتماعی للأدب، السید یسین، ص ١١٧.

گەورەتر دەبەن، کەوا لە گۆران دەکات تەنها بە کەسانی نزیك لە خۆیەوە پەیوەست نەبێت، بەڵکو بەدوای چارەنووسی کۆمەڵدا وێڵە و ئەم پرسە هەموو بیرکردنەوە و ژیانی داگیرکردووە و دەیەوێت ڕازی ئەم ون بوونەی مرۆڤایەتی لە بەرامبەر مردندا بزانێت.

جارێکی تر گۆران لە شیعری(بۆ بلبل)دا، تەمەن و ژیانی خۆی بە بارێکی قورس و گران دادەنێت و دەکەوێتەوە((پرسیارکردن لە چارەنووسی مرۆڤ و ڕازینەبوون بەو چارەنووسە. وردبوونەوەی گۆرانە لە هۆکاری کاتیبوونی ژیانی تاك و سەرسام بوونی بە ژیان و مرۆڤ))[1]. ناتوانێ ترس و نیگەرانی خۆی لەو ونبوون و سڕینەوەیەی کە پێیدەڵێن(مەرگ)بشارێتەوە، پەیوەندی نێوان ئەدیب و دیاردەکانی ژیان بە شێوەیەکە کە دەوترێت((تەنانەت شێواز و فۆرمیش دەلالەتێکی کۆمەڵایەتیان هەیە، گومانیشی تێدانییە کە ناوەڕۆکی کاری ئەدەبی دەرئەنجامی کارلێکی نێوان خودی نووسەر و دیاردە کۆمەڵایەتیی و ژیانییەکانە، کەواتە ناوەڕۆك و فۆرمی کاری ئەدەبی...بەر ئەنجامی کارلێکردنێکی خەلاَقە لە نێوان تاك و کۆمەڵدا، کە ئەم پەیوەندییە دیالێکتیکییەش ڕەنگدانەوەی لە کارە ئەدەبییەکاندا هەیە))[2]. لەم بۆچوونەوە پرسیارێك سەرهەڵدەدات، کە بۆچی هەندێك بەرهەمی ئەدەبی هەرچەندە لە ڕووی مێژووییەوە کۆنن، بەلاَم تاکو سەردەمانی ئەمڕۆ بەردەوامی و ئامادەییان هەیە؟ لە وەلاَمدا دەگوترێ((مانەوە و بەردەوامی ئەم بەرهەمانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە توانیویانە ڕەنگدانەوەی شتە جەوهەرییەکانی قۆناغەکەیان بن. جەوهەریش بەمانای وێناکردنی مرۆڤە لە ساتی گەشەکردنی خواستەکانی بەرە و دامەزراندنی واقیعێکی باشتر، ئەمەش وێنای ڕیشەی هاوبەشی مرۆڤ لە کۆن و نوێدا دەکات، کە مایەی چێژ وەرگرتنە لە کارە ئەدەبییەکان لەلایەن

---

(١) تیۆری بنیاتی شاراوە، نەجات حەمید ئەحمەد، ل ٥١٠.

(٢) في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي، ص ٩١.

خوێنەرەوە لە سەردەمانی کۆنەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ))[1]. هەربۆیەش لەگەڵ تێپەڕینی نیو سەدە بەسەر دەقە شیعرییەکانی گۆراندا تاکو ئێستاش لەلایەن وەرگرەوە چێژی لێ وەردەگیرێ و تووشی بەخۆدا چوونەوە و ڕامانیان دەکات، بەرامبەر واقیع و چارەنووس:

**ئێمە عومرمان تاسەر**
**ئەندێشەیە و دەردی سەر،**
**ترسە وتاسەیە و پرسیار**
**یەك لە شوێن یەك: سەد، هەزار:**
**بۆچی زاین؟ کەی، چۆن ئەمرین؟**
**چیمان لێ دێ کەمردین؟**[2]

دەتوانین بڵێین پەنابردنی گۆران بۆ شیعر ڕەنگە بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆشاردنەوە لەو چارەنووسە بێت، ئەگەر بەشێوەیەکی مەعنەویش بێت، چونکە ئەو باش دەزانێ هەموو دەوروبەری بەپێی تێپەڕ بوونی کات دەڕۆن و مەرگ دەیان باتەوە، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ جێدەستێك یان یاد و بیرەوەریەك جێبهێڵن کە نەمرییان پێ ببەخشێت. ئەمەش وادەکات کە ئەمانە هەتا هەتایە بسڕێنەوە و ببنە ڕابردوویەکی تێپەڕ، ئەم هەستە وا لە گۆران دەکات کە ڕوو لە ئایندە بکات و لەم سەرزەمینەدا بە جۆرێك لە نەمری بگات. دیارە تەنیا ڕێگاش بۆ گەیشتن بەم ئاستە بە پێی تێڕوانینی گۆران دنیای ئەدەب و هونەرە، کە بەهۆی داهێنانە شیعرییەکانییەوە مانەوەییەکی مەعنەوی، بەڵام هەمیشەیی بۆ خۆی تۆمار دەکات.

---

(١) في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي، ص ٩٢.

(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ١٠٧.

**٥- وەستانەوە لە دژی چەوساندنەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا:** کۆمەڵگەیەك کە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە تاکەکانی ناو کۆمەڵ دروست نەبووبێت. بێگومان ژینگەکەی هۆکار دەبێت، بۆ ئەوەی چەوساندنەوە و غەدر و ستەم باڵ بەسەر کۆمەڵگەدا بکێشێت. باڵادەستی کۆمەڵێك بەسەر کۆمەڵێکی تردا دەبێتە شتێکی ئاسایی لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا. کۆمەڵی کوردەواریش لە سەدەی ڕابردوودا بە حوکمی دواکەوتوویی و داگیرکاری و هەژاری و نزمی ئاستی ڕۆشنبیریەوە. پێشێلکردنی مافی ئافرەتان یەکێك بووە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ئافرەتان بەشێوەیەکی زۆر دووچاری ستەم و چەوساندنەوە ببوونەوە. جا چ لەلایەن کە سووکار یاخود لەلایەن کۆمەڵگەوە بووبێت.

لەم بارودۆخەدا گۆران درکی بە هەستیاری ئەم بابەتە کردووە و هەوڵی داوە بەجۆرێك وێنای ئەم دیاردەیە بکات و کۆمەڵ لە ئاکامە خراپەکانی هۆشیار بکاتەوە. کەواتە کاتێك جەخت لەسەر ڕەنگدانەوەی ژیان لە کردەی ئەدەبیدا دەکەین، ئەمە بەو مانایە نییە کە شاعیر هەستێت بە گواستنەوەی حاڵەتێك یان دیاردەیەك و بەشێوەیەکی وەسفی بە وەرگری بگەیەنێت، بەڵکو((بەو پێیەی هونەرمەند ئەرکێکی ڕەخنەیی لە ئەستۆدایە، لە ڕێگەی داهێنانی چەند کەسایەتییەکی خەیاڵی و جووڵاندنیان بەپێی ئەو هەڵوێستانەی کە داهێنانەکەی دەیخوازێ ڕۆڵیان پێدەگێڕێت، بەشێوەیەك کە ئەم کەسایەتیانە بەدوای چارەنووسیاندا بگەڕێن. لە ڕێگەی کردەی تێکەڵ بوون بە کۆمەڵگە لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا بتوانن پەی بە بەها و ئاراستەکانی کۆمەڵگە ببەن))[1]. ئەم ڕەنگدانەوەیە کاریگەری ئەدەب لە سەرکۆمەڵ دەردەخات. بۆ نموونە لە شیعری(بەردە نووسێك)دا، دەبینین کە گۆران لە ڕێگەی گەورە کچێکی بە غەدر کوژرا و ڕووی دەمی دەکاتە کۆمەڵگەو چیرۆکی ڕۆحێکی بەناهەق کوژرا و بە گوێماندا دەدات. چیرۆکێك

(١) علم اجتماع الأدب، ا.د. محمد سعيد فرح و ا.د.مصطفى خلف الجواد، ص ٨٦.

که سەر لەبەری پڕی کارەسات و ناعەدالەتییە. بۆیە کاتێك گۆران لـە ڕێگـەی ئەم چیرۆکەوە وێنەی کۆمەڵگەیەکمان پیشان دەدات کـە جیـاوازی لـە نێـوان پیاو ئافرەت گەشتووەتە لووتکە چیرۆکێك نییە تەنها بـۆ خوێندنـەوە و غـەم هەڵڕشتن، بەڵکو خستنە ژێـر پرسـیاری کۆمەڵگەیـە لەلایـەن شـاعیرەوە. کـە بۆچی کۆمەڵگە بەیەك چاو لە هەموو ئەندامـەکانی ناڕوانێـت؟ بۆچـی گـەورە کچێك خەڵتانی خوێن بکرێت؟ بۆ وەکـو هـەموو مرۆڤاکـانی تـری نـاو کۆمـەڵ نەژی؟ بۆچی خەون و ئاواتەکانی گەورە کچێك ببنە خۆڵەمێش؟ بۆچی کچێك مەحکووم بێت بە پێی پێوەری کۆمەڵگە و کوڕەش ئازاد بێت؟!...بۆ مرۆڤێك لە ئامێزی گەرمی دایك و باوکی دابڕێت... ئەمە ژیانی خۆشەویستێکی دایە و بابە بوو کاتێك وەك پەپوولەیەك لە باوەشی سۆز و میهرەبانیاندا دەژیا:

**لە دنیای ڕووناکتا منیش گیانیَ بووم**

**لە لـــە شی جوانا،**

**وێنەی پەپوولەیەك ئەهاتم و ئەچووم**

**بە نـــاو گولاَنـــا!**

**کۆشی گەرمی دایك جێگای نازم بـوو،**

**گیان بووم لای باوك،**

**ناوبانگی چاوڕەشی ڕوشتەی ڕازم بوو،**

**بوو بـــوو بە لاوك،**[1]

کاتێـك کـچە تەمـەنی پەپوولـە ئاسـای وردە وردە بـەرەو پێگەیـشتن دەچێت و دەکەوێتە بەرچاو و دەبێتە جێگەی سەرنج ڕاکێـشانی لاوان و هـەر زوو دەکەوێتە داوی لاوێکی مەکر باز و بەقسەی خۆش و بە بیانووی هێنـان و عەشقی پاك و بێگـەردەوە لـە خـشتەی دەبـات. لێـرەدا ئاسـتی هۆشـیاری و ڕۆشنبیری کچەش ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی ئـەم مەرگەسـاتەدا بـۆ خـۆی! چونکە بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری چەکێکە بۆ بەرگریکردن لە خود

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٢٠٩.

و ڕێگره له هەڵخەڵەتاندن و بەلاڕێدابردن. بۆیه گۆران سەر لەبەری کولتووری کۆمەڵگــــه و ئەنـــدامانی بـــه هاوبـــەش لـــەم خـــوێن ڕشـــتنەدا دەزانێــت!...سۆسـیۆلۆژیای ئــەدەب لــه ڕێگــەی کــاره ئەدەبییەکانــەوه هەوڵـدەدات لـەو گۆڕانکارییانـه بکۆڵێتــەوه کـه بەسـەر ڕەفتـار و چـۆنیەتی مامەڵەکردنی تاکـەکانی کۆمەڵـدا لـه بەرامبەریـەکتردا ڕوودەدەن. بـۆ نموونـه ئەگەر سەردەمی گۆران کۆمەڵگـەی کـوردی زیـاتر کۆمەڵگەیـەکی گوندنـشین بـووه و سەرچـاوەی بـژێویش کـشتوکاڵکردن بـووه. جڵـەوی دەسـەڵاتیش لەلایەن ئاغا و دەرەبەگەوه بەڕێوەبراوه. دەکرێت ئێمه لێرەدا بپرسـین ئایا هەنگاونانی کۆمەڵگەی کوردی له گوندنشینەوه بەره و شارنشینی تـا چـەند ڕۆڵیـان لـه کاڵبوونـەوەی ئـەم دیاردانـەدا هـەبووه؟ ئایـا کۆمەڵگـه بەهـەمان عەقڵیەت ڕووی له ژیانی شار کردووه؟ هەرچەنده جیاوازییەکی زۆر له نێـوان گونـد و شـاردا هەیـه، چـونکه شـار خـاوەنی کۆمـەڵێك تایبەتمەندیـه وەکـو((فراوانـی ڕەهەنـده جوگرافییـەکان، زۆری چـڕی دانیـشتووان، پێکنەچوونی شارنشینان...، زاڵبوونی پەیوەندییه ناکەسیی و ڕەسمییەکان، ئاڵۆزیی کۆمەڵگە، ئەقلانییەت، دووره پـەرێزی زیـاتر لەهەمبـەر نەریتەکانـدا، مەیلی داهێنان، پسپۆڕخوازی))[1]. هەموو ئەم لایەنانه جیاوازی ژینگەی شار لەگەڵ لادێدا دەردەخات، بێگومان ئەم ڕووکردنه شارەش تاڕادەیەك ڕۆڵی لـه چۆنییەتی بیرکردنەوەی هەڵسوکەوتی تـاکی کوردیـدا بینیـوه. بـەو جـۆرەی ئەگـەر بەشـێوەیەکی ڕێـژەیش بێـت توانیویـەتی لـه زوڵـم و زۆری ئاغـا و دەرەبەگ ڕزگاری بێـت و سەربەسـتانه بـژی. کەئەمـەش بۆخـۆی کاریگـەری لەسەر ڕەوتی بیرکرنەوه و بڕیاردانیاندا هەبووه.

**بەڵام ئاخ که ناڵــــەی لاوکی لاوان**

**زوو مەستی کردم،**

---

(١) دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنوچیهر موحسنی، ل ٣٤٨.

**بەڕێی عەشقی پاکا نام مل و، تـــاوان**
**بۆ لاڕێی بـــردم!** [1]

هەموو ئەو خۆزگە و ئایندە گەشەی کچە خەونی پێـوە دەبینـی ئـەو بەهەشتەی ئەو چاوەڕێی بـوو. ئـەو ماڵـە ئاوەدانـەی کـە ئـەو دەیویـست بـە خۆشەویستی بونیادی بنێت، لە چرکە ساتێکدا بوو بە کەلاوە، بوو بە غـەم و پەژارە و بە ئاگر و لە گیانی بەربوو. کوڕەی ناپاکیش پاش ئـەوەی وەك مـار خۆی لـە بۆسـەنا گەشـتە نێچیری خـۆی و ژەهـری خـۆی ڕشـت. ئـیتر بـۆی دەرچوو:

**وەك ڕەشمار پەپکەی خوارد، نووست لە ناو جێما،**
**ئابڕوومی تکان!...**
**پاش ئەوەی ماری پیس زەهری خـــــۆی ڕژان،**
**کشایەوە کـــون،**
**هۆی شەرمی لـــــــە باوکم کرد بە مایەی ژان**
**کەتن کەری ون...** [2]

دیـارە ئاسـتی هۆشـیاری و بـەئاگایی تاکـەکانی کۆمـەڵ ڕۆڵیـان لـە دروستبوونی ئەم بارە نەگونجا و دوور لە دین و داب و نەریتە هەیـە، چـونکە ئەگەر هەریەك لە تاکەکانی کۆمەڵ لە ئاست بـەر پرسـیاریدابن بەرامبـەر ئـەو سنوورانەی کە کۆمەڵگە دیاری کردووە. ئەوا بێگومان ئـەم دیاردانـە دروسـت نابێـت و شـاعیریش مەبەسـتیەتی پێمـان بڵێـت، کـە پێویـستە کاردانـەوەی کۆمەڵگە لەم جۆرە حاڵەتانەدا لۆجیکی بێت و کاردانەوەی کتـوپڕ و دوور لـە دین و یاسا و ڕێـساکان نـەبێت، بـەڵام تـازە کـار لـە کـار تـرازاوە و ئاگرەکـە تەشەنەی کردووە و هەموو ماڵی کچەی گرتووەتەوە. ئەو ئارامی و ئەو نـاز و

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ٢٠٩ ـ ٢١٠.
(٢) س. پ، ل ٢١٠.

خۆشەویستیە بووە بە قین و توورەیی، کوڕەش تازە بەپێی دەستووری باوی کۆمەڵگە بێ تاوانە :

**ئەو کوڕ بوو، سەرەڕای ئەوەش دەستدار بوو،**
**بە دەستووری گەل**
**ناپاکیی کردەوەی دوور لـــــە پرسیار بوو،**
**بەڵام، ئاخ ئەجەل!**(١)

کاتێك نەریتی دواکەوتوو حوکم دەکات. کۆمەڵگە ڕووبەڕووی ئەم مەرگەرساتانە دەبێتەوە. بۆیە کوڕەی خاوەن دەسەڵات لێپرسینەوە نەیگرتەوە و وەك بێ تاوانێك خۆی پیشان دەدات!... دیارە کاتێك کۆمەڵگە حوکمی تاوانبار و تاوان لێکراو پێچەوانە دەکاتەوە و کوڕەی تاوانبار بێ تاوان دەردەکا و کچەی بێ تاوانیش تاوانبار دەکات. ئەم نا عەدالەتیە ڕێگە خۆشکەرە لە بەردەم کوڕەدا بۆ بەردەوام بوون لە سەر ئەم حاڵەتە و گەڕان بە دوای نێچیرێکی تردا و بەهەمان شێوەش لە سزا و لێ پێچینەوە بەدوور دەبێت!.. لێرەدا پێویستە سزای تاوانبار بەپێی پێوەری کۆمەڵگە بدرێت و کچە باجی ناپاکیەکەی خۆی بدا ....بۆیە باوکی کچە لە پێناوی کڕینەوەی شەرەف و سڕینەوەی ئەم مۆرکی ناپاکیەدا دەبێت بەدەستی خۆی بیکوژێت:

**بەدەستی باوکی خۆم چووم بەسەر بڕین!..**
**پرچی پەخشانم،**
**تلا لە خوێنەوە کـــــەوتە سەرچـــــاوم،**
**ئیتر نەمبینی:**
**لە جەرگی بـــــاوکما سەری بـــــڕاوم**
**چۆن بوو برینی؟**
**یان دایکی دڵسۆزم وێرای بەبێ شەرم**

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، هـ. ل.

بۆ جوانە مەرگی
وەك دايكان شيوەنێك بگێڕێ بە گەرم،
ڕەش کا بۆی بەرگی؟...[1]

دەبوو بەم شێوەیە سیناریۆیەکە کۆتایی بێت!... ئەم کارە ببێتە مایەی دەردە دڵی هەتا هەتایی بۆ ماڵی کچە و ماڵی کوڕەش بە سەلامەتی لە ئەستۆی ئەم تاوانە گەورەیە دەرچن. گۆران لێرەدا دیمەنەکە وەك خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵام دوای ئەوەی سەرجەم کۆمەڵگە لەم بارە دژوارە وەئاگا دێنێت. دەیەوێت کۆمەڵگە هەوڵی گۆڕانکاری و بە خۆدا چوونەوە بدات، چونکە هەڵوێستە نەکردن لە ئاست ئەم دیاردە ناسروشتیانە بەردەوامی دەبەخشێتە ئەم دۆخە و کاردانەوەی خراپ لە سەر کۆمەڵگە جێدەهێڵێ و شیرازەی کۆمەڵگە بەرە و لێکهەڵوەشان دەبات. دەرخستن و پیشاندانی واقیع لە ئەدەبدا بەشێوەیەکی هونەری بەرز کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر وەرگر هەیە، چونکە لە پرۆسەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا وەرگر وەك هاوبەشێك لەم پرۆسەیەدا سەیر دەکرێت و لە ڕێگەی سۆسیۆلۆژیای خوێنەرەوە دەتوانین لە وەرگر بکۆڵینەوە، چونکە((شتێکی بەڵگە نەویستە کاتێك ئەدیبێك بەرهەمێك دەنووسێت، بۆ خودی خۆی نانووسێت، بەڵکو بۆ جەماوەری خوێنەری دەنووسێت، کە خاوەنی ئاستێکی زانستی و ڕۆشنبیری وهۆشیاری هونەرییە، بۆیە ڕەچاوکردنی ئەم ئاست و تایبەتمەندیانەی جەماوەری خوێنەر پێویستە لە بەرچاو بگیرێت))[2]. بەهەند وەرگرتنی ئەم ئەدگارە تایبەتیانەی وەرگر پێویستی بەوە هەیە کەلەلایەن نووسەرەوە ئیعتباری بۆ دابنرێت. کەواتە بەپێی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب وەرگر تەنها وەکو بەکارهێنەرێك بۆ دەقەکە مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت ، بەڵکو وەك لایەنێکی گرنگ لە داهێنانی ئەدەبییدا سەیر دەکرێت، چونکە پەیوەندییەکی

(١) ديوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ٢١١.
(٢) في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي، ص ٩٣.

دیالێکتیکی له نێوان(دەق - وەرگر)دا هەیە و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. هەر گۆڕانکارییەك لەسەر لایەنی(دەق - وەرگر) ڕوویدات، بێگومان کاریگەری لەسەر ئەوی تر دەبێت، بۆیە چەندە دەقی ئەدەبی گوزارشت بێت له کێشه و گیروگرفتەکانی خوێنەر ڕێگەی خێرا بڵاوبوونەوه و زۆر بوونی ژمارەی خوێنەر بۆخۆی مسۆگەر دەکات. هەرچەندە ژمارەی خوێنەران زیاتر بێت، وەزیفەی کاری ئەدەبی خاوەن گرنگی و کارلێکی زیاتر لەو جەماوەره فراوانه دەبێت، ئەم فراوان بوونی ڕێژەی خوێنەرەش وادەکات کە ئەدیب تەرکیز لەسەر چڕکردنەوەی ڕوانگەکانی بکات لەسەر فکرەیەك یان کێشەیەك کە هەڵقوڵاوی کۆمەڵ بێت، نەك کێشەیەکی خودی بێت[1]. هەربۆیە بەرهەمەکانی گۆران جەختی لەسەر ئەم لایەنانه کردۆتەوه و هەوڵیداوه ئەو پەیوەندییەی نێوان (دەق - وەرگر)له ڕێگەی بەهەند وەرگرتنی گرفتەکانی کۆمەڵ جەماوەریەتییەکی مەزن بۆ خۆی وەدەست بێنێت. له ڕووی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبیشەوه ئەمه ڕادەی سەرکەوتنی گۆران وەك دانەرێك دەستنیشان دەکات.

**٦- بەرجەستەکردنی ئاکار و بەها مرۆڤایەتییەکان:** له هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێك پێوەر هەیە. کە ئاستی ئاکار و ڕەفتار و بەها بەرزەکانی دیاری دەکات. گۆرانیش درکی به گرنگی ئەم لایەنه هەستیارەی کۆمەڵەکەی کردووه، کە دەشێت له سەر ئەم ئەساسه پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ بونیاد بنرێت. تەنانەت هەندێك بۆ چوون کە بەشێوەیەك جەخت لەسەر ئاکار دەکاتەوه و وەك پێوەرێك بۆ جیاکردنەوەی ئاستی شیعری کوردی تێیدەڕوانێت((بەرگریکردن له شیعر له کۆمەڵگایەکی وەکو کۆمەڵگای کوردی هیچ بەهایەکی نییە ئەگەر ناوەڕۆکەکەی بابەتێکی ئاکاری

---

(١) بڕوانه:ن. م، ص ١٧٧

نەبێت و کاریگەرییەکی پۆزەتیڤی بەسەر ڕەفتاری کۆمەڵەوە نەبێت))[1].
بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی گرنگی زۆر بە بەهاو ئاکارە بەرزەکانی مرۆڤ دەدات و وەك بەشێك لە دروست بوونی کەسایەتی تاکی کوردی سەیری دەکات. بۆیە ئەم لایەنە کاریگەری لەسەر ژیانی ئەدەبی و هونەریش هەیە. وەکو پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی بەرهەمە شیعرییەکانیش سەیرکراوە، ئەمەش لەوڕووەوە کە شاعیر بتوانێ لە ڕێگەی شیعرەکەیەوە پەیامێك ئاراستەی وەرگر بکات، کە ڕێگای ڕاستیان پیشانبدات و گیانی چاکەخوازیان تێدا پەروەردەکات. ڕەخنەگری کۆمەڵایەتیش دەبێت لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەکەیەوە تایبەتمەندی کۆمەڵگە و سەردەمەکەی لە کارکردنی لەسەر دەقەکان لەبەرچاو بگرێت.

لەڕووی مێژووییەوە بیروڕاکانی (ئەفلاتوون و ئەرستۆ)کاریگەرییان لەسەر پێوەرە ئاکارییەکان هەبووە، چونکە((ڕەت کردنەوەی شیعر لەلایەن ئەفلاتوونەوە بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە لە پێوەرەکانی ئاکار دەردەچێت و بەهەا خێرخوازییەکانی نێو کۆمەڵگایەکی ئایدیالی دەشێوێنێ))[2]. ئەگەر لەلای ئەفلاتوون تێکدانی ئاکار و ڕەوشتی گەنجەکان هۆیەك بێت بۆ دەرکردنی شاعیران لە کۆمارەکەی و قبووڵنەکردنی شیعر ئەوا لەلای ئەرستۆ((لە دوو ڕوانگەوە شیعری پێ باش بوو: یەکەمیان: کاریگەریی شیعر. بەوپێیەی لاسایکردنەوەی سروشتە لە ئاشکراکردنی ڕاستیەکان، هەروەها شێوازێکیشە لە شێوازەکانی ئەپستمۆلۆژیا. دووەمیان: ئەو کاریگەرییەی شیعر لەڕووی ئاکارییەوە دەیکاتە سەر کەسایەتی مرۆڤ))[3]. بە بۆچوونی ئەرستۆ شیعر دەتوانێ گیانی چاکەخوازی و ڕێنمایی کردن، لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاکارە بڵندەکاندا لە ئەستۆ بگرێت.

---

(١) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کەریم، ل ١٠١.
(٢) س. پ، ل ١٠٢.
(٣) س. پ، ل ١٠٣.

لـەم ڕوانگەیـەوە گـۆران لـە شـیعری(هـاوڕێم بـێ کـەس)دا، بێکەسـی شاعیر وەك نموونەیەکی بالآی ئاکـار و ڕەفتـار و ڕەوشـت و بـەها بـەرزەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگە پیشان دەدات. لە کەسایەتی بێکەس دا مرۆڤێکی کامـڵ و خۆشەویستی کۆمـەڵی کوردەواریمـان پێدەناسـێنێت، کـە دیـارە ئەمـە جگـە لـەوەی سـتایش و پیاهەڵدانی بێکەسـی شـاعیرە، هاوکـات بـەلای گۆرانـەوە وێنـەی ئـەو مرۆڤەیـە کـە کۆمەڵگـە دەتـوانێ پـشتیان پێببەسـتێت و ببنـە مامۆستای کۆمەڵگە و ئاراستەکردنی تاکەکانی بەرە و داهاتوویەکی گەش:

**ئـەی فریـشتەی شـیعری جـوان!**

**کۆسـتی کـەوتووی هـەردووکمان،**

**بـۆ ئـەم جـــارە بـێ کـــەسە،**

**کـــەوتمان بـێ کـــەس، بـــەسە!**

**شـاعیرێك بـوو فـەننان بـــوو،**

**ئـــەدای خـوڕ، خرۆشـان بـوو،**(١)

پاش ئەم لاواندنەوەیـە کـە پێناسـەیەکی وردی کەسـایەتی بێکەسـە، دێتە سەر ئـەو پێوەرانـەی کـە مرۆڤێکـی خـاوەن کۆمـەڵێك ئـەدگاری بـەرز و جوان لە مرۆڤێکی ئاسایی جودا دەکاتەوە، بە واتای بێ کـەس مرۆڤێکـە لـە کۆمەڵگەدا پێگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاری هەیە:

**سەرەڕای بەهرەی فەننی**

**دڵسۆز بوو بـۆ وەتەنی،**(٢)

دیـارە هــەموو کاتێـك دڵـسۆزی بـۆ خـاك و نەتــەوە پێوەرێکـە بـۆ جیاکردنەوەی خۆشەویستیی مرۆڤ بە زێدی خۆیی و تێکۆشان لە پێناوی ئەو مەبەستەدا، یان زۆرجار سەردانان و گیان فیداکردن لەم ڕێگەیەدا کەمێـژووی

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ٨٣.

(٢) س. پ، هـ. ل.

نەتەوەی کورد بۆ خۆی لەم بوارەدا تۆمارێکی دەوڵەمەندی هەیە و پڕە لە قوربانیدان. ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەدەب و ئاکارە بەرزەکان بەڕادەیەك ڕەنگیداوەتەوە کە کاریگەری لەسەر ڕێباز و قوتابخانە ئەدەبییەکان بە جێهێشتووە، بۆ نموونە شاعیرانی ڕێبازی کلاسیزمی نوێ((ئەدەبیان بە مەبەست و ئامانجێکی ئاکاری دادەنا و داوای بەرجەستەکردنی ئاکار و چاکە خوازییان دەکرد. لەلای ئەو شاعیرانە دەبوایە شیعر مەبەستی چاککردنەوەی داب و نەریت بوایە))[1].ئەم هاوتەباییەی نێوان ئاکار و ئەدەب لەم دەقەی گۆراندا زۆر هونەرمەندانە ڕەنگی داوەتەوە. تەنانەت لەڕووی سۆسیۆلۆژیای دەقی ئەدەبییەوە. دەکرێت کەسایەتی(بێکەس)وەك تاکێکی ناوکۆمەڵی کوردەواری لەسەردەمی خۆیدا لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی لە بارەیەوە بکرێت و وەك نموونەیەك، ئاکار و بەها باڵاکانی ئەوکاتی کۆمەڵگەی تێدا دیاری بکرێت. بۆیە گۆران بێکەس بەنموونەی دڵسۆزی بۆ خاك و نەتەوەکەی دادەنێت مەبەستێتی پێمان بڵێت کەسانێك هەن بۆ بەرژەوەندی و وەدەستهێنانی پلە و پایە هەموو پیرۆزی و جوانییەکانی نیشتمان دەفرۆشن و لە دژی نەتەوەکەی خۆیان بەکاریدەهێنن.

گۆران کاتێك لەگەڵ پەری شیعردا دەکەوێتە گفتوگۆ، دیسان باس لە ئاکارە بەرزەکانی بێکەسی شاعیر دەکاتەوە، بەڵام ئاشکرایە ئەم بەهاو پێوەرە بەرزانە بەنەزەری دوژمنانی نەتەوەکەی بێکەس پێچەوانە دەبنەوە و ئەم دڵسۆزی و خۆشەویستی خاك و نیشتمانە بەلای دوژمنانەوە لە پایەی بێکەس کەم دەکاتەوە وەکو دوژمنێکی ڕێگر لەبەردەم بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانیان سەیری دەکەن:

**ئەی پەری ناڕەوایە**
**فرمێسك لە چاومان نایە:**
**- - - - - - - - -**

---

(١) سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی، ئازاد عەبدولواحید کریم، ل ١٠٤.

کام پیاو ماقووڵ، کام گەورە
کە بەرزیی جێی ژوور هەورە،
وێنــەی ئــەو جــوامێر بــوو!
بەرامبـەر دوژمـن شـێر بوو؟[1]

بێکەس ئامادە نەبووە مساوەمە لەسـەر کێشەی نەتەوەکـەی خـۆی بکـات. بۆیـە گـۆران ئـەم هەڵوێـستە و ئاکـارە بـەرزەی بـە جـوامێری و لـە خۆبردووی دەچووێنێت، لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا سیفەتێکی باڵایە. پاشان گۆران وێنای کە سانێك بەرامبەر ئەم جوامێریەی بێکەس دەکـات، کـە تـەواو پێچەوانەیە و خەریکی نۆکەری و خزمـەتکردنی بەرژەوەندیـەکانی بێگانـەن و بە جۆرێك کە دەست لەسەر سنگ لە خزمەتیاندا وەسـتاون و خۆیـان بـچووك کردۆتەوە لە پێناوی نان و پایە وەرگرتندا:
لـــــە کاتێکا ئەوانـــە
نۆکەر بوون بــۆ بێگانە،

دەست لەسەر سنگ ئەوەستان،
یـــان بۆ پایە، یـــان بۆ نان..[2]

ئێمـە لێـرەدا کـە لـەڕووی ئاکـارە کۆمەڵایەتییەکانـەوە لـەم دەقـە دەڕوانـین. ئەمەبـەو مانایـە نایـەت تـەنها لـە کاریگەرییـە کۆمەڵایەتیەکـەی دەقەکـە و پەیامــە چــاکەخوازییەکەی بــڕوانین، بــەڵکو ئاســتی هونــەری بەرهەمەکە و شێوەگرتنی لە دەقێکی بەرزی ئەدەبیدا جێگەی بایەخ پێدانـە، چـونکە ڕەخنـەی کۆمەڵایـەتی((پـشت بـەوە دەبەسـتێت، کـەدەبێت شـیعر ئەرکێکی کۆمەڵایـەتی و ئاکـاری هـەبێت. چـونکە لـەو کاتـەدا شیعر دەبێتـە

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٨٤.
(٢) س. پ، ل ٨٤.

تەعبیرێكی ڕاستەقینە لە ژانەكانی كۆمەڵ لەلایەكەوە و. لەلایەكی ترەوە دەبێتە شێوازێكی كاریگەر لە بنەماكانی كۆمەڵ. ئەركی شیعر نەوەك بە تەنیا چێژ وەرگرتنە، بەڵكو فێربوون و سوود پێ بەخشینە و لایەنێكی ئیستاتیكیی ئەدەب دەستنیشان دەكات))[1].كەواتە كاریگەری ئەم لایەنە تەنها لە ڕووە فێركاری و ئامۆژگارییەكەیدا نییە، بەڵكو لەلایەنە ئیستێتیكیەكەی دەقەكەشدایە كە هەردووكیان(ئاكار ـ ئیستێتیكا)شێوازێكی كاریگەر دەخولقێنێ و ئاستی گەیاندنی بەرهەمەكە بۆ خوێنەر خێراتر دەكات، بەواتایەكی تر((دەبێت هاوتەبایی كردنێك هەبێت لە نێوان سوودی كۆمەلأیەتی و پەروەردەیی شیعر لەلایەكەوە و دەستەبەركردنی چێژ لەلای خوێنەر. واتا سوود و ئامانجی ئەدەب پێكەوە گرێدانی هاوكێشەی سوود و چێژە))[2]. بۆیە ئەم بەرهەمەی گۆرانیش سەرەڕای كاریگەری لایەنە كۆمەلأیەتیەكەی هاوكات وەرگر چێژی لێ وەردەگرێت.

لە كاتێكدا ژیانی كۆمەڵێك زەلیلی و خۆ فرۆشتن بووە لە پێناوی پاراستنی بەرژەوەندیە خودیەكاندا و هەموو پیرۆزییەكی نەتەوەكەیان وەلا دەنا، كەچی بێكەس وەك پاڵەوانی نەتەوەیی داستانی ڕووبەڕوو بوونەوە و بە گژدا چوونی ئاغای ئەو نۆكەر و بەكرێ گیراوانەی تۆمار دەكرد. پەنجەی تۆمەت و سەرزەنشتی بۆ داگیركەر ڕادەكێشا و بەمایەی خوێن مژینی نەتەوەكەیی و دزینی خێر و بێر و هۆكاری نەهامەتی میللەتەكەیی دەزانی، هەربۆیە مەردانە پەردە لە ڕووی دزێویان هەڵدەماڵێ و بوێرانە داوای مافە ڕەواكانی گەلەكەی دەكات:

**بێ كەس بوو وەك پاڵەوان**
**پەنجەی لە چاوی چەقان[*]**

---

(١) سۆسیۆلۆژیای شیعری كوردی، ئازاد عەبدولواحید كریم، ل ١١٩.

(٢) س. پ، ل ١٢١.

(*) ئاماژەیە بۆ پارچە شیعرە بە ناوبانگەكەی بێ كەس(بیست و حەوت ساڵە)كە ئەم شیعرەی بەرامبەر(ئەدمۆنز)كە ڕاوێژكاری ئینگلیز بووە لە عێراق لە ساڵی ١٩٤٦ دا

پـەنجەی تیژی سەرزەنشت،
داخی دڵی خۆی پێ ڕشت!..[1]

مرۆڤی خاوەن بەهای بەرز هەمیشە دڵسۆزی ئەو ڕێگا ڕاستەیە، کە لە پێناویدا دەژی و هەموو کات ئامادەیە هەموو چەرمە سەرییەکانی ژیان بنۆشێت، بەڵام ساتێك لە ڕێگای ڕاست لانادات و بە عەشقەوە بۆ ئەو ژیانە دەژی و هیچ شتێك نییە تەفرەی بدات و لە خشتەی بەرێت:

مل کەچی قیبلەی ڕووت بوو،
دێوانەی عیشوە و خووت بوو..
وەك هەندێ شاعیری تـر
- تاڕادەیەك گورچك بـڕ -
تەماع هەڵی نەفریـوان
شیعر بفرۆشێ بۆ نـان،[2]

گۆران هەوڵی داوە لە ڕێگەی ئەزموونی خۆیەوە لە ژیاندا ڕێگایەکی ڕووناك پیشانی کۆمەڵگەکەی بدات و لە مەترسییەکانی دەستبەر داربوونی کۆمەڵ لەو بەها و ئاکارە مرۆڤایەتییە بەرزانە ئاگاداریان بکاتەوە، چونکە پەیوەستی کۆمەڵگە بە ئاکار و ڕەفتارە جوانەکانەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پتەوتر دەکات و تاکەکانی کۆمەڵگە لە یەکتر نزیك دەکاتەوە. ئەمەش بەو هۆیەی کە تاکەکان زیاتر متمانەیان بە یەکتر دەبێت. بوونی متمانەش لە نێو کۆمەڵگەدا بەرامبەر بەیەکتر ئارامی و دڵنیایی لێدەکەوێتەوە و زەمینەیەکە بۆ ڕێکخستن و هاندانی ئەندامانی کۆمەڵگە بۆ بیرکردنەوەیەکی دروست. کە سەرجەم هەوڵەکانیان بۆ گەیشتن بە دواڕۆژێکی پرشنگدار بۆ کۆمەڵەکەیان یەکخەن.

---

خوێندوەتەوە. بڕوانە: دیوانی بێکەس، ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (٣٣٩)، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٥، ل ٩ و ل ٣٢

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٨٤ ـ ٨٥.

(٢) س.پ، ل ٨٥ ـ ٨٦.

**٧ـ قوربانیدان و له خۆبردوویی له پێناوی ئامانجه ڕەواکاندا:** قوربانیـدان و گیان بەخت کردن پێناسی گەلانی بەشخوراو و خاك داگیرکراوە. نەتـەوەی کـوردیش ساڵەهایه لـه پێنـاو وەدەسـتهێنانەوەی مافـه زەوتکراوەکانیـدا قوربانیـداوە. دیـارە گـۆران وێنـەی ئـەم قوربانیـدان و خەباتکردنـەی لـە شیعری(شەهید)دا بۆ نەخشاندووین. که بریتیه له تۆماری ڕۆژێك لـه مێـژووی ئەم نەتەوە شۆڕشگێڕە که له ساڵی ١٩٣٠ دا((ڕاپەڕینەکەی شەشی ئـەیلوول لـە دژی هەڵبژاردنـە سـاختەکەی دامـو دەزگـای پاشـایەتی ڕوویـدا))[١]. کـە خواستەکانیان داواکردنی مافەکانی میللەت بوو:

**هەزار ونۆصەد و سی بوو،شەشی ئەیلوول که ڕۆژهەڵهات:**
**غریـوی ویـستنی حـەق کـــەوته نـــاو شـاری سـلێمانی،**
**(هەڵۆ بەگ) ئـەو جوانـەی پڕ دڵـی بوو بۆ وەگـەن ئـاوات،**
**له پـێش جەمعێکەوە تا بەر سەرا ڕووی هەڵمەتی هــانی.**
**لەگـەڵ یارانی ئـەیوت: ئـەی حوکوومـەت! تانەکـەی تـەپبیت**
**حوقـووقی کـوردەواری، نایــــــەوێ کـورد ئینتیخاباتـت،**
**ئەوانـەی بانگ کـراون و تـۆ بـه قـووەت دەوریـــان ئـەگریت:**
**دەنی و قازانج پەرستن، هـیچ نـەبێ پـێ یـــان موبالاتت![٢]**

جەماوەری ڕاپەڕیوو تەنها خواستیان ئەوەبوو که کۆمەڵه کەسانێکی دڵسۆز نوێنەری ڕاستەقینەی میللەت بن، که خەمخۆری کێشەی نەتەوەکەیان بن، نەك کۆمەڵه کەسانێکی ئەڵقە لـه گـوێی ڕژێمـی پاشـایەتی، بـەڵام دیارە مـافی ئـەم میللەتـه لەگـەڵ بەرژەوەنـدی دەوڵـەتی ئەوسـا و داگیرکـەردا نەهاتووەتەوە. بۆیە بەهەموو شێوەیەك لـه دژی خواسـتەکانیان وەسـتاون و

(١) دیوانی بێکەس، ئومێد ئاشنا، ل ٨.
(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٢٦٥.

به توندترین شێوە بەرپەرچی ئەم داواکاریانەیان داوەتەوە و چەندان ڕۆڵەی ئەم میللەتەیان داوەتە بەر گوللە و بە ناهەق خوێنیان ڕشتوون. ئەگەر سەرنجێکی گۆڕانکارییە ئەدەبییەکان لەڕووی سەرهەڵدانی قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەکانەوە بدەین. ڕاستەوخۆ هزرمان بەرەو وەرچەرخانە گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەڕوات، چونکە لە قۆناغە جۆر بەجۆرەکاندا پێویستی و داخوازی سەردەم بە جۆرێك بووە کە خوازیاری شێوەیەك لە دەربڕین بووە، کە لەگەڵ سیاقی مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا بگونجێ، یان بە واتایەکی تر هەر قوتابخانە و ڕێبازێك گوزارشت لە سەردەمێکی دیاریکراو بووە ((ڕێبازی کلاسیکی دەرئەنجامی سەدەکانی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی بوو، ڕۆمانسیەتیش پەیوەست بوو بە سەرهەڵدانی شۆڕشی بورژوازی و لە پاش پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژیاش قوتابخانەی سروشتی لەدایك بوو. کاتێکیش چینی کرێکار کەوتنە سەر شانۆی مێژوو واقیعیەتی سۆسیالیستی دەرکەوت))[1]. کەواتە کردەی ئەدەبی دابڕاو نەبووە لە ڕەوتی کۆمەڵگە و لە ژێر کاریگەری یەکتردابوون. ئەم دانەبڕانە و بەردەوامیەی گۆران لە شیعرەکانیدا ئەو هەستە ڕەخنەییەی ناخی دەردەبڕێت، کە نەیتوانیووە هیچ ساتێك وەك بینەر لە کۆمەڵگەکەی بڕوانێت، بەڵکو زۆر بەوردی گوزارشتی لە خەم و نەهامەتییەکان کردووە. لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە گیانی بەرەنگاربوونەوەی لە دژی زوڵم و زۆرداری داگیرکەر تێدا پەروەردەکردوون. (هەڵۆ بەگ)ی وەك ڕەمزێك بۆ ئەو هەزاران گەنج و لاوانەی وڵات پیشانداوە، کە بەدەستی غەدر شەهید کراون و سومبولی خەبات و تێکۆشان و بەرگری نەتەوەی کورد بوون. دیارە ئەم میللەتە ستەم دیدەیە بە هەر شێوەیەك داوای چارەنووس و هەقی خۆی بکات. دوژمنان و داگیرکەران تەنها بە ئاگر و ئاسن وەڵامیان داونەتەوە:

---

(١) في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي، ص ٨٨.

**ئەوانە کەی لە میللەت بوون هەتا تەمپیلی ڕەئیی کەن؟**
**حوکوومەت! ئێمە کوردین، وا ئەڵێین: (( نامانەوێ نوواب**
**کە داوێنی غەرەزبگرن بە هەردوو دەست، وەگەن بەردەن!**
**نەکەی مەشرووع نی یە.. دەرکە لەسەر سەودایی ئینتیخاب!))**
**ئەمە جوملەی قسە و ئامالی یارانی هەڵۆ بەگ بوو،**
**نە نامەشرووعی تیا بوو، نەتەجاوز بوو بە ئەمنی ییەت..**
**کەچی عەسکەر بە مەترالیۆزەوە بۆ قەتڵی عام دەرچوو،**
**درایە بەر شەقەی شەستیر ڕجاو ئامالی میللی ییەت!**[1]

دیارە میللەتێك کاتێك خاکی داگیرکرا و ژێر دەستەبێت. ئەوا ناتوانێت وەك میللەتێکی سەربەخۆ و خاوەن کیان بیرکاتەوە. هەر بۆیە تاکەکانیشی بەشێوەیەکی جیاواز بیردەکەنەوە. بۆیە دەبینین تاکی کوردی هەمووکات بەشێکی زۆری بیرکردنەوەی ژیانی هەوڵی بۆ تێپەڕاندنی ئەو واقیعە داوە، کە بەزۆر بەسەریدا سەپاوە. هەر ئەمەش وایکردووە کە دەرفەتی نەبێت بیر لەلایەنەکانی تری ژیان بکاتەوە و هەمووکات هەوڵی داوە، زنجیری کۆت و دیلێتی بپسێنێت:

**لە باوەشتا پشووی عومرم نەدی تاوێ بە سەربەستی،**
**هەتا مردن زڕەی زنجیری دیلی بوو لە گەردنما،**[2]

دەبینین ئەم وورووژاندن و هەڵچوونەی کۆمەڵگە لە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی و داگیرکەرانی وڵات، ڕەنگدانەوەی تەواوی لەم شیعرەدا هەیە. چونکە دەکرێت بڵێین گیانی ڕووبەڕوو بوونەوە و ڕازی نەبوون لەدەسەڵات و سەرهەڵدانی هەستێکی نەتەوەیی لێرەدا بەرچاو دەکەوێت، کە ئەویش لە ئەنجامی پەراوێزخستنی کورد و گوێنەگرتن لە داخوازییەکانیان بووە. بۆیە

---

(١) دیوانی گۆران، محمدی مەلا کریم، ل ٢٦٥ ـ ٢٦٦.

(٢) س. پ، ل ٢٦٦.

بەپێی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب((دەکرێت لە ڕێگای ئەو حاڵەتانەی کە لە دەقەکاندا بەیاندەکرێت، توێژینەوە لەسەر ئەو گۆڕانانە بکرێت کە لە بونیادی کۆمەڵایەتیدا ڕوویان داوە، چونکە بەهۆی ڕێکخستنی شێواز و لایەنی ئیستێتیکی و ڕوانگە فیکرییەکانی دەقەکە و ئەو بیرو بۆچوونانەی کە لە کردەی دیالێکتیکی کۆمەڵایەتیدا بەدوای خۆیدا دەیهێنێت، دەتوانین مەودای ڕەنگدانەوەی بینای دەقەکان لە ڕێکخستنی چینەکانی کۆمەڵگەدا ببینینەوە))[1]. دەتوانین لە ڕێگەی ئەم دەقەوە وێنەی کۆمەڵگەی کوردی لە سالآنی سی سەدەی بیستەمدا بدۆزینەوە، لەگەڵ ئەو هەولآنەی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە دراوە بۆ پیشاندانی ناڕەزایی بە واقیعێکی بەسەردا سەپێنراو و هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی کە خۆی لە بن دەستیدا دەبینیەوە، ئەم حاڵەتە لە ئەدەبیاتی ولآتانی تردا بەرچاو دەکەوێت بۆ نموونە لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا نووسەرانی ولآتی میسر هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ڕەنگدانەوەی ئازار و خەمەکانی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمە لە کارەکانیاندا و لە سیاقی بزوتنەوەی کۆمەڵگەی میسری دوای شۆرشی ساڵی ١٩١٩ کە لەسەردەستی چینی بۆرژوازی بچووک هەڵایسا بخەنەڕوو. بۆیە دەبینین بونیادی دەقەکان و شێوازی گوزارشت کردن ڕەنگدانەوەی چۆنییەتی ڕێکخستنی ئەم چینە تازە دەرکەوتووە لە ململانێکانیاندا لەگەڵ ئیستعمار و دەرەبەگەکاندا بوون [2]. گۆرانیش لە ڕێگەی ئەم دەقەوە ئەو واقیعە تراژیدییەی خستووەتەڕوو کە لەلایەن هەر مرۆڤێکی کوردی دڵسۆزەوە ڕەتکراوەتەوە بەهەر هۆکارێك بۆیان ڕەخسابێت هەوڵی بەگژاچوونەوەیان داوە. دیارە میللەتێك خۆبەختکردن و گیان بەخشینی لە ژیانی بندەستی پێ خۆشتر و گەورەتربێت. زەحمەتە هیچ دوژمنێك بتوانێ ئیرادە و ویستی لەقبکات. بۆیە کۆڵنەدان و بەردەوامی

(١) فصول في النقد والأدب، تأ: عبدالرحمن أبو عوف، ص ٦٧.

(٢) بڕوانە: ن. م، ص ٦٩.

سیمایەکی دیاری ئەم میللەتەیە و چاو بڕینە ئایندە و بڕوابوون بە ئەنجامی خەبات و قوربانیدان ئەو هێزەیە کە گوڕ و تینی ژیان بەم نەتەوەیە دەبەخشێت. هەروەکو چۆن خۆشەویستی خاك و نیشتمان لەگەڵ خۆشەویستی ئافرەتدا تێکەڵ دەبێت و دەبێتە داینەمۆی پەروەردەکردن و گۆشکردنی جیلی نویێ بۆ خەبات و قوربانیدان، جگە لەوەش بە بەرز سەیرکردنی خۆشەویستی خاك و نیشتمان. سەرچاوەیەکە هەموو شتە جوانەکانی تر بەئێمە دەبەخشێت. کەواتە فەزڵی ئەم خۆشەویستیە لە هەموو خۆشەویستیەکانی تر زیاترە و منداڵدانە بۆ لە دایك بوونی خۆشەویستیەکانی تر:

**بڵێ بەو بووکی تازەی یەك شەوەم گەرهاتە سەر نەعشم،**
**نەڵێ خۆی بۆ وەگەن کوشت و لە ڕێی عەشقی منا نەژیا.**
**وەفیفەم بوو لە پێناوی ولاتێکا سەرم بەخشم:**
**کە تۆی پەروەردەکرد بۆ من لە داوێنی چیا و کەژیا!.[1]**

پاڵەوانی ئەم کارانە کەسانی ئاسایی ناوکۆمەڵگەن، بەلأم نایانەوێ چیتر لە واقیعێکی نەویستراودا بژین و هەوڵدەدەن هەموو توانستە مرۆڤایەتییەکانی خۆیان بەکارخەن لە پێناوی گۆڕانکاریدا بەرە و واقیعێك کە شایستەی کۆمەڵگەکەیان بێت، گۆران نایەوێت لێرەدا تەنها دیمەنێکمان پیشاندات، بەڵکو دەیەوێت کۆمەڵێك پرسیارمان لەلا بورووژێنێت، کە بۆچی واقیعی کۆمەڵگەی ئێمە دووچاری ئەم داخوران و داڕمانە بووەتەوە؟ بۆچی ژیانی کۆمەلأیەتی و ڕامیاری و ئابووری و ڕۆشنبیری ئێمە بەر پلانی تێکدەرانەی دەرەکی و ناوەکی کەوتووە؟ بەردەوامی ئەم حاڵەتانە کار لە ئاکار و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە دەکات و ئەنجامی تراژیدی لێ

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٢٦٧.

دەکەوێتەوە[1]. بۆیە ئەرکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی ڕێگە گرتنە لە داتەپینی کۆمەڵگە و ئامادەکردن و بە هۆشهێنانەوەی کۆمەڵگەیە لەو مەترسیانەی کە بەردەوام ڕووبەڕووی کۆمەڵ دەبێتەوە.

**٨ـ ڕەخنەگرتن لە ململانێ و ناکۆکیەکانی کۆمەڵگە:** شاعیر کێشە و ململانێ ناو خۆییەکانی بە ڕێگر لە بەردەم بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی کوردەواری داناوە. وەلانان و دوورکەوتنەوەی ئەم کێشە لاوەکیانەی بە بناغەی یەکگرتن و یەکدەنگی ئەم میللەتە دەزانێت. شاعیر وەك مرۆڤێکی هۆشیار لە کۆمەڵگەدا هەستی بە سەرچاوەی هەموو دەردە سەری و ئازارەکانی کۆمەڵەکەی کردبوو، چونکە تێپەڕاندنی حاڵەتی ململانێ کۆمەڵگە بەرە و ئارامی و هێمنی دەبات و ئەم دۆخەش ڕێگا خۆشکەرە بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوو و هەوڵدان بۆ گۆڕینی واقیع و کارکردن بۆ وەدەستهێنانی داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکانی ئەم میللەتە. لەلایەکەوە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی گرنگی بە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە دەدات کە لە نێوان کۆمەڵگەکاندا ڕوو دەدات و لەلایەکی ترەوە کاریگەری ئەو گۆڕانکارییانە لەسەر هەڵدانی ژانری ئەدەبی نوێ یاخود نوێکردنەوە و تازە بوونەوە لە ژانرێکی دیاریکراودا. دیارە ئەمەش لەو پەیوەستیەوە سەرچاوەی گرتووە کە((ئەدەب وەك چالاکیەك سەیر دەکات، کە لە کۆمەڵ دانەبڕاوە و پێیوایە ئەدەب ئامرازێکە، کە گوزارشت لە تەواوی کۆمەڵ دەکات))[2]. ئەم حاڵەتە زۆر بە ڕوونی لای گۆران دیارە، چونکە کاتێك گۆران قۆناغی کلاسیکی بەجێدەهێڵێت و تازەگەری و نوێکردنەوە لە شیعردا بەرپا دەکات یاخود گوتاری شیعری خۆی دەگۆڕێت، بەجۆرێك کە لە ئاستی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە و داخوازییەکانی سەردەمدا بێت.

---

(١) بروانە: فصول فی النقد والأدب، تأ: عبدالرحمن أبو عوف، ص ٧٥.

(٢) النقد الأدبی المعاصر، د. سمیر سعد حجازی، ص ٤٦.

هەر بەم ڕۆحیەتـەوە سـروودی(دەمـی ڕاپـەڕین)وەك هەسـتكردن بـە پڕكردنەوەی بۆشاییەك لە واقیعی كۆمەڵگەدا لـە دایـك دەبێـت. دیـارە ئـەم بۆشاییە خۆی لە ناتەبایی و ناكۆكی نێو كۆمەڵدا دەردەخات. بۆیە ناونیشانی سروودەكە ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت، كە سازدانی ڕاپـەڕینێك پێویسته تـاكو ئەو حاڵەتە ئێستاییەی كۆمەڵگە تێپەڕێنرێت، چونكە((ناونیشانی شـیعر وەك سەری جەستەیەك وایـە كـە پێكـەوە گونجـانی گشتێتی دەقەكـەڕێك دەخـاو هەنـدێك لـە لوغزەكـان دەكاتـەوە))[1]. كەواتـە ناونیـشانەكە بانگـەوازە بـۆ ڕاپەڕینێكی سەرتاسەری بۆ یەكگرتن:

**دەمـی ڕاپەڕینـە، دەمـــی ڕاپەڕیــن!**
**هەتاكەی بە سستی و بەپەستی بژیـن؟**
**پـەلاماردە، ئـەی كـورد، عـەرەق ڕشـتنێ!**
**لـە دڵ كرمـی ناكۆكـــی دەركردنــێ!**
**- - - - - - - - - - -**
**بـــەیەك بوون ئەبـێ:**
**گەلت پێش كەوێ![2]**

ڕاپـەڕین بـە ئاگـا هێنانـەوەی كۆمەڵگەیـە و گیـانی هەسـتكردنە بـە لێپرسراوی لە بەردەم ئایندەی ئەم نەتەوەیەدا توونددتر دەكاتەوە. دیارە ئەم هەنگاوەش پێویستی بـە یـەك ڕیـزی و لێبڕان هەیـە. بـۆ ئـەوەی چـیتر ئـەم میللەتـە بەدەسـت سـستی و خاوبوونـەوە نـەناڵێنێ و بـەرگی پەسـتی و بـێ ئومێـدی لـە دڵ دەركـات، درككـردن بـە مانـای دەقـەكان لـەو نێوەنـدەدا دەردەكەوێت كە ئایا ئێمەی وەرگر تاچەند توانیومانە دەقەكان بە سەردەمی خۆیانـەوە پەیوەسـتكەین؟ بۆیـە بیریـارێكی وەك(لوسـیان گۆڵـدمان)پێیوایـە هـەركارێكی ئـەدەبی((ناتوانرێـت هەڵوێـستە لەسـەر دەلالەتـە بابەتیـەكانی

---

(١) شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ل ١٠.
(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا كەریم، ل ٤٠٣.

بکرێت، ئەگەر له نێو سیاقی گەشەکردنی مێژوویی و ژیانه کۆمەڵایەتییەکەی دانەنرێت))[1]. کەواتە گەڕاندنەوەی ئەم دەقە بۆ ئەو سەردەمەی کە تێیدا لەدایك بووە، لە دۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کۆمەڵگەی کوردی لەسەردەمی ژیانی شاعیردا ئاگادارمان دەکاتەوە. کە کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی ڕێگر بوونە لە دروستکردنی ئارامی لە کۆمەڵگە و زەمینە سازی بۆ بیرکردنەوە لە واقیعێکی گونجاو بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە خۆش دەکات، تاکە ڕێگاش لەلای شاعیر ڕاپەڕینی بە خۆدا هێنانەوە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەیە، بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵەتە سستی و بێ هیواییەی کە کۆمەڵگەی تێکەوتووە:

دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین!
هەتاکەی بە سستی و بە پەستی بژین؟
— — — — — — — — — — — — —
بگرمێنە وەك شێر، بچۆ ناوی بەرد
بڵێ: کوا هەقی ژینی ئینسانی مەرد؟[2]

ئەم ڕاپەڕینی یەکڕیزی و یەکگرتنە کارێکی سەخت و دژوارە. پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو چین و توێژەکانی ئەم میللەتە هەیە. پەلەکردنیش بۆ لە گۆڕانی تۆوی دووبەرەکی و ململانێ پێویستی بە دەنگی گەورە و بچووك هەیە. بۆ ئەوەی بەیەك دەنگ داوای مافی ڕەوامان بکەین:

درشت تاکو ورد،
نەکەین دەست و برد،
بەهەق چۆن ئەگەین؟
پشوو چۆن ئەدەین؟[3]

---

(١) النقد اللأدبی المعاصر(مناهج، اتجاهات، قضایا)، تأ: أن موریل، ت: إبراهیم أولحیان و محمد الزکراوی، المرکز القومی للترجمة، ط ١، قاهرة، ٢٠٠٨، ص ٩٤.
(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٤٠٣.
(٣) س. پ، ل ٤٠٣ ـ ٤٠٤.

هەنگاو نان بەرەو وەدەستهێنانی ئامانجی نەتەوەکەمان پێویستی بە کۆششی خێرا و بەردەوام هەیە، چونکە سستی نواندن لە ئاستی ئەم داوا ڕەوایەدا سستیکردنە لە گەشتن بە کەناری ئارامی و بەختەوەری. بۆیە کاتێك ئەم نەتەوەیە دەتوانێ پشوو بدات و تام و چێژی ئازادی بکات کاتێك هەموو کێشەو ململانێ ناوخۆییەکان لە گۆڕنێ و دروشمی یەکیەتی و تەبایی بەرزبکاتەوە.

گۆران لە (لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازا)دا، ئاماژە بە یەکڕیزی و یەکگرتوویی میللەتی کۆریای باکوور دەکات، کە چۆن بە هێزی یەکێتی نێو خۆیان نایانەوێ ببنە داردەستی ئیستعمار و وڵاتیان داگیر بکرێت. دەیانەوێت بە خۆیان حوکمڕان و کاربەدەستی خۆیان بن، نەك دوژمن و داگیرکار دەسەڵاتیان بەسەردا بسەپێنێت، ئەم ئاواتەش بە یەکێتی و یەکگرتن زامن دەبێت:

گەلێك ئەیویست بەری ڕەنجی
خۆی بیخواو، کلیلی گەنجی
نەداتە دەست ئیمپریالیست،
لێی قول بدا نۆزدە لە بیست.
گەلێك ئەیویست فەرمان داری
ئاغای نەبێ و سامان داری،
تا دەست باتە دەست ئیستیعمار
بۆ مژینی خوێنی هەژار.[(١)]

شاعیر دەیەوێت هەستی ئازادیخوازی و یەکگرتوویی کۆرییەکان ببێتە پەند و ئامۆژگارییەك بۆ نەتەوەی کورد، تاکو چیتر بەحوکمی ئیستیعمار و بە کرێ گیراوان ڕازی نەبێت. بۆیە بانگەوازی بە ئاگا هێنانەوەی کورد لە ژیانی دیلی دەکات. سەرەڕای هەنگاونان بۆ بژار کردن و پاکردنەوەی نەتەوەکەمان

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ٢٣٧.

له مرۆڤی ناپاك، كاتێك گۆران بەراوردی ئاستی هۆشیاری میللەتی كۆریا لەگەڵ ئاستی هۆشیاری میللەتی كوردا دەكات. دەكرێت لێرەدا بڵێین زۆر فاكتەر ڕۆڵیان لە جیاوازی ئاستی هۆشیاری ئەم دوو میللەتەدا هەیە، هەر لە بارودۆخی كۆمەڵایەتی و جوگرافی و مێژوویی و هەلومەرجی ژینگە و بارودۆخی ڕامیاری و ڕۆشنبیری...تاد، بەڵام لە هەمووی گرنگتر كاریگەری ژێرخانی ئابوورییە لەسەر سەرخان، كەواتە ئەم پەیوەندییە كاریگەری لەسەر ئاستی بیركردنەوە و تێڕوانینی هەردوو میللەت سەبارەت بە بارودۆخی ناوخۆ و كێشە و ململانێ ناوخۆییەكان هەیە، چونكە ((پەیوەندی نێوان ئەم دوو بونیادە ژێرخان و سەرخان ڕۆڵی لە وەرچەرخانی كۆمەڵگەدا، لەسەردەمی دەرەبەگایەتیەوە بۆ سەردەمی بۆرژوازی هەبووە، بەو هۆیەی ئاستی هۆشیاری و بەهاو تێگەیشتنە فەلسەفی و ئەدەبی و هونەرییەكان گۆڕانی بەسەردا هاتووە))[1]. ئەم هۆكارە كارایی ڕەخنەی كۆمەڵایەتیمان لە ڕەچاوكردنی هەلومەرج و ئاستی هۆشیاری وڕادەی پێشكەوتن و گەشەكردنی میللەتان لەڕووی پیشەسازی و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەوە بۆ دەسەلمێنێت، جگە لەوەش ئەركی ڕەخنەی كۆمەڵایەتی دۆزینەوەی نهێنیە شاراوەكانی ناوەوەی كۆمەڵگەیە كە لە بەردەم گۆڕانكارییەكاندا ئاستەنگن. لەم ڕوانگەیەوە گۆران جیهانبینی خۆی لە ڕوانینی بۆ دیاردە ئەدەبی و كۆمەڵایەتییەكان بەرجەستە دەكات:

**مل كەچ ناكا بۆ ئیستیعمار**
**بۆ ناپاكی ناو خۆی زۆر دار..**
**ئەیەوێ ئازاد، یەك گرتوو**
**بژی، نەك وەك كوردی نووستوو**[2]

---

(١) في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي، ص ٨٦.

(٢) ديوانى گۆران، محمدى مەلا كريم، ل ٢٤٠.

ئـازادی و سـەربەخۆیی بـە دەرمـانی دەردی میللـەتانی بـن دەسـتەو داگیرکرا و دادەنێت. دوژمنانی ناوخۆش بە لەمپەر لە بەردەم مـسۆگەرکردنی ئەم ئاواتەدا دەزانێـت، چـونکە ئـەم هێـزە کۆنەپەرسـتە لـە نـاوخۆدا دەبنـە داردەست و ئەوەی بە ئیستعمار و داگیرکـەر جێبـەجیٚ ناکرێـت. ئـەمان وەك نوێنـەرێکی ئەڵقـە لـە گـویٚ بـۆی دەکـەن. ئـیتر هـەردوو هێـزی دژ بـە حـەزو خولیـای میللـەتانی ئـازادی ویـست دەوەسـتن و بـە هـەموو ڕێگەیـەك و بەکارهێنانی گشت توانایـان دەیانـەویٚ ڕوونـاکی و ئـاواتی گـەلان زینـدە بـە چاڵبکەن:

چـونکە، کۆریـا، هـەردوو لامـان
بـۆ یـەك دەرد ئەخوازیـن دەرمـان:
کۆنـە پەرسـتی نـاوخۆمـان
بـۆتـە شملێکـی شـەڕ بۆمـان..
ڕایکێـشاوە دەسـتـی یـاری
بـۆ بێگانـەی ئیـستیعمـاری..
بـە هـەردوو دوژمنـی خـوێن مـژ،
بەگشت چەکیٚ: لـەش کـوژ،بیر کـوژ،
تێمـان بـەربوون، ئەیـانەویٚ:
هـەقمان هـەرگیز چـنگ نـەکەویٚ[1]

سۆسـیۆلۆژیای ئـەدەب پێویـستی بـە زمانێـك هەیـە، کـە بتـوانیٚ بـە ئاسانی خۆی بـە جـەماوەر بگەیـەنێت، ئەمـەش ڕادەی لێهـاتویی نووسـەری داهێنـەر دەردەخـات، دیـارە((بـەکارهێنانی تایبـەتی زمـان...دەستنیـشانی دنیابینی نووسەر سەبارەت بەزمان و ئەرکەکەی و ئەو جەماوەرەی کە دەیان دوێنیٚ دیاری دەکات. کەواتە ئەم تێڕوانینە بۆ واقیعی ڕۆشنبیری و ڕامیاری و

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم ، ل ٢٤٧.

ئابووری له ئەنجامی کۆتاییدا، ئەو واقیعەیە کە نووسەر ئینتمای بۆی هەیە. بۆیە نووسەری مەزن ئەوکەسەیە کەبتوانێت بەو شێوەیە زمان ڕێکبخات و بەکاریبێنێت، کە ئامانجەکەی بۆ وەدیبێنێت، کە بۆخۆی ئامانجێکی کۆمەڵایەتیە))[1]. گۆرانیش ئەو داهێنەرەیە کە توانیویەتی بەشێوەیەك زمان بەکاربهێنێت، کە خزمەت بە ئامانجە کۆمەڵایەتیەکەی بکات و خوێنەریش زۆر بە ئاسانی بتوانێت پەیامی ئەم کارانە وەربگرێت، چونکە وەرگر لایەنێکی گرنگی تەواوکردنی هاوکێشەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبە و بەبێ وەرگر کاری ئەدەبی بەردەوامی نابێت و ناتوانێت ئەرکی خۆی بگەیەنێت. لەلایەکی تریشەوە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی و ئەدگارەکانی وەرگر لەلایەن نووسەرەوە ئاستی سەرکەوتوویی دانەر لەڕووی خێرا گەیشتنی پەیامەکەیەوە دەردەخات.

**<u>٩- وەستانەوە لە دژی جەنگ و خوێنڕێژی و بانگەواز بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان</u>**: گۆران زۆر بەڕوونی درکی بە دەرئەنجامەکانی شەڕ و خوێنڕێژی کرد بوو، چونکە لە سەدەی ڕابردوودا بەهۆی ئەوەی هەردووشەڕە جیهانییەکە مالوێرانی و کاولکارییەکی گەورەی لە دوای خۆی خستەوە و زەرەر و زیانێکی ماددی و مەعنەوی لێکەوتەوە. ئەم کارەساتە کاریگەرییەکی دەروونی لەسەر کۆمەڵگەکان دروست کردبوو. کەشێکی تایبەت لە ترس و نیگەرانی باڵی بەسەر جیهاندا کێشابوو. کۆمەڵگەگان لە بەردەم ساتەوەختێکی هەستیار و ناسك دا بوون، چونکە هەر جوڵانەوەیەکی نائاسایی ئەگەری هەڵایسانەوەی شەڕ و کوشتاری لێدەکرا. دیارە پریشکی ئەم ئاگرەش کەم و زۆر کوردستانی گرتبووە و کاریگەری لەسەر ژیانی خەڵك هەبوو. ڕەخنەگری کۆمەڵایەتی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە ناو دەقدا، دەتوانێت کێشەکانی سەردەمێکی دیاریکرا و لە ناو دەقە ئەدەبییەکاندا

---

(١) في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي، ص ٩١.

بدۆزێتەوە، چونکە ((هەرجیلێك لە نووسەران گوزارشت لە خەمە خودیەکانی خۆی و خەمەکانی سەردەمەکەی دەکات. هەروەکو چۆن خولیا و ئارەزووەکانی خۆیی و کۆمەڵگەکەی و هەموو ئەو کێشانەی کە لە بەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا دەبنە ئاستەنگ لە بەرهەمەکانییدا ڕەنگدەدەنەوە، ئەمەش لە جیلێکەوە بۆ جیلێکی تر جیاوازی هەیە))[1]. دیارە کە سەردەمی گۆران کەش و هەوای شەڕ و ناکۆکی باڵی بەسەر جیهاندا گرتبوو، بۆیە ئەم دیاردەیە جێگەی گرنگی و بایەخ پێدانی بووە، بەڵام ڕەنگە لە شاعیرانی نەوەی پێش گۆران ئەم کێشە و ململانێیانە بەو جۆرە نەبووبێتە دیاردەیەك کە شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنبێت، هەروەکو چۆن لە نەوەی دوای گۆرانیش کۆمەڵێك چەرمەسەری و گرفتی تر دەرکەوتوون. هەربۆیە گۆران لە شیعری(دیاریی خوای شەڕ)دا زۆر بەوردی سەرجەم ئەو لایەنانەی کە لەشەڕ و کوشتار دەکەوێتەوە بەرچاومان دەخات. کە بەمایەی هەموو چەرمە سەریەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دادەنێت، هۆکارێکە بۆ خۆشکردنی زەمینەی ڕق و کینە و مرۆڤەکان لە دۆخێکی شڵەژا و ناجێگیردا ڕادەگرێ و تووشی جۆرێك لە ڕەشبینیان بەرامبەر بە ژیان دەکات. شەڕ تەنها یەك زمان دەزانێت، ئەویش زمانی ئاگرە:

**دیاریی خوای شەڕ: خەشمە و قینە،**
**دوشمنی یەو، ڕق و کینە،**
**بەد خواهی یەو نیهادی پیس:**
**باری لێکدانەوەی ئیبلیس،[2]**

هەموو کات شەڕ ئاسۆکانی بینینی داهاتوو لە کۆمەڵگەدا تەڵخ دەکات و ئێستایەکی پڕ لە نیگەرانی و پاشا گەردانی دەخوڵقێنێت. شەڕ ئەو

(١) علم اجتماع الأدب، ا. د. محمد سيد فرح و ا. د. مصطفى خلف عبدالجواد، ص ٨٨.
(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٩٦.

وەیشومە تاڵ و تاریکەیە دوژمنی هەموو جوانی و ڕووناکییەکە. هەموو سیماکانی شادی و ئاوەدانی ڕادەماڵێ و لە بری ئارامی و ئاسایش ترس و گومان و مردن لەجێی خۆی دەچێنێت. زۆرجار مرۆڤێکی ئاسایی هەڵوێستی خۆی دەربارەی دیاردەکانی ژیان دەردەبڕێ و هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵگەکەی دەکات، سەبارەت بەوشتانەی بەرەوڕووی کۆمەڵگەکەی دەبێتەوە. ئایا ئەگەر ئەمە هەستی مرۆڤێکی ئاسایی بێت. دەبێت هەستی شاعیرێك لەم ڕووەوە چۆنبێت. بۆیە((تەنها لە ڕێگەی نووسراوە ئەدەبیەکانیەوە ناتوانین سەبارەت بە ئینتیمای کۆمەڵایەتی و ئاراستەی ئایدۆلۆژی نووسەر لێکۆڵینەوە بکەین، بەڵکو زۆرجار واپێویستە کە پەنا بۆ بەڵگەنامەکانی تر یان نووسراوەکانی تری نووسەر ببرێت، کە پەیوەندیان بە ژیاننامەکەیەوە هەیە، چونکە نووسەریش هاوڵاتییە و خاوەنی ڕەئی تایبەتییە لەو پرسانەی کە خاوەنی گرنگی کۆمەڵایەتی و ڕامیارین، هەروەکو چۆن ڕۆڵی لە کێشەکانی سەردەمیدا هەیە))[1]. کەواتە گۆران وەك مرۆڤێك و پاشان وەکو شاعیرێك نەیتوانیوە بێدەنگ بێت، لە ئاست ئەو کێشانەی پەیوەندیان بەژینگەی خۆی ودەوروو بەرییەوە هەیە. بۆیە لەم ڕووەوە شاعیر زیاتر هەست بە قورسایی ئەو دیاردە و تەنگژانە دەکات. دەیەوێت ڕێ لە هەڵایسانی ئەم شەڕە نەگریسانە بگرێت، چونکە ئاسەوارەکانی شەڕ هێندە کارەساتاوین کە زۆر زەحمەتە هیچ لایەنێك لە مەرگەسات و وێرانیەکانی قوتاربێت. لەشەڕدا تەنها وێنەی ڕەشی و خوێن دەبینرێت. تەنها دەنگی گریان و هاوار و ناڵەی لێقەوماوان دەبیسترێت. هیچ ئاوازێکی خۆش و مۆسیقایەکی هێمن نابیسترێ. دەنگی تۆپ و گوللە تەنیا ئاوازی شەڕە. شەڕ ئەو دێوەزمە ترسناکەیە کەتەنها خەریکی هەڵلوشینی جەستەی مرۆڤەکانە جاچ بێ تاوان یان تاوانبار گەورە یان بچووك ژن یان منداڵ:

---

(١) نظرية الأدب، رينيه ويليك و أوستن وارين، ص ١٠٠.

**عەرش! وەك دڕندە، وەك هار عەرش!**
**دنیا ڕەنگ کە بە خـــــوێنی گـەش!**
**پەلامـــــاردە، دەســت و بـــرد کـــە،**
**بگـــرە، بـبڕە، بــــدڕە، وردکــــــە:** (١)

لەشەڕدا تەنها ئاوەدانیەکی ترسناك دەبینرێ ئەویش مەیدانی جـەنگ و سەنگەر و قەلاَ و شورە دڕکاویەکانە ! ! ... ئەمەیـە وێنـەی ئـاوەدانی ! ! ... ئەمە سیمای شەڕە . هەموو پیرۆزیەکان و هەموو دەستوورەکان لـە بـەردەم شەڕدا دەسڕێنەوە. شەڕ تەنها ئامانجێکی هەیە کە خۆی لە سڕینەوەی ژیانی مرۆڤەکان و خاپوورکردنی دیمەنـە جوانەکانـدا دەبینێتـەوە. دیـارە سـنووری دەرکەوتـەکانی شـەڕ تـەنها بەوەنـدەش ناوەسـتێت، بـەڵکو دەیـەوێت وەك جەللادێکی دەروون نەخۆش قوربانییەکان پارچە پارچەکات! ! ئەمە دیاریی و یادگاری شەڕە، نابێت هیچ شتێك کە بۆنی شارستانییەت و مرۆڤایەتی لێبێت بە پێوە بمێنێت. ڕەخنەی کۆمەلاًیەتی زۆر جەخت لەسەر لایەنی کۆمەلاًیەتی بەرهەمی ئەدەبی دەکاتەوە و هەرئەمەش بەرە و ئەو ئاراستەیەی دەبات، کە کاری ئەدەبی بەو شـێوەیەی کەبەرهـەمی تاکـە کەسـێك یـاخود نووسـەرێکە سەیرنەکات، بەمانایەکی تر بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ بەرهەمەکاندا ناکات کە گوزارشت لە دەربڕێنی ڕوانگەیەکی تاکەکەسی بەرامبـەر واقیعـی ژیـان بێـت، چونکە ئەم دیدە کردەی هۆشیاریی ویـژدانی کۆمـەڵ بەرجەسـتە دەکـات. هەرچـەندە ئـەدیب لـە پلەیـەکی بـەرزی هێــز و تیژبینیــدابێت. کــردەی بەرجەستەکردنی دیدە کۆمەلاًیەتیەکـەی ئاشـکراتر و بـەهێزتر دەبێـت. بۆیـە لێرەدا جیاوازی لە نێوان ئاستی نووسەراندا بەپێی توانستەکانیان لە نواندنی ویـژدانی کۆمەڵـدا دەکـەین. جـۆری یەکـەم ئـەو نووسـەرانەن کـە خـاوەنی هۆشیارییەکی ساختەن، چونکە گوزارشت لـە دیـدی تاکەکـەس دەکـەن. کـە

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٩٦ ـ ١٩٧.

زۆرجار بەرهەمەکانیان دووچاری گرنگی پێنەدان و لەبیر چوونەوە دەبن. لەوڕووەوە کە وەرگر ناتوانێ لەو کارانەدا خودی خۆی و خەونەکانی و هۆشیاری لەبارەی شتەکان و دیاردەکان بدۆزێتەوە، بەڵام جۆری دووەم ئەو نووسەرانەن کە ئەو توانستەیان هەیە کە بەشێوەیەکی دروست گوزارشت لەو هۆشیاریە ڕاستگۆ و حەقیقیە بکەن کە بەدی هاتووە یاخود ئەو هۆشیارییەی کە دەشێ لە داهاتوودا بێتەدی[1]. دەتوانین گۆران لە جۆری دووەم دابنێین بە حوکمی ئەوەی ویستویەتی لە ڕێگەی هۆشیارییەوە خەون بە ئایندەیەکی گەش و جیهانێکی دوور لە شەڕ و وێرانکاری ببینێت. لە ناخی ئێمەی وەرگردا هەست کردن بە تێپەڕاندنی ئەم دۆخە نەگریسە بچێنێت. ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش دەیەوێت ئەو هۆشیارییە لەلای وەرگر بەرجەستەکات کە بتوانێ ئاسۆی تێڕوانینی کۆمەڵ بەرە و داهاتوو ڕووناک بکاتەوە:

**قەڵا، تەلبەن، شوورا، سەنگەر،**
**حەیوان، ئینسان، شاری، عەسکەر،**
**ژن،پیاو،پیر،جوان،دەست،قاچ،سنگ،سەر.**
**پێ شێل کە هەرچیت دێتە بەر![2]**

ئەوەی لە پاش شەڕ بەجێدەمێنێت تەنها بۆنی دووکەڵ و باڕووت و خوێنە. بۆنی قوربانیە بێ تاوانەکانە، ئەوانەشی دەمێننەوە بە دەست هەژاری و برسێتی و نەخۆشی و گرانییەوە دەناڵێنن. هەموو سیماکانی شارستانییەت دەسڕێنەوە و قوتابخانە و نەخۆشخانە و مەیدانی هونەر و زانست و باغچە و دارستانەکان دەبنە کەلاوە و خۆڵەمێش:

**بێ سووچ بکوژە، سەربەست دیل کە،**
**دەرگای مێشك و دەم کلیل کە،**

---

(١) بڕوانە: مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فضل، ص ٥٨.

(٢) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ١٩٧.

کۆمـــــەڵ برســـی، وڵات لات کـــــە،
نەخۆشـــی زۆر، دەرمـــــان قــات کـــە،
قوتـــابخانـــــــە، بیمارستـــــــان،
کۆگـای فـــەن کـردی کـۆن و جـوان،[1]

لە سۆسیۆلۆژیای ئەدەبدا نووسەر وەك لایەنێکی کارا لە پرۆسەکەدا خـــاوەنی چـــەند ڕەهەنـــدێکی تایبەتییـــە، کەیـــەکێك لەوانـــە چـــینی کۆمەلأیەتیەکەیەتی کە خاوەنی ئـەدگاری تایبـەتی خۆیـەتی و ڕەنگدانـەوەی لەسەر جۆری کارەکانی و بیرکردنەوەی هەیە. بۆیە گۆرانیش جگە لەوەی کە خۆی شاعیر بووە و خـاوەنی ڕۆشـنبیرییەکی بـەرز و هۆشـیارییەکی دروسـت بووە و پەیامی ئـەو خۆشـی و پێکـەوە ژیـانی کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی بـووە. هاوکات(ئەندامی لیژنەی ئاشتیخوازان)[*]بووە. هەربۆیـە لـە شـیعری(پـەیامی کـورد)دا، کـە بـۆ میهرەجـانی چـوارەمی گـەنجان و قوتابیـان لـە بوخارسـت نووسیوویەتی و تێیدا ئاوات و هیوای میللەتی کورد بۆ ئاشتی و بەختـەوەری مرۆڤایەتی دووپاتدەکاتەوە و لە زمانی لاوانەوە دەیەوێت کۆتری سپی ئاشتی لـە هـەموو شـوێنێکی ئـەم جیهانـەدا بگـەڕێ و پـەیامی ئاشـتی بـە هـەموو کونجێکی جیهان بگەیەنێت:

ئەی کۆترە سپییەکەی ناو هێلانەی بەرز!
لە گیانی بیکاسۆ ئیلهام ئەکـــەم قەرز
ئەمـەوێ بتخەمـە سـەر باڵــــــی فـڕین

(١) س. پ، ل ١٩٧.

(*) لیژنەی ئاشتیخوازان: ئامانجییان تێکۆشان بوو بۆ ئاسایشی جیهـان و بەرهەڵستی کردنـی پلانی جەنگ کە ئیمپریالیستەکان هەوڵیان بۆ دەدا و خڕکردنەوەی جەماوەر بـۆ تێکۆشـان لە پێناوی ئاشتی لە جیهاندا، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابـردوودا چـالاکیان هـەبووە. بڕوانە: گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، مامۆستا جەعفەر و ڕێبـوار حەمـە تۆفیـق، ل ٢٧٨ ـ ٢٧٩.

بەڕاستی بتنێرم نەك بەخـــەو بینین.
بۆ شارێك: هەزاران لاوانـــی جیهان
بۆ ئاشتی ئەبەستن تیایا میهرەجـان [1]

بانگـەوازی گـۆران بـۆ ئاشـتی تـەنها لـە سـنووری نـەمانی شـەڕ و خوێنڕێژیدا ناوەستێت، بەڵکو دەیەوێت ئاشـتی لـە نـاو گیـان و جەسـتەی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەدا ڕەنگبداتەوە. بەشێوەیەك کە ئاشتی لـە سیمای هەموو تاکێکدا بدرەوشێتەوە. (جۆرج لۆکاش)پێیوایە((ئـەو نووسـەرانەی کـە جیهانبینیەکی سنووردایان لـەبارەی جیهـان هەیـە. بـە شـێوەیەکی پارچـە پارچەی شێوێنراو و وێنای واقیع دەکەن. بەجۆرێك کە واقیع لە کارەکانیانـدا بە شێوەیەکی ڕزیو و ناکامڵ دەردەکـەوێت. بۆیـە لـەم جـۆرە کارانـەدا و لـە ڕێگەی ئەم جیهانبینیەوە وێنای مرۆڤێکی داڕزاو و پاشەکشەکردو و نـامۆ لـە جێگەی مرۆڤێکی تەندروست و کامـڵ دەکرێـت، خواسـتێکی خـودی تەسـکی دیاریکرا و جێگەی جیهانبینییەکی گشتگیر دەگرێتـەوە))[2]. گـۆران خـاوەنی جیهانبینییـەکی گـشتگیربووە کـە دەربـڕی خواسـت و حـەزەکانی نـەك کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو کۆمەڵگەی جیهـانی بـووە، چـونکە شـەڕ و جـەنگ هـەموو جیهـان لێـی بێـزارە و ئاشـتی و پێکـەوە ژیـانیش خواسـتی هـەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە.

لە ئاشتیدا هیوا و خۆزگەکانی مـرۆڤ ئەگـەری وەدیهاتنیـان زیـاترە و مرۆڤەکان بە پاڵنەرێکی بەرزی دەروونییەوە لە ژیـان دەڕوانـن، چـونکە ئـیتر ترس و غەمی شەڕ بوونی نامێنێت. ئاشتی مایـەی سـاڕێژ بـوونی برینـەکان و ڕێگـە گرتنـە لـە برسـێتی و هـەژاری. نیـشانەکانی ئـاوەدانی و دیمـەنی

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٢٥٣.

(٢) علم اجتماع الأدب، ا. د. محمد سعيد فرح و ا. د. مصطفى خلف عبدالجواد، ص ٥٥.

شارستانیەت سەر هەڵدەدەنەوە و چیتر کۆرپەکان بێ دایك و باوك نابن، بەڵکو لە ئامێزی گەرم و پڕ خۆشەویستییدا پەروەردە دەکرێن:

ئـەم دنیـا ڕووخــــاوو ڕووو بریـنـداره
مـاوەی چـنگ ئەکـەوێ دەرد بکـا چـاره:
هـیچ نـەبێ هـەتیوێك ئەگــا بـە داڵــده،
بەندی یـەك لـە زنجیر ئـەبێ ئــازاده...[1]

ئاشتی مایەی کڕینەوە و لە دەست نەدانی خوێنی گەنج و جوانەکانی ولاتە و شاعیر خوازیارە ئـەم ئاشـتیەش زوو کوردسـتان بگرێتـەوە، چـونکە زنجیری ستەمی ئاغا و دەرەبەگ لە گەردنی لاوان توند بووە و هەر ڕۆژەی بە بیانوویەك لە ناویان دەبەن. شەڕمایەی ماندوو بوون و لە ناو چـوونی توانـای مرۆڤەکانە، لەشەڕدا هەموو هێـز و تواناکـان بـۆ دەسـەلاتداران و داگیرکـەران دەڕوات، بــەلام گــۆران دەیــەوێت ڕەنجـی ئــەم میللەتــە خــودی ڕۆڵــەکانی نەتەوەکەمان سوودی لێ وەرگرن نەك تەنها ئیشکەر و فەرمان بەجێکەربن:

لاوی کــورد: زنجـیری دەرەبــەگ لەمـــل
شەو و ڕۆژ ڕەنج ئەدا بێ نان و بێ جل
یـان لـە پڕ ئـەیگرن، ئەیخەنە ژێـر چــەك
بـۆ ئیمپریالیـستی ئاغـــای دەرەبــەگ
یـان لـە ئیحتیکـاری نـەوتا پــــاڵــەیە
ڕۆژی چەوسـانەوە، شـەوی ناڵــــەیە[2]

گۆران دەیەوێت لاوانمان هاندات خۆیـان بەزانـست و ڕۆشـنبیری نـوێ پڕچـەك کـەن و ببنـە مامۆسـتا و سەرمەشـق بـۆ نـەوەی خۆیـان و نـەوەی

---

(١) دیوانی گۆران، محەمەدی مەلا کەریم، ل ٢٥٥.
(٢) س.پ، ل ٢٥٨.

داهاتوو. دوورکەونەوە لە شەڕ و لە سایەی ئاشتیدا پێکەوە بژین، چونکە لە ئاشتیدا تاکەکانی کۆمەڵگە ئاسۆی بینینیان ڕوونتر دەبێت و هەوڵدەدەن زیاتر بیر لە ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان بکەنەوە. گۆڵدمان لەو باوەڕەدایە((ئەرکی کۆمەڵایەتی ئەدیب بریتییە لە وەئاگا هێنانەوەی ئەو کۆمەڵەی کە داهێنانە ئەدەبییەکان وەردەگرێت، هانیان دەدات بۆ تێگەیشتن لە ژیان لە پێناوی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژیانەدا، لەڕێگەی ئەو دیدەی کە لەلایەن نووسەرەوە پێشکەش دەکرێت))[1]. لەم سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین گۆران لە شیعرەکانیدا و لە ڕێگەی وێناکردن و بەرجەستەکردنی ئەو حاڵەتانەی ئاماژەمان پێدا، تەنها مەبەستی ڕەخنەگرتن لە پێناوی ڕەخنەدا نەبووە، بەڵکو مەبەست و ئامانجێکی گەورەتری لە پشتەوەیە ئەویش دروستکردنی ئەو جیهانبینییەیە لەلای وەرگر کە هەوڵ بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر و چاکتر بۆ تەواوی تاکەکانی دەدات.

---

(١) علم اجتماع الأدب، ا. د. محمد سعيد فرح و ا. د. مصطفى خلف عبدالجواد، ص ١٦٠.

# ئەنجام:

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لە لێکۆڵینەوەکەدا بە دەستمانهێناوە، لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەیانخەینەڕوو:

١ــ بەپێی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی جیهانبینی شاعیر گوزارشتە لە جیهانبینی ئەو چین و دەستە و تاقمە کۆمەڵایەتیەیەی کە شاعیر ئینتمای بۆی هەیە. بۆیە گونجاوە ئەگەر بڵێین لە بەرئەوەی گۆران وەك مرۆڤێکی ئاسایی سەر بەچینە هەژارەکەی کۆمەڵگەبووە، بەڵام لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی باڵادا بووە و خاوەن کەسایەتیەکی تایبەتی بووە. ئەمەش وایکردووە جیهانبینیەکەی گوزارشت لە تێکەڵییەك لە نێو موعانات و ئازارەکانی هەژاران و خولیاو حەزی ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگەکەی لە سەردەمی خۆیدا بکات.

٢ـ ئەگەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بەدوای دۆزینەوەی کاریگەری گۆڕانە گەورەکانی قۆناغی مێژووی گەشەکردنی مرۆڤایەتی و ڕۆڵیان لەسەرهەڵدانی ژانری نوێی ئەدەبی و تازەکردنەوەی ژانرەکاندا بگەڕێت. ئەوا گۆران بەپێی ئەو گۆڕانانەی لە کۆمەڵگەی کوریدا ڕوویانداوە، وەکو شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد و بڵاوبوونەوەی خوێندن و ڕۆشنبیری و بە کاریگەری ئەم لایەنانە تازەگەری لە ژانری شیعردا کردووە. لەڕێگەی ئۆپەرێت و پیەسەکانەوە توانییویەتی گوزارشت لە سەردەمی خۆی بکات.

٣ـ کاریگەری ژینگەی دەوروبەر و ئەزموونەکانی ژیانی نووسەر، بوونەتە سەرچاوەیەکی بەهێز لە پرۆسەی داهێنانی گۆراندا و چەند ئەزموونی زیادی کردبێت هێندە داهێنانەکانی باڵاتر و مەزنتر بوون.

٤ـ لە سەرجەم ئەو قۆناغە شیعریانەی کە گۆران پێیدا گوزەری کردووە. ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە هەست پێدەکرێت. دەقەکانیشی بەو گیانەوە بەرهەمهێناوە کە هەست بە زیندوویەتی کارەکانی دەکرێت، لەو ڕووەوە کە لە کۆمەڵ دابڕاو نەبووە.

٥- دەقەکانی گۆران بەڕادەیەك توانیویانە بگەنە جەماوەر و سەردەمی خۆیان تێپەڕێنن، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆ ئەو پەیامەی لە هەناوی دەقەکاندا ئامادەیی هەیە وەکو خۆی بە خوێنەر دەگات، ئەمەش لە ڕووی سۆسیۆلۆژیای ئەدەبەوە ئاستی جەماوەریی و فرە خوێنەریی گۆران دەسەلمێنێت، کە هاوکات ئاماژە بە سەرکەوتنەکانی شاعیر دەکەن.

٦- سەفەرەکانی گۆران چ لە ناوخۆی کوردستان و چ بۆ وڵاتانی دەرەوە ئەزموونێکی دەوڵەمەندیان پێ بەخشیووە، لەم ڕێگەیەشەوە چەندین داهێنانی شیعری ئەنجام داوە. وەکو لە شیعری (گەشت لە هەورامان و قەرەداغ)و شیعری(وەڵامی پرس)دا دیارە.

٧- ئەوەی پاڵی بە گۆرانەوە ناوە تاکو دۆخە خودییەکەی بە بابەتی بکات، بۆ جیهانبینی بیری مارکسیانەی گۆران دەگەڕێتەوە، کە بێگومان لەم جیهانبینییەشدا سەرجەم ئاراستەکانی بە دیوی بابەتییدا فراوانترن و شاعیر لەم جیهانەوە وەسف و تەفسیری شتەکان دەکات.

٨- کاتێك گۆران لە ڕێگەی وێناکردنی کێشەی چینایەتی و چەوساندنەوەی ئافرەت و دواکەوتوویی و نادادی سیستەمی دەسەڵاتمان بۆ ئاشکرا دەکات. گەورەیی گۆرانمان بۆ دەسەلمێت، کە چەند شۆڕبووەتەوە ناو بونیادی کۆمەڵگە و چۆن دەست لەسەر برینە قووڵەکانی جەستەی کۆمەڵگەی کوردی دادەنێت. کەواتە کاتێك دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی بەر نەشتەری ڕەخنە داوە، بۆ ئەو مەبەستە نەبووە کە تەنها وەك ڕەخنەگرێك لە کۆمەڵگە بڕوانێت، بەڵکو مەبەستی هۆشیارکردنەوە و وریاکردنەوەی کۆمەڵگە بووە. لە ئاست ئەو واقیعە چەقبەستووەی ئەو سەردەمە، کە کۆمەڵگەی کوردی تێدابووە، هەروەها لە پێناو گۆڕانکاری بۆ بونیادنانی واقیعێکی باشتر بۆ کۆمەڵگە ئامادەکاری بکرێت.

٩- بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری گۆران زەمینە خۆشکەر بووە، بۆ ئەوەی لە تیۆر و قوتابخانە ئەدەبییەکانی سەردەمەکەی خۆی ئاگاداربێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە سوودێکی زۆری لە تیۆری ڕەنگدانەوە

وەرگرتووە. کە کاریگەری ژێرخـان لەسـەر لایـەنی سـەرخان پیشان دەدات. هەر ئەم تیۆرەش زەمینەی سەرهەڵدانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی خۆشکردووە. بۆیە شاعیر زۆر هونەرمەندانە ئەم تیۆرەی لە شیعری (کوردستان)دا تەوزیف کـردووە و دەرئـەنجامی ئـەو پەیوەندییـە دیالێکتیکییـەی نێـوان سـەرخان و ژێرخانی بە دیار خستووە. کە بێگومان لاوازی و دواکەوتوویی ئاستی ژێرخان هۆکـارێکی گـرنگ لـە نەگەیـشتنی کوردسـتان بـە کـاروانی شارسـتانیەت و پێـشکەوتن بـووە ، چـونکە دواکـەوتوویی لایـەنی ژێرخـان ڕەنگدانـەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر لایەنی سەرخان هەیە. دیارە ئەم کاریگەرییەش بـەڕوونی بەسەر لایەنە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەریی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگـەی کوردی لەو سەردەمەدا ڕەنگیداوەتەوە.

١٠ــ شـاعیر لـە ڕێگـەی بەرجەسـتەکردنی ئاکـار و بـەها بـەرزەکانی کۆمەڵگەوە، سەرەڕای ئەوەی وەرگر هاندەدات بۆ پەیوەست بوون پێیانەوە. هاوکات وەرگر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا چێژ لـەم دەقانـە وەردەگرێـت، کـە ئەمەش کاریگەری دەقەکان لەسەر وەرگر بەهێزتر دەکات.

١١ــ گـۆران چـەندە گرنگـی بـە ژیـانی واقیعـی مرۆڤـداوە و لەگـەڵ ژانەکانیاندا بووە. بەهـەمان شـێوە ویستوویەتی لـە نهێنـی و ڕازەکـانی ئـەو دیوی واقیعیش بگات. بەواتای پـەی بـردن بەلایەنـە نادیارەکـانی ئـەو دیـوی مەرگ و چارەنووسی مرۆڤ، چونکە لە ڕێگەی ئەزموونەکانی ژیانی خۆی و لـە دەستدانی کەسە نزیکەکانی هەوڵیداوە وەڵام بۆ ئـەو پرسـیارانە بدۆزێتـەوە، کە پەیوەندیان بە چارەنووسی مرۆڤ و نەمانیەوە هەیە. هەر بۆیە دەشێ پەنا بردنی گـۆران بـۆ شـیعر هەوڵـدان بێـت بـۆ مانەوەیـەکی مەعنـەوی لەڕێگـەی بەرهەمەکانیەوە، بەم شێوەیە بەردەوامی بە ژیـان بـدات ، بـۆ ئـەوەی نـاو و یادی نەکەوێتە بەر شاڵاوی فەوتان و لە ناوچوون.

١٢ـ گـۆران نـاکۆکی و ململانـێ ناوخۆییـەکان بـە ئاسـتەنگ لـە بـەردەم گەیشتن بە ئامانجەکانی میللەتەکـەمان دادەنێت و بانگـەوازی وەلانـانی ئـەم کێشە لاوەکیانە دەدات. چیتر لەگـەڵ ئـەوەدا نییـە کـە لـە پێنـاو پاراسـتنی

بەرژەوەندی چەند دەستەو گرووپێکدا ئامانجی هەرە گەورە و پیرۆزمان کە ئازادی و سەربەخۆییە بکەینە قوربانی.

١٣ـ لەگەڵ ئەوەی گۆران هەمووکات تێکۆشاوە چ بەشێوەیەکی کردەیی یاخود لە ڕێگەی شیعرەکانیەوە بووبێت، هەوڵی چەسپاندنی ئاشتی و دوورکەوتنەوەی لەشەڕو خوێنڕێژی داوە، لەم پێناوەدا ئاستی ڕۆشنبیری وەرگرەکانی لە بەرچاو گرتووە و بە زمانێکی سادە و پارا و مەبەستەکانی گەیاندووە. کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە پێشوازیان لێکردووە.

# سەرچاوەکان

**سەرچاوە کوردییەکان:**

کتێبەکان:


١. ئامانجی ئەدەبیات، ماکسیم گۆرکی، و: حەمەکەریم عارف، خانەی چاپ و پەخشی سایە(٣٥)، چ ٢، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٢. ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردی(کوردستانی عێراق ١٩٥٠ ـــ ١٩٧٠)، جەبار ئەحمەد حوسێن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٣. بونیادگەری پێکهاتوویی(میتۆدی لوسیان گۆڵدمان)، عوسمان یاسین، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چ ١، هەولێر، ١٩٩٩.

٤. تیۆری بنیاتی شاراوە، نەجات حەمید ئەحمەد، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس(٨٣٤)، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٨.

٥. جۆرج لۆکاچ، ئیمری جۆرج، و: مەنسوور تەیفووری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران(٥٨)، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦. داهێنان لە ڕوانگەی چەند تیۆرەیەکەوە، ڕۆشنا ئەحمەد ڕەسووڵ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(١٢٧)، سلێمانی، ٢٠٠١.

٧. دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنوچێهر موحسنی، و: کۆمەڵێك نووسەر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٢.

٨. دیوانی گۆران(سەرجەمی بەرهەمی گۆران)، محەمەدی مەلا کەریم، ب ١، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد، ١٩٨٠.

٩. دیوانی بێکەس، ئومێد ئاشنا، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس(٣٣٩)، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٥.

١٠. ڕەخنە و ئایدۆلۆژیا، حەیدەری حاجی خدر، لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما(٥١)، چاپەمەنی دیلان، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٥.

١١. ڕەخنەی ئەدەبی و قوتابخانەکانی(پێشەکییەك بۆ تیۆری چارلز برێسلێر)، و: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس(٥٧٥)، چ ٢، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٢. ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردی دا، خورشید ڕەشید ئەحمەد، دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی، چاپخانەی الجاحظ، بەغداد، ١٩٨٩.

١٣. سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی(لە ڕووی پێوەرە ئاکارییەکانەوە)نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئازاد عەبدولواحید کەریم، لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد(١٤)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٤. سەرەتایەك لە بارەی سۆسیۆلۆژیای مەعریفە، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٩.
١٥. سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی(١٨٩٨ ـ ١٩٣٢)، یادگار ڕەسووڵ حەمە دەمین باڵەکی، دەزگەها سپیرێز یا چاپ و وەشانێ، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٦. شیعر و شمشێر(توێژینەوەی ئەدەبی)، حەمە سەعید حەسەن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس(٣٣٣)، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٧. شیعری نوێی کوردی ڕەگوڕیشەکان(١٨٩٨ ـــ ١٩٥٨)، فەرهاد پیربال، لە بڵاوکراوەکانی گرووپی هانەی ئیعلامی(٩)، هەولێر، ٢٠٠٥.
١٨. شیعر و فەلسەفە، مەجید مەحموود، و: فوئاد مەجید میسری، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ ٢، ٢٠٠٨.
١٩. شیعرییەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە(دەق و ڕەخنە)، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١.
٢٠. فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسی ئەدەبیات، کۆمەڵێك نووسەر، و: هادی محەمەدی، زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان(٧)، ٢٠٠٧.
٢١. گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، ئامادەکردن و کۆکردنەوە و پێشەکی: مامۆستا جەعفەر و ڕێبوار حەمە تۆفیق، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢٢. گەڕان بە دوای ماناکانی شیعردا(خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە شیعری کوردی)، عەتا قەرەداغی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٣٥١)، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٣. مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، تێری ئیگلتۆن، و: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس(٧٠٩)،چ ١، هەولێر، ٢٠٠٨.
٢٤. نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا(دوای جەنگی جیهانی یەکەم تاساڵی ١٩٧٠)، د. ئازاد عەبدولواحید کەریم، لە بڵاوکراوەکانی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد(٧٨)، چاپخانەی ئارابخا، چ ١، کەرکوك، ٢٠٠٦.

گۆڤارەكان:

٢٥. ئافرەت و جوانی لـە شـیعری گۆرانـدا، كـەمال مەمەنـد، گ نووسـەری كـورد، ژ(١)، خوولی دووەم، ١٩٧٩، ل ٨.
٢٦. ئەدەب و كۆمەڵگا، د. موحسین ئەحمـەد عومـەر، گ ڕامـان، خـولی سـێیەم، ساڵی دەیەم، ژ(١٠٥)، ٢٠٠٥، ل ١١٨.
٢٧. بە مەوزوعی كردنـی حاڵـەتی زاتـی لـە شـیعری (وەڵامـی پـرس)ی گـۆران دا، عـەتا قەرەداغی، گ ڕامان، ساڵی یەكەم، ژ(١١)، ١٩٩٧، ل ٢٦.
٢٨. تیۆر و ڕەخنەی ئەدەبیی ماركسیستی، بەختیار سەجادی، گ ڕامان، ژ(٤٩)، ٢٠٠٠، ل ٨٦.
٢٩. چەند سەرنجێك لە گـۆرانی لووتكـە، شـێركۆ بێكـەس، گ ڕۆشـنبیری نـوێ، ژ(٦٤)، ١٩٧٨، ل ٥٦.
٣٠. چـیرۆكی ڕۆحێكـی كڵـۆڵ( گـۆران: ٤٥ سـاڵ دوای مردنـی)، فــەرهاد شــاكەلی، هەفتەنامەی فەرهەنگیی هەولێر، بڵاوكراوەیەكی فیكری - ڕەخنەییـە، ژ(١)، ٢٠٠٩، ل ٥.
٣١. ڕەخنەی ئەدەبی و گیروگرفتی ناساندنی، كەمال مەمەند، گ نووسەری كورد، ژ(٥)، خولی دووەم، ١٩٨٠، ل ١٦٠.
٣٢. ڕەخنەی ئەخلاقی لە ئەدەبدا، ن: ویلبەر سكوت، و: عەتا قەرەداغی، گ نووسـەری نوێ، خولی دوای ڕاپەڕین، ژ(٨)، ١٩٩٩، ل ٣٢.
٣٣. ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخ، بەختیار سەجادی، گ ڕامان، سـاڵی پێنجـەم، ژ(٥٥)، ٢٠٠١، ل ٥٦.
٣٤. ڕەخنەی تیۆری(ڕەخنە لە نێوان شیكردنەوە و هەڵسەنگاندندا)،ن. فوئـاد ڕەشـید، گ كاروان، ژ(١٥٦)، ٢٠٠١، ل ١١٦.
٣٥. ڕەخنەی ماركسیستی، راجێر وێبستر، و: عەبـدولخالق یـەعقووبی، گ ڕامـان، خـولی سێیەم، ساڵی دەیەم، ژ(١٠٥)، ٢٠٠٥، ل ١٢٥.
٣٦. سۆسیۆلۆژیای شیعری كوردی(لە دەقی شیعری نەسـرینی فایـەق بێكەسـدا)، ئـازاد عەبدولواحید كەریم و كوێستان جەمال سەلام، گ كاروان، ژ(١٥٥)، ٢٠٠١، ل ١٢٢.
٣٧. سایكۆلۆژیەتی دەقی ئەدەبی، ئامانج عوسمان حەمەد، گ ڕامان، ژ(٢٠)، ١٩٩٨، ل ٢٥.

٣٨. شیعری كوردی لە ڕوانگەی پێوەرە سۆسیۆلۆژیەكانەوە(نیوەی یەكەمی سەدەی بیستەم)، د. ئازاد عەبدولواحید كەریم، گ ئاینده، سلێمانی، ژ(٦٢)، ٢٠٠٥، ل ١٨.
٣٩. كورتە پێناسەیەك بۆ جیهانی فراوانی ڕەخنەی نوێ، شەعبان شەعبان ئەحمەد، گ ڕامان، ساڵی پێنجەم، ژ(٥٠)، ٢٠٠٠، ل ٧١.
٤٠. گەڕان بە دوای نەمری و تەسكبوونەوەی ڕووبەری مەرگ لە شیعری (نیان)ی گۆراندا، عەتا قەرەداغی، گ ڕامان، ساڵی نۆیەم، ژ (٩٥)، ٢٠٠٥، ل ٤.
٤١. گۆران پێشەنگی قوتابخانەی نوێی شیعری كوردی، محەمەدی مەلا كەریم، گ ڕۆشنبیری نوێ، ژ(٦٤)، ١٩٧٨، ل ٥٣.

نامەكان:

٤٢. بنەما ڕەخنەییەكانی ڕەخنەی ئەدەبی كوردی لە ١٩٢٠ ەوە تا ١٩٦٢، هەژار ئەحمەد عەبدولعەزیز، نامەی ماستەر، كۆلێژی زمان، زانكۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٧.
٤٣. شاری سلێمانی(١٩٣٢ ــ ١٩٤٥)لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی - سیاسیە، ئاكۆ عەبدولكەریم مەحموود شوانی، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٧.
٤٤. شێواز و دەربڕین لە بۆنە كۆمەڵایەتیەكاندا، هێمن عەبدولحەمید شەمس، نامەی ماستەر، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، ٢٠٠٦.

**سەرچاوە عەرەبییەكان:**

كتێبەكان:

٤٥. الاتجاهات الادبية في القرن العشرين، ر. م. البيريس، ت: جورج ترابيشي، منشورات عويدات، بيروت، لبنان، ١٩٦٥.
٤٦. اتجاهات النقد الادبي الفرنسي المعاصر، نهاد التكرلي، الموسوعة الصغيرة(٣٦)، منشورات وزارة الثقافة والفنون، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.
٤٧. التحليل الاجتماعي للادب، السيد يسين، دار العين للنشر، ط ٣، القاهرة، ٢٠٠٧.
٤٨. التغير الأجتماعي و الثقافي، د. دلال ملحس استيتية، دار وائل للنشر و التوزيع، الأردن، عمان، ٢٠٠٤.

٤٩. التيارات المعاصرة في النقد الأدبي، بدوي طبانة، دار الثقافة بيروت، ط ١، لبنان، ١٩٨٥.
٥٠. الادب و المجتمع المعاصر في مصر، تأ: د. سمير سعد حجازي، دار طيبة للنشر و التوزيع والتجهيز العلمية، ٢٠٠٤.
٥١. الادب و المجتمع، تأ: محمد كمال الدين على يوسف، مقدمة و دراسة: يحى حقي، الدار القومية للطباعة والنشر، ١٩٦٢.
٥٢. الادب في عالم متغير، د. شكري محمد عياد، الهيئة المصرية العامة للتأليف و النشر، المطبعة الثقافية، ١٩٧١.
٥٣. ادب الرحلات(دراسة تحليلية من منظور انثوجرافي)، د. حسين محمد فهيم، سلسلة عالم المعرفة، مطابع الرسالة، الكويت، ١٩٨٩.
٥٤. حركة النقد المسرحي في السورية(١٩٦٧ ــ ١٩٨٨)دراسة، د. حورية محمد حمو، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٨٨.
٥٥. خمسة مداخل الى النقد الادبي(مقالات معاصرة في النقد)، تصنيف: ويلبر س. سكوت، ت: عناد غزوان اسماعيل و جعفر صادق الخليلي، منشورات وزارة الثقافة و الفنون، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٨١.
٥٦. دراسات نقدية في ضوء المنهج الواقعي، حسين مروة، مؤسسة الابحاث العربية، ط٣، لبنان، ١٩٨٦.
٥٧. سوسيولوجيا الادب، روبير إسكاربيت، ت: آمال أنطوان عرموني، عويدات للنشر و الطباعة، ط ٣، بيروت ـ لبنان، ١٩٩٩.
٥٨. السوسيولوجيا والآدب( البحوث والباحثون و سبل الأرتياد)، د. قصي الحسين، المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر والتوزيع، ط ١، بيروت، ١٩٩٣.
٥٩. شعر الشاعر الكردي المعاصر(عبدالله گۆران)، تأ: حسين علي شانوف، ت: شكور مصطفى، من منشورات المثقف الجديد(٢)، مطبعة دار الجاحظ، بغداد، ١٩٧٥.
٦٠. طبيعة المجتمع الكردي في ادبه(دراسة نفسية اجتماعية أدبية)، تأ: بدرخان عبدالله السندي، ج ١، مطبعة بلدية كركوك، ١٩٦٧.
٦١. علم اجتماع الادب، ا. د. محمد سعيد فرح و ا. د. مصطفى خلف الجواد، دار المسيرة للنشر و التوزيع، ط ١، عمان، ٢٠٠٩.
٦٢. في الادب و النقد، د. محمد مندور، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ١٩٧٤.

٦٣. فصول في النقد والادب، تأ: عبدالرحمن ابو عوف، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٦.
٦٤. فلسفة الإلتزام في النقد الأدبي(بين النظرية و التطبيق)، د. رجاء عيد، دار الثقافة للطباعة والنشر، مطبعة دار نشر الثقافة، ١٩٧٤.
٦٥. في النظرية النقدية، محمود البستاني، سلسلة ثقافية عامة، مطابع الجمهورية، بغداد، ١٩٧١.
٦٦. في نظرية الادب، د. شكري عزيز الماضي، دار الحداثة، بيروت، ١٩٨٥.
٦٧. في النقد الادبي، د. شوقي ضيف، مكتبة الدراسات الادبية(٢٦)، مطابع دار المعارف مصر، ط ٢، ١٩٦٦.
٦٨. في النقد الادبي(دراسة)، د. صلاح فضل، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، ٢٠٠٧.
٦٩. في النقد الحديث(دراسة في مذاهب نقدية حديثة و اصولها الفكرية)، د. نصرت عبدالرحمن، منشورات مكتبة الاقصى، ط ١، عمان، المملكة الاردنية الهاشمية، ١٩٧٩.
٧٠. قضايا معاصرة في الادب و النقد، تأ: محمد غنيمي هلال، دار نهضة مصر للطباعة و النشر، القاهرة، د. ت.
٧١. الكاتب و عالمه، تأ: تشارلس مورجان، ت: شكري محمد عياد، المجلس الاعلى للثقاغة، ٢٠٠٠.
٧٢. لون من أدب الرحلات(دراسة النقدية)، د. عثمان موافي، الأسكندرية، ١٩٧٣.
٧٣. ما الأدب؟، جان بول سارتر، ت: د.محمد غنيمي هلال، دارنهضة مصر للطبع و النشر، القاهرة.
٧٤. ما هو النقد؟، بول هير نادي، ت: سلافة حجاوي، م: د. عبدالوهاب الوكيل، دار الشؤن الثقافية العامة، ط ١، بغداد، ١٩٨٩.
٧٥. مختارات من النقد الأدبي المعاصر، د. رشاد رشدي، مكتبة الأنجلو المصرية، مطبعة العلوم، مصر، د. ت.
٧٦. مدارس النقد الادبي الحديث، د. محمد عبدالمنعم خفاجي، ط ٢، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠٠٣.
٧٧. المدخل في النقد الأدبي، نجيب فايق أندوراس، مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٧٤.
٧٨. مدخلٍ الى سوسيولوجيا الادب العربي(المرحلة الثانوية)(الغزل - المديح - الهجاء: نموذجاً)، محيي الدين يوسف أبو شقرا، المركز الثقافي العربي، ط ١، الدار البيضاء - المغريب، ٢٠٠٥.

٧٩. مدخل الى مناهج النقد الأدبي، تأ: مجموعة مـن كتـاب، ت: د. رضـوان ظاظـا، م: د. المنصف الشنوفي، سلسلة عالم المعرفة(٢٢١)، الكويت، ١٩٩٧.
٨٠. مدخل الى النقد الأدبي الحديث، د. شلتاغ عبـود الـشراد، دار مجـدلاوي للنـشر، ط ١، عمان، ١٩٨٨.
٨١. المذاهب النقدية(دراسة و تطبيق)، تـأ: د. عمـر محمـد طالـب، دار الكتـب للطباعـة و النشر، الموصل، ١٩٩٣.
٨٢. مقدمة في النقد الأدبي، د.علي جواد طاهر، المؤسـسة العربيـة للدراسـات و النـشر، ط ٢، بغداد، ١٩٨٣.
٨٣. مناهج النقد الأدبي(بين النظرية و التطبيق)، ديفد ديتش، ت: د. محمد يوسف نجـم، م: د.إحسان عباس، دار صادر، بيروت، ١٩٦٧.
٨٤. مناهج النقد المعاصر، د. صلاح فـضل، ميريـت للنـشر و المعلومـات، ط ١، القـاهرة، ٢٠٠٢.
٨٥. نظرية الأدب، رينية ويليك و أوستن واريـن، ت: محيـي الـدين صـبحي، م: د. حـسام الخطيب، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، ط ٢، بيروت، ١٩٨٧.
٨٦. النقد الأدبي الحديث، تأ: د. محمـد غنيمـي هـلال، مكتبـة الإنجلـو المـصرية، مطـابع سجل العرب، ط ٥، ١٩٧١.
٨٧. النقد الأدبي في القرن العشرين، جان إيـف تاديبـة، ت: د. قاسـم المقـداد، منـشورات وزارة الثقافة ـ المعهد العالي للفنون المسرحية، دمشق، ١٩٩٣.
٨٨. النقد الأدبي الحديث(اصوله و اتجاهاته)، د. احمد كمال زكـي، دار النهـضة العربيـة، بيروت، ١٩٨١.
٨٩. النقد الادبي المعاصر(مناهج، اتجاهات، قضايا)، تأ: أن موريل، ت: إبراهيم أولحيـان و محمد الزكراوى، المركز القومي للترجمة، ط ١، قاهرة، ٢٠٠٨.
٩٠. النقد والنقد الادبي، د. رشاد رشدي، دار العودة، بيروت، د. ت.
٩١. النقـد الادبـى المعاصـر(قـضاياه و اتجاهاتـه)، د. سمـير سـعد حجـازي، دار الافـاق العربية، ط ١، القاهرة، ٢٠٠١.
٩٢. الواقعية الاجتماعية النقدية في القصة العراقية، مؤيد الطلال، منشورات وزارة الثقافـة و الاعلام سلسلة دراسات، بغداد، ١٩٨٢.
٩٣. الواقعية في الادب الكردي، د. عزالدين مصطفى رسـول، منـشورات العـصرية، صـيدا، بيروت، د. ت.

گۆڤارەكان:
٩٤. الأثر المتبادل بين التطور الفني والتطور الأجتماعي(في الشعر اللبناني الحديث)، د. ميشال سليمان، مجلة الكتاب، يصدرها اتحاد المؤلفين و الكتاب العراقيين، السنة ٩، ع(٦)، ١٩٧٥، ص ٢١١.
٩٥. البنائية في الأنثروبولوجيا الأجتماعية، أدموند ليش، ت: د. شوقى فهيم، مجلة الأقلام، السنة ١٢، ع(١١)، ١٩٧٧، ص ١٦.
٩٦. حول طبيعة الفن و ملامحه الأجتماعية، صلاح الدين حسن، مجلة الأقلام، السنة ١١، ع(١٠)، ١٩٧٦، ص ٥٦.
٩٧. سوسيولوجيا الأخلاق و علم الأخلاق، جاسم الحلاوي، مجلة الثقافة، السنة ٥، ع(٦)، ١٩٧٥، ص ٥٥.
٩٨. الشعر و الواقع الأجتماعي في النقد الحديث، د. عبدالقادر الربـــاعي، مجلة الأقلام، السنة ١٥، ع(٨)، ١٩٨٠، ص ٤٩.
٩٩. علم الأجتماع الأدبي(بعض من مراحل تاريخه)، جاك لينهارت ، ت: د. فهد عكام، مجلة الأقلام، السنة ١٥، ع(١٢)، ١٩٨٠، ص ٢٦.
١٠٠. علم الاجتماع و مفهوم الثقافة، د. فؤاد شاهين، مجلة الفكر العربي، السنة الثانية، ع(١٤)، ١٩٨٠، ص ٥.
١٠١. موقف الشخصية الروائية من الواقع الأجتماعي، د. احمد ابراهيم الهواري، مجلة الأقلام، السنة ١٦، ع(١٢)، ١٩٨١، ص ٢٨.

فەرهەنگ:
١٠٢. معجم مصطلحات الادب( انكليزي - فرنسى - عربي)، مجدى وهبة، مكتبة لبنان، بيروت، ١٩٧٤.

ئەنتەرنێت:
١٠٣. تطور المناهج الأجتماعية في النقد الأدبي، د. عبدالهادي الفرطوسي - www.alnnoor.se - ٢٠٠٩\١٠\٢٨
١٠٤. مجالات الدراسة الاجتماعية للأدب، احمد أستيرو - www.aklamm.net - ٢٠٠٩\١٠\٢٥.

## ناوەرۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٧ |
| **بەشی یەکەم: پێناسە و چەمك و مێژووی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی.** | ١١ |
| تەوەری یەکەم: پێناسە و چەمکی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. | ١٣ |
| تەوەری دووەم: ڕەهەندێکی مێژوویی بۆ سەرهەڵدان و گەشـەکردنی میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. | ٤١ |
| تەوەری سێیەم: ئاراستەکانی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. | ٥٥ |
| ١. ئاراستەی چەندیی | ٥٥ |
| ٢. ئاراستەی دیالێکتیکی | ٥٨ |
| ٣. ئاراستەی بونیادگەری پێکهاتوویی | ٦١ |
| ٤. ئاراستەی سۆسیۆلۆژیای دەقی ئەدەبی | ٦٨ |
| تەوەری چوارەم: مەوداکانی توێژینەوەی سۆسیۆلۆژیای ئەدەب | ٧٢ |
| ١. نووسەر | ٧٢ |
| أ. بارودۆخی ئابووری | ٧٣ |
| ب. بارودۆخی پیشەیی نووسەر | ٧٤ |
| پ. چینی کۆمەڵایەتیی نووسەر | ٧٥ |
| ت. نەوە ئەدەبییەکان | ٧٥ |
| ٢. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای کاری ئەدەبی | ٧٦ |
| أ. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای ژانرە ئەدەبییەکان | ٧٧ |
| ب. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای بابەتی کارە ئەدەبییەکان | ٧٨ |
| پ. لێکۆڵینەوەی مۆرك و تایبەتمەندی کەسایەتی کارە ئەدەبییەکان | ٧٩ |
| ٣. لێکۆڵینەوەی سۆسیۆلۆژیای خوێنەر | ٨٠ |

| | |
|---|---|
| أ. جەماوەر | ٨٠ |
| ب. پەیوەندی | ٨١ |
| پ. سەرکەوتن | ٨٢ |
| **بەشی دووەم: ئەدەب و کۆمەڵگە** | ٨٣ |
| تەوەری یەکەم: ئەدەب و پەیوەندییەکانی | ٨٥ |
| ١. پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە | ٨٥ |
| ٢. پەیوەندی نێوان ئەدەب و ئایدۆلۆژیا | ٩٤ |
| تەوەری دووەم: ئەدەب لە بەردەم گۆڕان و بەها کۆمەڵایەتییەکاندا | ١٠٣ |
| ١. ئەدەب و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان | ١٠٣ |
| ٢. بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان | ١١١ |
| تەوەری سێیەم: گۆران و کاریگەرییە ژینگەییەکانی دەوروبەر | ١١٧ |
| ١. سیستەمە ئابووریی و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیرییەکان لە سەردەمی گۆراندا | ١١٧ |
| ٢. کاریگەری ژینگە و دەوروبەر لە پرۆسەی داهێنانی گۆراندا | ١٢٧ |
| تەوەری چوارەم: ڕەهەندە تایبەتییەکانی گۆران | ١٣٦ |
| ١. گۆران وەك تاکێکی کۆمەڵایەتی | ١٣٦ |
| ٢. بەبابەتکردنی حاڵەتە خودییەکان لای گۆران | ١٤٤ |
| **بەشی سێیەم: ڕوانگە ڕەخنەییەکانی گۆران سەبارەت بە کۆمەڵگە** | ١٥١ |
| ١. بەرجەستەکردنی کێشە چینایەتییەکان | ١٥٤ |
| ٢. ڕەخنەگرتن لە باری دواکەوتوویی کۆمەڵ و نەگەیشتن بە شارستانیەت | ١٦٢ |
| ٣. ڕەخنەگرتن لە سیستەمی دەسەڵات و نەبوونی دادپەروەری | ١٦٩ |
| ٤. دەربڕینی گلەیی و گازندە لە چارەنووس و ڕۆژگار و چەرخی زەمانە | ١٧٥ |

| | |
|---|---|
| ٥. وەستانەوە لە دژی چەوساندنەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا | ١٨٢ |
| ٦. بەرجەستەکردنی ئاکار و بەها مرۆڤایەتییەکان | ١٨٨ |
| ٧. قوربانیدان و لە خۆبردوویی لە پێناوی ئامانجە ڕەواکاندا | ١٩٥ |
| ٨. ڕەخنەگرتن لە ململانێ و ناکۆکییەکانی کۆمەڵگە | ٢٠٠ |
| ٩. وەستانەوە لە دژی جەنگ و خوێنڕێژی و بانگەواز بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان | ٢٠٦ |
| ئەنجـــــام | ٢١٥ |
| سەرچاوەکان | ٢١٩ |